Email;hanarkurd@gmail.com
Email;hanarkurd@yahoo.com

گۆڤارێکی ئەدەبی، هونەریی، ڕوناکبیرییە
بەڕێوەبەرێتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی
مانگانە دەریدەکات

خاوەنی ئیمتیاز
بەڕێوەبەرێتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی

سەرنوسەر
محەمەد کوردۆ
mhamadkurdo@yahoo.com

جێگری سەرنوسەر
محەمەد عەبدوڵڵا

سەرپەرشتیاری هونەریی
ڕێبین مەجید

مۆتیڤ
ئارام عەلی

لۆگۆ
حەمیدی ئازمودە

# هەنار

ساڵی سێیەم

یەنایەری ٢٠٠٨

ژمارە ٢٤

**دەستەی نوسەران**

**سەلام فاتیح**

**مارف ئاسراو**

**کارزان عەبدوڵا**

**نەورۆز جەمال**

**هەڵەچن**

**ئاریان کامیل**

**تایپیست**

**پەیام ئەحمەد**

**نەخشەسازی ناوەوە**

**مەهدی ئەحمەد**

تیراژ

٥٠٠

چاپخانە

یاد

ناونیشان: سلێمانی – گردی ئەندازیاران – بەرامبەر ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ

بەڕێوەبەرێتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی

ژمارەی تەلەفۆن ٣١٨٠٩٩٤

# پێڕست


| بابەت | نووسەر | لاپەڕە |
|---|---|---|
| سەروتار | محەمەد كوردۆ | ٥ |
| **لێكۆڵینەوە** | | |
| ئیبن خەلدون و سۆسیۆلۆژیای... | نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد | ٨ |
| محەمەدی دڵشووشەو عەشقی... | مەجید عەزیز | ١٥ |
| مینۆرسكی چمكێ لەژیاننامەو.. | زریان حاجی | ٤١ |
| **دەق** | | |
| سیحرێكی شیرین | ڕێباز مەحمود | ٥٤ |
| ڕەهەندێك لە(با)دا | زەینەب یوسفی | ٦٠ |
| كۆچ | قادر شیری | ٦٤ |
| (.....) | لوقمان محەمەد ڕەشید | ٦٦ |
| وەك ئەو خەونەی گەڵاترە... | زانا سامان | ٦٨ |
| تا خوا بێتاقەت دەبێ.. | عەلی پێنجوێنی | ٧٤ |

| | | |
|---|---|---|
| دەستەو نەزەر لەناو پەرستگای... | ئەحمەد قادر سەعید | ٩٨ |
| پیاوێك بەفرتر لەسپی | گوڵاڵە عوسمان | ١٠٢ |
| **دیدار** | | |
| دیدار لەگەڵ مەریوان وریا قانیع | حەمە کاکەڕەش | ١٠٨ |
| دیدار لەگەڵ زەینەب یوسفی | چنور محەمەد | ١٣٣ |
| **وەرگێڕان** | | |
| لەباخچەی بەردەکاندا | هەندرێن | ١٤٠ |
| شانۆگەرییە سیاسییەکانی جان پۆل سارتەر | سامان عەلی | ١٤٤ |
| دیدار لەگەڵ دۆریس لیسنگ | عەبدوڵلا مەحمود زەنگەنە | ١٥٥ |
| کوڕەکەم پیاوکوژە | فاروق هۆمەر | ١٦٣ |
| **هونەر** | | |
| دیدار لەگەڵ عەبدولی حەمەجوان | ڕێبواری ئازادی | ١٧٣ |
| سەرەتای شانۆی قارەمانێتی تازە | تەحسین فایەق | ١٧٨ |
| دیدار لەگەڵ هاوڕێ بەهجەت | ڕێبواری ئازادی | ١٨٦ |

*سەروتار:*

# هەنار
# لەساڵی سێیەمی تەمەنیدا

**محەمەد کوردۆ**

لەگەڵ ئەم ژمارەیەدا هەنار پێدەنێتە ساڵی سێیەمی تەمەنییەوە، کە لەو ماوەیەدا لەگەڵ هەبوونی هەر کێشەو کەموکورتییەکیشدا، چەند خاڵێك هەبوون مایەی خۆشحاڵی بوون بۆ ئێمەو بۆ خوێنەرانو بۆ دۆستانو ئازیزانمان. یەکێك لەو خاڵانە کە دەتوانین وەکو دایکی خاڵەکانی دیکە تەماشای بکەین مەسەلەی بەردەوامبوونو دەرچوونی گۆڤارەکەیە لەکاتی خۆیدا. ئەگەر ئەم خاڵە نەبوایە هیچ یەکێك لەو خاڵە دڵخۆشکەرانەی دی نەدەبوون. بەردەوامبوونی هەنار، رەنگە بەر لەهەر شتێکی دی پەیوەندی بەدوو هۆکاری سەرەکییەوە هەبووبێت:

یەکەم، عەشقو خۆشەویستی ستافی هەنار بۆ کارکردنو پێشخستنی گۆڤارەکە، کە بەڕاستی تەقسی ئیشکردن لەم گۆڤارەدا لەتەقسی دڵداریکردن چووەو هەمیشە هەستکردن بە چێژی کارکردنو بەرەو پێشەوەچوون لەهەستکردن بەبێزاریو رۆتینو کاربەڕێکردنی ناچاریی بەهێزتر بووە. ئەمەش پێموایە هۆکارێکی زۆر سەرەکییو گرنگو ژیانییە بۆ سەرکەوتنی هەر پرۆژەو کارێك کە مرۆڤ بیەوێت ئەنجامی بدات.

دووەم، دڵسۆزییو پەرۆشیی ئازیزانێکی زۆر لەنووسەرو روناکبیرو هونەرمەندان لەناوەوەو لە دەرەوەی وڵات بۆ بەردەوامبوونو سەرکەوتنی ئەم پرۆژە خاکییە. بێگومان ئەگەر ئەو ئازیزانە هەناریان بە ماڵی خۆیان نەزانیبایەو وەکو ئێمە دڵیان پێخۆش نەبوایە، بەردەوامبوونو پێشکەوتنی هەنار جۆرێك دەبوو لە خەونو ئیمکانی بەدیهاتنی ئەو خەونەش زۆر لاواز دەبوو.

خاڵێکی دیکە کە مایەی خۆشحاڵییە ئەوەیە وێڕای ئەوەی نوسەرانێکی جیدیو ناسراو لە هەناردا نوسیویانەو بەرهەمەکانیان بڵاوکردۆتەوە، دەرفەتیش بۆ نوسەرانێکی لاوو نەناسراو رەخسێنراوە کە تواناکانی خۆیان نمایش بکەنو بەرهەمەکانیان پێشکەش

بکەن. کە من بۆ خۆم بڕوام وایە یەکێك لەو شانازییانەی هەر ڕۆژنامەو گۆڤارێك بۆیان دەمێنێتەوە ئەوەیە دەرفەتی خۆنمایشکردن بۆ خەڵکانێکی نەناسراو بەڵام بەتوانا بڕەخسێنێنو دەنگیان بە خەڵك بگەیەنن. هیوادارین ساڵێکی دی ئەم کاتانە توانیبێتمان کارێك بکەین ئەو خاڵانەی مایەی خۆشحاڵین زۆر لە ئێستا زیاترو ڕەنگاورەنگتر بن.

بێگومان لەم ماوەی ئیشکردنەدا کۆسپو تەگەرەش هاتوونەتە سەر ڕێگای هەنارو ئێمەشیان دووچاری نیگەرانیو خەمو پەژارە کردووە، وەلێ گرنگ ئەوەیە مرۆڤ بتوانێت بەردەوام کارەکەی لە هەموو کۆسپو نارێکیو سەریەشەیەك بە گەورەتر بزانێت. خەوبینین بەکارو پرۆژەی بێ کێشەو بێ سەریەشەوە یەکێك لە بێماناترین ئەو خەونانەیە کە لەوانەیە مرۆڤێك یان گروپێك ببینن. لەبری خەونێکی وا، مرۆڤ دەتوانێت خەون بەوەوە ببینێتو خۆی لەسەر ئەوە ڕابهێنێت کە کارەکەی لەوە بەلاوە خۆشەویستتر بێت ئەو کێشەو سەریەشانە بتوانن نەك ساردی بکەنەوە، بگرە خەتورەیەکیش بە دڵییدا بهێنن.

بەهەر حاڵ ئێستا دەمەوێت هەر لێرەداو بە بۆنەی چوونە نێو ساڵی سێیەمی تەمەنی هەنارەوە ئەوە ڕابگەیەنم کە لە ئێستا بەدواوە ئێمە پرۆژەی چاپکردنی کتێبی هەنارمان دەبێت، بەو هیوایەی بتوانین ساڵانە چەند کتێبێکی باشو جیدیو دانسقە چاپ بکەین. بۆ چاپکردنی کتێبیش مەرجی زۆر گەورەو زۆر سەرەکییمان جیدیەتو ئاستی کتێبەکەو ڕادەی پێویستی کتێبخانەی کوردی دەبێت بەو کتێبە. هیوادارین بشتوانین لەم ڕێگایەوە بەتایبەت خزمەتێك بەو نوسەرو ڕوناکبیرو هونەرمەندانە بکەین کە هۆکارێکی بەردەوامبوونو پێشەکەوتنی هەنار بۆ ئەوان دەگەڕێتەوە. ئەو ئازیزانەی کە هەنار خۆی بە قەرزاریان دەزانێت.

ئیبن خەلدون و
سۆسیۆلۆژیای مەعریفە

نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد



محەمەدی دڵشووشەو
عەشقی ئیفلاتوونیی

مەجید عەزیز

مینۆرسکی چمکێ لەژیاننامەو
چالاکی و فیکرو بەرهەمەکانی
لەبواری کوردناسیدا

زریان حاجی



# لێکۆڵینەوە

# ئيبن خەلدون و سۆسيۆلۆژياى مەعريفە



نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد




## پێشەكی:

بۆچی لەلێكچەرەكانی سۆسیۆلۆژیای مەعریفەدا ئیبن خەلدون دەخوێنرێت؟ بۆچی لەنێو ئەو ژمارە زۆرەی بیرمەندانی عەرەبی و ئیسلامیدا تەنیا ئیبن خەلدون دەهێنرێتە نێوباسەكانی سۆسیۆلۆژیاوە؟ چ شتێك وا لەئیبن خەلدون دەكات لەنێو بابەتێكی زۆر تازەی وەكو سۆسیۆلۆژیای مەعریفەدا جێگەیببێتەوە؟ گرنگترینی ئەو تێزو بۆچوونانەی ئیبن خەلدون چین كە پەیوەستن بەسۆسیۆلۆژیای مەعریفەوە؟ لێرەدا هەوڵدەدەین بەكورتی وەڵامی ئەو پرسیارانەی سەرەوە بدەینەوەو رۆشنایی بخەینە سەر هەندێك لایەنی فیكری كۆمەڵایەتییانەی ئیبن خەلدون.

عەبدولرەحمان ئیبن خەلدون (١٣٣٢ ز — ١٤٠٦ ز) یەکەم بیرمەندی عەرەبە کە پێداویستیی بیرکردنەوەیەکی جیدیی لەبارەی دیاردەی مەعریفە لەکۆمەڵگەدا هێنایە ئاراوە.

ئەم زانایە، کە ئەمڕۆ بەدامەزرێنەری کۆمەڵناسی دادەنرێت، لەکتێبە ناودارەکەیدا بەناوی "موقەدیمە" کۆششێکی زۆری لەتیۆریزەکردنی مەعریفەدا پیشانداوە. پێشەکیی بەشی شەشەمی کتێبەکە ناوەرۆکێکی دەوڵەمەندی لەو بوارەدا هەیە.

## بایەخی ئیبن خەلدون

بیرۆکەی ئیبن خەلدون لەبواری مەعریفەو کۆمەڵگەدا پێدەچێت بابەتێکی سادەبێت، بەڵام بۆ ئەو سەردەمە زۆر گرنگبووە. نابێت ئەوەمان لەیادبچێت کەئێمە باسی سەدەی چواردەیەمی زایینی دەکەین، واتە سەدەکانی ناوەڕاست، سەبارەت بەئەورووپاو قۆناغی پاشەکشەی مەدەنییەت لەدنیای عەرەبی و ئیسلامیدا، چونکە لەدوای نەمانی دەوڵەتی عەباسی و هاتنی مەغۆلەکان فیکری پێشکەوتووی عەرەبی—ئیسلامی لەجووڵە وەستا، دەتوانین بڵێین ئیبن خەلدون دوابیرمەندی رەخنەگرو دوابیرمەندی مێژووی عەرەبی بوو لەو سەردەمەدا کە بەتێڕوانینێکی پێشکەوتوو لەمەعریفە دواوە. لەو قۆناغەدا ئیبن خەلدون بیری عەرەبیی داگیرساند، هەوڵیدا لەنێو ئەو ئاژاوە کۆمەڵایەتییەی ئەوسادا کاروانی بیری نوێ رێکبخات، لێرەوە بیری ئەم زانایە رووەو ئایندەبوو.

هەوڵە فیکرییەکانی بەر لەئیبن خەلدون، هەوڵێك بوون لەبارەی خودی مەعریفەوە دواون، واتە تەنیا لەمیانی مەعریفەوە هەوڵدراوە ئەو مەعریفەیە راڤەبکرێت و گۆڕانکارییەکانی بخرێتەڕوو. لەوێدا فیکر لەئاراستەیەکی ئاسۆییدا قەتیس کرابوو، کێشەی ئەو فیکرە وەسفکارییبوو پتر لەوەی راڤەکارییبێت، بەڵام ئیبن خەلدون ئاراستەیەکی ستوونیی بەفیکر بەخشی، لەزانستێکی رووتەوە بەرەو مەعریفە هەنگاوی هاویشت، واتە فیکرو مەعریفەی لەکلێشە وشکەکانی فەلسەفەوە دەرهێنا تا بەڕەهەندەکانی کۆمەڵگەوە گرێیانبدات. لێرەدا بایەخی گەورەی ئیبن خەلدون لەبواری سۆسیۆلۆژیادا دەردەکەوێت.

ئـیبن خەلـدون پێیوابـوو پەیوەنـدیی نێـوان مەعریفـەی زانـستی و مەدەنییـەت پەیوەندییەکی بابەتییە، بەم پێیە پەیوەندیی نێوان زانست و پێشکەوتنی کۆمەڵایـەتیش پەیوەندییەکی بابەتییە، جا بـۆ ئـەوەی لەپێـشکەوتنی هـەر زانـستێك تێبگـەین، دەبێت لەپێشکەوتنی کۆمەڵایەتی –وەك گشتێك– تێبگەین. بەم شێوەیە ئیبن خەلـدون پردێکی لـەنێوان مەعریفـەو کۆمەڵگـەدا دروسـتکرد. پەیوەنـدیی نێـوان مەعریفـەو کۆمـەڵ وەك دیوالّتێك : (مەعریفە/کۆمەڵگە)، بەر لەئیبن خەلدون، بێبەهاو کەمبایەخبوو.

## مەعریفەو کۆمەڵگەی شارستانی

لەگەڵ کتێبی موقەدیمەی ئیبن خەلدوندا هیچ زانستێك بـەبێ کۆمەڵگـە بـوونی نییـە، بـەڵکو هـەموو زانـست و مەعریفەیـەك بەکۆمەڵگـەوە گرێدراوە. مەعریفـە پەیوەندییـەکی راسـتەوخۆی بەکۆمەڵگـــەی شارســـتانییەوە هەیـــە، هەرچـــەندە شـــارو شارستانییەت گەشەبکات، مەعریفەیش لەگەڵیدا گەشـەدەکات و پێشدەکەوێت. شارسـتانییەتی شـارە گـەورەکان زەمینەیـەکی گونجاو خۆشدەکەن بۆ سەرهەڵدان و گەشەکردنی مەعریفەیـەکی کۆمەڵایەتی، بۆیە زانست و مەعریفە لەشـارە گـەورەکانی وەکو بەغداو بەسرەو کوفەو قاهیرە سـەرهەڵدەدات و پێشدەکەوێت، هـــەموو شکـــست و داکـــەوتنێکیش لـــەڕەوتی شارســـتانیدا ئاسەوارێکی خراپ لەبەرەو پێشچووونی مەعریفەدا جێدەهێڵێت. باشترین نموونە بۆ ئەو حاڵەتە، بەبۆچوونی ئیبن خەلدون، وڵاتی ئەندەلوسە کە پاشئەوەی عەرەب و موسڵمانان لـەو ناوچـەیەدا نەمان، مەعریفەو شارستانییەتیش پاشەکشەیان کرد.

ئەگەر کۆمەڵگە لەناوەوەدا لەبزاوتێکی بەردەوام و لەپێشکەوتنێکی شارستانیدا بێت، زانست و مەعریفەش لەڕەوتێکی پڕ لەداهێناندا پێشدەکەون

"ئەگەر کۆمەڵگـە لـەناوەوەدا لـەبزاوتێکی بـەردەوام و لەپێشکەوتنێکی شارسـتانیدا بێت، زانست و مەعریفەش لـەڕەوتێکی پـڕ لەداهێنانـدا پێشدەکەون"، ئـەم وتەیـە، ئـیبن خەلـدون دەکـات بەیەکـەم بیرمەنـدی عـەرەب کـە تێزێکـی گرنگـی لـەبارەی کۆمەڵناسـی پێشکەشکرد لەمیانی پەیوەندیی هاوجومگەیی نێوان بزاوتی کۆمەڵگەو بزاوتی مەعریفەدا.

بۆچـی؟ چـونکە زانـست و مەعریفـە گوزارشـت لەدینامیکییـەتی کۆمەڵگـە دەکـەن و هـەردوولایان ڕەنگدانـەوەی یـەکتریان لەسـەر دەبێـت، بـەم پێیـە مەعریفـە دابـڕاو نییـە لـەواقیعی کۆمەڵایـەتی، بـەڵکو مەعریفـە کـۆی بیروبـاوەڕو مانـاو بـەها کۆمەڵایەتییـەکان پێکدەهێنێت.

ئـیبن خەلـدون لەنوسـینەکانیدا بەئەندازەیـەکی گـەورە بایـەخ بەکۆمەڵگـە دەدات و پێیوایە کۆمەڵگە ڕەگەزێکی گرنگ و جوڵێنەری مەعریفەیە، لەبەرامبەر ئەمەدا مەعریفـەش کاردانـەوەی گونجـاو یـاخود نـەگونجاوی لەبەرامبـەر کۆمەڵگـەدا دەبێـت، بـەڵام بەگـشتی هـەموو شارسـتانییەتێك بەزانـست و مەعریفـە قـووڵ و دەوڵەمەنـد دەبێـت و بەمەعریفـە پێداویستییەکانی خۆی دابیندەکات.

لێـرەدا ئـیبن خەلـدون وایـدەبینێت کـە پلەبەندییـەك لەمەدەنییـەت و شارسـتانییەتدا هەیـەو بەوپێیـە پلەبەنـدی لەمەعریفەشـدا هەیـە، بۆیـە دەبیـنین مەعریفـەی ژینگەیـەکی کۆمەڵایەتی دیاریکراو جیاوازدەبێت لەمەعریفەی ژینگەیەکی دیکە، بۆ نموونـە کۆمەڵگـەی کۆچەریی و هۆزو خێڵە سەرەتاییەکان بەشێوەیەکی ئاسایی مەعریفەیـەکی دواکـەوتوویان هەیە لەچاو کۆمەڵگە شارنشینەکان، واتە ئاسـتی مـەعریفی لەپێکهاتـە کۆمەڵایەتییـەکانی کۆچەرییەکاندا یەکسان نییە بەئاستی مەعریفیی کۆمەڵگە مەدەنییەکان.

مەعریفە بەرهەمی شێوەیەکی کۆمەڵایەتیی دیاریکراوەو هەڵقوڵاوی تایبەتمەندییـەکانی ئـەو کۆمەڵگەیەیـە، بـەڵام ئـەمیش کـار لەپێکهاتـەی کۆمەڵایـەتی دەکـات و هەنـدێکجار بونیادەکـانی ئـەو کۆمەڵگەیـە دەگۆڕێـت. بـەکورتی: فـۆرمی کۆمەڵایـەتی کـار لەمەعریفـە دەکات و بەپێچەوانەشەوە مەعریفـە کـار لـەفۆرمی کۆمەڵایـەتی دەکـات، (لێـرەدا فـۆرمی کۆمەڵایەتی لەدیدی ئیبن خەلدوندا یان کۆچەرییە یان شارستانی).

## بزاوتی کۆمەڵایەتی و بزاوتی مەعریفی

ئیبن خەلـدون لەباسـی پەیوەنـدیی نێـوان مەعریفـەو واقیعـدا، بـەمانا فەلـسەفییەکەی ناڕوانێتە فیکرو مەعریفە، بەڵکو بەمانا کۆمەڵایەتییەکـەی لێکیاندەداتـەوە، بۆیـە جـەخت لەپەیوەندیی بابەتییانەی نێوان زانست و پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی دەکات. ئـیبن خەلـدون دەڵێـت: بزاوتـی زانـست و مەعریفـە بەشـێوەیەکی ڕاسـتەوانە لەگـەڵ بزاوتـی کۆمەڵگـەدا

هەنگاودەنێت، لەهەر شوێنێکدا پێشکەوتنی ژیاریی هەبێت لەوێدا پێشکەوتنی مەعریفیش هەیە.

بەر لەئیبن خەلدون هیچ بیرمەندێکی دیکەی عەرەب تێبینیی ئەوەی نەکردووە کە دینامیکییەتی گەشەکردنی زانست و مەعریفە پابەندە بەدینامیکییەتی پێشکەوتنی کۆمەڵگە. هەریەك لەواقیع و فیکر یاخود کۆمەڵگەو مەعریفە کار لەیەکدی دەکەن و دەکەونە ژێر کارتێکەریی یەکدییەوە، کە دەشێت ئەم بۆچوونە بەم شێوەیەی خوارەوە روون بکەینەوە:

فیکر (مەعریفە) ⇄ واقیع (کۆمەڵگە)

## فاکتەری مێژوویی

ئیبن خەلدون مەعریفەی بەستەوە بەفۆرمی کۆمەڵایەتییەوە، هەروەها بەڕەوتی مێژووەوە، لێرەوە بایەخی گەورەی ئیبن خەلدون بۆ میتۆدی مێژوویی دەردەکەوێت. ستوونە گرنگەکانی مەعریفە لەمێژووی مرۆڤایەتیدا پەیوەندییەکی پتەو و راستەوخۆیان بەشێوە جیاجیاکانی کۆمەڵگەوە هەیە، سا ئەو کۆمەڵگەیە کۆچەری بێت یاخود شوانکاری یان کشتوکاڵی یان شارستانی. بۆیە دەبینین کۆمەڵگەی کۆچەری ناتوانێت زانست و مەعریفەیەکی پێشکەوتوو بەرهەمبهێنێت، چونکە سەرانسەری ژیانی ئەو چەشنە کۆمەڵگەیە گەڕانە بەدوای بژێویی ژیانداو کۆمەڵگەیەکە جێگیر نییە، بەپێچەوانەی کۆمەڵگە شارنشینەکانەوە، کە کۆمەڵگەیەکی جێگیرن و لەخۆشگوزەرانییەکی ئابووری و کۆمەڵایەتیی گونجاودا دەژین و دەتوانن زانست و مەعریفە بەرهەمبهێنن و گەشەی پێبدەن، ئەمە بەو مانایە نییە کە لەکۆمەڵگە کۆچەرییەکاندا مەعریفە بوونی نییە، بەڵام مەعریفەیەك لەو کۆمەڵگەیانەدا باوە کە ئاتاج و پێداویستییەکانی ئەو چەشنە ژیانە کۆچەرییە دەیخولقێنێت. بۆ نموونە یەکێك لەبەها مەعریفییەکانی ژیانی کۆچەریی بریتییە لەپیاوسالاری و جوامێری و هێز، لێرەدا مرۆڤی بێهێزو کەمتوانا جێگەی لەو چەشنە کۆمەڵگەیەدا نابێتەوە، یان بەکەم سەیردەکرێت، بۆچی؟ چونکە کۆمەڵگەی کۆچەری

بەحوکمی گەڕانی بەردەوامیان، پێویستیی بەپیاوی بەهێز هەیە، ئەم حاڵەتە هەڵگری بەهایەکی مەعریفیی دواکەوتووە کە بەچاوێکی نزم سەیری ژن و منداڵ دەکات.

## فاکتەری ئابووری

ئیبن خەلدون لەبەشێکی تری کتێبەکەیدا بایەخێکی گەورە بەفاکتەری ئابووری دەدات، کە ئەم لایەنە بۆ ئەو کاتە دۆزینەوەیەکی پڕ بەهابووە، ئەو دانبەوەدا دەنێت کە رەگەزی ئابووری رەگەزێکی ئاکتیڤ و کاریگەرە لەپێشکەوتنی کۆمەلایەتی و پێشخستنی مەعریفەدا، جیاوازی لەهۆیەکانی بەرهەمهێناندا دەبێتە مایەی جیاوازی لەپەیوەندییەکانی بەرهەمهێناندا، بێگومان ئەمەیش دەبێتە هۆی جیاوازی لەسەرجەم لایەنەکانی تری ژیانی کۆمەلایەتیدا، وەکو دابونەریت و کەلەپوورو شێوەکانی دیکەی مەعریفەدا. بۆ نموونە دەبینین دابونەریت و مەعریفەی کۆچەرییەکان کە لەسەر ئاژەڵداری و لەوەڕ دەژین، جیاوازە لەدابونەریت و بیرکردنەوەو مەعریفەی ئەو کەسانەی لەسەر کشتوکاڵ دەژین و ئەمانیش جیاوازن لەو کەسانەی خەریکی کاروباری بازرگانین.

ئیبن خەلدون پێیوایە گۆڕانکاری و پێشکەوتنی کۆمەلایەتی پێویستیی بەدەوڵەت و ئابوورییەکی بەهێز هەیە تا کاروبارەکانی کۆمەڵگە سیستماتیزە بکات، چونکە سیستمی هۆزگەرایی و خێڵەکی و کۆچەری بەکەڵکی ئەو گۆڕانکارییە ئابوری و سیاسی و کۆمەلایەتیانە نایەت کە بەسەر کۆمەڵگەی بەشەریدا دێت، بەڵکو ئەمە پێویستیی بەدەوڵەت و دامەزراوەکانی دەوڵەت هەیە تا ژیانی خەڵکی رێکبخات و خۆشگوزەرانییان بۆ دابین بکات، بۆ ئەوەی خەڵکیش زیاتر خەریکی مەسەلەکانی زانست و مەعریفە بن نەك سەرقاڵی گوزەرانی ژیان.

## دەوڵەت و پێشکەوتنی مەعریفی

کەواتە دەوڵەت پەیوەندییەکی پتەوی بەمەسەلەی پێشکەوتنی زانستی و مەعریفییەوە هەیە، مادامەکی دەوڵەت ئەو شوێنگە گرنگە لەکاروانی زانست و مەعریفەدا داگیردەکات، کە هەم خۆی پێشدەکەوێت و هەم رۆڵی لەپێشخستنی مەعریفەشدا دەبێت، کەواتە ئەگەر ئەو دەوڵەتە لاوازبێت و پاشەکشەبکات، لەگەڵیدا زانست و مەعریفەش لاواز دەبن و پاشەکشە دەکەن. بێگومان لێرەدا ئیبن خەلدون مەبەستی لەدەوڵەت دەوڵەتێکی

شارستانییه كه سەقامگیریی سیاسی و ئابووریی تیادا بەرقەرار دەبێت و دەتوانێت گەشه بەپیشەسازی و مەعریفه بدات.

بەپێی بۆچوونی ئیبن خەلدون، كۆبوونەوەی خەڵكی لەكۆمەڵگەداو زۆربوونی ژمارەی دانیشتوان دەبێتە مایەی بەدیهێنانی ئاوەدانی "عمران" و ئەمەیش بەدەوری خۆی دەبێتە هۆی دامەزراندنی دەوڵەت و بنیاتنانی شارستانییەت، كە لەوێدا زانست و پیشەسازی و مەعریفە پەرە دەستێنن، ئەم پەرەسەندنەش كار لەشارستانییەت و دەوڵەت و ئاوەدانی و كۆمەڵگە دەكات و دەوڵەمەندیان دەكات. دەشێت ئەم بۆچوونە بەم شێوەیەی خوارەوە روون بكەینەوە:

كۆبوونەوەو زۆربوونی ژمارەی دانیشتوان ⟵ ئاوەدانی ⟵ دەوڵەت

⟵ شارستانی ⇄ زانست و پیشەسازی و مەعریفە

## تێبینی:

ئەم بابەتە، وەك لێكچەرێك، بۆ قۆناغی سێیەمی بەشی كۆمەڵناسیی كۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەكان ئامادەكراوەو سوود لەم سەرچاوانەی خوارەوە وەرگیراوە:

١.د.فريدريك معتوق، تطور علم اجتماع المعرفة من خلال تسعة مؤلفات أساسية، دار الطليعة للطباعة والنشر، بيروت، ١٩٨٢.

٢.فاطمة بدوي، علم اجتماع المعرفة بين الفكر الخلدوني والفكر الغربي، منشورات جروس برس، د.ت

٣.د.محمد الطالبي، منهجية ابن خلدون التاريخية، دار الحداثة للطباعة والنشر ، بيروت، ١٩٨١.

بەشی دووەم

# محەمەدی دڵشووشەو عەشقی ئیفلاتوونیی

مەجید عەزیز

٣

(جوانی)، کە باڵاترین فۆڕمی حیکمەتە بەلای ئیفلاتوون/سوکراتەوە، یان بەلای سوکرات/ئیفلاتوونەوە، بەڵام ئەم(جوانییە) شتێکی زۆر ئەبستراکتە، لەبەر ئەوەی تەنیا بریتییە لەبیرۆکەی جوانی، چیدی لەناو خۆیدایەتی. هەروەها دیارە مرۆڤ هەرگیز ناتوانێت پەی بەم جوانییە بەرێت و بەوشێوەیە بتوانێت بیدۆزێتەوە، چونکە شتێکی موجەڕەدە. ئەم جوانییە لەڕێگای حیکمەتەوە دەدۆزرێتەوە، شتێکی باڵاتر لەهەستکردن و ئەزموونکردن، شتێکی تەنیا وەکو چاوی عەقڵ دەتوانێت بەدیبکات و لەناوەوەڕا بیبینێتەوە، ئەگینا هەرگیز بەدی نایەت. ئەمەش ئامانجی فەلسەفەکردنی ئیفلاتوونیزمە، تینویەتییەکی رەهاگەرە بەسروشتی خۆی، کە جیهان لەناو ئایدیاکاندا دادەنێت: راشینالیزم.

جوانییەك لەناو خۆیدا، جۆرێکە لەڕوبەڕووبونەوە، بەڵام گرژی، ئەمجۆرە گرژییە، ریشەکەی لەناو فەلسەفەی ئایدیالیزمدا خەوتووە، کە بەجۆرێك لەجۆرەکان دەست لەجیهان و ژیانی رۆژانە دەشۆرێت. کە لەئاست قەیرانەکاندا دەستەوەستان دەمێنێتەوەو بەشێوەیەکی گرژ تەماشای دونیا دەکات، تەنانەت دەتوانین بەشێوەیەکی بەزەیی پیادا هاتنەوەدا بەجیهانێکی تەنیای بخوێنینەوە. دەمرێت یان دەبێت بمرێت، واتە سەرکەوتنی کەمپی مردنە بەسەر کەمپی ژیاندا بەجۆرێك لەجۆرەکان، یان راگرتنی مرۆڤە لەسەر بەرازییەکانی فەزیلەت و باشەدا بەهەستە زۆر رادیکاڵ و ئایینییەکەی. ئەم مردنەی دڵشووشە سەپاندنی سۆزەکانی رۆحە بەسەرجیهانی لاشەدا بەلای منەوە، بەهەمانشێوە لەبەردەم فۆڕمی(جوانیدا) بەرجەستەدەبێتەوە، چونکە فەنتازیای لاولاوی سپی ئەو شکڵەیە کە دڵشووشە زووتر لەناونهێنییەکانەوە بۆی سازدراوە، نهێنییەك لاولاوی سپی

دەكات بەتەنيا بوونەوەری ئەمجۆرە عەشقەی كە"لافاوەكـە" بەرهەمیـدەهێنێت. دەبێتـە قوربانی خوودی ئەو عەشقەی، كە بۆی بەدینایەت و هەروەها دەشمرێت لەوبۆنایەدا.

نهێنی ئەم لافاوە، دەینێرێتە بەردەم ماڵی ئەم كـچەی دەبێـت خۆشـی بوێـت، ئـەگینا دەمرێت؟ بەڵام ئەم كچە یەكێكە لەكاراكتەرە دیارەكانی ناو رۆمانەكە. واتە لەم ئاستەوە بۆ فۆرمولەكردنی هاوكێشەی عەشق، وایلێدێت بڵێین، ئایا عەشقكردن مومكین نییە؟ یـان ئەمجۆرە عەشقكردنەی دشلۆوشەیە، كە مومكین نییە؟ دەڵێم عەشقكردن مومكینە، بەڵام ئەمجۆرە عەشـقەی دڵـشووشە مـومكین نییـە؟ چـونكە جـۆرە عەشـقێكی ئایدیالیـستییە. نەبوونی(عەشق)یش لێرەدا هێماكردنە بۆ عەشقیكی ئیفلاتوونییانە لەڕووبەڕوبوونەوەدا بۆ مامەڵەكردن لەگەڵ فۆڕمی(جوانیدا)، دۆزینەوەی فۆڕمێكی ئیدیال بۆ ئەو عەشـقە. ئەگـەر ئەمە وابێت، یان ئـەوەی رۆمـان–نـووس ئامـاژەی بـۆ دەكـات"عەشـقی ئەفلاتونییـە" بـۆ خوێنەرەكانی، چونكە لەتام و چێژو ئیستاتیكاو حەسرەتە زەمینییەكەی غەریب دەكرێت بەشێوەیەك لەشێوەكان.

بەكوورتی گەڕانەوەی عەشقی دڵشووشە بۆ جیهانی نهێنییـەكان و فـەیت/چـارەنووس (كۆدی لافاوەكە) لەدیـدە میتافیزیكییەكەیـدا، بۆخـۆی مانیفێستكردنی كـەلتووری رۆح و بیركردنەوەیە، كە جیهانی رۆح دەسەپێنێت بەسەر جیهانی لاشـەدا، جیهـانی لاشـە وەكـو ببێتـە قوربـانیی ئـەو دوالیزمـەی لەشـكری رۆح جـەنگی بـۆ دەكـات. هـیچ گومـانێكی لەدامەزراندنی ئـەو دوالیزمـە نییـە، كـە مرۆڤ لەناوەڕاسـتدا شـەقدەكات و دابەشـیدەكات بەسـەر دوو كەمپـدا. كــەمپی رۆح و كــەمپی جەسـتە، واتــە دوو كــەرتی دەكــات و جیاییدەكاتەوە لەیەكتری. ئەوەی نەگەتیڤە لەعەشقی ئەفلاتوونیـدا، تـەنیا ئەوەنییـە كـە بایەخ و گرنگی بەلایەنـە رۆحیەكـەی مرۆڤ دەدات و جیهـانی لاشـەو ئارەزووەكـانی لاشـە دەخاتە ئەو لاوە، بەڵكو(ئیرۆس) بـەو شـێوەیە پێناسـە دەكـات لەدیتنـەوەو دۆزینـەوەی رەهاترین فۆڕمی جوانیدا بۆ حیكمەت و زانین، چونكە دەبێتە ئابجێكتی خۆشەویستییەكە لەفەلسەفاندنی جیهاندا بۆ ئایدیاكان.

ئایدیاكان پێشی هەستكردنەكان و ئەزموونكردنەكانی مرۆڤیش دەدەنەوە، لەبەر ئەمە راستەقینەیی جیهـانی ئایـدیاكان لەسـەرنرخی هەسـتكردن و ئـەزمووكردن دەوەسـتنەوە، بـەڵكو حاڵـەتێكی تریشە، ئـەویش ئەوەیـە عەشـقی ئیفلاتـوونی هـەڵگری هەلومـەرجێكی

میوتاڵ نییە(واتە هەردوو لایەن، نەک یەک لایەنە)نییە. بۆنموونە، کاتێک فەیلەسوف، دیارترین و نزیکترین بوونەوەرە بۆ عەشقکردنی لەگەڵ زانیندا(سۆفیا)، ئەوا دەبێت وتنەوەو پێشکەشکردنی ئەم عەشقە بەبوونی(قوتابیەوە/ عەشیقەکەوە) گرێبداتەوە، ئەگەر هەڵە نەبین لێرەدا. عەشقی ئیفلاتوونی، سنوورکێشانی نێوان پاشا– فەیلەسووف و کەسی ئاسایی و کەسی رۆژانەی ناو کۆمەڵگایە بەوجۆرە، یان سنووری نێوان مرۆڤ و خودایە لەهەستە رەهاکەیدا. سنوورکێشانی نێوان ئەوەی دڵداری دەکات و ئەوەی دڵداری وەردەگرێت بۆ مەعریفەو زانین، کایەیەکی میوتاڵ و سروشتی نابێت بۆ هەردووک لایەنەکە بەوشێوەیە، بەڵکو جەخت لەسەر سیستمێکی یەک لایەنە دەکاتەوە(پرسیارەکانی سوکرات کەبەمیتۆدی ئیلانکێس دەناسرێت، هەڵگری ئەم فۆڕمەن لەڕەهاگەری و دوایش هەمیشە ویست و دواخوازی بۆ پێناسەی کتوومت و پڕاوپڕ). وەکو جێگا بۆ جیاوازی نەهێڵێتەوە وایە، تەنیا دەبێت بەوشێوازەدا بڕوات کە فەیلەسووف دەخوازێت. لەبەر ئەم هۆیەیە دایەلەکتیک و سەپاندنی ستایلی سوکراتیانە لەناو بیرکردنەوەی ئیفلاتوونیدا شتێکی توندوەو غەدرێکی زۆری تیادایە بەرامبەر شاعیرەکان و سۆفیستەکان و دیموکراتخوازەکان و فەیلەسووفەکانی تریش. بەمانایەکیتر، لەعەشقی ئیفلاتوونیدا، ئەوەی ئارەزوو وەردەگرێت و ئەوەی هەلوومەرجی عەشقەکە دەسەلمێنێت، بوونی فەیلەسووفەکەیە، چونکە بەحساب هەموو شتێک دەزانێت و لەبەر ئەمەیە دەتوانێت لەڕێگای زانینەکەیەوە فێریش بکات(فێری گەنج و منداڵەکە بکات، کە ئابجێکتی عەشق و فێربوونەکەیە– دایەلۆگی سیمپۆزیەم باشترین نموونەی ئەمەیە). ئەوەی کە ئابجێکتی ئارەزووکردنە بۆعەشق، یان بۆ ئارەزووکردنی ئارەزووی سێکسواڵێتییە لەفۆڕمە(تەواو پڕاوپڕەکەیدا)، دەبێتە شتێکی دوای فەیلەسووف. بەهەستە ئیفلاتوونییەکەی، فەیلەسووف ئاگاداری جیهانی لاشە نییەو ئاگاداری هەستە سێکسواڵییەتییەکانیش نابێت، بەتایبەتی(ژنان)، چونکە ئەوەی کە لەدوای فەیلەسووفەوە(گەنج، تەنانەت منداڵی کوڕ، کە لەپاشخانی شارستانی یۆنانیدا دەردەکەوێت بەئاشکرایی و ئاسایی) ئەو کەسەیە گوێدەگرێت و ئەو کەسەیە دەبێتە(ئابجێکتی) بابەتی ئەو عەشقەی فەیلەسووف فێری حیکمەتی دەکات. فەیلەسووف لێرەدا، بەهەستە ئیفلاتوونییەکەی شتێکە وەکو(خودا)، یان لەجۆرە خودایەکی بچووک دەچێت لەسەر زەوی، کەئیشی خۆکۆنترۆڵکردنە لەئاست

ئـــارەزووە جەســـــتەییەکاندا بەهـــــەموو مانایــــەك، ئەمـــــەش بەسیاســـــەت و ئامانجی"باشە"کۆتاییدێت.

ئەوەی لێرەدا ئارەزوو وەردەگرێت(مامۆستای عەشقە/ پاشا-فەیلەسووفە)، ئـەوەی چـــێژەکە دەبەخـــشێت(گەنجەکەیـــە/قوتابیەکەیـــە)، لەبـــەر ئەمەیـــە بـــوونی چەمکی(هاوڕێیەتیش) بەشێوەیەك لەشێوەکان، لەسەر هەمان پرانسیپ رادەوەستێتەوەو هەمان کاریگەری دروست دەکات، کە هەمیشە فۆڕمێکی فەلسەفییانە وەردەگرێت، ئـەوا ئەو هاوڕێیەتییە لەنێوان(دو پیاودا) دەبێت، نەوەك بۆ نموونە(ژنێك و پیاوێکدا) بەهەستە ئیفلاتوونییەکـــەی. پیاوایـــەتی رەنگدانـــەوەی لۆگۆســـی فەلـــسەفەیەتییە، ژنایـــەتی نافەلسەفەیەتی. تەنانەت لەکۆمەڵگای ئەوسای یۆنانیدا، هۆمۆسێکسواڵیتی ئاسایی بووەو رێگاشـــی پێـــدراوە بـــۆ پیـــاوان، کـــە خێزانـــی خۆیـــان هـــەبووبێت، واتـــە پەیوەنـــدی هیترۆسێکسواڵی و هۆمۆسێکسواڵێتی بەجۆرێك لەجۆرەکان نۆرماڵبووە. هەروەها هاوڕێ و دڵداری(کورپیشیان) هەبووبێت لەیەککاتدا.

بەڵام هەرگیز باس لەهەلوومەرجی بۆنموونە (لیزبیانیزم) بەوشێوەیە نـەکراوەو رێگـای پێنەدراوە بەشـێوە کراوەکـەی وەکـو پیـاوان ئامـاژەی بـۆ بکرێـت، کـە ئیفلاتـوون لـەناو دایەلۆگی(سیمپۆزیەمدا) مۆڵەتی بۆ دەکاتەوەو وشەو رستەی جۆراوجۆر دەخاتە ناودەمی بەشداربووانی(قسەکەرانی) ناو دراما فەلسەفییەکەیەوە، بەڵام ژنە شـاعیرێکی بـەناوبانگی وەك(سـافۆ)، بەڵگەیـە بـۆ دیوەکـەی تـری هۆمۆسێکـسواڵیتی"هۆمۆسێکـسواڵیتی ژنانـە، بـەلیزبیانیزم نـاوهێنراوە ئـەویش لـەدوای نـاوی دورگـەی(لیـسبۆس/Lesbos)، کـە ئێتـساکە پێیـدەڵێن(میتـیلین/Mitylene) لـەو کاتـەوە کـە دورگـەی لیـسبۆس مـاڵی شـاعیرێکی بـەناوبانگی جیهـانی کۆنـە"، هـەروەها "شـیعرە ناسکەکانیـشی دەربـارەی خۆشەویستی هەمیشە بۆ کچە گەنجەکان بووە"، هەروەها دەڵێت" ئامانجی خۆشەویستی بەرهەمهێنانەوەی هێنانی جوانییە"[1].

ئاماژەکردنمــان بــەم شــاعیرە ژنــە دیــارو زۆر بەناوبانگــە، تــەنیا بیرخــستنەوەی دایەلۆگەکـــەی ئیفلاتوونـــە لەســـەر ئـــیرۆس، کـــە بەشـــێوەیەکی زۆر بـــەهێز لەپـــشت جیهانبینییەکی سەیرەوەیە بۆ خۆشەویستیکردن، ئەویش بڕیـارو تەماشـای پیاوانەیـە بـۆ خۆشەویـستیکردن لەهەسـتە هۆمۆسێکـسواڵییەکەیدا، ئەگـەر ئەمـە غـەدرکردن نـەبێت

لەگەورەیی دایەلەگۆکە. هەرچەندە، یەکێك لەکاراکتەرەکانی ناو ئەو دایەلۆگە، بەحساب ژنە، بەناوی "دایۆتیماوەیە"قسان دەکات، ئەویش بەهەموو شێوەیەك ستایشی سوکرات دەکات، تەنانەت سوکرات وەکو هێمای ئیرۆس دەبیندرێتەوەو سوکرات وەکو مامۆستای خۆی ئاماژەی بۆ دەکات!.

دایەلۆگی، سیمپۆزیەم، دەربارەی ئیرۆس(خۆشەویستی) قسان دەکات، هەرچەندە، قسەکانی سوکرات، کە قسەکانی دایۆتیما(ژنە قەشەی مەنتینیایە)، لەڕاستیدا"دەربارەی ئەو هیچ شتێك نازانین کە سوکرات لێرەدا پیماندەڵێت"[٢].

بێگومان ئەم دایەلۆگەی ئیفلاتوون(سیمپۆزیەم)، لەناو مێژووی فەلسەفی و ئەدەبی رۆژئاوادا شوێنی تایبەتی و گرنگی خۆی هەیە، لەبەردەم بابەت و چەمکێکی گرنگ و دیاری وەکو ئیرۆس دەخاتە ژێر پرسیارو لێکدانەوەو تێڕامانەوە. بێگومان ئەم دایەلۆگە، شوێنێکی کلاسیکی خۆی هەیە لەناو مێژووی فەلسەفەدا، بەڵام لەناو ناوکۆییە سوکراتییەکەیدا، ستایشێکی سوکراتیش خۆیەتی بەبێئەندازە. وەك سوکرات، سیمبول و ماناو تەنانەت پێغەمبەری "ئیرۆس"بێت بەجۆرێك لەجۆرەکان وایە!! بەتایبەتی لەلایەن باسکردن و ستایشکردنەکانی ئەلیسابیداسیشەوە بۆ سوکرات(هەرچەندە شتی زۆر سەیروسەمەرەو غەریبیش دەڵێت بەسەرخۆشی)، ئەلیسابێداس، سوکرات وەکو هاوڕێ و خۆشەویست و حەکیم و سیمبوولی هەموو راستی و جوانییەکەیش ئاماژەپێدەکات وەکو فەیلەسووفێك. بۆنموونە ئەلیسابیداس بەمەستی(سەرخۆشی) دێت بۆناو سیمپۆزیەمەکە، وەکو دواهەمین کەس، کە ئاگاداریش نەکرابێتەوە، کە سیمپۆزیەمەکە، لەماڵی(ئەگاپۆن) بەڕێوە دەچێت. ئەگاپۆن، شاعیرێکی گەنجی ناودارە لەو سەردەمەدا، ئاهەنگ و شادی دەگێرێت بەبۆنەی ئەوەی لەفێتسیڤاڵی شانۆگەرییەکاندا، (خەڵاتی یەکەمینی وەرگرتووە، لەنووسینی درامایەکیدا/تراجیدیەکەیدا)، هەروەها سوکرات لەسەر هەمان قەنەفە دادەنێت لەتەنیشتی خۆیەوە. بەهەرحاڵ، ئەلیسابێداس بەشێوەیەکی سەیرو سەمەرە(دەنگی بەرزو ناقۆڵاو تاڕادەیەك بێزارکەر)، دەنگ هەڵدەبڕێت و لەکۆتاییی(کەسەکاندا) کە قسەی خۆیان دەکەن سەبارەت بە(ئیرۆس)، ئەویش قسان دەکات، بەڵام قسەکانی ئەو زۆر سەیرن. قسەکانی بەهەموو شێوەیەك لەچوارچێوەی ستایشکردنی سوکرات ناچنەدەرەوە، بەڵام لەناوکۆییەکانی سنیکانەشدا(گاڵتەجاڕانەدا). تەنانەت، هێندە

ستایشی دەکات، باس لەئەو پەیوەندییە دەکات لەنێوانیاندا کە هەیە، بەڵام بیرماننەچێت، ئەمانە هەموو ئەو کاراکتەرانەن کە ئیفلاتوون قسە دەخاتە ناو دەمیانەوە، بۆنموونە لەم دایەلۆگەدا، ئەریستۆفانیس هێندە وەکو خۆی نییە، کە گاڵتەجاڕی بەسوکرات دەکات، وەکو بەراووردکردنی دایەلۆگەکە، شانۆگەرییەکی خودی ئەریستۆفانیس خۆی، (شانۆگەری هەورەکان) کە قەشمەری بەسوکرات دەکات بەتووندترین شێوە. بەهەرحاڵ، لەبەر ئەمەیە لەسەردەمی سوکرات/ئیفلاتوونیدا کۆمەڵگا ڕێگای بەهۆمۆسێکواڵێتی و هێترۆسێکسواڵێتی داوە پێکەوە، کەم یان زۆر، بەڵام خێزانەکان زۆر ئاگاداری کوڕەکانی خۆیان بوون لەبەردەم گەورەکانداو مەترسییان لێیان هەبووە. بەکورتی ویستوومە ئاماژە بەو جیهانبینییە ئیفلاتوونییە بدەم، ئەویش هەر زۆر بەخێرایی و بەکورتی، کە لەناو ڕەنگدانەوەی دایەلۆگی(سیمپۆزیەمەدا) بەدیدەکرێت، لەبەردەم بەهۆمۆسێکسواڵکردنی ئیرۆس بەجۆرێك لەجۆرەکان، کە ئەمەشە هەڵگری عەشقە ئیفلاتوونییەکە لەبەفەلسەفاندن و بەئایدیاکردنی جیهان بەرجەستەدەبێتەوە، بەڵام عەشق گەیشتنە بەدواهەمین پلەی زانین، ئەم پلەیەش تەنیا فەیلەسووف پێیدەگات، نەوەك کەسی ئاسایی و نافەیلەسووف! ! بەڵام ئەم عەشقە لەناوەوە یدا/جەوهەرەوە/ڕۆحەوەیە. لەبەرئەمەیە، جەنگی مەتریالیست و ڕیژەگەرو ئمپیریستەکان جەنگێکی ئامادەیە لەئاست ئەم ئایدیالیزم و ڕاشیناڵیزمەدا.

ئەوەی گەمەیەکی گرنگ دەکات لەم عەشقە ئیفلاتوونییەدا، دۆزینەوەی فۆڕمی جوانییە، کە بەرزترین پلەی زانین و حیکمەتە، ئەمەش بۆ خۆی گەیشتنە بەجیهانبینی باشە لەپڕاوپڕێتی خۆیدا.

وەکچۆن کاراکتەرەکەی دواهەمین هەناری دونیایش، "دڵشووشە" لەناو ئەو سۆزە زۆر گەورەو میتافیزیکییەدا ماکیاژکراوە، زۆر بەوردی و بەفەنتازیایەکی زۆر هونەری و ئەدەبی داڕێژراوە، دەگاتە دواهەمین پلەی عەشق، کە بۆخۆی جوانییە لەدۆزینەوەی دونیایەکدا بەوشێوەیە، چیدی لەبەر ئەوەی دواهەمین پلەی عەشقەو فەشەل دەهێنێت، چیدی ناتوانێت بەرگەی هەلوومەرجەکە بگرێت. بەتایبەتی لەگەڵ ستایلێکی زۆر تەڕ بەزمانێکی شیعری کە دووبارە بەلای منەوە ئامێزکردنەوەیەکی تریشە لەبەردەم بابەتێکی وەکو بابەتی ڕۆمانتیکی و خۆشە ویستیدا.

بـەڵام ئـەوەی ئـەم کاراکتـەرە جیادەکاتـەوە، لەتێکهەڵکێـشانێکی زۆر ئیفلاتـوونی لەهەستە ناڕۆحییەکەیدا، ئەوەیە عەشق بەکەناڵە نەزانراو و نهێنییەکەیدا پێشکەشدەکات، دەستێکی خودایی، ئەگـەر ئـەم دەسـتەش خـوداش نـەبێت، ئـەوا هەسـتێکی سـپینوزایی گەردوونییە، کە خۆشەویستییە بۆ(خودا) لەڕێگای عەقڵەوە دێتەکایـەوە:پـانپییزم، بـەڵام ئەم عەقڵە، ئەم خودایە، وەکو قەداسەتی تەواوی خودی گەردوون تەماشـا دەکـات. واتـە عەشقێکە، بەڵام هەر هەڵگری فۆڕمێکی ئیفلاتوونی و ڕەهاگەریشە بۆ خۆی، چـونکە هـیچ مۆڵـەت و ئازادییـەك بـۆ ئەویـدی ناهێڵێتـەوە، چـونکە بۆنموونـە محەمـەدی دڵـشووشە، دەڵێت"لاولاوی سپی دەمەوێت بتخوازم... تۆ ڕازیـت"لەگـەڵ ئەمەشـدا، خـوێنی سـەردڵی خۆییـان پێـشاندەدات و بەشـێوەیەکی(تاوانبارکردنانـەوە)پێـشیان دەڵێـت" ئـەوە زامـی ئێوەیە"(ل، ٣٧)، بەمانایەکی تریش، وێنەکە وادەکەوێتەوە کـە لاولاوی سـپی تاوانبـارە، یان تاوانبار دەکرێت بەرامبەر نەزیفبوونەکەی؟ چونکە لەبەر ئـەوەی زۆری خۆشـدەوێت و لاولاوی سپی بەو چاوەوە تەماشای ئەم خۆشەویستییەی ئەو ناکـات. واتـە لاولاوی سـپی بەوە مەحکومەو نابێت ڕێگای دیکەی هـەبێت لەژیانـدا؟ دەبێـت دڵـشووشەی خۆشـبوێت، ئەگینا مەرگی ئەو دەبێتە هەستکردن بەتاوانکردن، بەڵام لاولاوی سپی واناکـات. ئەمـەش بۆ خـۆی هەڵوەشـاندنەوەی بیرۆکـەی دەسـتە نهـێنی و خوداییەکەیـە بـەلای منـەوە، کـە دەیهێنێتـە بـەردەم مـاڵی (خوشـکە سـپیەکان) لـەکاتی لافاوەکـەدا، چـونکە قـسمەت و نـسیبێکی تـاوەکو بلێـی داڕێـژراوە بەتراجیـدی عەشـقەوە، دوایـیش بەتاڵکردنـەوەی ڕوداوەوە.

بەدیدێکی تریش، تەماشای ئەم هەسـتە ئەدەبیـە بکـەین، وادەخوێنرێتـەوە، کـە ئـەم نهێنییەی دڵشووشە، نهێنی هەسـتکردنی بـەئازارو زام و خـاپورکردنی خـوود بێـت. زامـی دڵشووشە، هەڵنەبژاردنی خۆیەتی وەکـو گـەنجێك/پیاوێـك لەلایـەن لاولاوی سـپیەوە، وەك دڵـدارێك و دوایـیش وەکـو فـۆڕمی بـەرزترین عەشـق کـە لـەڕێگای دەسـتێکی نادیـارو نەزانراوەوەیـە. ئەمـەش زووتـر نەخـشەی بـۆ کێـشراوە، وەکـو فینۆمینایـەکی نـاو ئـەم گەردوونـە. ئـەم نەخشەکێـشانەی ئـەم نهێنییـەی بـردووە بـەڕێوە، تـەنیا لـەجیهانی دڵـشووشەدا ســازدراوە، چــونکە لەڕاســتیدا ئەمــە گەمــەی نووســەرە لەدیــدە زۆر ئیستاتیکییەکەیەوە بۆ خوێنەر.

محەمەدی دڵشووشە، دەیەوێت پێمان بڵێت، ئەوە شتێکی بەرزترە لەجیهانی مرۆڤ ئەم عەشقەی ڕێکخستووە، کاتێکیش عەشیقەکە(لاولاوی سپی) ڕازی نییە، کەواتە زامی دڵشووشە(وەکو جۆرە خوداوەندێك وەهایە) دەبێتە تاوانی کچەکان؟ بۆنموونە بیرۆکەی خوداوەند، وا دەکەوێتەوە، کە مرۆڤ بەهەموو جۆرێك خۆشی بوێت، چونکە، خودا هەمیشە پێویستی بەخۆشەویستی مرۆڤ هەیە، بەڵام بەپێچەوانەشەوە.

ڕازینەبوونی لاولاوی سپی بەجۆرێك لەجۆرەکان، دڵگرانیی دڵشووشە دەگەیەنێت. واتە خوێن لێهاتنی(من) دەگەڕێتەوە بۆ بوونی ئێوە، ئەوە" زامی منە"، کە پەیوەستە بەعەشقکردنی منەوە بۆ ئێوە(لاولاوی سپی).

"من" لێرەدا، وەکو (ئیگۆیەکی) سەیرو ئازاراوی زۆر قووڵ بەرجەستەیە، هیچ خوێندنەوەیەکی بۆ(ئەوانیدی) نییە بەوجۆرە، جگە لەئازارە گەورەکانی خۆی نەبێت و نهێنی گەمەی عەشقی خۆی نەبێت. تاوانبارکردنی خوشکە سپییەکان، بەڵگەی ئەمەیە.

٤

ڕۆمانی دواهەمین هەناری دونیا، دەعوەتکردی زمانی شیعرو بەهێزکردنی سۆزو خوێندنەوەشە، بەڵام جۆرە شیعرێك، کە تۆماری هەست و سۆز دەکات بۆ بوون، ڕوئیای خوێنەر لەبەردەم خەیاڵدا بەهێز دەکات. تەنانەت خۆی لەناو ئەو زمانەدا دەنووسێتەوە. تەواوی ڕۆمانەکە، زمانێکی شیعریی تەڕی ئەدەبی زاڵە بەسەریدا، بەڵام بەهەستە زۆر سیحراوابیەکەی بۆ شیعراندنی شتەکان، تەنانەت کاتێکیش باس لەمحەمەدی دڵشووشە دەکەین، هەر وەکو باس لەنهێنی و عەشقی شاعیرێکی زۆر گەورە بکەین کە لەپێش سەرەمەرگیدایەتی، شاعیرێك لەناو جیهانێکدا کە دەزانێت دەمرێت، مردنەکەیشی پابەندە بەنرخی خۆشەویستییەکەیەوە. مەرگێك کە خۆی دەزانێت، لەهەمانکاتیشدا لەدیدگا خوودگەرایەکەیەوە پێمان بڵێت، بێگومان هیچ یەکێك لەئێمە ناتوانێت خۆی لەمەرگ لابدات و خۆی لێبشارێتەوە، چونکە مەرگ کۆتایی هەموو جەستەیەکەو هەموو کەسێکە لەناو ژیاندا. ڕۆمانەکە بەگشتی هەستێکی ڕاگیری تیادایە بۆ خوێنەر، هەمیشە هەستەکانی کۆنترۆڵ دەکات، تەنانەت وەکو کاریزمایەکی شیعریی تیادا بێت وەهایە، زمانی تەڕووبڕیەتی. دەتوانم بڵێم، وایلێدەکات لەخوێندنەوەی نەوەستێت، نهێنییەکی

لەلادروستدەکات بۆ خوێندنەوەیەکی بەردەوام، کە ئەمەش تەڕایی خوێندنەوەکەیە بەئامێزکردنەوەیەکی شیعرانەدا. کە ئەمەدەڵێم، دیارە بەو هەستە دەیڵێم، مەبەستم لەشیعرە وەکو هارۆڵد بلۆوم ئاماژەی بۆ دەکات، کە شیعر" لەبڕیاری مندا تاجی سەری ئەدەبێکە لەخەیاڵ، چونکە هەڵگری موودێکی پێغەمبەرانەیە"[٣].

زمانی تەڕی شیعریی لێرەدا زاڵە بەسەر رووبەری تەواوی نووسینەکەدا، خوێنەر هەمیشە لەنێوان دەربڕینە شیعرییەکاندا خۆی دەبینێتەوەو، روئیاکانی دەوڵەمەندتر دەکات لەناو خوێندنەوەکەیدا. دەتوانم بڵێم، لەناو ئەمجۆرە زمانە زۆر تەڕەدا، بەجۆرێك لەجۆرەکان هەستکردن بەڕاوەستان نییە، لەخوێندنەوەکەدا خەیاڵ بەردەوام خۆی پێشکەشدەکات و خۆی درێژدەکاتەوە. ئەمەش دەوڵەمەندیی نەك هەر زمان و خەیاڵی نووسەرمان پێدەناسێنێت و پێشکەشدەکات، بەڵکو کردنەوەی دەرگاکانیشە بەسەر خودی مەعریفەو فەلسەفە لێرەوە بەمشێوەیە.

واتە ئەگەر هەرجۆرە فیکراندن و فەلسەفاندنێك هەبێت، ئەوا جەغدکردنەوەیەتی لەم ئاستەوە، لەم دەروازەیەوە تەماشای جیهانی بیرکردنەوەش دەکات. واتە ئارەزووە باڵاو زاڵە ئەدەبییەکەمان پیشاندەدات لەڕێگای هێزودەسەڵاتی بەلاغەتەوە، بەڵام لەناو دەربڕینە بێکۆتاییەکانیدا. رۆماننوسی باش، بێگومان ئاگاداری مێژووی بەرهەمە ئەدەبییەکانە بەپێی پێویست، هەروەها، کەم تا زۆر ئاگاداری بیرۆکەو قوتابخانە فەلسەفییەکانیشە، بەڵام لەناو جیهانی رۆماندا هەمیشە، جیهانبینی و دیدی کاراکتەرەکان لەدەرگای ماڵی بیرو هزریشمان دەدەن، وا لەخوێنەریش دەکەن لەسەر شەقامی بیرکردنەوەو فەلەسەفەدا رابمێنێت و خۆی بدۆزێتەوە. ئەم رۆمانەش، هەرگیز لەدەرەوەی ئەم گەمەیەدا نییە بەڕاستی. دواهەمین هەناری دونیا، جۆرە رۆمانێکە لەو جۆرە رۆمانانەی خوێنەر ئامادە دەکات لەگەڵ وروژان و بیرتیژکردنەوەدا بۆناو کۆمەڵێك فەزای گرنگی بوونگەرایی پێویست لەئاست خوودگەرایی و کۆمەڵایەتی بوونی مرۆڤ لەناو جیهاندا بەگشتی، چونکە، لەکاتی خوێندنەوەیدا، وەکو جۆرە پەخشانێکی فەلسەفییانە خۆیمان پێدەناسێنێت بەسەر ئاستی خوێندنەوەکەدا بۆ ئاشناییبوونی بەجیهانی خوێنەر. هاوکات، هەڵگری چێژێکی ئەدەبیە، لەناو ئەمەدا، خۆی بەئایدیاو فەلسەفاندنی شتەکانەوە چەك کردووە، بەڵام لەهەستە ئەدەبییەکەیدا ئەمەی کردووە بەجۆرە

پرۆژەیەك. لەبەر ئەمەیە، من لەناو ئەم رۆمانەدا بیرکردنەوەو شیعری میتافیزیکی و فەلسەفە زۆر هەستپێدەکەم بەگشتی، لەئاستە قووڵەکەیدا. بەشێوەیەکی وا، کە دەتوانین بڵێین، ئەم رۆمانە بەزمانێکی زۆر بەلاغی بەهێز دەستت دەگرێت و بەناو بیابانی زماندا دەتگەڕێنێت، هەمیشە لەبەردەم ماڵی دەربڕینە جیاوازەکاندا داتدەنێت، زۆرت لێدەکات بجوڵێیت و بهەژێیت و بیربکەیتەوەو هەستبکەیت. زمانێك هەمیشە وەکو چاوشارکێت لەگەڵدا بکات وایە، لەناو خوێندنەوەی ئەم رۆمانەدا جۆرە سیحرێك ئامادەیە لەزمانی نووسینیدا، خەیاڵ و جیهانی خوێنەر پڕدەکات لەتێڕامان و بیرکردنەوە، خوێنەر پڕدەکات لەغەم و نیگەرانیی و هیوا. لەڕاستیدا، ئەم رۆمانە، وەکو"بوون" مانیفێست بکاتەوە لەزمانی ئەدەبدا، بەڵام هەمان بوون کە لەلای هایدیگەر تەواوی بیرکردنەوەی گرتۆتەوە. زمانێك وەکو گەمەی چاوشارکێ، لەهەمانکاتیشدا، وەکو بڵێی شوێن بۆ خۆشاردنەوە نەمابێت، واتە"بوون"، بوون لەوێدا، کتومت وەکو ئەوەی چۆن لەناویداین.

چونکە، دەیەوێت بەشەپۆلی وشەکانی زمانی ناو دەربڕینە قووڵەکانی خۆی تەرمانبکات، چیدی مۆڵەتی خۆشاردنەوە کەمدەبێتەوە، دەیەوێت بیرمان پێبکاتەوە بەهەموو جۆرێك بۆ بیرکردنەوە. هێندەی مۆڵەت بۆ خۆئاشکراکردن و دەرخستن ئاشکرا دەکات، هێندەی مۆڵەتی خۆشاردنەوەی تیادا نییە. بوون دەیەوێت خۆی ئاشکرا بکات بەتەواوەتی. زمانی ئەدەبی و بەلاغی داڕشتنەوەی تەواوی رۆمانەکە وەکو جیهانی شیعر، هەمیشە دەیەوێت یارییەکی فەلسەفی لەگەڵ خوێنەردا بکات، یارییەك لەناو زماندا داماندەنێت. ئەگەر زیاتر لەمە بڵێم، ئەمە جگە لەوەی ئەم هەستکردنەم بۆ رۆمانەکە، لەبارە فەلسەفییەکەیدا بۆ خۆی قووتبوونەوەیە لەبەردەم خوێندنەوەو تێگەشتن لەکاراکتەرەکانی رۆمانووس کە زۆر بەوردی لەناو فەنتازیایەکی زۆر هونەریانەدا دروستیکردوون و ئەنجامیداون. بەهەمان ئاقاریش، لایەنە ئەدەبییەکەی زیاتر چڕترو دەوڵەمەندتر دەکات و چێژی زیاتر دەبەخشێتە جۆرە خوێنەرێك، کە بەو چاوانە دەیخوێنێتەوەو دەبینێت. کە لەناو زمانەکەدا، بەدوای قووڵی و نهێنی و بیرکردنەوەدا دەگەڕێت، دەیەوێت هەمان کایەی بۆ مرۆڤ، "خوێنەر"دابینبکات، ئەرکی بیرکردنەوەی بۆدادەنێت. لێرەدا ئەرکی بیرکردنەوە، هاوپەیوەندییەکی شیعری هەیە کە زمان مانیفێستی دەکات لەبووندا. ئەم رۆمانە جۆرە خۆشاردنەوەیەکە لەخوێندنەوەیدا، بەڵام

لەناو زمانی بیاباندا، چونکە لەناو ئەو زمانەدا جێگات بۆناهێڵێتەوە، چیدی دەبێت بیربکەیتەوەو لەگەڵیدا بژیت، لەناویدا وەکو کاراکتەرێك ژیان بناسیت و بوون بناسیت و پرسیار بکەیت. ئەمەش بریتییە لەخۆئاشکراکردن و دەرکەوتن لەناو بووندا. ئەمە گەیشتنە بەڕووتایەتی بوونی مرۆڤ لەئاست خۆپێشکەشکردنیدا وەکو پرۆژەیەکی خوودگەرایی لەناو ئەم جیهانەدا.

واتە ئارەزوویەکی ئەدەبی زیندوو ئامادەیە لەناو رۆمانەکەدا، مامەڵەی ئەوەمان لەگەڵدا دەکات، ئەوەمان پێدەڵێت، ئایا ئێمە چەند دەتوانین وەك کاراکتەرەکانی ناو رۆمانەکە ئەزموونی جیهان و شتەکان بکەین؟

چەند دەتوانین وەکو کاراکتەرەکانی، بەشێوەی شیعراندن و فەلسەفاندن لەدونیا بڕوانین و دوایش لەناو دونیادا بەوشێوەیە بژین و هەبین؟ چونکە تەواوی ستایلی نووسینەوەی رۆمانەکە، لەئاستێکی گشتیدا، بوون و ژیان دەهێنێتە ناو ئەزمونێکی سینگیولەری ناو خوودی کاراکتەرەکانەوە، دوایش هەموویان لەناو بووندان وەکو ئەوەی بوون هەیە لەوێدا، روو بەڕوومان دەبێتەوە، بەڵام لەدیدگا زۆر فرە رەهەندو پلورالیستەکەیشیدا. خوودگەرایی مانیفیستۆی ئەم رۆمانەیە، بەڵام بەشێوە زۆر هاوچەرخ و پۆستمۆدێرنەکەی بەلای منەوە، ئەویش وەرگێڕانی"بوونەکەی" هایدیگەرە لێرەدا. دواهەمین هەناری دونیا، هوروژمێکە لەبەردەم خوێنەردا بۆ راستگۆیی خۆی، وەکو پرۆژەیەکی خوودگەرایی لەئاستە زۆر هونەرییەکەیەوە بۆ هەبوونمان لەناوبوون و جیهاندا. بەو شێوەیە دەژین، کە شاعیرئاساو هونەرئاسا بخوازێت، کەسێك تەڕبوو بەبارانی بوون لەناو جیهاندا، خوێندنەوەی ژیان وەکو هونەر. محەمەدی دڵشووشەش یەکێکە لەناسکترین و تەنانەت رادیکاڵیترن کاراکتەری ناو رۆمانەکە، کە کاریگەری خۆی و پڕیشکی سووتانی پاشماوەی بیرەوەری لەناو خوێندنەوەکەدا دادەنێت، ئەم کاریگەرییە لەناوجیهانی خوێنەردا بەجێدەهڵێت، یان دەتوانین ئەمە بەسایکۆلۆژیای خوێندنەوە ناوبەرین. ئەمەش لەفەزای شیعرەوە، بەلاغەتەوە، فەلسەفەوە، هەستی ئاینییەوە، شتی دیشەوە، خۆی بەخوێنەرەکەی دەناسێنێت و کاریگەرییەکانی بەجێدەهێڵێت.

# ٥

ئەوەی کە من لەناو جیهانی (دڵشووشەدا) دەیخوێنمەوەو دەیبینم، کۆمەڵێك هێڵی جیاوازن لەدارِشتنەوەی ئەم کاراکتەرەدا بۆنمایشکردنێکی تراژیدیانە، ئەمەش لەنێوان ئایدیاو پێشکەشکردندا، ئایدیا وەکو پێشکەشکردنی لەڕوخسارو دەرەوەیی خۆیدا، وەکو کەسێك، بەڵام کەسێکی نائاسایی، کەسێکی وا کە لەناو نهێنی عەشقدا بمرێت. ئەمەش دووبارە دەوڵەمەندی خەیاڵ و بیری نووسەرەو لێزانی و فرەئامێزکردنەوەیەتی بۆ نەشکاندنی ئەو تینوێتییە زۆر قووڵەی نووسەر خۆی هەیەتی لەناو کایەی ئەدەبدا بەلای منەوە، هیچ گوومانمان لەمە نییە لەڕاستیدا، چیدی ئەم ڕۆمانە بۆ خۆی دەدوێت لەکاتی خوێندنەوەیدا. لەنێوان هێڵەکانی نووسینی ڕۆمانی ئاوا بەمشێوەیە، جۆرە ستایلێکی پەخشانئامێزانەو فینۆمینۆلۆژیانە سەقامی گرتووە، بەڵام لەناو کۆی هەموو ئەمانەشدا، خۆی بەفۆڕمێکی زۆر دیاریکراوەوە دیل ناکات، بەڵکو وەکو نووسین لەدیدە زۆر جیاوازەکەیەوە بۆ نووسین لەدایك دەبێت، دەیەوێت وەکو خۆی لەدایك بێت، نایەوێت لاسایی زۆر بکاتەوە، ئەمەش جەوهەری داهێنانە لەڕاستیدا. نووسینی خۆی"ڕۆمانەکە"، جۆرە ستایلێکە، نایەوێت دەستەمۆبێت، ئەگەرچی جۆرە نووسینی ئاوا بۆ خوێندنەوەی هاکەزایی و سادەو قین هەڵگریش خۆی نادات بەدەستەوە، بەڵکو بیرکردنەوەو لێکدانەوەو تەنانەت عەشقی هونەری و ئەدەبیشمان لێداوادەکات.

ئەم لەدایکبوونەی، بەهەموو شێوەیەك لەدایکبوونێکە لەپێناوی بەرجەستەبوونەوەی ئەنجامگیرییە پلەبەرزەکانی هونەرو ئیستاتیکاییەتی نووسین، نووسینیش وەکو ژیان دەبینێتەوە، کەواتە لەپێناوی شتێکدا دەنووسێت ڕاستەوخۆو ناڕاستەوخۆ بەهەموو شێوەیەك پابەندە بەکەلتووری ژیانەوە.

ئەمەش بەلای منەوە لەناو ڕۆمانەکەدا بەئاشکرایی هەستپێدەکرێت و دەبیندرێت بەڕاستی، کە ژیانیش بێجگە لەفەزا میتافیزیکی و سایکۆلۆژییەکەی، بەڵکو لەئەنجامگیرییە لۆکاڵەکەی بۆ شتەکان، کە ژیانی کەسایەتییە کوردەکانە. سەپاندنی مەرگی دڵشووشە، لەدیدگا بوونگەراییەکەیەوە تەماشا بکەین، بەڵگەی نووسینەوەی خوودی ژیان و بوونە زۆر لەنزیکەوە، ئەدەب مانیفێستی خۆی دەکات لەدیدە زۆر

لۆکاڵەکەیـەوە، بـەڵام لـەناو ئامـاژەکردن بەقەیرانـەکانی مرۆڤایەتیـەوە لەهەسـتێك زیـاتر لەلۆکالیزم.

لەم رۆمانەدا، زمـانێکی بـەلاغی بـەهێز، کـە لەمـسەرو لەوسـەری شـتەکان بێزارنابێـت لەوردبوونەوەو قووڵبوونەوەو تەماشاکردن و ئاخافتن. پێشم وایە رۆمانەکە، وەکـو جـۆرە دانیشتنە لەناو پۆلی فێربووندا، کە دەیەوێت فێری خوێندنەوەی چیرۆکمان بکات(رۆمان)، ئەمەش لەهەستە زۆر جیاوازو هاوچـەرخەکەیدا. خوێندنـەوە لـیرەدا، دەبێتـە نووسـسینی خوێندنەوە بەو ئاستەیدا کە خـەیاڵ و جیهانیبینییـەکانی خـۆی تـاوەکو بێـت بـەرفراوانتر دەکات: ژیان. بەلامانەوە، کاراکتەری دڵشووشە بـەناو کۆمـەڵێك هێڵـی جیـاوازدا دەڕوات وەکــو وتمــان لەســـەرەوە، وا لەخوێنـــەردەکات ئـــارەزووی ئـــەوەبکات زیـــاتر چـــێژ لەخوێندنەوەکـە وەربگرێـت و دەسـتی لـێ هەڵنـــەگرێت بەئاســانی. خوێندنەوەیـــەکی بەردەوام. لێرەدا، چیدی، سیحری رۆمان خوێنەرەکە دەدزێت و تەواوی پانتایی هەست و خەیاڵـەکانی داگـیر دەکـات، ئەمـەش ئـەزموونی هونـەری و ئیـستاتیکای نووسـینە لـەبۆ ئەزموونکردنی خوێندنەوە بەوشێوەیە. واتە لەچەندین لایەنەوە هـەڵگری کـۆدی سـەرنج و بیرکردنەوەیـە لێـی. بۆنموونـە شـەڕی (کاراکتەرەکـە) چییە لەگـەڵ (زەمەنـداو) لەگـەڵ (عەشق) و (مـردن)دا، یـان بـوونی وەکـو مرۆڤێـك لەناوجیهانـدا؟ کـۆی ئـەم قەیرانانـەش پابەنـدن بـەو بیرۆکەیـەوەی کـە نووسـەر پێشکەشی کـردووین. لـەناو بیرۆکـەی(عەشـقی ئیفلاتوونی کاراکتەرەکەیدا بەلای منەوە، ئەویش کە بەجۆرێك لەجۆرەکان خۆی کۆنترۆڵی ناکات، بـەڵکو نهێنی و هەڵسوڕانی خـوودی ئـەم گەردوونـە کـۆنترۆڵی کـردووە، ئەمـەش دەگەڕێتـەوە بـۆ بـوونی لافاوەکـە، بـەڵام یـەکێك لەکلیلـەکانی ئـەم دەرگایـەی دەکاتـەوە لەسەر عەشق)، جۆرە جیهانێکی کافکایی بەرهەمهاتووە بەوشێوەیە، کە بابـەتی نـاتورال بەناو فەزایەکی سـوپەرناتورالدا دەبـات، کایـەی بابـەتی واقیـع بـەناو کایـەی میتافیزیکدا دەبـات. واتــە جـۆرە سـیحرێك لـەئامێزی خۆیـدەگرێت بـۆ فراوانترکردنـەوەی خــەیاڵ و فەنتازیا، واتە لەپێناوی خوێنەردا، بەڵام لەڕێگای ئـەم کاراکتـەرەوە، نووسـەر دەمانباتـە ناو جیهانی بیرەوەرییەوە. بیریشمان نەچێت، شەڕێکی زۆر گەورەی(زۆر گرنگ بۆ ئامـاژە پێدان)تریشمان پیشاندەدات، ئەویش شەڕکردنە لەگەڵ تەواوی(سەردەمێکدا)، کە بۆخۆی کـوڕی ئـەو سـەردەمەیە. ئـەم سـەردەمەش سـەردەمێکە کـە بـە(نهێنییـەکان)مـاوەو

هەڵچنراوە. هەستێکی ئایرۆنیشە بەڕاستی، لەکاتێکدا، دڵشووشە کوڕی سەردەمێکی بەو شێوەیەیە لەهەستە سیاسییەکەیدا، کە بارگاویکراوە بەهەستە سایکۆلۆژیاکەیشی بۆ ئەو نهێنییە. لەگەڵ ئەوەشدا کاراکتەری دڵشووشە بۆ خۆی تەواوی بوونی وەك بوونێکی نهێنیگەراوی بێت وەهایە، بەڵام سەردەم و کاتی دڵشووشە، سەردەمێك ئەوەی هەیە لەنێوان مرۆڤەکاندا، بریتین لەبوونی دیوارەکان/نهێنییەکان/نائاشکرایی/تەمومژی. تاکو ئێرە لەهەستە سیاسییەکەیدا بەرجەستەیە. ئەم تەمومژی و نائاشکرایی و تەڵخییەی کات و سەردەمی دڵشووشە، تەنانەت بۆ سەردەمی ئێستاکەشمان هەر دروستە لەڕاستیدا، چونکە لەڕاستیدا، ئەوەی بەدیناکرێت و دیارنییە چەمکی ئاشکرایی و شەفافییەتە لەجیهانی سیاسەتکردنی ئێمەی کوردا. ئەوەتا، دەڵێت "محەمەدی دڵشووشە لەسەردەمێکدا گەورە دەبێت شتەکان هەمووی نهێنین، دونیا بەزوڵمەت و تاریکی دەدرەوشێتەوە. ئەو لەساڵانی تاریکی شۆڕشدا لەدایکدەبێت، لەسەردەمی دیوارو گونێی خۆڵ و ژێر زەمینی ئەستور و دەرگای داخراودا. لەسەردەمێکدا هەموو بەنهێنی ئیشدەکەن... دەوڵەت بەنهێنی نەیارەکانی سەردەبڕێت و نەیارەکان بەنهێنی دەژین و هاتوچۆدەکەن" هەروەها، دەڵێت" لەو ساڵانەدا ژیان دەبێتە دروستکردنی دیوارو تاریکی، هەمووان خەریکی دروستکردنی دیوارن، نێوانی ماڵەکان، نێوانی کوچەکان، نابەینی مرۆڤ و مرۆڤ و نابەینی مرۆڤ و ئاسمان، مرۆڤ و گوڵ، مرۆڤ و مانگ، مرۆڤ و شەو، مرۆڤ و پاسارییەکانی بەیانی... هەموو شتێك دەبێتە بەربەست" هەروەها، زیاتر لەمە، دەڵێت "ئادەمیزادەکان بەجۆرێکی بێمانا دەکەونە سەر ئارەزووی بڵندکردنەوەی دیوار، ژیان دەبێتە خەلوەتێکی هەمیشەیی، مرۆڤ لەپشت دیوارەکانەوە نەبێت ناتوانێت بیربکاتەوە"(ل، ٣٤)

کە سەرنجڕاکێشانێکی رۆحیانەی گەورە بەرهەمدێت بۆ دڵشووشە، کە تەنانەت لەسیمای پێغەمبەربوونێکدا بەرجەستەکراوەتەوە، بۆنموونە، دەڵێت"ئەو کات ئەو منداڵی خۆی لەباوەشی دایکێکی ترساودا دەباتە سەر، منداڵێکە بەردەوام لەم ماڵەوە بەنهێنی دەیبەن بۆ ئەو ماڵی تر"(ل، ٣٥)، ئەم زمانە، لێرەدا چەند سادەیە، بەڵام هێندەی سادەییەکەی خۆی شتمان پێدەڵێت. منداڵ، لەجیهانێکدا کە هیچ نرخ و ریزێکی مرۆڤانەی بۆ نابیندرێتەوە. تەنیا ئاماژە بەوە ناکات، کە نەوەیەك بەو شێوەیە هاتۆتە دونیاوەو

ژیاوە، هەروەها دایکەکانیش لەگەڵ ترس و نیگەرانیدا گەورە دەبن و دەمرن، بەڵام ئەگەر تەماشایەکی وردو پرسەرنجی ئەم(منالآنە)بکەین کە ئاماژەی بۆکراوە، بۆخۆی دیدگایەکی پێغەمبەرانەی رەخساندۆتەوە بۆ جەوهەری باسکردن لەمنداڵ بەو شێوەیە: شاردنەوەی منداڵ. بۆنموونە، من بۆ خۆم، رێك چیرۆکی(مووسای پێغەمبەرمان) بیردەکەوێتەوە، کە لەترسانا نازانن چی لێبکەن، ناچاردەبن لەناو سندوقێکدا دەیخەنە ناو ئاوی نیلەوە بۆ ئەوەی چنگ فیرعەوینییەکان نەکەوێت. ئەگەر ئەم سەرنجەی ئێمە، بەوێنەکردنی جیهانی دڵشووشە گرێبدەینەوە، بوونی هەموو منداڵێك دیارە وەکو جۆرە پێغەمبەرێکی بەو شێوەیە تایبەت دەبیندرێتەوە. ئەم حەژمەتە تیۆلۆجیەیە لەنێوان منداڵ و خوداو جیهاندا بەهەموو شێوەیەك داوای گفتوگۆمان لێدەکات، وا لەتەئویلکردن دەکات بورووژێت، وا دەکات هەموو بن وشەکان بگەڕێت بۆ ماناو لێکدانەوەی ترو هەروەها خوێندنەوەی جیاواز.

چونکە دواجار، بیرمان نەچێت دڵشووشە لەناو ماڵە شوشەییەکەیدا، دەبێتەوە بە(منداڵێك)بەجۆرێك لەجۆرەکان، جۆرە منداڵێکی وا بەهەموو شێوەیەك کاراکتەرێکی بەریئانە دەرەخسێنێت. منداڵێك، بەو هەستەی هەڵگری مرۆڤێکی خاڵیە لەئایدۆلۆجیاو باوەڕکردن. رەنگە منداڵ بەهەستە زۆر نیتشەییەکەی مەبەستمان بێت لێرەدا، منداڵ وەکو جیهانێك لەبێتاوانی و پاکژی و راستگۆی و بەرائەت، چونکە دڵشووشە لەڕێگای دابینکردنی ماڵە شوشەییەکەیەوە، بەهەموو شێوەیەك هەوڵدانێتی بۆ حەقیقەتێك کە بۆخۆی تەنیا لەناو بیرۆکەی (ترانسپارێنتدا= شتێك روون و ئاشکرا بێت و ئەو دیوی ببینیت=شەفافیەتبوون) دەخولێتەوە، واتە روونی و ئاشکرایی بەهەموو شێوەیەك، تاوەکو رادەیەك رادیکاڵ. فەلسەفەی دڵشووشە لەم دیدەوە تەماشا بکەین، گەڕانەوەیە بۆ جەوهەرێك لەمنداڵێتی، بەڵام لەناو گەورەبوونیدا. منداڵێتییەك دوور لەسیاسەتی درۆو ئایدۆلۆجیاکان و تەنانەت تینوێتییە عەقلانی و پرۆگرامییەکانی مرۆڤیش، بەڵام منداڵێتییەك لەتەمەنی خۆیدا، چونکە لەناوەوە منداڵێك هەیە، دژی هەموو جیهانەکانی شاردراوەیی و کۆدو تەنانەت شتە ئەخلاقییەکانیش. منداڵێتییەکی نیتشەییە، نەوەك فرۆیدیانە، چونکە دەیەوێت لەڕێگای شەفافیەتی خۆیەوە، چیدی نهێنییەکان گوێ پێنەدەین، چونکە فرۆیدیزم هەرگیز واز لەمنداڵێتی ناهێنێت بۆ ئەنالایزەکانی

خۆی(شـیکاری دەروونـی)، بـەڵام نیتـشەییەت ئـەو سـنوورە دەشـکێنێت. مناڵبوونـەوەی دڵشووشە، تەنیا قەرەبوونەوەیەك نییە بۆ رابوردوو، کە هەرگیز خۆشی لەدونیا نـەبینیوە بەو جۆرە، بەڵکو ئەم گەڕانەوەیە فۆڕمێکی فریشتە ئاساییانەی هەیـە بـۆ بـوون و دونیـا، تێکهەڵکێشێکی کافکاییانەیە بەڕای ئێمە. ئەمەندە پاك، بێگـەرد، بـەو شـێوەیەی کـە بـێ وێنەیـەو لـەمرۆڤ ناچـێت بـەجۆرێك لـەجۆرەکان. کەواتـە وایلێدێتـەوە، کـە لـێرەدا جـۆرە ئایـدیالیزمێکیش هـەر ئامادەبێـت لـەناو جیهـانی دڵـشووشەدا، بـەڵام هـەڵگری فۆڕمـە زەمینییەکەیەتی.

بەجۆرێکی تـر، دڵـشووشە راسـتە مرۆڤێکـی زەمینیـە، بـەڵام وەکو(فریـشتەیەکە) بـۆ خۆی، جۆرە مرۆڤێکە بەهـەموو شـێوەیەك، رەنگـە بیرمەنـدو نووسـەرێکی وەکـو (واڵتـەر بنجـامین) خـەونی پێـوە ببینێـت، گـەر وابڵـێین. جـۆرە فریـشتەیەکە لەسـەر زەوی، فریشتەیەك بەبێ بـاڵ. فریـشتەیەك کەدرێـژکراوەی یـان بەرهـەمی نـاو جیهـانێکی تێکراو بەنهێنی و بەربەست و دیوار، کە چیدی دەیەوێت ئەو جیهانە تێکبشکێنێت بەتـەواوەتی و لەفاشـیزم رووتـی بکاتـەوە. فریـشتەبوونی دڵـشووشە، گەڕانەوەیـەتی بـۆ دابینکردنـی جیهانێك لەپاکی، بێگەردی، بێوێنەیی، دواجار هـەموو ئـەم سیفاتانە لـەجیهانی منداڵانـدا بریتین لەجۆرە هێزو دەسەڵات و بەرائەتێك بەو شێوەیە.

بۆنموونە، تـەنیا تەماشـای منـداڵان بکـەین کـە یاریدەکـەن، تەماشـای گـەورەکانیش بکەین کە یاریدەکەن، وەکو دوو جیهانی جیاوازبن وایـە. لـەلای منـداڵان یـاریکردن وەکـو جیدیەتی گەورەکان نییە، بەڵکو زیاتر لـەخوودی بـوون دەچـێت بـەبێ هـیچ سیاسـەتێکی سەپێندراو بەسەریدا. منـداڵان، هـەرگیز بـیر لەبەرنامـەو پرۆگرام و داڕشـتنەوەو شـتی وا ناکەنەوە، شتی عەقلانی و دروستکردنی شـتێك ناکـەن لەسـەر نەخـشەو کاتـەلۆگ بێـت و بڕوات بەڕێوە، بەڵام گـەورەکان، سـەیردەکەین هەمیـشە بـەوردی یارییـەکانیان دەکـەن و هەوڵدەدەن بەڕێکوپێکی یاری بکەن، هەروەها دەترسن و نیگەرانن، بردنەوەو دۆڕاندنیش لەئاردایە وەکو ستراتیجی، وەکو هەستکردن بەشـانازیی و شـەرمەزاریی. لـەنێوان گەمـەو یاری منداڵان و گەورەکاندا، شتێك هەیە ناوی دەنێم(دۆزینەوەی جـوانی)یـان چرکەسـاتی هونەریبوون لەناو جیهاندا بۆ مرۆڤ، کـە جەوهـەری بەرائـەت و نالێپرسـینەوەیە لەبـەردەم بەرپرسیارێتیدا.

ئەم جوانییە لەلای گەورەکان نییە بەحوکمێکی سروشتی بۆ لێکدانەوەی یارییەکە، چونکە گەورەکان لەگەمەکانیاندا پلان و بەرنامەیان هەیە، هەروەها خۆشیان کۆنترۆڵدەکەن. مرۆڤیش بەشێوەیەکی غەریزیش، جۆرە بوونەوەرێکە کە تینوی دەسەڵاتە هەمیشە. منداڵان بەشێوەیەکی ناگەورەیی گەمەکان دادەمەزرێنن و ئەوەی هەیە بەرائەت و ئاساییبوونی خوودی یارییەکەیە، نەك سەپاندن و شتی وا. ئەم گەمە ناگەورەییانەیە، ناودەنێین(جوانی)، یان هەلوومەرجە فریشتەییەکەی مرۆڤ لەناو گەمەکانیدا، بەدیدە میتافیزیکییەکەی تەماشای بکەین، بەڵام منداڵ بەبێ هیچ بیرکردنەوەو ئارەقکردنەوەیەك ئەوە دەکات، بۆچی؟ چونکە منداڵان دۆڕ ناکەن و خۆیان بۆ رادیکاڵترین گەمە ئامادە ناکەن وەکو گەورەکان، بەڵکو ئامانجەکە خودی یاریکردنەکەیە لەناو چێژوەرگرتنیدا، خودی خەیاڵ و جوانییەکەیە لەبووندا، نەوەك کۆتاییەکەی. بۆ نموونە، لەلای هیراکلیتیس تەواوی دونیا، یان ئەسڵی دونیا وەك مۆدێلێك، دەبێتە" مەملەکەتی منداڵ، ئەو منداڵەی یاری دەکات" ئەم میتافۆرەی منداڵەیە لەلای (نیتشە) زۆر بەقووڵی وەرگیراوەو کاریگەرییەکی زۆری لەسەر بیرکردنەوەی هەیەو داناوە.

ئەوەی رۆماننوس دەیەوێت پێمانبڵێت، ئاشکرایە لەلایەنێکیەوە ئەو هەل و مەرجە زۆر مێژوییەیە/کۆمەڵایەتی و سیاسییەیە، کە هەموو شتێکی لەناو خۆیدا وەکو(نهێنی) قوتداوە، نووسەریش، بێگوومان بەشێکە لەو ئەزموون و هەلوومەرجەی ئاماژەی بۆ کراوە لەناو رۆمانەکەدا، چونکە دەیەوێت باس لەسەردەمێك بکات وەکو سەردەمیی شاردراوەیی و نائاشکرایی، سەردەمێك کە هەموو شتێکی کردووە بەجیهانی ئایدیۆلۆجیای شاردراوەیی.

بەڵام بەرجەستەکردنەوەی ماڵی شووشەیی و دەرخستنی ناوەوە لەفۆرم و دەرەوەییدا، ئیشکردنە فەلسەفییەکەیەتی لەناوکایەی هونەرو ئەدەبدا، ئەویش لەبۆ ترۆکردنی تەواوی ئایدیۆلۆجیاو ئەو هەلومەرجەی کە سوککردنی پلان و بەرنامەی مرۆڤە گەورەکانیش تەنانەت، لە بۆ بەرەو رووی جیهانی ئاشکراکردن و شەفافیەت بگوازێتەوە. نائاشکرایی و تەمومژاوی دونیا، نامنداڵی و نابەرائەتی دونیاشە بۆخۆی، ئەگەر بەمشێوەیە قسان بکەین. بەمانایەکی دیش، گەڕانەوە بۆ ئەسڵ، گەڕانەوە نییە بۆ شتێك

یان بوونێك لەبۆ ئەسڵ یان بۆ سروشتی ئەسڵ بەوشێوەیە، بەڵكو گەڕانەوەیە بۆ خودی ئاشكرایی و روونی جیهانی منداڵانە. واتە"بوون جەوهەر دروستدەكات، نەوەكو بەپێچەوانەوە"، وەكو ئەم تێرمە هایدیگەرییە بەكاربهێنین.

ئەمە بێتاوانێتی منداڵان تەوزیف دەكات لەدیدگا نیتشەییەكەیەوە بۆ بوون و دونیا، ئیرادەی هێز بۆ گەمەكردن لەناو ژیاندا وەكو منداڵان بەبێ هیچ سیستمێكی سانسۆركردن بەرجەستەدەكاتەوە، بەڵام بوونێك هیچ نییە، جگە لەبوون بەوەی كە هەمیشە دەگاتە شتێكی تر(Becoming)، واتە نەوەك جەوهەر، بەڵكو بوون بەوەی كە ئیمكانییەتەكانی مرۆڤ(دازیان)، كەپێی دەگات وەكو تێرمێكی هایدیگەری. خوودگەرایی نووسەر لەهەستە كۆمەڵایەتی/سیاسییەكەیدا هەستپێدەكرێت، قێزلێبوونەوەی بۆ ئەو جیهانەی كە قوتدراوە بەنهێنییەكان، ئاماژەیەكی زەقە بۆ خوێنەرەكانی لەبەردەم قێزلێبوونەوەی لەمرۆڤە گەورەكانیش تەنانەت. بۆ خۆی لەبەردەم جهیانی(بەعسدا)و ئەزموونی مرۆڤایەتیدا داماندەنێت، كە بەهەموو شێوەیەك بەگرنگی دەزانێت ئاماژەی بۆ بكات. ئەمەیش وەكو سەردەمێك لەناو تەماویترین و نهێنیترین هەلوومەرجدا بۆ مرۆڤایەتی(مرۆڤایەتی كورد)، كە دەیەوێت لەدەرگای ماڵی(بیرەوەریمان)بدات و لەخەومان هەڵبسێنێت لەناو خوودی (ئێستاكە– بووندا)، بەڵام ئەم فەزایە لەناشاشكراوی و شاردراوەیی لەحەقیقەتی مرۆڤ، ئەزموونی كوردی خۆیشی دەگرێتەوە. باشترین باسكردن رەنگە ئەوە بێت، تاكو ئەو ساتەی نەتوانین، مامەڵەیەكی سەر راست و مۆراڵانە لەگەڵ جیهانی دیموكراسیەتدا بكەین، واتە(ئاشكرایی و روونی و نەشاردنەوەی خۆمان)، مامەڵەمان لەگەڵ ژیاندا لەئاستێكدایە پێچەوانەی ئەوە بێت، كە دیموكراسیەو راستگۆیی و سەرڕاستی حەماس و بەڵێن و بڕیارەكانمانە. یان وەكو ئەوەی بوون خۆی دەردەخات و لەناو جیهاندا دەژی.

واتە خۆشاردنەوەو تەموتان و رەشی تۆتالیتاریزم و فاشیزم دەكەوێتەوە، بەبێئەوەی دەستیان بخەینە سەر. هەستە ئایرۆنیەكەیش، ئەمەیە، لەكاتێكی تردا، كە دڵشووشە بەو شتانەی دەیانكات و دەژی و دەمرێت، بۆخۆیان وەكو (نهێنی وان)، هەناره شووشەكەی كە هەیەتی(كە من بۆخۆم نووسەرێكی وەكو "واڵتەر بنجامین"م بیردەكەوێتەوە لەڕاستیدا). دووبارە لەڕاستیدا، وایدەبینم، واڵتەر بنجامین كاریگەری لەسەر نووسەر

هـەبێت و بەجێهێـشتبێت، (ئەمـە گـەر وابێـت). بۆنموونـە، هـەناری شووشـەیی، وەکـو ئابجێکتێکی خڕ دەتوانین بەشتی تر بەراوردیبکەین. کە ئەدۆرنۆ لەباسی والتەر بنجامین–دا دەڵێت "تۆپی شوشەیی خڕ، کە لەناوەوەیدا بـەدیزاینی/Landscape دروسـتراوە کە بەفری لەناودا نیشتۆتەوە، دوایی کە رایدەوەشێنیت، یەکێك بووە لەو شـتانەی والتـەر بنجامین زۆر زۆری حەزی لێبوە"(٤) ئەمە لەلایەك، بەلای منەوە، پێموایە کاریگەری والتەر بنجـامین بـۆ سـەر بیرکردنـەوەی رۆمـاننوس بەئاشـکرایی دەبیـنم، لەدیـدگا فەلسەفاندنەکەیەوە، بەتایبـەتی بـۆ بەرجەسـتەکردنەوەی خـودی کاراکتـەری دڵـشووشە لەڕۆمانەکـەدا. دیـارە کـە دەڵـێم بیرکردنـەوەی رۆمـاننووس، زیـاتر مەبەسـتم لەڕۆمانی(دواهەمین هەناری دونیایە لێرەداو هیچی تر)، بـەڵام ئـەم کاریگەریـە، دووبـارەی دەکەمەوە ئەگەر وابێت وەکو من ئاماژەی بۆدەکەم، نەك هەر شتێکی ئاساییە، بەڵکو بـۆ خۆی پیشاندانی حەژمەت و تینوێتی و دواییش بـەئاگایی و خوێندنـەوەی رۆماننوسـە بـۆ جیهانی بەربڵاوی والتـەر بنجـامین و فیکرێـك لـەدەرەوەی فـەزا کـوردی و عەرەبیەکەیـدا، ئەگـەر وابڵـێین، چـونکە بنجـامین، نوسـەرو بیریـارێکی تـابڵێی ئـاڵۆزو گرنگـە لەچـەندین لایەنەوە بۆ بواری ئەدەبی، وەکـو لایـەنی ئـەدەبی و وتـارو هـەروەها دیدگاو جیهـانبینی فەلسەفی و دواییش سەرنج و کۆمێنتەکانی لەسـەر زمـان و ئەفسانەو ئـاین و شـتی دیش. مـن، کـە بەمـشێوەیە قـسان دەکـەم، نامـەوێت بڵـێم، ئەمـە بەدڵنیاییـەوە وایـە، بـەڵام وایـدەبینین، بـەڵام لەخوێندنـەوەی رۆمـانی دواهـەمین هـەناری دونیـادا، ئـەو جیهانبینیـە لـەتێفیکیرنی فەلـسەفی، ئـەدەبی، تەنانـەت تیۆلـۆجیش دەبینمـەوە لـەژێر کاریگـەری بنجامینیدا. وەکو چۆن یەکێك بیری بـۆلای مـیلان کۆنـدێراو مارسـیل پروسـت و هـەروەها ئالبێر کامۆو کافکاش دەچێت، بەڵام دەشبێت وا نەبێت. باشترین کاریگەری بەلای منـەوە بۆ ئاماژەپێدان، دیارە ئەو "ماڵەیە شووشەییەیە" کە دڵشووشە هەیـەتی، ئـەویش وەکـو دیارییـەك بـاوکی بـۆی دابینـدەکات، چـونکە هێڵـی بیرکردنـەوەی بنجـامینی لەبـەردەم ئارکیتێکتدا(شـوێن و بینـاو ماڵەکانـدا) بـەزەقی دیـارە بـەلای منـەوە. باشـترین کتێبـیش لێرەدا ناوبهێنم بۆ ئەم پشتگیریکردنە لەم بیرۆکەیە(پرۆژەی ئارکەید/ The Arcade project)ە، لەو سـاڵانەیدا نوسـیوێتی کـە لەفەڕەنسادا ژیـاوە، چـونکە بنجـامین لـەو کتێبەیدا، زۆر ئاماژە بەسەقفی شووشەیی بیناو بازاڕەکان دەکات، وەکو ئـەوەی، چیدی

شوێن نهێنیەکانی تیادا نەمێنێتەوە. ئەمەش بۆ ئەو، زیاتر دەرخستنی جیهانی ئایدۆلۆجیایە بەشێوە مۆدێرنەکەی، ئەگەر من هەڵە نەبم لێرەدا، زیاتر دیدە بورجوازییەکەی لەناو جیهانی مۆدێرندا بۆ مرۆڤ بەرجەستەدەکاتەوە. بۆنموونە لەوکتێبەدا دەڵێت " شتی شووشەیی شاردراوەییان نییە (پرشنگ و ئەدگارAura) بەگشتی، شووشە دوژمنی نهێنییە. هەروەها دوژمنی خاوەنداریتی و سامان و موڵکە(Property)... لە١٨٨٠ کاندا، کاتێک یەکێك دەچووە ناو سالۆنی بورجوازەکانەوە، بەهێزترین دەربڕینی لەلادروستبوایە، بەپێچەوانەی هەموو بەخێرهاتنێکی گەرموگوڕەوە، رەنگە ئەوەبێت، کە" لێرە شوێن بۆ تۆ نییە" لێرەدا شوین بۆ تۆ نییە، چونکە بچوکترین شوێن، کە بۆ ئەوانەی لێرە تیایدا دەژین جارێکا پاشماوەکەیان بەجێ نەهێشتووە"[٥] هەرچەندە رۆمانووس بەجۆرێکی تر، ئەم بیرۆکەیەی وەرگرتووە(ئەگەر ئەمە وابێت)، یان کاری لەناو شتێکی وادا کردووە، کە بۆخۆی ئیستاتیکییەتی بیرۆکەکەی لەگەڵ دەربڕینە شوشەییەکەی کەسایەتی(محەمەدی دڵشووشەدا)یەکخستۆتەوە، ئەمەش بێگومان لەبەرزترین دروستکردنیدا بەلای ئێمەوە، تەنانەت وەکو ئیفلاتوونیەکیش لەم کاراکتەرەدا، چونکە دڵشووشە وەکو ئەوەی کە دەژی، کەسێکی بۆنموونە خۆشەویستە،، پاکە، بێگەردە، ئازاری کەس نادات، گەنجێکی بەرێزو پرسۆزو ناسکە، بەڵام بێ نموونوییە، لەکەسی دەوروبەری خۆی ناچێت. جۆرە کەسێکە بەئاسانی لەناو واقیعدا نابینرێت. دیارە هەر لەبەر ئەمەیە، دەیەوێت وەکو مۆدێلیك خۆیمان پیشانبدات، کە ئایا چییە ئەوەی وامانلێدەکات نەتوانین ببین بەباشترین مۆدێلی کەسایەتی لەناو بوون و جیهاندا؟ بوون بەو کەسەی کە دڵشووشە دەبێت، بۆ خۆی فەلسەفاندنێکی ئێجگار گران و قووڵە لەناو بووندا، بەڵام کاریگەرییەکەی ئەوەیە کە تەماشای بکەین وەکو کەسێك ئامادەیە بەو شێوەیە بژی و ئازار بکێشێت، ئەمەش تێفکرینێکی بوونگەراییە لەم کاراکتەرە. لەبەر ئەمەیە، رۆمان و هونەر بەگشتی، لەدیدگا مۆدێرن و هاوچەرخەکەیەوە، واقیع کۆپی ناکەنەوە وەکو خۆی، بەڵکو واقیعیك باسلێدەکەن کە ئەویش واقیعێکی دیکەیە، شتێکی دیکەیە، ئەمەش پرۆژەیەکی پێویست و زۆر گرنگی ئیستاتیکییە بۆ خوێنەرەکانی و دواییش رەخنەگرانەوە ئەنتی ریالیزمیشە. هونەرو رۆمان وەکو دروستکردن دەتوانن بئافرێنن، بەڵام لێرەدا نووسەر نە ناتورالیست و

نەڕیالیستیشە لەهەمانکاتدا بەمانایەك لـەماناکان. ئەمـەش نهێنییەکەیـە بەڕاسـتی، لـەناو هونەردا، کە ئەفراندن گەمەیەکی خودایانە دەکات، بەڵام لـەدەرەوەی هەسـتە خـودایی و ئاینییەکەیدا، یـان هونـەر بـەناو کایـەی سـوپەرناتورلدا دەڕوات و دەمانبـات لـەدەرەوەی هەست و باوەڕپێکردنە میتافیزیکییەکەیدا. دڵشووشە لەقین و بوغزی هـەموو ئـەو دیـوارو پێچ و پەناو تاریکی و زوڵمەتەدایە، کە باوەڕ بەوە دەهێنێت، واقیعێکـی تـەواو پێـچەوانە بژی و لەوانی تر نەچێت، چونکە دڵـشووشە هـەرگیز لـەهیچ ناترسـێت خـۆی ئاشـکرابکات چییەو هەروەها دەگاتە کوێ و دەبێت بەچی؟ ئەمەش دیارە لەئاستی خوودگەرایی خۆیدا بەرکەماڵە. دەتـوانین بڵێین خوودگـەرایی وەکـو جیهانێك لەشـەفافییەت، هاتنـە دەرەوە بەهــەموو شـێوەیەك کـە خوودگـەراییش دەسـڕدرێتەوە. بەهـەموو شـێوەیەك تامـەزرۆی جیهانێکە زۆر بەپێچەوانەی ئەوەی کە تیایدا گەورە بووەو هاتۆتە دونیاوە.

ئەمـــەیش دیـــارە وەکـــو ئـــەزموونێکی شـــەفاف و دیموکراســـی، بـــەڵام لەهەســـتە دڵشووشەییەکەیدا وەك خوودگـەرایی. دیـارە ئەمـە بـۆ"ئـەوەی دونیـا ببێتـە زەمینێکـی بێنهێنی، چ تەلیسم و تاریکی و پرسیارێك نەمێنێتەوە، هەموو شتێك ببیندرێت"(ل، ١٥٧) واقیعی شوشەیی لەجیهانی دڵشووشەییدا، وەکو بنجامین، ئاماژەی بۆ دەکات لەسەرەوە، بەهــەموو شـێوەیەك دوژمـنی سەرســەختی نهێنییەکانـە، دوژمـنی سەرسـەختی موڵـك و پارەیەو بورجوازییەتیشە لەهەمانکاتدا، چونکە نوقمی درۆو نمایشکردنی نەشـازو ناکـامڵن لەمدیدەوە. ئەگەر وا تەماشای ئەمـە بکـەین، کاراکتـەری دڵشووشە جـۆرە کاراکتـەرێکی بوغز هەڵگردەبێت لەجیهانی مۆدێرنە بەمشێوەیە. هەر ئەمەیە وا لەسـوریالیترین شـاعیری جیهـان دەکـات، ئامـاژە بـەئارەزووکردنی (ئەندریـە بریتـۆن)بکـەین لەخـەونی بـەماڵێکی شووشەییەوە " کە ئەمە دەمانگەڕێنێتەوە بۆ لای ئەندریە بریتـۆن کـە ئـارەزووی ئـەوەی کردووە لەناو مـاڵێکی شووشـەییدا بـژی بەهــەموو بینینێکیـدا، "واتـە بەهەمولایەکیدا بـۆ تەماشاکردن". مـاڵی شوشـەیی: ئایدیایـەکی یۆتۆپیـایی کۆنـەو لەهەمانکاتیـشدا یەکێکـە لەترسناکترین دیدگاکانی ژیانی مۆدێرنە. Axiom : چەند لێڵی و دژواری لەلایەن دەست تێخستنەکانی دەوڵەتـەوە زۆر دەبێـت، دەستتێخـستنەکانی تاکـە کەسـیش زیـاتر روون و ئاشـکراتر دەبـن لـەبۆ دەسـت تێخـستنەکانەوە، کـە وابێـت شـتێکی گشتی/جـەماوەری پێـــشکەشدەکات، بیرۆکراســـی نەناســـراوە، نهێنیـــەکان، کۆدکراوەکـــان، ئـــاڵۆزی و

تەمومژییەکان، هاوکات پیاوی تایبەتیش بەسەریدا سەپاوە تەندروستی خۆی پیشانبدات، پەیوەندییەکانی بەپارەوە، پەیوەندیەکانی بەخێزانـەوە، ئەگـەر مـاس میـدیا فەرمانبـدات بەسەریدا، چیدی هەرگیز ناتوانێت چرکەیەك لەکاتی تایبەتی/شەخسی خۆی هـەبێت ئـیتر لەبۆ خۆشەویستی بێت، یان نەخۆشی یان لەبۆ مردنیش بێت. هانـدانی هێرشـکردنە سـەر تایبەتێتی دەگەڕێتەوە بۆ کاتی کۆن لەدیـدگا توندوتیژەکەیـەوە کـە لەسـەردەمی ئێمـەدا بـەدەزگاییکردن کـراوە(بیرۆکراسـیەت بەداکیومێنتـەکانی خۆیـەوە، ڕۆژنامـەش بـەڕاپۆرت چیەکانیەوە)، بەشێوەیەکی مۆراڵی حەقی بەخۆیداوە(مـاف ڕەوای زانـین وایلێهـاتووە کـە بۆتە یـەکێك لەمافـەکانی مـرۆڤ)، ئەمـە بارگـاوی کـراوە بەشـیعرییەت(پـەوەتیك)لـەڕێگای جوانترین وشەی فەڕەنسیەوە ترانسپێرێنس/ Transparence)"[٦] ترانسپێرێنس: واتە تەماشاکردنی شتێك بەڕوونی بەناویدا، بەبێ هیچ نهێنی و تـەمێك، بـەبێ هـیچ کـۆدو سەپاندنێك، بە روونی و بەئاشکرایی.

چونکە ئەمەیش، لەڕێگای خوێندنەوەی دواهەمین هەناری دونیـاوە، هاوکێشەکە بـەم شیوەیە فۆڕمولە دەبێتەوە، کە بتوانین" کلیلێك بدۆزێتەوە دەرگاکـان بخاتـە سەرپـشت، دونیا ببێتە دونیایەکی روون، دونیایـەك دیوارەکـان هـیچ نەشـارنەوە، مـرۆڤ هـیچ شـتێکی نـەبێت هـەڵیگرێت، نهێنیـەکان هـەموویان دەرکـەون، تەلیـسمەکان بڕەوێنـەوە"(ل، ٣٥) چونکە، ڕۆژێك" دەگاتە ئەو راستییە خەمگینەی دواتر ڕێگاو مانای ژیانی دیاری دەکـات، کە دەبێت ژیانێکی هەبێت روون وەك شووشە، ژیانێك لەهەموو لایەکەوە ببینرێت، ژیانێـك هیچی لەژیانەکانی دیکەی ئەو سەرزەمینە تاریکییە نەچێت"(ل، ٣٥) جێگای گوتنـە، کـە هەروەها واڵتەر بنجامین، زۆر بەئالودەوەو پەرۆشـەوە بـاس لەسوریالیـستەکان دەکـات و زۆر بەتایبەتی کە بەو شێوە سەرسوڕماویە ئامـاژە بەئەندریـە بریتـۆن و مـاڵی شووشـەیی دەکات، بۆنموونە، "کتێبەکەی بریتۆن زۆر بەباشی ئەوە شیدەکاتەوە/ئاماژە بەکۆمـەڵێك ژمارە بۆ ئەم(ڕوناککردنەوە پرۆفەینە) دەکات، ئەو کتێبەی بـە" نەدجـە" نـاوی دەبـات" کتێبێك بەلێدان و مشتە کۆڵەیـەکی تـوڕەوە بـۆ دەرگاکـان" هـەروەها" ئـەو شـۆکەی کـە توشم هات، دەبێت لەکاریگەری خوێندنەوەی (کتێبی نەدجـە)بووبێـت. لـەناو خانوویـەکی شووشەییدا بژیت کە فەزیلەتێکی شۆڕشگێرانەیە لەبەرزترین عەزەمەتی خۆیـدا. هـەروەها مەسـتی و سەرخۆشـییەکە (Intoxication)، مۆزەخانەیـەکی مۆرالیزمیـشە، کـە

بەهـەموو شـێوەیەك دەمانـەوێت. وریاییەكـە لەئاسـت گـوێ پێـدان بەبوونـەوە لەلایـەن یەكێكەوە، یەكجار فەزیلەتی ئۆرۆستۆكراتی، بۆتە رووداو رەوشـی بورجـوازی کـەم بـەهاو بچوك و درۆزنانە(پارڤینۆس). گەیشتۆتە ئاستی راسـتی، تێزێکـی دروسـتکردووە لـەنێوان هونـەری رۆمـان(Novel) و هـەروەها رۆمـانی کلیـف(Roman a clef)"[٧] لـەم پێناسەکردنەدا بۆ روونـی و ئاشـکرایی وەکـو شووشـە، فـەزای بیرکردنـەوەی بنجـامینی و دواییش هەستی مۆراڵی بیرکردنەوەی پۆسـتمۆدێرنانە گەمەیـەکی تـەواو دەکـەن، چـونکە دەیەوێت بگاتە ئاستەکانی فەزیلـەتێکی هیومانیزمانـەی جیـاوازەوە، بـەبێ ئایـدیۆلۆجیاو بەبێ کرداری ئایـدیۆلۆجی و ئـەخلاقیی بورجوازییـەتیش. هاوکـاتیش(مارکـسێکی) تـریش گەمەدەکات، بەڵام ئەم مارکسەیان جوداوازەو لەمارکسە ئەسڵیە زۆر رادیکاڵەکـە ناچـێت، چونکە تەماشاکردنی هەموو مرۆڤایەتی وەکو روونی و ئاشکرایی بەبێ هیچ نهێنی و پێچ و پەنایەك دەکات، بۆخۆی لەنێوان ئەم (مارکسە) ی من لێرەدا مەبەستمەو هەروەها (خودا) بەرجەستە دەبێتەوە.

یەکالاکردنـەوەی تـەواوی نـاوەوەی مـرۆڤ بـۆ دەرەوە، دابینکردنـەوەی جیهانێکـە لەشـێوە– شـوێن، یـان لەئایـدیا– ئـمیج بـۆ مـرۆڤ، زمـان ئـەم رۆڵـە دەبینێـت لـەڕۆڵی وەرگێڕانـدا. واتـە ئـەوەی لەناوەوەیـە لـەدەرەوەدا لـە(سورفیـسی شـتەکاندا/ رووکەشـی شـتەکاندا) دەردەکـەوێت و بەرجەسـتە بۆتـەوە، چـونکە مـارکس بەهـەموو شـێوەیەك ئارەزووی جیهانێك دەکات بەئاشکرایی و بەڕوونی و بەبێ خوداکانیش، واتە بەبێ نهێنی و بەبێ کۆدەکانی سەرەوە، بەڵام کێشەکە لەڕاکێشانێکی ئایدیۆلۆجیانـەدا کۆتـایی پێـدێت، کە ئەم نائاشکرایی و ناڕوونییەی جیهان دەبێت(چینی پرۆلیتاریا) جیهان تێکبـشکێنێت و جیهانێکی ئاشکراترو رونتر(وەکو شووشە) دروستبکاتەوە، چیدی ئـەو جیهانـەی مـارکس پـڕ دەبێتـەوە لەتەوومـژی ئایـدیۆلۆجی. لـەناو جیهـانی شووشـەیی پرۆلیتـاردا، هـەموو شتەکان دەبن بەیەك، چیدی هیچ شتێك نامێنێتەوە ئارەزووی ململانێ و ناکۆکیکردن بێت بەوشێوەیە. ئەمە کێشەیەکی گەورەیە لەگەڵ سەرهەڵدانی ئەو دایەلەکتیکەی مارکس، کە کـە لەهیگڵـەوە وەریگرتـووەو مێـژووی جیهـانی پـێ مـەحکوم دەکـات لـەناو بڕیـارە ئایدیۆلۆجیەکانی حەتمیەتی مێژووەوە.

بـەڵام ئـەو روونـی و ئاشـکراییەی (بـەختیار عـەلی) کـە لـەناو جیهـانی دڵـشووشەدا بەرجەسـتە کـراوەتـەوە، زیـاتر هـەنگاو هەڵهێنانێکـە بـەرەو چـوونە دەرەوە لـەناو ماڵـە ئایدیۆلۆجییەکانـەوە، دیـارە لەفـەزا کوردییەکەیـدا مەبەسـتمانە لێـرەدا، بـەڵام هـەرگیز لەدەرەوەی هەستە یۆتۆپیایی و ئاینییە کەیشیدا نییە بۆ خۆی.

بەڵام ئەم هەستەی دواییمان، مەرج نییە هـەڵگری هەلومـەرجێکی نیگـەتیڤ بێـت بـۆ یۆتۆپیـاو دوایـیش بـۆ ئـایین، بـەڵکو دیـدگاو جیهـانبینی جیـاوازە، بـەڵکو ئـەو مێـژووە دەخوێنێتــەوەو بــەکاری دەهێنێــت لــەپێناوی شــتێکی زیــاتر بــۆ وتــن، هــەروەها فراوانکردنـەوەی پانتاییـەکانی حیکمـەت و مەعریفـە لێـرەوە. بەهـەرحاڵ، لـەناو ئـەم کاراکتـەرەدا، بەمـشێوەیەی دەیخوێنینـەوە، بیرکردنـەوەی واڵتـەر بنجـامین بـەجۆرێك لـەجۆرەکان ئامادەیـە، یـان رەنگدانـەوی هەیـە، ئەگـەر بتـوانم وابڵـێم. بـەکورتی مـاڵی شووشویی بۆ دڵشووشە، ماڵێکە لـەڕوونی و ئاشـکرایی، ئەمـەش دارمـان و رووخـانی ئـەو جۆرە ماڵەیە کە لەسەر نهێنی و کۆدو شاردراوەیی هەڵچنراوەو دروستکراوە(ماڵی عـەقڵ و بیرکردنـەوەی کـوردی، بەتایبـەتی لەئاسـتە سیاسییەکەیەوە). مـاڵی روون و ئاشـکرایی، ماڵی گەیشتنە بەساتی چوونە دەرەوە لەناو(خوود)دا، یان چوونەدەرەوەیە لەناو هەسـتە دیکارتییەکەیـدا بـۆ فەلـسەفاندنی بـوونی مـرۆڤ لەگـەڵ ئـەوانی دیـدا بەمـشێوەیە، ئیگـۆ شەقدەکرێت و ئـەوەی گەمـەی تـەواو دەکـات روونـی و ئاشـکرایی گەمـەی بوونـە، وەکـو تێرمێکی هایدیگەری کە ئیگۆی بەو شێوەیەی تیـادا بەتاڵدەبێتـەوە، چونکە گومـانکردن لـەوانی دی، بـۆ خـۆی نەسـەلماندنی خـوودە لەفـەزا زۆر روون و ئاشـکراکەیدا. ئەمـەش بەهەموو ئاستێکی بەرزی خۆی، گەیشتنە یان کارکردنە بۆ هەلوومەرجـەکانی پلـورالیزم و ئەخلاقیاتی مرۆڤی پۆستمۆدێرن بەمشێوەیە. درزتێکردنێکە لەناو دیوارە بڵندەکانی بوون لەئاست ناسینەوەی خودگەراییداو پەڕینەوەیە بـەرەو ئـەو پـەڕی، ئـەویش بەجێهێـشتنی خوودێکی ترادیسیۆنییە.

بـەڵام دڵـشووشە هـەڵگری جۆرێـك لەنامتمانـەیی و هـەروەها(سکێپتیـسیزم) ییـشە، لەئاست ئەم جیهانەدا، بۆ نموونە" بەڵام من لەهیچ دڵنیا نیم، ئـیتر چـی بکـەم بـەکتێب و بەچـی دونیـا سەرسـام بکـەم. لـەنهێنی تـۆو خۆشـم دڵنیـانیم، هەنـدێك نهێنـیش هەیـە نانووسرێنەوە، هەندێك نهێنی مرۆڤ دەکووژن و تەواو. من لـەو جـۆرە نهێنیانـە دەترسـم"

(ل، ١٥٧)، بێگومان دڵشووشە، وەکو کاراکتەرێکی حەساس و دڵناسکیش، لەو نهێنیانە دەبێت بترسێت، چونکە ئەم ترسە مانیفێستکردنی نیگەرانییەکانێتی لەبەردەم مەرگدا. دەڵێت، لە"نهێنی و تۆ و خۆشم دڵنیان نیم" ئەمە دەنگدانەوەیەکی دیکارتیانەی تیادایە بۆشککردن، ئەگەر بمانەوێت وای ببینین. بەهەرحاڵ، مەشکوکییەتی دڵشووشە، جۆرە مەشکوکییەتێکە، شەرعیەتێکی خۆی هەیە، چونکە ئەو جیهانەی تیایدا گەورە بووە، ئەوەی تیادا چاندووە کە بەو شێوەیە تەماشای شتەکان بکات، بەڵام ترسی ئەو لەو نهێنیانە، چیدی خوێنەر دەبێت باش بزانێت، کە جۆرە مەشکوکێکی رادیکاڵ نییە بەوجۆرە. هەرچەندە جیهان بەو شێوەیەی لەناویدان، بەهەموو شێوەیەك دەتوانێت ئەو هەستانەمان تیادا بەرهەم بهێنێت. ئەگەر تەماشای ماڵە شووشەییەکەی دڵشووشەش بکەین، بۆ خۆی بەهەموو شێوەیەك، هەمان جەوهەری چەمکی شووشەیی هەیە، ئەویش ئەوەیە کە مانفێستی دەرکەوتوویی(مرۆڤ) دەکات بەبێ نهێنی لەناو شوێندا، تەنانەت بەبێ هیچ ترس و سڵەمینەوەیەك لەئاست دەرکەوتنیدا بەو شێوەیە. نەك هەر ئەمە، بۆ خۆی، باشترین ئاماژەیە بەوجیهانەی کە زووتر کاراکتەرەکەی لێوە هاتووە(جیهانی نهێنی و دیوارەکان- سەردەمەکانی بەعس). چیدی ئەوە دڵشووشەیە، دەیەوێت کۆتایی بەو شتانە بهێنێت بەتەواوەتی. لێرەدا کۆتایی، وەکو بانگەواز کردنە بۆ کۆتایی ئایدیۆلۆجییەکان، نەوەك شتگەلێکی دی. ئەمە، بەلای منەوە، جوانترین بەکارهێنانە لەم دەروازەیەوە بۆ کاریگەری بنجامین و هەروەها(میشیل فۆکۆیش)، بەهەمانشێوە لەکتێبی باسکردنی لەزیندانەکان، لەخوارەوە(ئاماژە بەم خاڵەیش دەکەم).

چونکە، دڵشووشە وەکو زیندانیەکیش وایە لەناو ماڵە شووشەییەکەیدا، ئەگەر وای ببینینەوە. جۆرە زیندانییەك، چیدی بەجۆرێك لەجۆرەکان مەحکومە بەڕوونی و بەئاشکرایی خۆی لەناو بووندا؟ بەڵام ئەم زیندانییە بۆ خۆی بەدەستی خۆی، خۆی زیندانی دەکات، واتە ئیرادەی خۆیەتی، بەڵام هەستە ئایرۆنییەکە لەبۆ ئەم زیندانییە ئەوەیە، کە بەهەموو شێوەیەك پێچەوانەی خوێندنەوە ترادیسیۆنەکەیە لەبۆ چەمکی بەندبوون و زیندانیبوون.

بۆ نموونە، دەتوانین بەو شێوەیە ببینینەوە، کە ئەمە وەکو جیهانی (مۆدێرن)ە بێت وایە، کە ئەمەش دەبێتە زیندانێکی تر، چونکە زیندانیبوون لەلای دڵشووشە بەحووکمی

بێنهێنیبوونی خۆی دەمێنێتەوە لەدەرکەوتویی خۆیدا بۆ دەرەوە لەناو شوێندا. ماڵی دڵشووشە، لەنێوان ئەم دوو کایەیەدا دەبینم لەکاریگەری ئیشکردنی بیرۆکەی(ماڵی شووشەیی)، هەرچەندە لەڕۆژئاوا، ئیشکردن بەبینایات و ئۆفیسی شووشەیی وەکو دیزاینێکی مۆدێرن و تەنانەت پۆستمۆدێرن دەبیندرێتەوەو کاریگەری هەیە. هەروەها بەتایبەتی ئەو دیزاینانەی کە شێوەی قەوسیان هەیە(ئارچ)، یان خڕن، کە بەجۆرێك لەجۆرەکان ئاماژە بەجیهان و گەردوون دەکەن، ئەمەش هەڵگری سیمبولیزمی ئاینی و سکولاریشن لەیەك کاتدا. رەنگدانەوەی ئەم بیرۆکەیە لەکڵێساو تێمپڵەکانیشدا هەیەو رنگدەداتەوە. بەکورتی تەماشاکردنی، دڵشووشە لەناو ماڵەکەیدا، بۆ خۆی پێشکەشکردنی ئەو بیرۆکەیەیە، جۆرێکیشە لەبوونێکی فۆتۆگرافی لەو بینینەوەیەیدا لەناوەوەی ماڵەکەیدا بۆ دەرەوە، لەدەرەوەی شوێندا بۆ ناوەوەی ماڵەکەی بەبێ هیچ نهێنییەك. لەڕاستیدا رۆماننووس، ئەوەمان بۆ فۆتۆگراف دەکات، کامێرای چاوەکانمان بۆ دڵشووشە لەناوەوەیە بۆ دەرەوە، لەدەریشەوەیە بۆ ناوەوە، ئابجێکت و سەبجێکت دەسڕێتەوە، فۆڕمولەکردنەوەیەکی زۆر هایدیگەریانەیە بۆ "بوون".

یان بەمانایەکی تر، دڵشووشە، چیدی مەوداکانی نێوان ناوەوەو دەرەوەی نامێنێت، دەبێتە بیرۆکەیەکی کتومتی ئیمیجێکی دایەلەکتیکی، دیارە ئەم ئیمیجە دایەلەکتیکیەیش بەهەستە بنجامینییەکەی ئاماژەی بۆدەکەم لێرەدا.

# مینۆرسکی

# چمکێ لەژیاننامەو چالاکی و فیکرو بەرهەمەکانی لەبواری کوردناسیدا

نووسینی: زریان حاجی
زانکۆی سلێمانی

(لەسەرەتای ئەم سەدەیەدا بوو وڵاتە جوانە رزاوەکەتانم بینی، بێگومان ئێستا پێشکەوتووە، بەڵام من وا ئەزانم کە پێشکەوتنەکەی لەسەر خۆیە، دانیشتوانیم خۆش ئەویست و ئێستاش خۆشم ئەوێن، من زۆر بەختیارم لەم کۆڕە جیهانییەدا کورد ئەبینم و هاتوون بەدووای رۆشنبیری خۆیاندا دەگەڕێن).

وتەی مینۆرسکی لەبەرامبەر کوردە بەشداربووەکانی کۆنگرەی بیست و پێنجەمی رۆژهەڵاتناسی جیهانی لەمۆسکۆ ساڵی ١٩٦٠.

**پێشەکی**

مینۆرسکی یەکێکە لەدیارترینی زاناو بیریارو مێژوونوس و کوردناسە گەورەکانی نەك رووسیا بگرە جیهان بەگشتی کە بەزۆر لەزمانەکانی جیهان بابەتی نووسیوەو لەم چوار چێوەیەشدا بەچاوپۆشی لەمەبەستەکانی دەتوانین بڵێین خزمەتێکی ئێجگار گەورەی بەکوردو بەمێژووی کوردو نووسینەوەی ئەو مێژووەش کردووە، رەنگبێت هەر هێندەی بەس بێت کە توانی بنەچەی کوردو رەگەزیان بەهەموو جیهان و کورد خۆشی بناسێنێت، بەڵام کەسایەتییەکی وا تائێستا لەناوەندە فیکری و کەلتورییەکانی کوردیدا وەك پێویست نەناسێنراوەو لەبارەی ژیاننامەو بەرهەمەکانی و کارو چالاکییەکانی و بوارەکانی فیکری و بیروباوەڕەکانیەوە شتێکی ئەوتۆ نەوتراوە.

بۆیە ئێمە پێمانوایە کە لێکۆڵینەوەو نووسین لەبارەی کەسایەتییەکی وا، تەنانەت کوردناسەکانی تریشەوە کارێکی پێویستە تاهیچ نەبێت خۆمان وەك کورد ئەوانە بناسین و لێیان تێبگەین کە لەبارەمانەوە نووسیویانەو لێکۆڵینەوەو دراساتیان لەسەرکردووین.

لـەم لێکۆڵینەوەیەمانـدا هەوڵـدەدەین کـە مینۆرسـکی کوردنـاس لـەڕووی ژیاننامـەو کەسـایەتی و چـالاکییەکانی لــەبواری کوردناســی و بەرهەمەکانیــشیەوە بناســێنین و پاشانیش لەدیدگای ئەو بەرهەمانەیەوە لێکدانەوەیەك بۆ فیکرو بیری بکەین.

بەهیوای ئەوەی کە بتوانین هیچ نـەبێت وەك لەناونیـشانەکەدا ئاماژەمـان بـۆ کـردووە چمکێك لەبارەی ژیاننامەو کاروچالاکییەکانیەوە دەربخەین.

**باسی یەکەم: ژیاننامەو کەسایەتی مینۆرسکی:**

**یەکەم: لەدایکبوون و پێگەیشتن و خوێندنی:**

ڤلادیمێـر ڤیـۆدۆرۆڤیچ مینۆرسـکی لـە ٥ی شـوباتی ١٨٧٧ لەگونـدی (کۆرجیڤـا) کـە دەکەوێتە باکوری خۆرئاوای مۆسکۆوە، هاتووەتە دنیاوە، لەوێ گـەورە دەبێـت و پاشـان ڕوودەکاتە خوێندن و پلەکانی خوێندنی سەرەتایی و ناوەنـدیی لەمۆسـکۆ تـەواو دەکـات، پاشـئەوەی کـە قۆنـاعی ناوەنـدیی بەپلـەی نایـاب دەبڕێـت، خـەڵاتی مـەدالیای ئـاڵتون وەردەگرێت، ئەمە ڕێگای بۆ ئاساندەکات کە لـەزانکۆ لەبەشـی یاسـا وەربگیرێـت لەسـاڵی ١٨٩٦ داو لەسـاڵی ١٩٠٠ بەسـەرکەوتوویی ئـەم کۆلێجـە تـەواو دەکـات، لـەپاڵ خوێنـدنی لەکۆلێجی یاسـا لەپـەیمانگای تایبـەتی زمانـە ڕۆژهـەڵاتییـەکان کـە ڕۆژهـەڵاتناس لازاریـف سەرپەرشتی دەکرد دەیخوێند، ئارەزووی لەتەواوکردنی ئەم بوارەش هەبوو، بۆیە تاساڵی ١٩٠٣ لەم پەیمانگایەدا بەردەوامدەبێت و لێرەوە ئیـدی چـاوی بـەدنیای ڕۆژهەڵاتناسـی و خوێنــدنی زمانــە ڕۆژهەڵاتییەکانــدا دەکرێتــەوە لەسەردەســتی مامۆســتاکانی ئــەوێ، کەچەندین ڕۆژهەڵاتناسی گەورەبوون لەوانە ( لازاریف و ف أ کورش و بارون ستاکلبلرك و ستافرس ساکۆم و س.دزریونیان و أ.ی. کریمسکی ) مێژووی ڕۆژهەڵاتیشی لەسەردەستی ڕۆژهەڵاتناسی گەورە ( ف . میللر ) خوێند، زمانەکان و مێـژووی ڕۆژهـەڵات دەخوێنێـت و بـاش کامـڵ و پـەروەردەدە بێـت بـۆ بـواری ڕۆژهەڵاتناسـی و تـا کەسـایەتییەکی وای لێدەربچێت کە بەڕاستی ڕۆژهەڵاتناس بێت لەهەموو بوارەکاندا.

**دووەم: کارکردنی لەبواری دبلۆماسییەت دا:**

مینۆرسـکی پـاش تـەواوکردنی پلـەکانی خوێنـدنی هـەروەك لەسـەرەوە باسمـانکرد ڕاستەوخۆ ڕوودەکاتە کاری دیبلۆماسـی ڕووسـی و لـەوبوارەدا وەك کارمەنـدی وەزارەتـی دەرەوەی ڕووسـیا وەردەگیرێـت، ئەمـەش ڕەنگـە لەبەرئـەوە بـوو بێـت کـە مینۆرسـکی

سەرباری ئەوەی کە کەسایەتییەکی یاسایی بووە، لەهەمانکاتیشدا کەسایەتییەکی شارەزاو لێزانێکی باشیش بووە لەبواری زمان و مێژوو و کەلتوری رۆژهەڵاتدا، بۆیە هەر لەسەرەتاکانی کارکردنیەوە لەو بوارەدا کۆمەڵە پۆستێکی پێدەدرێت لەوانە:

لەساڵی ١٩٠٤ – ١٩٠٨ دەکرێت بەڕاوێژکاری باڵیۆزخانەی رووس لەتاران و تەبرێز، هەروەها لەساڵی ١٩١٣ دا دەنرێت بەئەندامی لیژنەی دیاریکرنی سنوور لەنێوان دەوڵەتی عوسمانی و ئێراندا، دوای ئەمە سەر لەنوێ کرایەوە بەڕاوێژکاری باڵیۆزخانەی رووسیا لەتاران و لەم پۆستەشدا تاساڵی ١٩١٩ ماوەتەوە، پاشان دەچێتە فەرەنساو لەوێش ماوەیەکی کورت لەو باڵیۆزخانەیەدا کاردەکات، پاش ئەمە واز لەکاری دبلۆماسی دەهێنێت و ئیدی روودەکاتە بواری رۆژهەڵاتناسی و بەتایبەتیش ئێرانناسی و کوردناسی و لەپاریس دەبێتە مامۆستا، پاش ئەمە لەساڵی ١٩٣٢ دا دەچێتە لەندەن و لەوێ لەقوتابخانەی رۆژهەڵاتیدا دەست دەکات بە وانە وتنەوە، لەپاش مردنی سەرۆکی بەشی ئێرانناسی لەم قوتابخانەیە پرۆفیسۆر د.رۆسای لەساڵی ١٩٣٧ دا مینۆرسکی لەشوێنی دەبێتە سەرۆکی ئەم بەشە، لەم پۆستەشدا دەمێنێتەوە تاساڵی ١٩٤١ کە لەپۆستەکەی لادەبرێت، بەڵام هەر بەئەندامی فەخریی ئەو خوێندنگایە دەمێنێتەوە.

سەرباری ئەمانە لەچەندین کۆنگرەی جیهانیی گەورەی رۆژهەڵاتناسیدا بەشداریکردووە وەك کۆنگرەی بیستەمی رۆژهەڵاتناسی کە لەبرۆکسل بەسترا، تیایدا لێکۆڵینەوەیەکی زانستی دەربارەی ( نەژادی کورد ) پێشکەش کرد.

تالە ٢٥ ی مارتی ١٩٦٦دا لە لەندەن کۆچی دواییکردو لەرۆژنامەو گۆڤارە بەناوبانگەکانی جیهانی و سۆڤێتیدا وتاری ماتەمینی بۆ نووسراوە.

**سێیەم: چالاکییەکانی بواری رۆژهەڵاتناسی بەگشتی لەماوەی ژیانیدا:**

دەتوانین بواری چالاکییە سیاسی و رۆژهەڵاتناسی و بیرەکانی مینۆرسکی دابەشبکەین بەسەر سێ ماوەی سەرەکیدا ئەوانیش:

**قۆناغی یەکەم: قۆناغی ژیانی لەڕووسیا**

ئەم قۆناغەی بەبوارەکانی خوێندنی لەکۆلێجی یاساو هەروەها پەیمانگای لازاریف بۆ زمانە رۆژهەڵاتییەکان دەستپێدەکات تا کارە دبلۆماسییەکانی، تادەگاتە هەڵایسانی شۆڕشی بەلشەفیك لەڕووسیا ١٩١٧.

لەم ماوەیەدا لەکاری دبلۆماسییەکەیدا خەریکی لێکۆڵینەوەو گەڕان و زانیاری کۆکردنەوە بووە لەبارەی گەلانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و وەك راپۆرتێك پێشکەش بەڕووسیای دەکردەوە، ئەم کارەی رەنگبێت بۆ مەبەستی سیاسی و وڵاتەکەی بووبێت، بەڵام لەم رێگایەوە توانی خزمەتێکی بەرچاو بەگەلانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و لەنێویشیاندا بەتایبەتی کورد بکات، لەم سەردەمدا تێبینی و لێکۆڵینەوەکانی خۆی بەزمانی رووسی پێشکەش دەکرد، لەکارە گرنگەکانی ئەم ماوەیەی کتێبی ( ئەهلی هەقە ) کە لە ساڵی ١٩١٩ لەمۆسکۆ چاپ کراوە، ئەم کتێبەی لەئەنجامی دەسکەوتنی چەندین بەڵگەنامەو دۆکیۆمێنتی مێژوویی بەنرخەوە هات کە لەتاران دەستیکەوت، سەرباری ئەوەی کەتوانیبووی چەندین پەیوەندی بەهێز لەگەڵ شوێنکەوتوانی ئەم تایەفە ئاینییەدا ببەستێت و هەروەها یەکێکیتر لەبەرهەمە بەنرخ و دیارەکانی سەردەمی کتێبە بەناوبانگەکەیەتی بەناوی ( کورد تێبینی و ورد بوونەوە ) کە بەیەکێك لەناوازەترین بەرهەم دادەنرێت کە لەبواری کورد ناسیدا نوسرابێت.

لەم ماوەیەدا مینۆرسکی راستەوخۆ لەگەلانی ئێران وتورك و عەرەب و تورك و کورد-ی کۆڵیوەتەوەو سەردانی گوندو ناوچە سەختەکانی کردووەو پەیوەندیکردووە بەخەڵکی ئەو وڵاتانەوە دەربارەی هەڵسوکەوت و ژیان و خو و رەوشتی ژیانی هاوڵاتیانی نووسیوەو فێری زمانیان بووە.

### قۆناغی دووەم : سەردەمی فەرەنساو بەریتانیا

ئەم ماوەیەی ژیانی مینۆرسکی لەنێوان هەڵایسانی شۆڕشی بەلشەفیك لەڕووسیاو جەنگی دووەمی جیهانی دەگرێتەوە لەسەرەتای هەڵایسانی شۆڕشی بەلشەفیك لەڕووسیا، مینۆرسکی دژی ئەم شۆڕشە بوو، لەتارانەوە دژایەتی دەکردو دژی سۆڤیەت بوو، تاکار گەیشتە ئەوەی کەتارانی بەجێیهێشت و روویکردە فەرەنساو لەوێ چووە باڵیۆزخانەی رووسیا لەپاریس، کە ئەو کات زۆرێك لەدژەکانی رووسیا لەوێدا کۆبووبوونەوە، بەڵام زۆر

لەگەڵ ئەمانیش کاری نەکردو بەیەکجاریی وازی لەکاری دبلۆماسییەت هێناو خۆی بۆ بواری رۆژهەلاَتناسی یەکلاکردەوە، لەخوێندنگای زمانە زیندووەکانی رۆژهەلاَتدا لەپاریس دەستیکرد بەوانە وتنەوەی ئەدەبی ئیسلامی و پاشان وانەی لەمێژووی ئیسلام و تورکیا-ی لەزۆر کۆلێج و زانکۆی فەرەنسادا وتووەتەوە.

تا لەساڵی ١٩٣٢ دا رووەدەکاتە لەندەن و لەوێ لەخوێندنگای رۆژهەلاَتناسی و زانکۆی لەندەن وانەی ئەدەب و مێژووی وڵاتانی وتووەتەوە، لەم قۆناغەدا مینۆرسکی چەندین لێکۆڵینەوەی گرنگی بەبواری رۆژهەلاَتناسی و گەلانی رۆژهەلاَت و کەلتوورو داب و نەریتیان، بەزمانەکانی فەرەنسی و ئینگلیزی و ئەڵمانی پێشکەشکردووەو بلاَوکردووەتەوە، هەروەها لەمبارەیەوە چەندین بەرهەمی بەنرخی بەو زمانانە لەدائیرەی مەعاریفی ئیسلامیدا نووسیوە، لەدیارترین ئەو بەرهەمانەی کەپەیوەندی بەکوردناسییەوە هەبێت لەم سەردەمەدا ( کورد و کوردستان ) و ( لەك و لور )ە، کەبەهەمانشێوە دووبەرهەمی ناوازەی نووسەرن.

**قۆناغی سێیەم :  کارەکانی لەماوەی خانەنشین بوونیدا**

لەم ماوەیەدا کۆمەڵە بەرهەمێکی گرنگی رۆژهەلاَتناسی پێشکەش بە وڵاتەکەی کردووەو کۆمەڵە کارێکی گرنگی ئەنجامداوە، لەدیارترینیان کتێبی ( شرف الزمان )ی تاهر مروازی لەساڵی ١٩٤٢دا وەرگێڕایە سەر زمانی رووسی و پێشکەشی زانکۆی مۆسکۆی کرد، هەروەها لەساڵی ١٩٤٣ دا کاتێك کتێبی ( تذکرة العلوم ) بلاَوکرایەوە، پێشکەشیکرد بەرۆژهەلاَتناسە سۆڤیەتییەکان، هەروەها زۆر نزیك بووەتەوە لەرۆژهەلاَتناسە سۆڤیەتییەکان و نامەگۆڕینەوە لەنێوانیاندا هەبووەو ئەم هاتووە لێکۆڵینەوەی زانستی لەبارەی بەرهەمە رۆژهەلاَتناسییەکانیانەوە نووسیوە کەلەیەکێتی سۆڤیەت بلاَویاندەکردنەوە، پاشان بلاَویکردوونەتەوە.

مینۆرسکی بۆیەکەمجار لەپاش شۆڕشی بەلشەفییەتەوە لەساڵی ١٩٦٠ دا سەردانی رووسیای کردووەتەوەو بەشداری لەکۆنگرەی بیست و پێنجەمی رۆژهەلاَتناسی جیهانیدا کردووە کە لەمۆسکۆ بەستراوەو پاسان لەم گەشتەیدا سەردانی لینینگرادو باکۆو تەفلیسی کردووە، لەلایەن دەستەو رێکخراوە رووسییەکانەوە لەسەرجەم ناوچەکاندا بووەتە جێگای رێزو خۆشەویستی و چەندین خەلاَتی رۆشنبیری و زانستی پێبەخشراوە،

لەدیارترینی هەوڵەکانی تریش ئەوەیە کە مینۆرسکی پێشئەوەی بمرێت وەسیەت دەکات کە سەرجەم کتێب و دەستنووسە بڵاو نەکراوەکانی پێشکەشبکرێت بەکتێبخانەی زانکۆی گەلانی ئاسیای رۆژهەڵات سەر بەئەکادیمیای زانستی سۆڤیەت لەلینینگرادو پاش مردنی سەرجەم بەرهەمەکانی گواسترایەوە بۆ ئەو شوێنەی کەئامازەی بۆکردبوو، لەوەسێتەکەیدا بەشێکی تایبەتی بۆدانرا بەناوی کتێبخانەی مینۆرسکییەوە، کە دەکرێت ئەمەشی لەبواری چالاکی و بەرهەمدا بۆ حساب بکەین، چونکە بەم کارەی توانی خزمەتێکی باش بەلێکۆڵیاران و رۆژهەڵاتناسان بکات، کەبیانەوێت کار لەسەر رۆژهەڵاتناسی بکەن لەلایەك و لەلایەکی تریش پاراستنی سەرجەم بەرهەمەکانی بوو لە لەناوچوون و فەوتان، کارو چالاکییەکانی مینۆرسکی لەبواری رۆژهەڵاتناسیدا بەگشتی و بەتایبەتی کوردناسیدا بایەخێکی گەورەیان هەیەو بەسامانێکی بەنرخی وا دادەنرێت کەناتوارێت بەهای بۆدابنرێت، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆئەوەی کەهەوڵیداوە لەزۆر نووسیدا بێلایەنی خۆی بپارێزێت و بەزانستیانەو ورد لەبابەت و مەسەلەکان بکۆڵێتەوە، راستە پێدەچێت لەهەندێك شوێندا کەوتبێتە هەڵەوەو باش مەبەستەکانی نەپێکابێت، بەڵام هەروەك وتمان زۆرینەی بەرهەمەکانی جێگای بایەخە.

**باسی دووەم: دیارترین بەرهەم و چالاکییەکانی لەبواری کوردناسیدا:**

یەکەم: لێکدانەوەی بیروباوەڕی مینۆرسکی لەدیدگای بەرهەمە کوردناسییەکانییەوە:

دەتوانین بەرهەمەکانی مینۆرسکی لەبواری کوردناسی بەتایبەتی، دابەشبکەین بەسەر سێ بەشی سەرەکیدا، ئەوانیش:

یەکەم: کتێب: لەدیارترین کتێبەکانیشی لەم بوارەدا (کورد تێبینی و وردبوونەوە)، کە یەکێکە لەناوازەترینی بەرهەمەکانی و تیایدا باسێکی راستەوخۆی کوردو بنەچەو رەگەزو شوێن و نیشتمان و جوگرافیاو مێژوو و کەلتوورو داب ونەریت و رەوشت و ئایین و زمان و ئەدەب و رۆشنبیری کورد بەشێوەیەکی زۆر وردو جوان و زانستی دەکات و روونیدەکاتەوە، ئەم بەرهەمەی لە ساڵی ١٩١٥دا بڵاوکراوەتەوە کە د.مارف خەزنەدار وەریگێڕاوەتەسەر زمانی عەرەبی و حەمەسەعید حەمەکەریم-یش وەریگێڕاوەتەسەر زمانی کوردی هەر لەم کتێبەیەوەیەتی کە بیردرۆزە گرنگەکەی خۆی بۆ سەلماندنی بنەچەی کورد دەخاتە روو، ئەویش گەڕاندنەوەیانە بۆ سەر ماددەکان و بەڕوونیی وەڵامی

بیردۆزەکانی تریش دەداتەوە، کە دەیگێڕنەوە بۆ سەر کاردۆخی و هەروەها چەند شتێکی تر، ئەم بیردۆزە بەڕاسترین ئەو بیردۆزانە دادەنرێت کە تا ئەو کاتەو بگرە ئێستاش لەبارەی کوردەوە کرابێت و زۆرێك لەمێژووناسان و ئەکادیمیان پشتیان پێبەستووەو بەڕاستیان داناوە، کەسەرجەم بابەتەکانی تری لەداهاتوودا لەسەر ئەم بیرەوە داڕشتووەتەوە، تەنانەت لەدواساتەکانی تەمەنیشیدا لەسەر ئەم بیرەی هەرمایەوەو پشتگیری لێکردو وەڵامی رەخنەی رۆژهەڵاتناسانی تری پێداوەتەوە، ئەوەتا بەچەند ماوەیەکی کەم بەر لەمردنی لێکۆڵینەوەیەکی دیکەی زانستی گرنگ لەبارەی بنەڕەتی کورد دەنووسێت بەناوی ( کورد نەوەی میدییەکانن ) و تیایدا بەوردی باس لەبنەچەی کورد دەکات و دەیباتەوە سەر میدییەکان، ئەمانیش جیادەکاتەوە لەفارسییەکان و ئەمەش بەبەڵگەوە دەسەلمێنێت، گرنگی ئەم بابەتەشی لەوەوە دێت کەپاش سێ ساڵ لەدوای دەرچوونی بۆ چوونەکەی تریەوەیەتی" هەروەها کتێب ( چەند لێکۆڵینەوەیەك لەمێژووی قەوقاز ) کە لەساڵی ١٩٥٣ دا بڵاوکراوەتەوە مینۆرسکی ئەم لێکۆڵینەوەیەی بەشێوەیەکی زۆر ورد تایبەت کردووە بەباسکردن لەهەردووخێزانی کوردی شەدادی و ئەیوبی کە لەسەدەکانی ناوەڕاستدا رۆڵێکی دیاریان لەڕووداوەکاندا هەبووە، هەروەها هەرلەبارەی کوردەوە لەسەردەمی ئیسلامیدا لەچەند کتێبێکی تریشیدا ئاماژەی بۆ کردووە لەوانە کتێبی ( سنووری جیهان ) کەلەساڵی ١٩٣٧ دا بڵاوکراوەتەوە.

دووەم: لێکۆڵینەوەو بابەتی نووسراو: لەدیارترینی نووسراوەکانیشی لەم بوارەدا ئەوانەن کە لە( دائیرەی مەعاریفی ئیسلامی )دا بڵاویکردوونەتەوە، لەوانەش دووبابەتە بەناونیشانی ( کوردو کوردستان )، هەروەها لەگۆڤاری لێکۆڵینەوەی رۆژهەڵاتی و ئەفریقیدا لەدیارترین بابەتەکانیشی لەم گۆڤارەدا بەناوی ( گۆران ) لەساڵی ١٩٤٣ دا بڵاویکردووەتەوە، هەروەها بابەتێکی تریشی بەناوی ( ناوە مەغۆلییەکان لەشوێنەکانی کوردستانی موکریان )دا، سەرباری ئەمانەش ئەو بابەتەیەتی کەباس لەبنەڕەتی کورد دەکات بەناونیشانی ( کورد نەوەی میدیەکانن )، هەروەك لەسەرەوە لێی دواین.

سێیەم: پیاداچوونەکان: ئەم پیاداچوونەوانەی مینۆرسکی کە بۆ زۆرێك لەبەرهەمە کوردناسییەکانی دیکە یاخود ئەو بەرهەمانەی کەدەچنە چوارچێوەی بواری کوردناسییەوە ئەنجامداوە، بەدیارترین سەرچاوە دەزانرێن لەبارەی دەرخستنی بیرو

بۆچوونەکانی مینۆرسکییەوە لەبارەی کوردناسییەوە، لەدیارترینی ئەو بەرهەمانەش کە مینۆرسکی پیایدا چووەتەوە دەتوانین کتێبەکەی ( الکاکائیە فی التاریخ ) مێژووناسی عێراقی عباس العزاوی دەستنیشان بکەین، کە لەساڵی ١٩٥٣ دا بڵاوکراوەتەوە، هەروەها دوو بابەتی گرنگی دیکەی وەك گەشتنامەکانی ( ابی دولف مسعر بن مهلهل ) بەناوی ( الرسالة الثانیة )و بابەتی ( فصول من تاریخ الباب و شروان )ی ( منجم باشی ) کە لەساڵی ٤٩٨ك (١١٠٤ز )دا بۆ زمانی عەرەبی دانراون و باس و خواستێکی گرنگ و تایبەتیان تیادایە، سەبارەت بەمێژووی کورد بەتایبەتی لەسەردەمی ئیسلامیداو ناوچە کوردییەکان مینۆرسکی پیایاندا چووەتەوەو لەسەریانی نووسیوەو پاشان بڵاویکردوونەتەوە، سەرباری ئەمانە هەوڵیداوە بە بەرهەمە زمانەوانییەکانی کەسە نووسەرەکانی یاخود بیردۆزەکانی ئەو زمانەشدا بچێتەوەو رەخنەی خۆی ئاراستەیان بکات، بۆ نمونە کاتێك کە زانای زمانەوانی گەورەی کورد تۆفیق وەهبی بنەماکانی زمانی لاتینی دادەنێت و لەکتێبێکدا بڵاویدەکاتەوە، مینۆرسکی بەهۆی ئەو شارەزایی و لێزانینە زۆرەی کە هەیبووە لەبواری زمانەوانیدا دێت رەخنەی لێدەگرێت و بەنامەیەك هەندێك شتی بۆ راستدەکاتەوە، لەوانە پێیدەڵێت: باش وایە کەلەجێی ئەوەی بۆ خ $KH$، ئەمە دابنێیت ئەوە باشتر وایە کە $X$ دابنرێت، ئەگەر لەم بۆچوونە بکۆڵینەوە دەبینین بەڕاستی سەرنجەکەی لەجێگەی خۆیدایەو دەردەکەوێت کەچەندە ئەم کەسایەتییە لەفۆنەتیکی کوردی یان زمانە رۆژهەڵاتییەکان شارەزابووە.

**دووەم: پێڕستی سەرجەم بەرهەمە کوردناسییەکانی بەپێی ماوەی مێژووییان:**

**یەکەم: بەزمانی رووسی:**

١-ئەو لێکۆڵینەوانەی کە وەك راوێژکارێکی باڵیۆزخانەی گشتیی رووس لەتەورێز لەکاتی گەشتەکانیدا بۆ مەراغەو ناوچەی رووباری جاگات و تاتاو لەسەرەتای ئابی ١٩٠٦دا کۆیکردووەتەوە، کە لە( دەنگوباسی سەرکردایەتی ناوچەی قەفقاسی جەنگی ژمارە ٢٠ ی ساڵی ١٩٠٧ ی ل٣٣ – ٥٥ ) دا بڵاوبووەتەوە.

٢- لێکۆڵینەوەیەك کە وەك راوێژکارێکی باڵیۆزخانەی گشتیی رووس لەئازەربایجان لەکاتی گەشتەکانیدا بۆ ناوچەی ماکۆ لەتشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٠٥ دا، کە لە( کەرەستە

بۆ لێکۆڵینەوەی ڕۆژهـەڵات ل ١–٦٢ ی سـاڵی ١٩٠٩دا، لەگـەڵ نەخـشەیەکی ناوچـەکەدا) بڵاوبووەتەوە.

٣– ئەهلی حەق یاخود ( عەلی ئیلاهییەکان ) پێشەکی، تێکست، وەرگێڕان، مۆسـکۆ ١٩١١.

٤– هەندێك زانیاری دەربارەی دانیشتوانی چەند ناوچەیەکی کـوردی لەسـەر سـنووری تورکی– فارسی لە( کەرەستە بـۆ لێکۆڵینـەوەی ڕۆژهـەڵات ١٩١٥، بڵاوکـراوەی دووەم، ل ٤٣٣-٤٨٠).

٥– کـورد تێبـینی وردبوونـەوە، پیترۆگـراد، ١٩١٥.( ئـەم کتێبـە د.مـارف خەزنـەدار کردوویەتی بەعەرەبی و حەمەسەعید حەمەکەریم کردوویەتی بەکوردی ).

٦– گەشتی نوێنـەرانی ڕووس و ئینگلیـز ( مینۆرسـکی و سیپلی )، لـە ٦/ ئـەیلویی / ١٩١١ دا بـۆ ناوچـەکانی فـارس، کـەتورکیا داگیریکردبـوون، کەرەسـتە بـۆ لێکۆڵینـەوەی ڕۆژهەڵات، بڵاوکراوەی دووەم، لاپەڕەی ١–١٣٢، لەگەڵ نەخشەیەکدا بڵاویکردووەتەوە.

٧– سـنوری تـورك و فـارس، کەلەلایـەن مینۆرسـکییەوە وەك نوێنـەرێکی ڕووس دیـاریکراوە لەسـاڵی ١٩١٤، کەرەسـتە بـۆ لێکۆڵینـەوەی ڕۆژهـەڵات، ١٩١٥، بڵاوکـراوەی دووەم، ل٢١٩–٤٣٢، لەگەڵ شەش نەخشەو ١٢ وێنە.

٨– سنووری تورك و فارس لەلایەن مینۆرسـکییەوە، دەنگوباسـی کۆمەڵـەی جـوگرافی ئیمبڕاتۆریەتی ڕووسی، ١٩١٦، بـەرگی ٥٥، بڵاوکـراوەی پێنجـەم، ل٣٥١–٣٩٢، لەگـەڵ ٩ نەخشەو ٣ خشتەو یەك وێنە.

٩– دێرینی ماکۆ ، تێبینی گەڕۆکێك ، پترۆگراد، ١٩١٦، ل٢٩، لەگەڵ ٨ خشتەدا.

١٠– کێلەشـین و کـۆنترین پاشمـاوەی مێـژوویی لـەنزیك دەریاچـەی وان، بڵاوکـراوەی بەشی ڕۆژهەڵاتی کۆمەڵەی پاشماوەکانی ئیمبراتۆرییـەتی ڕووسـی، ١٩١٦، بـەرگی ٢٤، ل ١٤٥–١٩١ بەزمانی ئینگلیزی.

١١– مەسەلەی موسڵ، ناوەندی ڕاپرسی کێشەکانی جیهان سەر بـەزانکۆی ئـەمریکی لەپاریس لە١٥ ی نیسانی / ١٩٢٦، ژمارە ٩–١٠، ل ١–٤٤، لەگەڵ دوو نەخشەدا.

١٢– تێبینی دەربارەی ئەلفوبێی کوردی لاتینی، گۆڤاری کۆمەڵەی شاهانەی ئاسیایی، تەموزی ١٩٣٣، بەشی سێیەم، ل ٦٤٣–٦٥٠.

١٣- راپۆرتێك دەربارەی كتێبی ( أ.م . هاملتۆن )، گەشتێك لەكوردستاندا، لەندەن، ١٩٣٧ ، چاپی یەكەم، بڵاوكراوەی قوتابخانەی رۆژهەڵات و لێكۆڵینەوەكانی ئەفریقی، ١٩٣٧، بەرگی نۆیەم، ژمارە ١.

١٤- راپۆرتێك دەربارەی كتێبی، تی، ر، لەیاسا كۆمەڵایەتییە ئابوورییەكانی رەواندوزی كورد، لەندەن، ١٩٤٠، گۆڤاری جوگراف، نیسانی ١٩٤١.

١٥- گۆران، بڵاوكراوەی قوتابخانەی رۆژهەڵات و لێكۆڵینەوەكانی ئەفریقی، ١٩٤٣، بەرگی یانزەیەم، بەشی ١، ل٧٥ – ١٠٣، د.ناجی عەباس، ئەم وتارەی كردووە بەكوردی، بڕوانە گۆڤاری گەلاوێژ ژمارە ٥-٩، بەغداد، ١٩٤٢.

١٦- هۆزەكانی رۆژئاوای ئێران، گۆڤاری زانكۆی ئەنسرۆپۆلۆجی شاهانە، ١٩٤٥، بەرگی ٧٧، بەشی ١،٢، ل ٧٣-٨٠.

١٧- راپۆرتێك دەربارەی كتێبی، ێ . سافراستیان ، كوردەكان و كوردستان، لەندەن ١٩٤٨، لایدن ١٩٥٠، ژمارەی ٢، ل ٥٠-٥١.

١٨- لێكۆڵینەوەی مێژووی قەوقاس، لەندەن ١٩٥٣، لاپەڕەكانی ٩، ٢١، ٣٢، ٣٧، ١١٣، ١١٦، ١٢٤، ١٤٦.

١٩- ناوی شوێنەكان لەكوردستانی موكریان بەزمانی مەغۆلی، بڵاوكراوەی خوێندنگەی رۆژهەڵاتی و لێكۆڵینەوەی ئەفریقی، ١٩٥٧، بەرگی نۆزدەیەم، ژمارە ١.

٢٠- مێژووی شیروان و دەربەند لەهەردوو سەدەی دەیەم و یانزەیەمی زاینیدا، (كە لەبنەڕەتدا بەئینگلیزی نووسراوەو كراوە بەڕووسی)، مۆسكۆ ١٩٦٣.

**دووەم: بەزمانی فەرەنسی:**

٢١- تێبینی دەربارەی ئەهلی هەق، گۆڤاری جیهانی ئیسلامی، ١٩٢٠، بەرگی ٢٥ و٢٦، ل ١٩-٩٧.

٢٢- تێبینی دەربارەی ئەهلی هەق، گۆڤاری مێژوو ئایین ، ١٩٢٨، بەرگی ٤٥، ژمارەی یەكەم، لا ٩٠-١٥٠.

٢٣- كتێبێكی كوردی، گۆڤاری لێكۆڵینەوەی ئیسلامی، ١٩٣٠، بەرگی چوارەم، بەشی یەكەم، ل١٥٧-١٦٠.

٢٤- فەرمانڕەوایی دەیلەمییەکان، بڵاوکراوەی کۆمەڵەی لێکۆڵینەوەی ئێرانی و فارسی، پاریس، ١٩٣٣، ژمارەی سێیەم، ل ٢٦.

٢٥- دەربارەی پەیوەندییەکانی تورکیاو ئیتاڵیا لەسەدەی پانزەیەم دا، بڵاوکراوەی کۆمەڵەی لێکۆڵینەوەی ئێرانی و فارسی، پاریس، ١٩٣٣، ژمارەی هەشتەم ٢٣.

٢٦- نەژادی کورد لەکتێبێکدا، راپۆرتەکانی کۆنگرەی بیستەمی رۆژهەڵاتناسی جیهانی لەساڵی ١٩٣٨دا، برۆکسل، ١٩٤٠، ل ١٤٣-١٥٢.

٢٧- تێکستی کوردی کۆن، بڵاوکراوەی مەڵبەندی کوردناسی پاریس، ١٩٥٠، ژمارەی ١٠، ل ٨-١٠.

**سێیەم: چەند وتارێک لەدائیرەی مەعاریفی ئیسلامیدا:**

٢٨- کورد، کوردستان، بەرگی دووەم، چاپی فەرەنسی، ل ١١٩٦-١٢٢٢، چاپی ئینگلیزی، ل ١١٣٠-١١٥٥، چاپی ئەڵمانی ١٢١٢-١٢١٤٠.

٢٩- لەك، بەرگی سێیەم، چاپی فەرەنسی، ل ١١-١٢، چاپی ئینگلیزی، ل ١٠-١١، چاپی ئەڵمانی، ل ١١-١٢.

٣٠- لوڕ، لوڕی گەورەو لوڕی بچوك، چاپی فەرەنسی، ل ٤٣ - ٥١، چاپی ئینگلیزی، ل ٤١-٥٠، چاپی ئەڵمانی، ل٤٥-٥٤.

پێرستی سەرچاوەکان

١- مینۆرسکی: کورد تێبینی وردبوونەوە، وەرگێڕی عەرەبی د.مارف خەزنەدار ، وەرگێڕانی بۆ کوردی حەمەسەعید حەمەکەریم ، ١٩٨٣ ، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین.

٢- طارق محمد عبدالله: المستشرق فلاديمير مينورسكي و كتاباته عن الكرد في العصر الاسلامي حتي نشؤ الخلافة العثمانية، ٢٠٠١، الطبعة الاولي، مؤسسة موكريان للطبع والنشر، لاپەڕەکانی ٤٥-٧٤.

٣- مینۆرسکی: الأكراد أحفاد الميديين، ترجمه: د.كمال مظهر أحمد، گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد، بەرگی یەکەم: بەشی یەکەم، لاپەڕەکانی ٥٥٢-٥٦٣، ساڵی ١٩٧٣.

٤- ب.م. دانتسيغ : الرحالة الروس في الشرق الاوسط، ترجمه و تعليق: د.معروف خزنه دار، ١٩٨١، بغداد دار الرشيد للنشر، لاپەڕەکانی ٣٥٨-٣٦١.

٥- ڤلادیمیر مینۆرسکی: مینۆرسکی و کورد، کۆمەڵە وتار، وەرگێڕانی: ئەنوەری سوڵتانی، هەولێر، چاپی یەکەم، ٢٠٠٢، دەزگای موکریان بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە.

٦- محەمەد ئەمین زەکی: خولاصەیەکی تاریخی کوردو کوردستان، سلێمانی چاپی نوێ ٢٠٠٠، بەرگی یەکەم و دووەم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، لاپەڕەکانی ٣٤-٣٩.

٧- ابي دولف مسعر بن مهلهل الخزرجي: الرسالة الثانية، أعتني بنشرها و.مينورسكي الاستاذ، بكلية لندن، مطبعة جامعة القاهرة، ١٩٥٥.

٨- أحمد بن لطف الله معروف ب( منجم باشي )، اعتني بنشرها وتعليق عليها، و.مينورسكي الاستاذ بجامعة لندن.

٩- کاغەزێکی بڵاونەکراوەی مینۆرسکی بۆ تۆفیق وەهبی: م.ج.ڕۆژبەیانی، گۆڤاری ڕەنگین، ژمارە ٧، مایسی ١٩٨٨، ل ٢١.

١٠- د.حنان اخميس: أصل الأكراد .سایتی ئەنتەرنێتی، www.FreeArabi.com

١١- ش. باشالار: اصطلاحي كردو كردستان، سایتی ئەنتەرنێتی، http://members.lycos.nl/kirkukcity/ex٢.jpg.

(.......)
لوقمان محەمەد رەشید

وەک ئەو خەونەی گەڵاترە لەوەرین
زانا سامان

ئاخوا بێتاقەت دەبێ راژەنینی پێشکەیەک
عەلی پێنجوێنی

دەستەو ئەزەر لەناو پەرستگەی
عەشقیکی نەبەدیدا
ئەحمەد قادر سەعید

پیاویک بەفرتر لەسپی
گوڵاڵە عوسمان

سیحرێکی شیرین
رێباز مەحمود

رەهەندیک لە(با)دا
زەینەب یوسفی

کۆچ
قادر شیری



# دەق

# سیحرێکی شیرین

ڕێباز مەحمود
هۆڵەندا

چەند تەجەللا بەخشە
پشت لەچەنەبازی سەردەمەکان و
روو بەدەنگ و ئاوازی تۆ
گوێ قولاخم!
ئەم هەموو وشکە کەڵەکەی ناو هەرێزی من
کە لەپەنایانەوە
بۆ ئاییندەم دەڕوانی و
کە دەمێک بوو رووخابوون بەسەر نەشئەی باخمدا
بەچی هەستانەوە سەرپێ
چۆن وا خۆیان رێکخستەوەو
قنج و قیت دانیشتوون؟
موعجیزەیەک لێرەوە رادەبورێت
وا دیارە سیحرێکی شیرین تەشریف دەبات
دڵم خۆی کۆکردووەتەوە لەگەڵیا سەر رێ بکەوێ
ئەمە هەموو ئەو سالانە من
بەخشیمن بەئومێدێکی چاوکەژاڵ و
وەک هەندێ سنوقە فیشەکی دوای جەنگەکان
بەبەتاڵی دەیانبینمەوە
(ماڵی قەڵبن و.. سەر بەساحێبی خۆیان)!

ئەمە هەموو ئەو هەنیسکانەی

شەوگارم پیٚ لەخەو رادەچڵەکاند

ئەستێرەم پیٚ دەخستنە جریوە جریو

تاریکیم لەگەڵ دڵگەرمیی خۆمدا

پێدەهێنانە مقۆ مقۆ

کەچی کەسێک سەر خۆی نەهێنا

کەسێک جوڵەیەکی بۆ نەکردو

چاوێکی لەحەنای تەنیایمدا هەڵنەگڵۆفت!

ئەمەتان

هەموویانم

لەهەناسەکانمدا کۆکردۆتەوە..

چیتر لەم وەرزە قاقڕەدا

خێوەتی قەرەجیانەی رۆح هەڵنادەم

بەم رەنگە هیچ لادێیەکی دورەدەست

لەبیرەوەریش ئاوەدان ناکەمەوە..

لێم سوورە چیتر بەند نابم،

یان خۆم بەهیبەتی خورپەیەکەوە هەڵدەواسم

کە لەدڵی خۆمەوە تێدەپەڕیٚ،

یان سواری ئەو ئۆتۆمبیلە دەبم

کە تایەکانیم لەخونچەی هێرۆ

دروستکردن و

لەگەراجی مناڵیما چۆنم راگرتووە

هێشتا هەر وەک خۆیەتی و

سولفێکی خەیاڵ بەسە

ناوی عەشقی لێ بهێنم!!

ئاه.. دەنگێک بەحوڕ دایکردووە

بەلێزمە بەڕۆحما دەبارێ

قەت قەت وەک ئێستا شەلاڵ نەبووم لەژیان

کە دەمەوێ بڕۆم!

چۆن گوێ هەڵدەخەم

دنیا لەبانگکردنێکی بەردەوام زیاتر نییە..

وەک چۆن درەخت تا سەر سەوزایی

رووت دەبێتەوەو

دەکەوێتە زیکر

لەئاست دیدەنی (با)دا..

منیش تاسەر ئێسقان چاوگێڕانم دیارەو

گوێ قولاخم..

دەنگێک بەخوڕ بەسەرما دەڕژێ

من.. کەنەفتکاری ناو جێگای کەساسی و

گیرخواردووی ناو پێچە زۆرەکانی جادەی ئەسەف

من.. هەمیشە لەپڕێکا سەر رێ کەوتووی بێ چەتر

ئەمجارە یەک گۆرانیم

پیا دەچۆڕێتەوە..

ئەمجارەیان لەخۆوە

پشتی کۆم بووی پەرۆشیم

بۆ دەرکەوتنی گۆدۆیەک



راست دەبێتەوە.
موعجیزەیەکە لەم درەنگەوە
بەژیانی مندا تێدەپەڕێ
بەڕووی خۆشی بارانەکانیابێت،
لێم سوورە
بەڵێنی داوە بمبات لەگەڵ خۆی!
بەسرکی سوێسکەکانی دەرکەوتنیابێت
دیارە تەرەی ناو ئاوەدانی و
بۆنی شەنگەبی و
تەرووی تەڕوبڕی دیوەکەی تری
شیو و یاڵەکانی خۆمی لێدێت!
چەند کەیف سازم
کە ئێرەی ژیان جێدەهێڵم و
ئیتر بیرەوەریم نابێتە حەماڵی بارو تفاقی شەڕ
ئیتر لەخەیاڵما تا ئەژنویەک پێم رۆناچێتە
ناو چڵکاوی فرتوفیڵەوە!!
ئیتر رێگەکان
لەناسکی کازیوەکانەوە
ئیشیان بەس ئەوە نابێت
بمبەن بۆ دڵڕەقی و خوێنساردی کارخانە...
ئیتر بەشم نابێت لەهەرەوەزی
نۆژەنکردنەوەی هەر رۆژەی سیاجەکان
لەبەینی دڵی خوشکەکانم و

کراوەیی دەرگاکان..

لەبەینی یەکتر لەئامێزنانی

عەشق و ئینسان

ئینسان و خودا

لەتاو وەحشەتەکانی تەنهایی..

لەبەینی تینوێتی لێوی گوڵ و

رشێنە ماچی هەورێک

بەخاتری نووسینەوەی جوانی...!

ئێی هاوسەفەر

من دنیات بۆ دەگەڕام و

کەچی تۆ کەوتیت بەسەر چارەنووسی منداو

وەک چەمێک رەنگاڵە

قڵپبوویتەوەو

رژای!

ئێستا هەر دڵۆپێکت پەپولەیەکەو

باخێکمی بۆ ئەم سەفەرە

لەباڵەکانی بەستووە!

تۆهاتی و..ناسکیت

بەرقەدی تامەزرۆیی و

شەوقی خۆرنشینی من کەوت و

لەحەژمەتا هێندە سوور هەڵگەڕای

گوڵە بێ رەنگ و رووەکانم

لەژێرڕاوە،



**دنیایەک ڕەنگی ئاڵووالآیان**

**لێ چنیتەوە!**

**وا ئێستاش**

**من ژیانم کۆکردۆتەوەو**

**دڵم پێچاوتەوەو**

**سەفەرێکم لەڕێیە**

**کە تۆی موعجیزە،**

**لێرەوە بەئێستای مندا**

**بۆ فەتحکردنی هەموو پاشەڕۆژم**

**ڕەت دەبی و**

**لەچارەت نووسراوە**

**ڕۆحم بەئامێزتەوە نێیت و**

**لەجۆلانەی چرپەکانتا،**

**تا مردن،**

**رامژەنی!**



# ڕەهەندێک لە(با)دا

زەینەب یوسفی
سنە

من دەتوانم لە"با" دا
لەو "با"یە وا
لەدەلاقەیێکەوە هوروژم دێنێتە ژوورێکەوە،
لەناخی ئەو"با"یە وا سەر شێتانە
پرچەکانی ژنێکی تەماوی ئاڵۆز دەکات،
دەقاودەق لەناخی ئەو "با"یە،
لەخودی خودی ئەو "با"یە،
ڕەهەندێ درووس کەم.
"با"،
لەپەنجەرەی بەرزی ژووری ژنێکی
پرچ ئاڵۆزەوە دێت و
من،
دەستم دەخەمە نێو دڵی "با" کەوەو
دەسازێنم رەهەندێکی دی.
لەو ڕەهەندە، من،
دەس بەئاوێکی پڕ لەبۆنی پیس
دەخوڵقێنم.
قەت قەت بۆڕی ئاوی
بۆ دانانێم،

قەت دەلاقەی بۆ دروستناکەم

با کارەبای نەبێ

با پڕ، پڕ بێت لەجڕ و جا نەوەر

با  بۆنی ئەو چەپەڵیانە

لەئامێزی "با"دا

بڵاو بێتەوە.

با درۆزنەکان نەخۆش بخات

با خەڵکی حیزباب نەخۆش بخات

با هەموو ڕەنگە ناشیرینەکان نەخۆش بخات

با موسیقای شپرز

نەخۆش بخات

با دەنگی پیاوێک، وا

بەردەوام خەیانەت دەکات،

نەخۆش خات

با پشیلەییێکی دز نەخۆش بخات

با ژنێکی لەق، لەژێر کەرێکی ڕەش

نەخۆش بخات



من،

ئەو ئاودەسە

دروستدەکەم

با ماشین،

خانوو،

سەگ،

با پەلەوەر،

با سەرۆکەکان،

ژێردەسەکان،

با سیستمەکان،

نەخۆش بخات

با گێزەر

شووتی، با تەماتە،

شەربەت،

دۆندۆرمە، دارتەلەکان

نەخۆش بخات

با کەمپیوتر و دایکم نەخۆش بخات

با ڕۆنەکەی سەر پڵاوەکەی داگەورەم،

وا هەموو ڕۆژێک

لەگۆڕەکەیەوە،

بۆمی دەنێرێت،

نەخۆش بخات

من،

ئەو ئاو دەسە دروستدەکەم،

بە،

دەس.

هەندێ جاریش هەر بەو دەسە

ڕوومەتم،

لای دەمم،

دەخورێنم و

دیسانەوە،

خەریکی گیان بەخشین بەو ئاو دەسە ئەبم

و

دەیدەمەباوشی "با" کەوە.

"با"ئا وڕ دەدات و دەس لەپرچی ئاڵۆزی ژنە هەڵدەگرێت و

لەئان و ساتێکدا

بۆن

بۆنی ئاو دەسێکی گشتی دونیا پڕ دەکات.



# كۆچ

**قادر شيرى**

**سنه**

بۆ كاروان

ئەودەمەی وا لەگێژەنی حەزەكانمانا سەوز ئەبێ

**ئەم هەرێمە گۆوەندی وشەیەو**
**بەستەڵەكی بروسكە**
**دڵۆڤانم،**
**تەنیا ماچێك مەودامانە**
**رەهێڵەیت و**
**لەگێژەنی حەزەكانمانا سەوز ئەبی**
**باپۆسكەیت و تەنیاییمان سالاً ئەكەی**
**ئەو دەمەی وا هەر لەتێكمان**
**لە(كاروان)ێكا ئەچێنین.**
**تۆ لەناو قاسپەی خەونەكانمانا**
**گەردانەی تەمەنی دوڕاوت ئەژمێری و**
**ئەوا ئێمەیش تەمەنێكە**
**چاوەكانمان لەگۆچووەو**
**رازیانەی پێكەنینمان ئەتروكێنین**
**پەلەپتكەی روانینیشمان گرێداوە لەهەناسەت**

***

ئێمە چاوەکانمان هەر بەمەلۆتکەیی ئەنێژین
وەبیرت دێ، هیواکانمان دابەشئەکرد
هەر ئێمە بووین نەمانتوانی
زریکەیەک بدەین لەلێوت
تەڕاییەک بخەینە ئاییندەت
فریایەک تل دەینە ناو گەرووت.
ئێستە یادێک بەسە بۆ دڵپڕیمان
چاوێک بەسە بۆ روانین و
خەوبینین و
بیرچوونەوە
رەوڕەوەیەک بەسە بۆ هەڵفڕین
تاقەتێک
شەمێک
یادێک
بروسکەیەک
نازانم چی...
هەموو شتێک کە تۆ نەبی
بەسە بۆ دڵشکان!

# (.....)

لوقمان محەمەد رەشید

ئێوارانێ بۆت ئەگەڕام

وەکو ئەو کلوە بەفرانەی

لەئاسمانڕا دێنەخوارێ و

نازانن لەکوێی زەویدا ئەتوێنەوە

وەک ئەو مەلە ئاوارانەی

تا لەپەل و پۆ دەکەون..

هەر دەفڕن و دەخولێنەوە

***

نازانم کوێت بۆ گەڕاوم..!

کام گوزەرو کام کۆڵان و

کامە شەقام و کام و.. کام

هێندە ئەزانم گەڕاوم

گوزەر.. گوزەر

کۆڵان.. کۆڵان

شەقام.. شەقام

***

کە گەڕامەوە ماڵەوە

لەگەڵ جوتێ کوکوختیدا

لەبەر پەنجەرەی ژوورەکەم هەڵنیشتبوون

تۆ چاوت پڕ چاوەڕوانی و

**کوکوختییەکان.. بەشان یەکەوە خەوتبوون**

**ئەوان نوقمی خەوی شیرین**

**خەون بینینی رەنگاوڕەنگ**

**تۆیش بێدارو**

**نوقمی چاوەڕوانی بێدەنگ**

*******

**کە پێکەوە چوینە ژووریٚ**

**نە من باسی گەڕانی خۆمم بۆ کردیت**

**نە تۆیش باسی چاوەڕوانیت**



# وەک ئەو خەونەی گەڵاترە لەوەرین

زانا سامان



ماوەیەکە
مەیلی گێڕانەوە دەکەم
کەڵکەڵەی شیعرێک لەسەرمدایەو
دڵم پڕدەکات لەگریان
ئازاری گێڕانەوەیەک
بەنێو لاشەمدا دەگەڕێ و
تەنگ بەبیرکردنەوەم
هەڵدەچنێ،
من، کە پاشماوەی
عەشقێکی نەزۆکم
تەنها گوناهم ئەوەیە
لەودیو پەردەی روانینەوە
نیگای دووبارەبوونەوە دەکەم،
لەئاوێنەدا..
خۆم بەوێنەکەم دەناسێنم
کەچی بۆ تەنها جارێک چییە
زەردەخەنەیەکم بۆ ناکات
ناولەپم..
پڕە لەپروشەی مەراق و
بۆنی ئەو جگەرانەی

سێویان لەدەستمدا
دەخستە لەرزین،
من، قەرەجێکی غەدرلێکراوم
هێندەی نوکی پێنووسێک
جێم لەشیعردا پێناکرێتەوە
بایی فرمێسکێکی وەریو
بەسەر کوڵمی نیشتماندا
هەڵناخزێم
تەنیایم، لێورێژە لەخۆم
تاقەتی سوڕانەوەم نییە
بەدەوری ژوورە بەتەمەنەکەمدا
نەدەوێرم
بەرەو پیری قامەتی پیری خۆم بچم
نەدەتوانم
رووەو شەکەتبوونی عەشق
ئاسمانێک لەخۆمدا
والاّ بکەم بۆ فڕین،
من، کە پێ بەسەر جەرگی خۆمدا دەنێم
راخەری ئەم زستانە
چ گەرمییەک بەدڵم دەبەخشێ
کەوسەیەک بەدیناکەم
بۆ چەند چرکەیەک ئارامی
چ باکم لەسەمای نائاگایی هەیە

که دێڕێکم
لەبێداریدا پێ حونجە ناکرێ
خوێندنەوەی
ئەو ئایەتە گوناهبارانە
چۆن لەزەتم پێدەبەخشێ،
سەربەماڵی
گەلحۆترین جەللادم
هەر بەمنداڵی
هیواکانمی
بەعەلاگەی جلەکانییەوە هەڵواسی و
یارییەکانیشمی بوخچەکردو
لەشەوە تەریوەکانی زستاندا
بە (با)یکردن،
هەنسکم
دەچێتەوەسەر رەگەزی
ئەو خۆڵەمێشەی
باران پێی نەکرا بیسڕێتەوە،
رۆڵەی دایکێکم
کەوەک قاشێک سێو
لەوەرزی گەنجێتیدا
فڕێدرایە
باخچەی بێوەژنییەوە،
تەمەنم لەسوچی

حەوشەیەک لەبیرەوەری
لێبەجێماوە
هەندێکجار
سەرم دەکێشێت بەسنگی
تەزیوی خۆیداو
هەندێکجاریش
غەرقی خەیاڵێکی ئەبەدیم دەکات،
لەئەوینێکی تەوەزەلەوە
هاتمەنێو بوون
هێشتا بۆنم بەژیانەوە نەکردبوو
سێدارە جێگەی حەوانەوەم بوو،
من، کوڕی نیشتمانێکم
بەبۆنی بارووت نەبێ
دایکم پێناناسرێتەوە،
تا ئێستا
ناسنامەیەک شکنابەم
لەویستگەکانی تەمەندا
بەرەو لای منداڵێتی
خۆم بچمەوە،
لەهەر تێپەڕینێکمدا
نزایەکی ماندوو بەجێدەمێنێ و
خۆی لەخاک و خۆڵی
وڵاتی قەدەر هەڵدەسوێت.



تەنها گوناهم ئەوەیە

نەمتوانیوە

سورەتێکی نامۆ

بکەمە سەرمەشقی خواستەکانم،

هەژارانە دەڕوانم و

دەوڵەمەندانە تێدەگەم

کەژیان

جگە لەسپێدە باشێک هیچیتر نییە

قۆرخبوون لەم زەمینە بێباکەدا

دیوێکیتر

لەسیحرە نەزانراوەکان و

سروشت گاڵتەجاڕێکی ئەبەدیە

هەراسانیە تەنیایی

وێرانەیە

رامان بەدیار

جوگرافیایەکی درۆوە،

من و عەشق هەردووکمان

حیکایەتێکی نەفرەت لێکراوین

باز بەسەر رێکەوتە سەیرەکانی

ئەزەلدا هەڵدەدەین

لەپشت وێنە لەبیرکراوەکانەوە

بۆ دۆزینەوەی نهێنییەک دەگەڕێین،

گەلاتر لەوەرین



سیحری گێڕانەوەیەک
بەسێدارەی تەمەنناوە
هەڵمدەواسێ
ڕەشتر لە (با)
پرچی تێپەڕینەکان
دەژاکێنم و
بەنێو یاسەمینی
ڕۆحە ماندووەکاندا دەڕۆم
سەفەر لەودیو تێڕوانینە ئیفلیجەکانمەوە
ڕۆدەچێتە
بەردەم پەنجەرە خەم لێنیشتووەکان،
من، کە پاشماوەی
عەشقێکی نەزۆکم
تەنها گوناهم ئەوەیە
ئەم خەونە نەعلەتیە
بەسەرمەدی دەشوبهێنم.

# ئاخوا بێتاقەت دەبێ

# راژەنینی پێشکەیەک

عەلی پێنجوێنی

بەدەم لێدانی مـژی قـووڵی سـیگارەکەیەوە رێگـەی دەبـڕی، بەسـەرنجەوە بـۆ دنیـای دەڕوانی، هێواش هێواش لەپی دەستی بەسەر درەختەکانی سـەر رێگـادا دەهێنـا، کەوتـە یاریکردن بەپەنجەکانی و دواجـار تەقانـدنی یەکبەیـەکیان. بـەدەم مـژی سـیگارو سـەمای پەنجەکانی لەناو دەستیداو نەرمە ئارەقی سەر تەوێڵی و دڵەکوتەیەك کە تادەهات زیـادی دەکرد، خۆی کرد بەناو پارکەکەدا ملینا بەرەولای کورسییەك لەکورسییەکان، تا لەسەری دابنیشێ، بـەو هیوایـەی ئـەم دڕدۆنگـی و نائـارامی و شـپرزەییەی کـەمێك هێـور بێتـەوەو تیمارێکی ئەم برینە بێهەتوان و کاریگـەرە بکـات کـە وەك کـرم داویەتیـە هـەرمێی دڵـی و کرمە رێسی کردووە.

کە نزیك بوومەوە لەکورسییەکە پێشئەوەی دابنیشم کاتێکم زانی سـیگارەکەی بـەینی پەنجەم چزەی لێهەسـتاندم و بەپەلـە فڕێمدایـە سـەر ئەرزەکـە، تمـەز دەمێـك بـوو ئاگـام لەسووتانی سیگارەکە نەمابوو تاپەنجـەمی پێـوە سـووتا، کـە سـیگارەکەم فڕێـدا، ئینجـا زانیم کە ئاگام لەسووتانی نزیکترین شت کە سیگاری نێو پەنجەکانمە نەمابێ، ئیدی چۆن دەتوانم هەست بەسووتان و شکانی ئەو هەموو دڵە بکەم؟!

بە لێ سیگارەکەم فڕێداو تۆزێ زمانم هێنـا بەپەنجەکانمـداو کـەمێ خـورانمن، دەسـتم برد ئەو گەڵایە لاببەم، کە لەسەر کورسییەکە شەپۆلی نەرمەبایەك سەمای پێدەکرد، بـەڵام کە دەستمبرد بۆ لابردنی، گەڵاکە نـەهات بەدەسـتمەوە. ئـاخ چـەندە هـیلاکم، ئـەرێ خـۆ ئەوە سێبەری گەڵای درختەکەیە لەسەر کورسییەکە سەمادەکات!

هاوار بەماڵم من بەم شپرزەییەمەوە چۆن دەتوانم ئەم حیکایەتەتان بۆ بگێڕمەوە؟

تـەواو دەنگـی ئـەو گۆرانییـەی حەسـەن زیرەکـی بـەرزکرد کـە دەیـوت (بـاران بارانـە هەوروبارانـە، یـار خوداحـافیز دەسـتلێکبەردانە). ناونیـشانی تاقـەماڵێکیان دامـێ، کـە

بێوەژنانەی بۆنە کراوە، زۆر دڵخۆشبووم، چونکە بەدرێژایی ئەمڕۆ زۆرترین ماڵە بێوەژنم بەسەرکردۆتەوە، تا ناو نووسیان بکەم بۆ وەرگرتنی بێوەژنانە.

لەجامی سەیارەکەوە سەیری دەرەوەم دەکرد....هەستمدەکردو دەمڕوانی دەشتێکی رووتەنی لێرەولەویٚ دڕکاوی گەرماوچۆڵی و تەنیایی وەك شارەمێرووله تێی بەربووە، لەپڕ چاوم کەوتە سەر کوللەیەکی پیری زەردی ماندوو بەسەر دڕکە زیەکەوە، بە قاچە تیژەکانی سەری ئارەقاوی خۆی دەخوراندو گەرما هەر ئەوەندە ژیانی لەو کوللەیەدا هێشتبووەوە، تا نەمرێت و بۆچەرمەسەری و پەندی زەمانە بمێنیٚ، یان رەنگە بۆئەوە مابیٚ شایەتی بدات لە سەر بوونی دۆزەخ لەم دنیایەدا. ئەریٚ مامۆستا دەوازبێنە باگویٚ لەم گۆرانییە خۆشەی زیرەك بگرین، بێقەزابی چییە بۆگەڕت ئالاندۆتە کوللەو دڕك و داڵی ئەم دەشتە؟ جگە لەوە تۆ لەبەر ئەم هەوا فێنکەدا، چیتداوە لەم راو و رێویە، بێبەلاّبی تۆ کاڵەکخۆری یان بێستانڕن. شۆفێری رۆژنامە نووسەکە وای وت.

یەکێك لەکرێکارەکانی باخچەکە ماڵیی بەشانمدا، رایچڵەکاندم و وتی: کاکەگیان پارکەکە کەسی تیا نەماوەو زەردەی خۆرئاوا یەك هەناسە رۆشنایی تیاماوە، دەفتەرەکەت داخەو ئێرە بەجێبێڵە، چونکە دەرگای پارکەکە دادەخەم. راچڵەکیم، خوێندنەوەی حیکایەتەکەی پێبڕیم و وتم: باشە خاڵەگیان دەڕۆم، دەفتەرو کتێبەکانم کۆکردەوەو لەنێو جانتاکەم هاویشت، کە هەستامە سەرپیٚ هەستمکرد سەرتاپای گیانم وەك ئەو کوللەیەی رۆژنامەنووسەکە باسی دەکرد بوبوو بەئاو و ئارەق، بەقووڵیی بۆناو پارکەکەم دەڕوانی.... گەلایەك سەری خستبووە سەرشانی لقێك و چڵێك چەمیبووەوە بەسەر تەنیایی گێلاسێکی ساوادا، لەترۆپکی سنەوبەرێکیشدا کوکوختیەك دەیگماندو بێهەدادان چاوی بەناو دارو درەخت و گەلاکاندا دەگێڕا، وەك ئەوەی چاوەڕوانی شتێك بێت، هەر لەچاوەڕوانییەکانی میمکەتاوس دەچوو، کە لەدرێژەی ئەم حیکایەتەدا باسی دەکەم.

چەن رۆژێکی قەیراناویم بردەسەر، بەتەواوی گیرم خواردبوو لەنێوان حیکایەت و سەربووردە تایبەتییەکانی خۆم و ئەم حیکایەتەی کەوەك بەلای ناگەهان یەخەی گرتووم، ئاخر من خراپ گیرمخواردووە، لەنێوان چیرۆکی دایکم و حیکایەتی مەترسیدارترین ئەو رۆژگارانەی میمکەتاوس ژیانی تیا دەگوزەراند، کە ژیان و مەرگ لای میمکەتاوس، بە

ئەندازەیەك تێكەڵ دەبێت وەك جیاكردنەوەی ئاو و سەرابە لەدەشتێكا. ئـاخر بۆكلـۆڵی و نەگبـەتی مـن و چارەڕەشـی خـۆم نـەبێت، چ بەیانییـەك هێنـدەی ئـەو بەیانییـەی ڕۆژی چوارشـەممەی چـوارمانگ و چـوار ڕۆژ لەمەوبـەر زوو هاتوومەتـە دەرەوە؟! بـیرم نایـەت هـەرگیز وەك ئـەو بەیانییـە زوو هاتبێتمـە دەرەوە، هـەرگیز بەقـەدەر ئـەو بەیانییـە بەدیقەتەوە سەرنجی دەوروبەری خۆمم نەداوە، بەڵێ چوارمانگ و چوار ڕۆژ لەمـەو پـێش، لەڕۆژی چوارشەممەدا، بەیانییەكی زووزوو تاریكی دوا چۆڕی شەوی پێمـابوو، تاریكییـەك كاڵ و بێهێز، لەدوا چركەكانی فیداكاریدابوو تا ڕۆژبێتـەوە. شـپرزەیی مـاڵ و بێـدەرەتانی دایكم و بێقیمەتی باوكم زۆریان بۆهێنام و دەرپەڕیمە دەرەوە، بەجادەیەكی چۆڵ و هـۆڵ و تەنیادا دەڕۆیشتم، بەلای باڵەخانەیەكی بەرزدا، كەپێیدەوترا ئوتێل هیـوا، گـوزەرمكرد. كزەیەكی سارد دەستی پێخستمە گیرفانەكانمـەوە، داڵغـەو بیركردنـەوەی تاقـەت پـڕوكێن وەك شانەی زەردەواڵە تێم وروكابوون و چزەیان لەهـەموو گیـانم هەڵدەسـان، تـەواو دنیـا ڕووناك بووەوەو دەستم لەگیرفانی پانتۆڵكەم دەرهێنا، تەماشای خۆمم كـرد، سـەیرەكەم بلوسەكەم بەهەڵەوگێڕاوەیی لەبەركردووە. لەگەڵ ئاسمان شەبەقی تێكەوت داڵغەم كـەمێ شلوێ بوو، وەك ئەوەی بەشێكی زۆر لەغایلەو خـتورەكـانم دواچـۆڕی شـەو هـەڵی مـژیبێ، بۆیە تۆزێ هاتمەوە سەرخۆم، لەباڵەخانەكە بەتـەواوی تێنەپـەڕیبووم، لـەناو كەلاوەیـەكی پڕ پیس و پۆخڵی و پاشماوەی خواردنی خراپ و قوتی بیرەو شوشەی كەلوكۆمی ویسكی و عـارەق، لەبـەینی دوبـەردی تـابلێی مـەلول و ناشـیریندا خـشە خـشێكی زۆر ئیزعـاج و تاڕادەیەك ترسناك هاتـە گـوێم. بـەڵێ لەبـەینی دوو بەردەكـەو ئـەو هـەموو شوشـە بـیرەو عـارەق و كاغـەزو عەلاگەڕەشـەدا، كزەبـا خشەخـشی بەدەفتـەرێك دەكـرد. خورپەیـەكی ترسناك لەنووكی پێمەوە هـات و بەتـەوقی سـەرمدا تێپـەڕی، هەنـدێجار پـەڕەكان هێنـدە بەخێرایی ئەمدیواودیوی دەكرد كەدەتوت هەموو ڕەشەبای دنیات كۆكردووەتـەوە، تائـەو پەڕانە ئەمدیواو دیو بكات. ئاخر بۆ كلۆڵی نەبێت من بەم بەیانییە زووە چیدەكەم لای ئەم كەلاوەیەو ئەم بەڵایە چییە ڕووم تێدەكات؟! چوومە ناو كەلاوەكەوە، دوو هـەنگاو ڕووەو دەفتەرەكە ڕۆشتم، كاتێكمزانی هاوار لەبنی پێمـەوە بـەرزبووەوەو خـوێن لەكالەكانمـەوە چۆڕاوگەی بەست، بەپەلە دانیشتم و غیرەتم دایە بەرخۆم، چاوم نووقاندو بەهـەموو هێـزم ئەوپارچـە شووشـە شـكاوەم ڕاكێـشا كەلـەژێر كالەكانمـەوە چـووبووە ژوورەوەو چـەن

سانتیمێك، بەگۆشتا چوبووە ناوەوە. هەر دەبوا ئـەو کاتـە کـە لـەتێ شووشـەی شـکاوی بیرە چـوو بەقاچـمدا بمزانیبـا رووەو چ تراژیدیایـەك پـێم هـەڵگرتووە؟! دەنـا بۆچـی بـەو تاریکییە ئەو هەموو رێگایەم بڕی، تالەماڵەوە گەیشتمە ئەم کەلاوەیـە، بێئـەوەی تووشـی هیچ مووسیبەتێك ببم، بەڵام کە رووەو ئەو دەفتـەرە پڕبەڵایـە هـەنگاوم هـەڵگرت تووشـی ئـەو رووداوە بـووم، بـەڵام ئێمـە کـەی ئامـاژەی گـەورە رایـچڵەکاندووین، تـارێز لـەئاماژە بـچووکەکان بگـرین و راچـڵەکێین؟! ئـاخر چـی دەبـوو ئـەو پارچـە شووشـە شـکاوە بیوەستاندمایەو بگەڕامایەتە دواوەو نەبوومایەتـە شـایەدی تراژیـدیترین مـەرگ و رووداو و کارەسات. خێرا کالەکانم داکەندو توند دەستم گرت بەجێبرینەکەوە. ئاخ هەردەبێ بەبرین دەست پێبکەم و خـەریکی یاداشـتکردنی بـرین بم و برینتـان بۆبگێڕمـەوە، بـەدەم سـوێی برینەکـەی قاچـمەوە چـاوم بـەناو کەلاوەکـەدا دەگێـڕا، بەهەنگەشـەلێ رووەو پارچـە قوماشێکی سەوز رۆیشتم. پارچە قوماشەکە بەروانکەیـەکی چـڵکن بـوو هێنـدە چێشت و شلـەی پیـارژابوو بەئەسـتەم دەتزانـی رەنگـی سـەوزە، بەروانکەکـەم دادڕی، تونـد قاچـم پێبەست و خوێنەکەی وەستایەوە، سەیری دواوەی خۆمم دەکرد دڵۆپەی خوێن قـەتارەی بەستبوو بەشوێنمدا. بەهـەرحاڵ دەسـتمدایە دەفتەرەکـەو وادیـاربوو پـەڕەکان لەمێـژبوو خشەخش و ئەمدیواودیویان دەکـرد، بۆیـە ئـارەقی مانـدوویی بەڕووخـساری پەڕەکانـەوە دیاربوو، یەکسەر سەیری بەرگی دەفتەرەکەم کرد لێی نووسـرابوو(یاداشـتەکانی دۆزەخ)، لەخواریەوە رەسمی بێشکەیەکی تیادروستکرابوو، نیـوەی بێشکەکە ئـاگربوو، نیوەکـەی تریشی ئاو، بەڵام ئاوێك لەقۆناغی بەلافاوبووندا.

ـ دەرگای ژوورەکەمم بەهێواشی کردەوەو قـایم دامخست، ئێجگـار شـەکەت و مانـدوو بووم هەستم دەکرد زەحمەتە شانم ئەم هەموو زووخـاو و مـەراق و برینـە هـەڵگرێ، بـەڵام هەمیـشە ئەوەشـم لەخەیاڵـدابوو، کـەخوا جۆرەمرۆڤێـك لەقـەهرو رق و بێتاقـەتی خۆیـا دروستدەکات تانەگبەتی و بەدبەختییەکانی ژیانیان لێ باربکات، ئەمـە قـسەی ئـەو کاتـەم بوو کەقوتابی سێی ناوەندیی بووم، لەبەرچاوی تەلەبەکان و مامۆستای ئاینـدا وتم، بـەڵام دوای ئەو قسەیە مامۆستا بەسوکترین روانین نیگایەکی تێگرتم، لەناو قوتابیەکاندا کردمیە پوش برنج، بەغەزەبەوە وتی:هەرگیز خـوا بـاری شـانی قـورس نـابێ، بـەڵام چەندکەسـێ بۆئەوە دەهێنێتە بوونەوە تـا لەسـەرزەوی ئـەم خـەم و مـەراق و تەنیاییـە لـەکۆڵ بگـرن،

ئەمەبەخشینی بەشێکی ئەرکەکانی خودایە بەچەند مەخلوقێکی تایبەت و ناوازە، واتە ئەمە دەستی ڕێزی خودایە بۆسەر مرۆڤ. چوزانم ئەگەر قسەکەی من ڕاستبێ، یان هی مامۆستا، بۆئەبێ گڕگڕ ئەم خەم و حیکایەتە سەمەرانە وەك ڕەشمار بەقاچی مندا بئالێ؟ ئەم دەستی ڕێزە بۆ ئەبێ هەرلەسەر شانی من بنرێ؟

لەسەر قەرەوێڵەکەم ڕاکشام و دەفتەرەکەم دەرهێنا، لەگەڵ کردنەوەی دەفتەرەکەدا کوللەیەك لەبنمیچ و لەناو دارو حەسیرە ڕزیوەکەی ژوورەکەمەوە کەوتەخوارەوە، لەگەڵ کەوتنە ناو دەفتەرەکەوە گیانی دەرچوو، ڕاچڵەکیم و تووشی دڵەکوتێ بووم و ئارەقێکی ساردم دەردا، وتم: دەی خوای گەورە وەك مەحکومت کردووم، بەگێڕانەوەی ئەم چیرۆکە، با مۆڵەتت بدایە، تا ئەو کوللەیە قسەیەکی لەگەڵ بکردمایە؟! ئاخر کێ دەڵێ ئیشێکی نەبوو بەمن؟ ڕەنگە مردنەکەی لەم کاتەداو لەکاتی کردنەوەی دەفتەری یاداشتەکانی دۆزەخ و لەم ئێوارە درەنگوەختە و تاریکەدا خۆی بۆخۆی پڕقسەو پڕحیکایەتی تر بێ، بەڵام ڕەنگە خوا خۆشی ویستبم، کەئەو کوللەیە بەمردوویی کەوتەخوارەوە، بۆناو دووتوێی دەفتەرەکەی بەردەستم، دەنا کێ دەڵێ بەزیندویی بەگیری نەدەهێنام، تائەویش حیکایەتی کڵۆڵیی و نەگبەتییەکانی خۆیم بۆباسبکات، منیش ئەوەندەیتر شپرزەو پەژموردەو سەرگەردان دەبووم.

ئاخر قوڕی کوێ بکەم بەسەرما! گوێ لەدایکم بگرم و بینووسمەوە، حیکایەتەکانی میمکەتاوس بژنەڤم، گوێ لەم کوللەیە بگرم، ئاخر پەراش و گەرد گەرد بووم، وەك ئاردی بن دڕکم لێهاتووە. بەهەرحاڵ هەستام و هەردووباڵی کوللەکەم گرت و هاویشتمە تەنەکەی خۆڵەکەوە، هەروەك چۆن ئێمە دەمرین، بەڵام ئێمە ناخرێینە تەنەکەی خۆڵەوە، بەڵکو دەمانترنجێننە قەبرێکی تەنگ و تارو قوڵەوە، لەبەر ئەوەنا کە ڕێزی زیاترمان هەیە لەکوللە، بەڵکو لەبەرئەوەی تەنیا ئەو قەبرە قوڵە دەتوانێ ئەولاشە بۆگەنە تاروماربکات و سەرزەوی لەبۆگەنی مرۆڤ بۆنبڕبکات.

ژوورەکە ئەوەندە تاریك بوو، بەئاستەم دەتتوانی و نەتدەتوانی بخوێنیتەوە، بۆیە پەنجەم نا بەپلاکەکەدا، گلۆپەکەم ڕۆشنکرد، دوایئەوەی خۆم گۆڕی، لەسەر قەرەوێڵەکەم پاڵکەوتم و دەستمکرد بەخوێندنەوەی یاداشتەکانی دۆزەخ.

– تەق تەق زۆرم کێشا بەو چەپەرە شکاو و گێڕەدا، کەپێی دەوترا دەرگای ماڵی میمکەتاوس، ماڵی چی؟!،خواهاوار لەناو دەشتێك تەپوتۆزو گڕەو گەرماو دڕکوداڵ و مێش و مەگەزدا، کەهەردەتوت هەرچی ماڵ و لانەی مێش و مەگەز هەیە تێکوپێکدراوەو هەموویان لەدەوری ماڵەکوێرەوەبووەکەی میمکەتاوسدا مۆڵیان خواردووەو وەك پەناسەیری دەکەن. ماڵێك، کەدیوارەکانی لەو خشتەقوڕینانە دروستکرابوو کەبەتەپوتۆزی گەرمیان و ئاو و ئارەق و فرمێسك قاڵب قاڵب دروستکرابوو، هەردەبێ وابێ، دەنا سەیرکردنی ماڵێکی کەلوکۆم و فشەڵ و خواروخێچی وەك ماڵەکەی میمکەتاوس، یەکڕاست خەیاڵت بۆئەوە دەچێ ئەم خانووە یەك گەردەلولی ئەم خۆڵ و تۆزو گڕەو گەرمایەی بەسە تا داری بەسەر بەردیەوە نەمێنێ، بەڵام ئەم جۆرەخانوانە دەرگاو دیوارو لاشیپان و سەربانەکەی مەراق رایگرتووە، دیارە مەراقیش رەگ و ریشەکانی ئەوەندە داکوتراو و بەهێزە، کەهیچ رەشەباو گەردەلولێك ناتوانێ نەك بیڕوخێنێ، بەڵکو بیشیلەرزێنێ، بەهەرحاڵ دیمەنی ئەم ماڵەو ئەم دەشتە قاقڕو سامدارە بەسە بۆئەوەی بزانی ژیان چەند بێشەرەفە! زۆر تەقەم لێداو کەس جوابی نەدامەوە، پاشان بەهێواشی ئەو چەپەرە شکاوەی پێیدەڵێن دەرگا ترازاندم. سەیرمکرد لەناو داڵانی خانووەکەدا شتێکی رەش کە هەر لەکۆتەرەدارێکی پاشماوەی دارستانێکی سووتاو دەچوو، وەك ئەوەی چاوم رمۆڵەبکات هەستمکرد کۆتەرەدارەکە جارجار دەجولێت، وردە وردە بەناو حەوشەی گڵ و خۆڵ و چۆڵدا هەڵکشامە سەرەوە، تا زیاتر نزیك دەبوومەوە زۆرتر چاوم هەڵدەگلۆفی و کۆتەرەدار زیاتر جولەی تێدەکەوت تەواو چوومە ناو داڵانەکەوەو سەلاممکرد، لەحازری. پیرێژنێکی سەرتاپارەش، بەهێواشی ئاوڕی دایەوە لەچکەیەکی رەش و قژێکی سپی سپی ئاڵۆزو شپرزەو پەرێشان، بەلای چاو و لاجانگیدا هاتبوونە خوارەوە، کزەی گەرمایەکی گڕاوی یاری بەقژە سپییەکەی دەکردو دەتوت هەرچی چرچولۆچی دنیا هەیە خوا کۆیکردۆتەوەو هەڵیڕشتووەتە تەوێڵ و لاجانگ و دەموچاوی ئەم پیرێژنەوە، بەدەستێکی قژەسپی و پەرێشانەکەی کۆکردەوەو کردی بەژێر لۆچی لەچکەکەیدا، بەدەستێکیشی هەر بەهێواشی بێشکەکەی رادەژەن.

تۆزێ سڵەمییەوەو ترسا، تازە سڵەمینەوەو ترس بووەتە خۆراکی رۆژانە لەگەرمیانا.

– عەلەیکە سەلام کوڕی شیرینم فەرموو دانیشە.

– پوریَ گیان چیدەکەی لەم ماڵەچۆڵەدا؟

– چ ئیشت هەیە بەوەی من چیدەکەم؟

– ببورە پوریَ گیان من رۆژنامە نووسم، بەقەزاو لادێکاندا دەگەڕێم، تا سەرژمێریی بێوەژنەکانی ئەم ناوچەیە بکەم و دەستی یارمەتی رێکخراوێکیان بۆ درێژبکەم، لانیکەم بێوەژنانەیەکیان بۆببڕینەوە.

بەزەردەخەنەیەکی پڕ لەقەهرەوە، کوڕی خۆم سەرژمێریی ناویَ، ئەوەی ئافرەت بێت و لەگەرمیانا مابێت بێوەژنە، بەڵام بێوەژنی ئەم گەرمیانە جۆراو جۆرە، هەیانە لەگەلَ بارکردنی باوك و مێردو کوڕەکانیان، بۆناو زیلەکان ئەمانیش ئەقلَ لەسەریانا باریکردو ئێستا پێیان دەوتریَ حەلاوەشێت، پیرۆزەشێت، گەلەشێت، فەیمەشێت و زۆریتر، بەناو شارو شارۆچکەکانی دنیادا بڵاوبوونەتەوەو هیچ باکیان نییەو هیچ لەخەیالگەو مێشکیانا نەماوە.

جۆرێکیتر لەبێوەژنەکان بۆ نەگبەتی و کڵۆڵیی ئەقڵیان لەدەستنەداوەو هەرچی زووخاو و مەراق و مەرارەت هەیە لێیان بارکراوەو منیش جاری وا هەیە تاوسەشێت و جاری واش هەیە ئەم میمکە تاوسەی بەردەمتم و رۆژی هەزارجار لەم ماڵەدا ئەسوتێم و هەڵدەقرچێم بەدیار ئەم کۆرپەیەوە دانیشتوم و هەرچاوەڕوانم و هەرچاوەڕوانم و نازانم چیبکەم؟!

لەناوەوە ئاگرمگرتبوو، بەڵام دانم بەخۆما دەگرت، لێمپرسی

– پوریَ گیان ناوت چیە؟

– ناوم میمکە تاوسە

– ئەی ئەو بیشکەیە چییە؟

– تۆزیَ بەهێواشی قسەبکە بائەو منداڵە خەبەری نەبێتەوە، چونکە دڵم خەبەریداوە ئەم کۆرپەیەم خەبەری بێتەوە لافاوێکی خراپ و ترسناك هەڵدەسیَ، بەڵام لافاوێك لەخۆلَ، ئەوکات دەرفەت نامێنیَ رووداوەکانیش بگێڕینەوە، کورە رەنگە ئەو لافاوە بەجۆرێك بێت شتاقیَ رۆحلەبەر نەمێنیَ تا حیکایەتەکانی ژیان بگێڕێتەوە.

ئاخر خوا دەستی لەم ناوچەیە هەڵگرتووەو من و ئەم کۆرپەلەیەی هێشتۆتەوە، تا لەدواییدا حیکایەتەکانی ئێرەی بۆباسبکەم. بەکەلیمەی کوفرو ناشکوریی لێم وەرنەگری،

ڕۆژێکیان زۆر دامەنگیری خوا بووم، کەئێره جێنەهێڵێت و پێموت من و ئەم کۆرپەلەیـەش بەرگەی ئێره ناگرین و بەجێمان مەهێڵە، بەڵام لێت ناشارمەوە ئالەم داڵانەدا خوا پێیـوتم: من ناوێرم و ناشتوانم حیکایەت و ڕووداوەکانی ئـەم ناوچـەیە بژنـەڤم، تـۆ لێرەبـەو دوایـی هەموویم بۆبگێڕەرەوە.

– سەیره ئەمانە لەقسەی پیرێژنێکی نەخوێنەوارو نیوە بەشەرێکی وەك میمکە تـاوس ناچێ، بەڵام هەرکەس بهێنیتە ئەم خەرابستانەوە، بەمەرجێ شـێت و پـەتیاره نـەبووبێ و چکێ عەقڵ لەسەریا مابێ هەرئاوا وەکو میمکە تاوس قسە دەکات. میمکە تاوس چیرۆك و ڕۆماننووس نییەو باسی چیرۆك و ڕۆمـانیش ناکـات، بـەڵکو واقعـێ باسـدەکات، بەگوتـەی خۆی خوا خۆی لێشاردەوەو نەیوێرا سەیری بکات. هەرچی سەیری میمکە تاوسـم دەکـرد لەدەمانـچەیەکی پـڕ فیـشەکی شـپرزەو ئارامنـەگرتوو دەچـوو، بەئاسـتەم دەسـتم بـەری بکەوتایـە دەتـرازاو دەسـڕێژی دەکـرد، بـەڵام دەسـڕیژی گوللـەنا دەسـڕێژی مـەراق و چیرۆکێکی عەجایەب و کوشندە.

بابێـشکەکەش لـەولاوە بوەسـتێ، کـە ناوسـکم گـڕی گرتبـوو بـۆی، لـەدڵی خۆمـا وتم:خودایـە شـەرتبێ لەتۆڵـەی ئـەم منالـەدا هـەرگیز لێـت خۆشـنابم، ئـاخر خـۆ ئێمـەی مەخلوقیش بۆمان هەیە گلەیی لەخودا بکەین و هەروا بەئاسانی لێی خۆش نەبین.

ـ دەی میمکە تاوس گیان هەموو گیانم بووە بـەگوێ، تۆقسەبکەو منـیش دەیژنـەڤم و دەشینووسم.

– بۆئیـسراحەت و فێنکبوونـەوەو تـۆزێ دەرهێنـانی تەمـەن، لەبێـشکەکەدا دەسـتم لەدەسکەنەی نۆك هەڵگرت، بێشکەکەم دابەشانمداو ڕووەو ئەو ئەشکەوتە پێمهەڵگرت کـە لەدێرزەمانەوە پێی دەوترا(ئەشکەوتە زریکە).

– باشە میمکەتاوس بۆپێیان دەوت ئەشکەوتە زریکە؟

– چـونکە دەسـتت بـەر هـەر کوچـك و کەلـەك و لادیـوارو بـەردێکی ئـەم ئەشـکەوتە بکەوتایە گوێت لەزریکەو هاوارێکی پڕلاڵانەوە دەبوو، تـەنیا ئـەو کاتانـە ئـەم ئەشـکەوتە نەیدەزریکاندو نەدەلالایەوە، کەمناڵێکی ناوبێشکەت پێبوایە.

ئەم ئەشکەوتە تـەنیا ئـەو کاتانـە کـەڵکی هـەبوو ڕووی تێبکـەی کەبێـشکەو مناڵێکـت پێبوایـە، دەنـا بەتـەنیا یـان لەگـەڵ خـەڵکی گـەورە بـچویتایە هـەر لەکونەکـەوە هەسـتت

بەگۆڕانی ڕەنگ و ڕوخساری ئەشکەوتەکە دەکردو ئەشکەوت دەستیدەکردە زریکە زریك و ناڵەناڵ، ئیدی پشتاوپشت ئەم ئەشکەوتە ئەمە حاڵی بووە ئێمەو باو و باپیرانیشمان سەرسام و حەیران بووین بەرامبەر بەم ئەشکەوتە. بیرم دێت تازە باڵق بووبووم و مەمکم هێواش هێواش بناغەی دانابوو، هەستمدەکرد ئیدی منداڵ نیم، کچێ تاوسە بەمنداڵی تکاکارم بوویت هاتووین بۆ ئەشکەوتە زریکە نان و چام خواردوەو تێیدا خەوتووم، جا مەگەر خوابزانێ خەوی ناو ئەو ئەشکەوتە چەنە خۆشە! باوکم وتی هەربەیادی ئەو ڕۆژانەوەو لەبەر خاتری تۆ بچمەوە بۆ ئەشکەوتە زریکە، کەچووینە بەردەمی ئەشکەوتەکە ئەشکەوت وەك هەوری تورەی بەهار دایە ناڵەناڵ و زریکەو هاوار، ئەوەندە ترسام مەگەر ئەو ڕۆژە ئەوەندە ترسابم، کە بەبێشکەکەوە هاتمەوە ناو(دێ) چۆڵەوانی وەك گورگ دەیلوراندو ئەوەی زیرۆح و بەشەربێ لەو دێیەدا نەمابوو.

کە باوکم دەیوت ئاخر ئەمە هەر تاوسەکەی مناڵییە، کەدەمانهێناو بەگاگۆڵکێ و چنگە پۆپانێ دەچووە ناو جۆگەلەکەتەوە، هەتا زیاتر یاری بەئاوەکە بکردایە جۆگەلەکەت ڕوونترو سازگارتر دەبووەوە.

کە باوکم ئەم قسانەی دەکرد ئەشکەوتەکە زیاتر دەیزریکاندو چنگی لەئەستێرە گیردەکرد، دەموت هەرئێستا دەڕوخێ بەسەرمانا. هەندێ پووش و پەڵاش و دڕکەزیم کۆکردەوەو بەرەو ئەشکەوتە زریکە ڕۆیشتم، ئەو ڕۆژە دەسکەنەی نۆکم زۆر کردبوو دەست و پلم وەك ئێستە گرێ گرێ و ڕەقەڵە نەبوو، بەڵکو وەك یاقیق دەدرەوشایەوە، بەهەرحاڵ ئەو ڕۆژە دەسکەنەی نۆك دەست و پلمی بریندار کردبوو.

قۆرییەکەم نا بەسەر ئەو چیلکەو پوش و پەڵاشەوە کەلەبەینی سێ خڕکە بەردا کۆمکردبوونەوەو ئاگرم دابوو، وتم تا چاکە دەمدەبێ با قومێ شیر بدەمە تەمەن، تەمەنی چی! لەناو بێشکەکەدا ئەتوت باخەگەنمە ئەوەندە جوان بوو، مەمکەکەم نایە دەمی و هەردو چاوەڕەشەکەی بریبووە چاوم، زۆر بەترسەوە سڵەمیمەوەو تەواو ساکام، منداڵێکی بەرمەمکانە چۆن دەبێ ئەوەندە بەقوڵی و سەرسامییەوە تێمبڕوانێ؟! جەسارەتی ئەوەم نەبوو بەقوڵیی بڕوانمە تەمەنی دڵەکەم، وەك چۆن ئەو دەیڕوانی، بۆیە خۆمدا بەسەر بێشکەکەدا، تائەویش بەمەمکەخواردنەوە بخلافێ و واز لەو ڕوانینە

مەرگبارو ترسناکە بهێنێ، پاش کەمێك سەرم هەڵبڕی و تەماشام کرد تەمەن ملچەملچ مەمکەم دەمژێ، بەڵام هەر بەقوڵیی تێمدەڕوانێ.

لەناو ڕەشێنەی چاوی راستیدا بیابانێکم دەبینی، گەردەلولی خۆڵ و غوبارو تەپوتۆز تیایا هەڵیکردبوو، تەپوتۆزو گەردەلولەکە ئەوەندە زۆربوو، لە گەردەلولەکە ئەسپێك دروستبووبوو دەیحیلاندو سمکۆڵانی دەکرد، لەناو ڕەشێنەی چاوی چەپیشیدا سەگێکم بینی دانەکانی گیرکردبوو لەدەسرازەی بێشکەی منالێك و هەر رایدەکێشا، سەگەکە بەدەم راکێشانی دەسرازەو بێشکەو منالەکەوە دەیقروسکان و تا دەهات ئاگرەکە زیاتر بەردەبووە بێشکەو منالەکە.

هەموو گیانم کەوتە لەرزین، بەپەلەو بەگریانێکی کەسکون و دڵتاوێنەوە دەستێکم هێنا بەدەموچاوی منالەکەماو خێرا دەسرازەکەم شلکردەوە، لەبێشکەکە دەرمهێناو توند گرتمە ئامێزم و گوشیم بەسنگمەوە، منالەکە دایە قاقای پێکەنین، بەڵام دەنگدانەوەی قاقای پێکەنینی منالەکەم لەئەشکەوتەکەدا زۆر دڵخۆش و زۆریش ترساندمی دڵخۆشبووم، چونکە تەمەن کەوتە چاوتروکاندن و تەواوی دیمەنەکانی نێو ڕەشێنەی چاوەکانی شلوێبوون و ئاسەواریان نەما، منیش بەکامی دڵ منالەکەم لەئامێز گرت و تۆزێ هاتمەوە هۆش خۆم، بەڵام ترسام و دڵتەنگ بووم، چونکە دەنگدانەوەی ئەو قاقایە لەو ئەشکەوتەو لەو دەمەو عەسرەدا تەزوویەکی تاقەتپڕوکێنیان هێنا بەگیانما. کوڕە شیرینەکەم هێشتا هیچی وام بۆ نەگێڕاویتەتەوە، تۆش کوڕەشاریت و ناسکیت، بالێرەدا کۆتایی پێبێنم و ئەوەندە سەرت نەیەشێنم، چونکە دڵنیابە تۆ بەرگەی ئەم حیکایەتانە ناگریت، جگەلەوە تەواوی تەمەنت بەربادو فەنا دەبێت و ناشتوانی بەردی لێبخەیتە سەر بەردێ، چونکە من دڵنیام هەموو دنیا ناتوانێ دڵێکی شکاو و سکێکی سووتاو تیمار بکات، تازە هەرهەموو دنیا ناتوانێ بەدڵۆپێ خوێن بڵێت: ئیدی بووەستەو لەمەزیاتر جۆگەلە مەبەستە.

— نا میمکە تاوس گیان نەسەرم دێشێ و نەبێتاقەت بووم، هەرگیز پەنجەکانم بەقەدەر ئێستا لەتۆغیانی هێزو وزەدا نەبووە بۆ نووسین، هەروەها تەنیا گوێچکەکانم قسەکانت ناژنەڤن، بەڵکو تەواوی ئەعزای گیانم بووەتە گوێ لەبەردەمتا راوەستاون.

— ئاخر کوڕی شیرینم تۆ هاتووی بۆ کارێکی تر، نەهاتووی گوێ لەم هەموو زووخاو و مەراقە بگری، کە من هێشتا نیوەیم بۆ باسنەکردووی.

– نانا میمکە گیان توخوا وا مەڵێ، لانیکەم ئەگەر بەگوێگرتنیش بێت دەمەوێ یەک لەسەر هەزاری ئەم کۆڵەگرانەت لێبگرم، دەی درێژەی بەرێ.

– میمکە بەقوربانت بێت، من فرە گێل و گەوج و نەفام بووم دەنا چاوەکانی تەمەن پێشوەخت هەموو شتێکی پێوتم، بەهەرحاڵ هەتا بەرووبێشکەم پێچایەوەو دوبارە تەمەنم خستەوە ناو بێشکەکە، تەماشام کرد قۆریەکە ئەوەندەیتر رەشبووەتەوە، یەك قەترە چا لەقۆرییەکەدا نەماوە، تۆزێ تڵپە بەقەراخ و بنی قۆرییەکەدا سووتاوە، تمەز لەم هەمووخەیاڵات و بگرەو بەردەیەدا نەك چام نەخواردەوە ئاگام لەسووتانی چایەکەو قۆرییەکەش نەمابوو.

بێشکەم دا بەشانمدا، بەوهەڵدێرو کەندو کۆسپەدا کەوتمەڕێ، لەدەرگای ئەشکەوتەکە هاتمەخوارەوە، بەدرێژایی ئەو ڕێگەیە جارجار تۆزێ لامئەدا، بێشکەکەم دائەگرت و سەیرێکی کۆرپەکەمم دەکرد. ئەوهەموو هەڵدێرو بەرزونزمییەی ڕێگا خەبەری نەدەکردەوەو لەقوڵترین خەودا بوو، تۆزێ دڵم کرمێ بوو، شتی خراپ بەخەیاڵمدا دەهات، بۆیە لامدایە پێچێك و بێشکەکەم دانا، دەسرازەکەیم شلکردەوەو گوێمنا بەدڵییەوە ئاهێکی خۆش بەگیانمدا هات و دڵنیابووم کە نەمردووە لەشیرینترین خەودایە، گەرچی خەویش جۆرێکە لەمەرگ، بەڵام خۆمان دەخەڵەتێنین و ناومان ناوە خەو.

ڕێگای نێوان ئەشکەوتەکەو ئاواییەکەمان لەبەرچاومدا گۆڕابوو وەك جاران نەمابوو، ئەو هەموو کەندو کۆسپ و ڕێگاو دارستانەم بڕی، کەچی هەر نەدەگەیشتم، قەدەرێکی درێژو تاقەت پڕوکێن بەناو دارستانێکا کە ئەسپ بەسوارەوە تێیدا وندەبوو ڕۆیشتم، هەرچەن سەرم دەهێناو سەرم دەبرد نەمدەزانی ئەمە چۆن لێکبدەمەوە، ئاخر ڕێگەی نێوان ئەشکەوتە زریکەو گوندەکەمان تەنیا نیوسەعات ڕێگەبوو، ئێستا ئەم هەموو کەن و کۆسپ و دارستان و ڕێگایە یەعنی چی؟!

– میمکە تاوس نەیدەتوانی دەری بڕێ، بەڵام لەچاوەکانیدا نوسرابوو لەگەڵ بەتاڵانبردن و نغرۆبوونی گوندەکەمانا، کات گۆڕابوو، شوێن گۆڕابوو، دوایی زانیم دەستی ڕەشی بەعس هاتبوو، وتبوی: من بەتەنیا کچ و ژنبراو مێردو منداڵەکانتان نابەم، هەربەتەنیا مەڕو ماڵات و سەگ و تولەو تانجییەکانتان نابەم، من میلی کاتژمێرەکانتان دەگۆڕم، من دەستکاری کات دەکەم، دەبێت کات بەو شێوەیە بڕوات کە من دەمەوێت.

بێلەزەت و بێئەندازە شوێن درێژ بووبووەوە، ئەگەر وانەبێ جوگرافیاش وێنە لەنێوان ئەشکەوتە زریکەو گوندەکەمانا بۆ هێندە درێژبووبووەوە؟! یەکڕاست خەیاڵم بۆئەوە چوو بەعس بیری لەوە کردبێتەوەو وتبێتی: کە گەرمیانم یەك پارچە کردبێتە دۆزەخ بادەستکاری مەودای شوێنەکان بکەم، تاچیتر مەوداو پانتاییەکانی دۆزەخ فراوانتر بکەم.

هەر دەڕۆیشتم بەناو ئەو دارستان و چنارانەدا بێشکەکە هەر بەشانمەوە بوو، وردە وردە تاریکی هروژمی زیاتری دەهێنا، ڕێگا درێژتر دەبووەوە، خەریکبوو زیرەی مەرگم دەکرد، ئاخر خوایە ئەم ڕێگەیە کەی ئەم هەموو داروبەردو چەم و چۆڵەوانییەی تیابوو؟! ئێستاشی لەگەڵدابێ درێژیی و تووناوتوونی و سام و خۆفی ئەو ڕێگایەم بۆ تەفسیرنەکرا، هەرکۆڵم نەدا لەڕۆیشتن، کاتێکمزانی هەڵنوتام لەتاوێرەبەردێك، یەك دوو تەقلەمدا، بێشکەکەش تاریکی وترس و لورەی چەقەڵ و ڕێوی لەشان وملیان رفاندم وەك ئەوەی باڵی گرتبێ، خوێن لەسەرمەوە فیچقەی کرد. پڕ بەو کەندو کۆسپ و بەردەڵانە زریکاندم، بەڵام گوێم نەدا بەخوێنی سەرم و خرم و هوڕی ئێسقانی شان و قۆڵم رووەو بێشکەکە بەهەڵەداوان ڕۆیشتم، کەسەیرم کرد بێشکەکە لەبەینی دوپەلی درەختێکی بەرزەباڵادا لەنگەری گرتووەو تەمەنیش نیوەی لاشەی بەلێواری بێشکەکەدا هاتۆتە خوارەوە، تەمەنی چی! دەموچاوی وەك مانگی چواردە لەناو قیامەتی ئەو تاریکییەدا دەدرەوشایەوە، زەردەخەنەیەکی سەیروسەمەرە بەلێواری دەم و لێویدا دەهاتە خوارەوەو بۆی دەڕوانیم، وەك ئەوەی پێمبڵێ: ئەم ڕێگەیەت بۆگرتەبەر؟! ئاخر من لەئەشکەوتەکەدا بەڕوانین پێموتی بەلاو موسیبەتێك وا لەڕێگەمانا، بەڵام تۆ گوێت لێنەگرتم.

بەپەلەو بەگریانێکی پڕترس و پڕ لەناشوکریی و سکاڵاوە دەستم درێژکرد بۆ بێشکەکەو دامگرتە خوارەوە، خوێن بەسەرمدا دەهاتە خوارەوەو لەگەڵ فرمێسکا تێکەڵی یەکبووبوون، بەڵام من لەتاو تەمەن ئاگام لەخوێنی سەرم و خرم و هوڕی ئێسقانەکانی لەشم نەمابوو. تۆش وەك کوڕم وایت، بەڵام ئەمەشت بۆ دەگێڕمەوە کە لەئەشکەوتە زریکەوە بەڕێکەوتین، زۆر زۆرمان ویست تائەم هەموو چۆڵیی و دارستان و بەردەڵانەمان بڕی، ترس و تەنیایی و چۆڵیی ڕێگەو سەرسامیم بەرامبەر بەدرێژبوونەوەی ڕێگاکە بەوشێوە نائاساییە وای کردبوو ئاگام لە (تەمەن)ی دڵەکەم نەمابوو تاشیری بدەمێ،

لەگەڵ بێشکەکەم لەبەینی دوولقی درەختەکەوە داگرت و لەبێشکەکە دەرمهێنا، نزیکم کردەوە لەسنگم شیر لەهەردوو مەمکەمەوە فیچقەی کردو کراسەکەمی تەڕکرد. باشە خوایەگیان من زۆر دەمێکە نانم نەخواردووەو ئەم ڕێگە دوورەشم بڕیوە، ئاخر ئەو هەموو شیرە چیدەکات لەمەمکەکانما؟! مەمکم خستە دەمی تەمەنەوە، ئەوەندە بەهەڵپەو پەلەپەل قومی ئەدا لەمەمکم چەن دڵۆپێ شیر پەڕییە قورگیەوە، خەریکبوو بخنکێ، تێرشیرمکردو خەوی لێکەوت، منیش لەچکەکەم توند بەست لەسەرم، ئیدی هەرئەوەندە ئاگام لەخۆم بوو کاتێك خەبەرم بووەوە هەتاوی چێشتەنگاوێکی درەنگوەخت وا لەسەرمان، یەکسەر هەستامە سەرقنگ و دانیشتم، سەیرێکی ئەملاولام کردو دەستم برد بۆ لاجانگم شتێکی ڕەق و زبر بەلاجانگ و ڕوومەتمەوە ڕەقەڵەی کردبوو، تمەز خوێنی سەرم بوو وشکبووبووەوە. ترس و چارەڕەشیی و دووروودرێژی ڕێگاو دیارنەبوونی چارەنووسی خۆم و کۆرپەکەم ئەوەندە سەرقاڵیان کردبووم بەهیچ شێوەیەك برسێتیم بیر نەدەکەوتەوە.

دووبارە کەوتمەوە ڕێگە، وردە وردە لەتۆپەڵێك خانووی لارو گێرو ڕەنگ بۆرو قاوەیی نزیکبوومەوە، زانیم وا خەریکە لەدەروازەی ئاواییەکەی خۆمان نزیکدەبمەوە. لەشانی مزگەوتەکەوە هەڵکشام بەرەوژوور، ئای کوڕی شیرینم...خزمەتی مزگەوتمان کرد، کەچی نزایەکی لێوەرنەگرتین، ئێمە بەرماڵ و جاجم و ڕاخەری زۆرمان خستە مزگەوتەوە، ئەویش سکاڵاو فرمێسکەکانی ئێمەی لەحەوزەکەی خۆیا خنکاند. نوزە چییە لەگوندەکەمانا نەمابوو، زۆر زۆر ترسام، بێشکەکە تۆزێ داخزابوو بەشانمەوە، تەکانێکم پێداو توندمکردەوە. سەرسام و حەیران و ماڵوێران سەیری خۆم و سەیری ماڵی چۆڵ و هۆڵم دەکرد، پاشەوپاش گەڕامە دواوە، تابچمە مزگەوتەکە، وەك پەنایەك داڵدەم بدا، دوایی بیرمکەوتەوە مزگەوت لەگەرمیانا کەی توانیویەتی خەمێ، مەراقێ، فرمێسکێ داڵدە بدا؟!

تائێستا بتوانێ داڵدەی من و ئەم کۆرپە خێرنەدیوە بدات، جگەلەوە بۆچی داڵدەم بدات و لەچی بمپارێزێ؟! خۆچۆڵەوانی و بێدەنگی خەریکە چاوم دەردێنێ، وەك چۆن دیواری دڵ و ڕۆحمی پەڕاش پەڕاش کردووەو داری بەسەر بەردیەوە نەهێشتووە. دەرگاو چەپەری هەموو ماڵەکان تاقابوونەوەو لەسەرپشتبوون، لەپڕ نەمزانی لەکام ماڵەوە بوو

کەرێك زەڕانی، بەڵام زەڕینی ئەم کەرە لەزەڕینی هەموو کەرەکانی تر جیاواز هاتە گوێم، ئەوەندە بەقورسی داچڵەکیم و شانم تەکانیدا، تەمەن خەبەریبووەوەو زریکاندی، زەڕینی کەرەکە کەجۆرێك لەلالانەوەی تیابوو، لەگەڵ گریان و زریکەی تەمەنی دڵەکەما تێکەڵبوون و ئاوەدانییان خستە گوندەکەوە. روو بەئاراستەی دەنگی کەرەکە رۆشتم، لەگەوڕی ماڵێکا کەرەکە بەچۆکدا هاتبوو بەدیار جاشولکە ساواکەیەوە، کەپێدەچوو چەن سەعاتێکی کەمبێ ئەوکۆرپەیەی لێبووبێتەوە، بەڵام جاشولکە ساواکە گیانی دەرچوبوو، کەرەکەش بەزمان دەیلێسایەوەو خوڕەخوڕ ئاو بەچاویدا دەهاتە خوارەوە. ئەم گوندە بۆ وایلێهاتووە؟ بۆ چۆڵبووە؟ دەرگای ئەم ماڵانە بۆ هەموویان کراونەتەوە؟ خۆمکرد بەماڵێکی تردا، مەشکەیەکی پڕلەدۆ هەڵواسرابوو، مەنجەڵێکیش لەبەردەمیدا، بەلای کادێنی ماڵەکەدا، هاتمەدەرەوە، تێکەڵەیەك لەنوزەو نزا هاتەگوێم، سەرم بۆناو کادێنەکە کێشا، پشیلەیەك خۆی کردبوو بەچەتر بۆ چوار بەچکەپشیلەی تازەلەدایکبوو، هەرچی نزاو نیگەرانی و پاڕانەوە لەدنیادا هەیە بەدووچاوی ئەوپشیلەیەو بەچکەکانیدا دەهاتە خوارو جۆگەلەی بەستبوو. باشە ئاسمان هەڵیلوشین، ئەرزقوتیدان؟ ئەگەرئەرز قوتیدابن دەبوا ئەرزی ئەم دێیە ئێستا قڵێش قڵێش بووبایە، ئەگەر ئاسمان هەڵیلوشیبن دەبوا لەناو یەکێك لەوهەورە چڵکنانەدا ببینرانایە. ئاخر کێ بڕوام پێدەکات بڵێم: گوندێ جمەی دەهات لەقەرەباڵغی و ئاوەدانیی، تاچووم تۆزێ دەسکەنەی نۆکم کردو لە(ئەشکەوتە زریکە) قومێ شیرم دا بەتەمەن و هاتمەوە، گوندەکەمان وەك خۆڵی مردوت کردبێت بەسەریا وایلێهاتبوو، هەرچی دەرگاو پەنجەرەی ئەم گوندەیە تاقابووەوە تەنیا دەرگاکەی ماڵی خوا خڕ داخرابوو. بەهەڵەداوان رووەو ماڵەکەی خۆم چوم، دۆشەك و بالیف و بەتانی هەڵڕژاو و کۆنەکراوە لەپشت دیوەکەدا هەروەك خۆی دانرابوو، هەڵتروشکام و چنگ و پەل و نینۆکەکانم گیرکرد لەنوێنەکان، هێشتا بەرامەو هالاوی باقی منداڵەکانم و مێردەکەمی لێهەڵدەسا. هەستام و رووەو کەلەگیەکە رۆشتم، سەیرمکرد شوێنی قۆناغە تفەنگ ساغایی بەدەرگاکەوە نەهێشتبوو، ئالقی تێکراو بۆماڵاتەکان دەمی لێنەدرابوو.

ئاخر خوای گەورە نەئاسەواری لافاوێك بەم گوندەوە دیارە تابڵێم رەش و سپی پێکەوە رامالیوە، نەڕەشەباو گەردەلولێك هەڵیکردووە، دەنا ئەم خانووانەی وەك هەڵمات

خلۆر دەكردەوەو گوندەكەی دەكرد بەلەپی دەست. شبرِوشێت و ماڵوێران بەپێخاوس و شین و شەپۆرو خۆ رنینەوە ئەمپەڕاو پەڕی گوندەكەم دەكرد. هەموو دەرگاكان كرابوونەوە، بەگریان و فوغانەوە خۆم بەهەر ماڵێكدا دەكرد كەس نەیدەوت فەرموو، كەس نەیدەوت نەیەیتەوە ژوورەوە، كەس نەیدەوت بۆ دەگریت، یان چی دەڵێیت و چی دەكەی؟! هەموجارێ كە بەناڵەناڵ و گریانەوە ئەمپەڕاو پەڕی گوندم دەكرد سەرپۆشەكە لەسەرم دەبووەوە چەندجار سەرپۆشەكەم دەدایەوە بەسەرما، گەردەلولێ لەسەرمی رادەفرِاندو لەهەمان ئەوشوێنەدا فڕێی دەدا كەجاری یەكەم و دووەم و دەیەم لێیم هەڵدەگرتەوە. هەربستێكی، هەر كوچك و كەڵەك و ماڵ و هەیوان و گەوڕو بانیژەو بزنەڕێیەكی ئەم گوندە، نەم دەتوانی لەچركەساتێ زیاتر سەیریبكەم و لەسەری رابووەستم، بۆیە وەك شێت و هاروعوریان هەر بەناو گوندەكەمانا رامدەكرد، بەدەم هاوارو ناڵەو هەنسك و فرمێسكەوە ئاگام لێنەمابوو چ كاتێك خەوملێكەوتووە! كەبەیانی خەبەرم بووەوە سەیر دەكەم لەحەوشەكەی ماڵی كوێخافارسدا لەناو ئاو و قوڕو شیاكەی حەوشەكەدام، ماندو و ترشاو هەناسەم توند بووبوو، تەواوی سەرپۆشەكەم بووبوو بەقوڕو شیاكە، هەرلەویا توند گوشیم و دامەوە بەسەرمدا.

دەستم برد بۆ سەرو سنگم تەماشام كرد شیر لەمەمكمەوە دێتە خوارەوە، یەك قریشكەم كردو بیری كۆرپە خێرنەدیوەكەمم كەوتەوە، وتم دەبێ لەكوێم جێهێشتبێ؟! من و گوندێكی چۆڵ و هۆڵ كەوتمە سۆراغ، لەگەوڕی ئەوماڵەدا دۆزیمەوە، كە كەرەكە بەدیار جاشولكە ساواكەیەوە كە گیانی دەرچوو بوو دەگریا، كە چووم لانكەو بەرو بێشكەكەم توند لەئامێز گرت و چاوم فرمێسكی تیا نەمابوو، قورگم لافاوێك بوو لەگریان، نیوەی لەئاو و نیوەی لەئاگر، لەولاشەوە سەیرمكرد كەرەكە سەری ناوەتە ناو سەتڵێكی گەورەی ئاوەوە، تومەس سەری دەرنەهێناوە تا گیانی دەرچووە. خێرا بێشكەكەم كرد بەشانمدا، سەر سمێكم دا، بەڵام باشبوو نەكەوتم، لەدامێنی ئاواییدا دانیشتم و ویستم تۆزێ مەمكە بدەمە ( تەمەن)، ئای كوڕی شیرینم چی ببینم! یاخوا دوژمنیشت شتی وا نەبینێت، سەری بێشكەم لادا ناو بێشكە خاڵی خاڵی لە منداڵ زریكاندم چۆن زریكەیەك!؟ مەگەر (ئەشكەوتە زریكە ) وای زریكاندبێ، ئیدی هەستمكرد هەردووكمان لەیەك دەچین و بەبێ منداڵ دەزریكێنین.

ئاخر چی لێهات لەم گوندە چۆڵ و قاقڕەدا کە تەنیا کەرێکی زیندووی تیا مابوو، ئەویش کە بەیانی سەیرمکرد سەری کرد بوو بەتەنەکە ئاوەکەدا تا گیانی دەرچوو بوو، جگە لەمەش لەناو کادێنی ماڵێکی تردا پشیلەیەکی تازە زاو و چەند بەچکەیەك مابوون، دەمچریکاندو پڕ بەگەورەیی و سامداری و بێدەنگی ئەو گوندە هاوارمدەکرد تەمەن .. تەمەن . تەم . تە . مەن.

خوا لەونکردنی مرۆڤ و گیاندارو بێ گیانی گوندێکە نەهاتە دەنگ، قابیلە بۆ ونبوونی تەمەن بێتە دەنگ! ؟ باوەڕناکەم، بۆیە بەهێنکە هێنك و هەناسەی توندەوە رووەو گەوری ئەو ماڵە چووم کە شەوی رابردوو لەتاو گریان و هاتوو هاوارو راکە راکی خۆم بەناو گوندەکەدا تەمەنم بەبێشکەوە تیا بەجێهێشتبوو، بەو ئومێدەی بەڵکو لەبێشکەکە کەوتبێتە خوارەوەو لەو بەرە پێ و راڕەو و ناو ئاو و شیاکەی گەوڕەدا بیدۆزمەوە، بەڵام نك و ناهومێد گەڕامەوە.

بەپەلە بەرەو بێشکەکە رامکردەوە، وتم نەوەك بێشکەکەشم لێون ببێت، ئیدی حاڵیبووم لەوەی تازە ونبوون، بەتایبەت ونبوونی بەشەر لەم دێیەدا زۆر ئاسانە.

سەرنجدان لەقوڕو شیاکەی چەندجار وشکەوە بوو بەکراس و سەڵتەو کۆڵوانەی بەرم و بەرو بێشکەو دەسرازەی منداڵەکەم دا، دەستێکم کەوتە ئەم لام و دەستێکم کەوتە ئەو لام.

ئاخر لەگوندێکا من و پشیلەیەکی تازە زاو بەچەند بەچکەیەکەوە زیندوو مابووین، منداڵێك چی لێهات! ؟ خوا هاوار..........

خێراو بەپەلە سەری بێشکەکەم هەڵدایەوە تۆزێ چاوم هەڵگلۆفی و سەیرمکرد ناو بێشکەکە بریسکە بریسك تیشکێکی زەرد پەخشدەکاتەوە بەشەوارە کەوتم ترس و لەرز دایگرتم، خێرا سەری بێشکەکەم دادایەوەو کەوتمە سەر ئەژنۆ، توند باوەشمکرد بەم لاو لای بێشکەکەدا، ئیدی سەرباری ئەو ترس و لەرزە لەو گوندە چۆڵەدا ئاهێکم تێ هاتەوەو وتم کورە ئەوە هیلاکی و ماندوویی و شپرزەیی ئەم هەموو کۆستە گەورەیە وا هەستەکەم تەمەنم لەلا ونبووە، دەنا ئەوە نییە تەمەن هەر لەناو بێشکەکەدایە، جگە لەوە من دڵنیام هێزێکی غەیبی لەڕۆحی منداڵدا هەیە کە دەتوانێت بەهەزار شکڵ و شێوە خۆی بگۆڕێ،

جگە لەوە دەتوانێ هـەموو شـەوێك نـاو بێـشكەكەی خـۆی بـەجێبهێڵێ و بـڕوات بـۆ هـەر شوێنێك کە خۆی دەیەوێت.

– خەیاڵم لەسەر تەوەری قسەکانی میمکە تاوس ترازاو یەکڕاست خـەیاڵم بـۆ دێڕێکـی شاعیرێکی هاوڕێم چوو، کە دەڵێت منداڵ دەتوانێت شـەوانە نـاو بێـشکەکەی بـەجێبێڵێ و بـڕوات نـاو دەمـی ئەسـتێرەیەکی غـەریب و دوورە دەسـت مـاچ بکـات و بێتـەوە نـاو بێشکەکەی، بەبێئەوەی دایکی خەبەری بێتەوە.

– ئەڵێی ڕۆڵە خەیاڵت لای من نەماوە؟

– ببورە میمکە گیان گوێم لێتە فەرموو قسە بکە.

بۆیە عەقیدەم وا بوو مادام منداڵ تێکەڵەیەکە لەنوورو فریشتە، ئیدی بۆ نابێت کاتێك من سـەری بێـشکەکە لادەدەم تەمـەن وەك پرشـنگی خـۆرێکی پـڕ لـەهێزو جوانی خـۆی پیشانی من بدات؟ دەنا تەمەن وەك خوا دڵڕەق نییە خۆیم لێ بـشارێتەوەو هـەموو ڕووداو و حەکایەتەکان بەسەر منا جێبهێڵێ، تەمەن وەك خوا نییە دایکی خۆی بەجێناهێڵێ.

– کەباسی تەمەنی دەکردو دەیوت وەك خوا دڵ ڕەق نییەو بـەجێم ناهێڵـێ، ئەوەنـدە بەکوڵ دەگریا دڵۆپـێ فرمێسکی درشـت لەچـاویەوە پـەڕی و کەوتـە نـاو چـاومەوە، وەك ئەوەی ئەو دڵۆپە فرمێسکەی میمکە تاوس کلیلـی دەرگـای تۆفـان و لافاوێك بێـت، بۆیـە ڕەهێڵەی تاوە باران لەچاوی منیشەوە هاتە خوارەوە.

من دەگریام و ئەو دەگریا، ئـەو دەگریـاو مـن دەگریـام لـەپڕ بـەهۆش خـۆی هاتـەوەو گریانەکەی وەستاندو دەستی لەسەر دەمی من داناو بەدەستەکەی تـری هـەر بێـشکەکەی ڕادەژەندو وتی خوا بمکات بەقوربانت ئیتر مەگری توخوا باتەمەن خەبەری نەبێتەوە.

– کە دەیوت با تـەمەن خەبەری نەبێتەوە خەریك بوو دڵـم کڵـۆ کڵـۆ دەبـوو بـەخوێن و لەچاومەوە دەهاتە خوار، بەڵام دانی سەبرم بەخۆمدا گرت و وتم باشە میمکە تاوس گیـان دەبەردەوامبە.

– بێشکەکەم دا بەشانمداو بەو دەشتە پڕ دڕك و داڵـەدا کەوتمـە ڕێ، جـاری وا هـەبوو لەخـەیاڵی خۆمـدا پـڕ دەبـووم لـەتابووت، یـەکێکیان مێردەکـەم تێـدەکردو یـەکێکیان کوڕەکەی ترم و ئەویان کچەکەم و ئەمیان خەجێی دراوسێمان، کە کۆنە ڕەفیقی مناڵیمە، کاتێکم دەزانی پڕبووم لەتابوت وا خەریکە قەڵـەمی ئـەژنۆم دەشـکێ و چـیتر ئـەم هـەموو

تابووتەم پێهەڵناگیرێ و لەگۆڕستانێکی گەڕۆك دەچم، لەپڕخەیاڵم شپرزە دەبوو بەملاولاداو بەخۆمم دەوت دەك زمانت بەبڕین چێ و خەیاڵت بەقوڕا چێ، ئاخر کێ ئەڵێ خەڵکی ئەم گوندە مردوون یان کوژراون؟! کێ ئەڵێ وەك چۆن هەموویان لەپڕ دیارنەمان ئاواش هەموویان دەرناکەونەوە؟!

بێشکەیەك بەشانمەوە بوو دڵم وەك گۆزەیەکی لەچەن لاوە درز تێبوو وابوو جارێك لەهەموو درزەکانییەوە گومان و بێبڕوایی جۆگەلەیان دەبەست و پێیان دەوتم دڵنیابە تەمەن شەوە گوشی و لێیفڕاندی، جارێکی دی لەدرزەکانی دڵمەوە بڕواو دڵنیایی جۆگەلەیان دەبەستو تەمەن لەناو بێشکەدا وەك مانگی چواردە خەرمانەی دەداو مێشەی خەوی تەمەن دەتووت خاوکەرە بەگوێمدا زایەڵەی دەبەست، لەناو تەپوتۆزی ئەمجۆرە خەیاڵاتانەدا دەگەوزام نوزەیەك لەبێشکەوە هات وەك ئەوەی تەمەن برسی بێتو داوای شیر بکات، قەدەرێك لەگوندەکەمان دوورکەوتمەوە بێشکەکەم داناو سەری بێشکەکەم لادا تاشیر بدەمە تەمەن دووبارە خۆرێك درەوشایەوەو داچڵەکیم بەقەدەر ترسی هەموو دونیا ترسامو دەمم نا بەبێشکەکەوە تاهێزم تیابوو ماچمکرد.

– ئەی میمکە تاوس گوندەکەتان بۆ نەسووتاوە؟

– کێ بیسوتێنێو بۆ بیسوتێننن عەزیزەکەم؟

– چوزانم ئەو کەسەی فووی کرد بەنەفخی سوراو بڕیاریدا حەشرو قیامەت لەم گوندەدا هەستێت.

– وەڵا چی بڵێم کوڕی شیرینم بۆخۆت دەبینی ئەم گوندە جگە لەگڵو خۆڵی زەردو قاوەیی شتاقی تر نابینی، ئەم گوندە بەتۆپزیی چکێ ژیانمان تیا دروستکردبوو ئیدی ئاگر بەردان لەم گوندە هیچ شتێك نییە تیابسوتێ، جگە لەئاگرەکە خۆی نەبێت. یەکڕاست بیرم بۆئەوە چوو کەمیمکە تاوس جگە لەوەی زۆر راست دەکات خوا ئەم گوندەی لەناو ئەم گڕەو گەرماو مەنجەنیقەدا دروستکردووە گڕەو گەرمای ئەم گوندە هێندە بەکوڵو بەتاوە کەدڵنیام ئەم گوندە لەسەر یەکێك لەچاڵە گەورەکانی دۆزەخ دروستکراوە ئیدی ئاگر تێبەردانی گوندێکی لەم چەشنە جگە لەبێمانایی شتێکی تر نییە. ئاوو ئارەقو فرمێسك بەدەمو چاوی میمکە تاوسدا قەتارەی بەستبوو چاوەکانی لەگۆمێکی قوڵی خوێن دەچوو کەوا مەزەنەم دەکرد هەزاران گۆزەڵە خوێن لەوچاوانەی

هەڵئەگۆزی هەر تەواو نابێت. میمی چووە سەر سکەی باسەکەی. بەناچاریی و دڵی شکاو و سکی سووتاوەوە پشتمکردە ئاواییو رۆشتم، بەڵام نەمدەزانی روو لەکوێ دەکەم تازە شوێنێك نەمابوو لەم ژێر ئاسمانەدا رووی تێبکەم لەئاوێکی بریندارو شەکەتو خوێناوی دەچووم بەهیچ ئەرزێکەوە زەرد نەدەبووم، تەنیا رۆشنایی دنیاو قیامەتم ئێستاشی لەگەڵدابێت ئەم بێشکەیەبوو. دنیاو بنیام تەیکردو دەیان شەوم لەسەر تەنوورو کەلاوەو کۆڵانو بەر دوکانە داخراوەکاندا رۆژکردەوە، بەردەوام گوێم لەقسەی سەیرو سەمەرە دەبوو پێیاندەوتم ئەوە تاوسە شێتە، یەکێك تر بەلامدا دەهاتو دەیوت وەی داخی گرانم بەخوا رەنگە ئەو منداڵە لەو بێشکەیەدا رەق بوبێتەوە یان لەبرسا مردبێت، یان جار جار پیاوی ئەفەندی عەینەك لەچاویش بەلامدا دەهاتنو دەیانووت ئەم دیمەنە ناشرینانە تەواو سیمای شاریان تێکداوەو شارستانییەتی ئەم شارەیان لەکەدارکردووە.

هەرزەکاری وام لەبازاڕو دوکانەکاندا تووشدەبوو کەقەشمەرییان پێدەکردمو دەیانویست پەلاماری بێشکەکەم بدەنو سەری هەڵبدەنەوە منیش تەواو کافر دەبووم تاهێزم تیابوو دەمقریشکاندو بەجنێو و بەردباران راوم دەنان، گوێم لەپیاوی ئیختیاریش بوو دەیانوت خوا بتانگرێ بۆچی واز لەو زەعیفە شێتوماڵوێرانە ناهێنن، چیتان لەخۆیی و بێشکەکەی دەوێت، خوا بەدەردی ئەم ژنەتان ببات.

ئەوەتا ئیدی دوایئەوەی تەواوی تەمەنی گەنجیم بەڕۆشتنو راکردن لەدەستی خەڵك سەرفکرد، ئێستا هاتوومەتەوە هەمان گوندە کاولبووەکەی خۆمان، لەهەمان گەوڕی ئەو ماڵەدا دانیشتووم کەنزیکەی حەڤدە ساڵ لەمەوبەر کۆرپە شیرینەکەمم تیا ونکرد، ئێستا دەبینی جگە لەمنو ئەم بێشکەیە شتاقێ زیندوو گیانلەبەرو بێ گیانی تیانەماوە، بەڵام بەخوا لێت ناشارمەوە تەنیا سەبوریی و تەسەلایەك کەمیوانی رۆحمە ئەم بێشکەیەیە، حەڤدە هەژدە ساڵە ئەم بێشکەیە رادەژنمو ئێستاش هەر رایدەژنم من بێتاقەت نابم لەچاوەڕوانی، چونکە گەر چاوەڕوانیم لێدابڕێ ئەم کۆتەرە دارەش نامێنمەوە کەوام لەبەرچاوتا، هەردەبێت خوا لەم چاوەڕوانیەم بێتاقەت بێتو بێتەدەنگ.

– الله اکبر.. الله اکبر... بەم ئیقاعە مەلای مزگەوت رایچڵەکاندم، شەکەتو ماندوو، نائومێدو داهێزراو هەستمدەکرد ناو دەمم تاڵ تاڵە وەك ژەهری مار، زمانم ببووە پەلاسو لکابوو بەئاسمانەی دەممدا، ئەرێ من چی دەکەم؟! سوچی پەردەکەم لاداو سەیرمکرد

دنیا بەئاستەم رووناکی تێکەوتبوو دەفتەرەکەم داناو پەلم کوتا بۆ پاکەتو شقارتەکەو سیگارێکم رۆشنکردو مژێکی قوڵم لێدا، وتم بەڕاستی بێمروەتە ژیان، دەنا بەدرێژایی خوێندنەوەی ئەم هەموو کۆستو کارەساتە میمکە تاوس هەر لەچاوەڕوانی هاتنە دەنگی خوادابوو، بەڵام ئەم ئاواتەی نەهاتەدی، کەچی لەم بەرەبەیانەدا خوا کەوتە هاوارو الله اکبر، بۆئەوەی گوێمی زەینو خەیاڵم بشڵەقێنێو دامبڕێت لەیادداشتەکانی دۆزەخ.

هەستامە سەرپێو دەفتەرەکەم لەپەو روو لەسەر قەروێڵەکەم دانا، بەرەو لای ئاوێنەکە چووم تا دەستێ بەسەرو قژمدا بهێنم، خۆشم پێم سەیربوو نەمدەزانی چی پاڵی پێوەنام بەو تاریکو لێڵی بەرەبەیانە رووەو ئاوێنەکە برۆم؟! کەچوومە بەردەم ئاوێنەکە تووشی گەورەترین شۆك بووم، کەهەرگیز دیمەنی وام بەچاو نەبینیبوو، ریشم تەواو ببووە ماشو برنجیی، چەند جارێك چاوم هەڵگلۆف و دەستم گەرچی وەك شەق شەقە دەلەرزی هێنام بەدەمو چاو و ریشمدا، چەند جارێك بەسەری پەنجەکانم ریشم راکێشا، چونکە تەواو بەگومان بووم ئەمە ریشی خۆم بێت، توند خاولییەکەم خستە دەممەوە هەتا هێزم تیابوو قریشکاندم، بەڵام وەك چۆن ئیسفنج ئاو هەڵدەمژێت خاولییەکە هاوارو قیژەو فرمێسکەکانمی هەڵلوشی، ئاخر من کوڕێکی حەڤدە ساڵ چۆن و بەچی لەماوەی تەنیا شەوێکدا ئەم هەرەسی پیرییە هات بەسەرما بەم ریشە ماشو برنجییەوە دەرگای ژوورەکەم بترازێنم دایکمو باوکم نامناسنەوە، مەگەر بەسیلەی رەحم کەناسیشمیانەوە دڵنیام یەکسەر دایکم گیانی دەردەچێت. دەخوای گەورە یارمەتیمبە ئەم پیربوونە سەیرو سەمەرەو بەپەلەیە لەماوەی شەوێکدا لەکوێیوە بۆتناردم؟ بەڵام واپێدەچێت وەك چۆن بەرامبەر بەو هەموو کوڕوزانەوەو مەراقو کارەساتەی میمکە تاوس نەهاتیتە دەنگ بەرامبەر بەم پیربوونە ترسناکەی منیش هەر ئەوەندە دێیتە دەنگ، تۆزێك بەر ئاوێنە لەعنەتییەکەم جێهێشتو دووبارە گۆشەیەك لەپەردەی پەنجەرەکەم لاداو دنیا تەواو رووناك ببووەوە بەسەر گەلای پرتەقاڵی حەوشەکەوە، چۆلەکەیەکم بینی ساچمەیەك دابووی لەملیو خوێنێ لێدەتکاو دڵۆپ دڵۆپ بەدەمو لێوی گەلای پرتەقاڵەکەدا دەهاتە خوار بەتووندی پەردەکەم لادایەوەو چەند هەنگاوێك رووەو ئاوێنەکە رۆشتمەوە، بەڵام جەسارەتم نەبوو بچمە بەردەمی، بەقەهرەوە رووەوە قەرەوێڵەکە رۆیشتم هەستمدەکرد یادداشتەکانی دۆزەخ بانگم دەکاتو پێمدەڵێت ئەی ئادەمییە دۆزخییەکە وەرە هەڵمگرەو

تەواو بمخوێنەرەوە لەنیوەی سەفەردا جێم مەهێڵە یان یەکەمجار نەتخوێندمایەتـەوە یـان دەبێت تـەواوم کـەیتو هاوسـەفەرم بیـت. ئـاخر چـۆن مرۆڤێکـی حەڤدەسـاڵەی وەك مـن بەشەوێك ریشی دەبێتە ماشو برنجیی، ئاخر بەچ پێوەرو یاسایەك ئـەم پیربوونـەی خـۆم چۆن لەدایكو باوكو خەڵكو خوا بگەیـەنم ئـەی هـاوار مێـشکم خەریکـە ئەتـەقێ. دەنگێك لەدەفتـەری یادداشـتەکانی دۆزەخـەوە بـەرزبووەو وتـی بێخەمبـە هـەروەك چـۆن کـەس نەیپرسی کەسیش ناپرسێ حەڤـدە هـەژدە سـاڵە میمکـە تـاوس بەبێـشکەکەی شـانیەوەو بۆدەگەڕێیو لەچ دەگەڕێو چاوەڕوانی چی دەکات، دڵنیابە کەسـیش لـەم پیربوونـەی تـۆ ناپرسـێ، هێزمـدا بـەرخۆمو رووەوەو ئاوێنەکـە چـوومەوە دەسـتم هێنـا بەڕیـشمدا ئـەو مووانەی سپی ببوون رەقتربوون، دڵـم پڕبـوو ئـەمجارە بەهێواشـی دەسـتمکرد بـەگریان، هەردەگریام لەپڕ تەقەی دەرگای ژوورەکە گریانەکـەی پێڕاگـرتم، دایکـم وتـی کـوڕم هیـوا هەستاوی؟ بەڵێ بەڵێ دایە گیان. باشە کوڕم ئەمشەو گڵۆپی ژوورەکـەت هـەر دەسـووتا؟ جوابم نەدایەوە بەڵام لەدڵی خۆمـدا وتم ئـاخر ئـەوەی گڵـۆپو روونـاکیو تروسـکایی بێـت لەڕۆحما نەمابوو لەترسی ئەو هەموو تاریکییەی کەڕۆحمی داگیر کردبوو نـەمووێرا گڵـۆپی ژوورەکەم بکوژێنمەوە ئەگینا مرۆڤ تەنیا تروسکایی یەك مۆمی ئومێدی بەسە هەتاهەتایـە گڵۆپی ژوورەکان دانەگیرسێنێ. دەی باشە کوڕم وەرە خێرا نـان بخـۆو بـچۆ بـۆ مەکتـەب ئەمڕۆ وەك خۆت دەزانی دوا تاقیکردنەوەی کۆتایی ساڵە.

ئەوەی کەهەم جگە لەخەمو مەراق هیچ خێرێکم بۆ دایکـم نـەبووە، ئێـستا بـەم سـەرو سیماو ریشە ماشو برنجییەوە بچمە بەردەمی ئەوا دڵنیام ئەگەر نەمرێت شـێتو پـەتیارە دەبێت، بۆیە خێرا هاتمە جوابو وتم دایە گیان دوێنێ تاقیکردنەوەی ئەمڕۆم کردە ئیجازە تا زیاتر خۆمی بۆ ماندوو بکەم. دەباشە کوڕم وەرە بەرچاییەك بکە. دایە گیـان دڵـم هـیچ نابات ئێوە نانی خۆتان بخۆن مـن تـۆزێ خـۆم دەخلافێـنم بـەکتێبو قەڵەمـەوەو دوایـش سەرخەوێك دەشکێنم، ئای ئەگـەر دایکـم دەزانـێ بـەچ موسیبەتێکەوە گـیرم خـواردووە، ئەگەر دەزانێ چۆن پەراش پەراش بـووم، ئەگـەر دەزانـێ چـۆن دەسـتو قـاچو جەسـتەم لەسەر زەمینی ئەم ماڵەی خۆمان هەڵکـەنراوە، ئەگـەر دەزانـێ چـۆن یەکپارچـە بوومەتـە خەیاڵو بەردەوام دەبمە سووتە مەرۆ، ئەگەر دەزانێو دەمبینـێ کەچـۆن میمکـە تـاوسو بێشکەکەی بەتـەنیا شـەوێ فێریـانکردم، ئەگـەر دایکـە کلۆڵەکـەم دەزانـێ بۆچـی خـۆم

قايمكردووە لەم ژوورەداو نايەمە دەرەوە ئەوا بەدڵنياييەوە دەبێتە يەكێك لەڕەفيقەكانى ميمكە تاوس، ئەو رەفيقانەى كەشێتو عوريان لەم وڵاتە چەقۆ ڕێژەدا دەسوڕێنەوە، چەند سەيرە دوو دونياى هەتا بڵێى لەيەكتر جياواز تەنيا دەرگايەكى ئاسنين لەنێوانمانايە، بەڵام خەياڵو بيركردنەوەكانمان مليۆنان دەرگاو ديوارى لەبەينايە، دايكم لەو ديو دەرگاكەوە لەناو زەمەنى بەيانييەكى دەمو لێو تازە پشكووتدا بەديار نانى گەرمو چايىو شيرو سفرەو سادەو پڕ لەژيانەوە دانيشتووە، بەتۆنى سافو ساماڵى قورگى دايكما واديباربوو ئەم بەيانييە پڕبوو لەژيانو بەئومێدى بەرچاييەكى ئارامەوە داى لەدەرگاكەم. لەمديو دەرگاكەو ژوورەكەى منيشدا ژيان لەجۆگەلەيەكى باڵشكاوى كەسيرە كەوتووى ژێر بارانێكى بەخوڕ دەچوو، ئەمە جگە لەوەى ژوورەكەم پڕبوو لەدوكەڵو گۆڕو بێشكە، لەلايەكەوە يادداشتەكانى دۆزەخ بانگيان دەكردمو دەيانووت كوڕە بۆ خاترى خوا بەجێمان نەهێڵێت تەواومكەو دوايش بمخنكێنە، لەلايەكى ترەوە ئاوێنەكە هاشاوڵى بۆدەهێنام دەيويست بڕۆمە بەردەمىو تا ئەم پيربوونە سەيرو ترسناكەى خۆم زياتر ببينم، ئيدى زەمەن لەم ژوورەدا جياواز دەگوزەرا، نەك جياواز لەماڵەكەى خۆمدا، بەڵكو جياواز لەزەمەنى هەموو دونيا، ئاى خوايە تۆ بڕوانە تەنيا بەربەست لەنێوان منو دايكمدا ئەم دەرگايەيە، بەڵام سەرنجبە چ جياوازييەكى قوڵو كاتو شوێنو خەياڵو خوتوورەو بيركردنەوە هەيە سەر بارى ئەو هەموو شپرزەييەى سەرتاپاى گيانمى گرتبووە نەمتوانى ئاواتەكەى دايكم بهێنمەدىو دەرگاكە بترازێنم، بەڵام دايكم وەك پيشەى هەميشەيى خۆى كەپرە لەسادەيىو ساكارى كۆڵى داو بڕواى هێنا بەوەى تاقيكردنەوەى ئەمڕۆم كردۆتە ئيجازەو لەژوورەكەمدا خەريكى سەعيكردنم. تازە حيكايەتەكانى ميمكە تاوس لەملوانكەيەكى زەنگيانە دەچێت، بەڵام لەجێى دەنكە زەنگيانە دەنكە لمى وردو بچوك بچوك بوون بەجێم بهێشتايە ملوانكەكە پژان پژان دەبوو بەناو ژوورەكەمدا، ئەو هەموو سكاڵاو گريانو خەمو گلەييانە وەك ئاردى بن دڕكيان لێدەهاتو منيش جگە لەوەى بريني خەمو خەفەت سەرتاپاى گيانميان كرمە رێز دەكرد، دەبوومە بێمروەتترينو ناپياوترين پياوى دونيا.

لارە سێبەرى ئێوارە گەڕابووە ئەو ماڵو گەورە كوێرەوە بووەى ميمكە تاوس تيا چاوەڕوانبوو، زەردەپەڕيش وەك چاوى زەردى نەخۆشێك بۆمانى دەڕوانى، دەبوا ئيدى

گوندەکەمان بەجێبهێشتایە، وتم میمکە تاوس گیان ئاخر چۆن دەکرێت بەم ئێوارەیەو لەم چۆڵی قوڵفەیەدا تۆو بێشکەیەك بەجێبهێڵین؟ ئای رۆڵە بەخوا وابزانم هەرچی قسەو حاڵو حیکایەتی خۆم بۆگێڕایتەوە لەگوێی راستتەوە وەرتگرت و لەگوێی چەپتەوە تێپەڕی، ئەگەر وانەبوایە نەتئەوت وەرە لەگەڵما. ئیدی دڵنیابووم میمکە تاوس نەلەگەڵم دێتو نەدەتوام زەڕەیەك ئاڕاستەی ژیانی بگۆڕم، ئای چەندە دڵشکاو و بریندداربووم بەوەی میمکە تاوس هەرچییەکم بۆگێڕاویتەوە لێی تێنەگەیشتووی، ممیی گیان من ئەوکاتە لەتۆ تێگەیشتم کەلەئوتێلەکەدا ئەم قەحبەخانەیەی پێیدەڵێن ژیان خستمە سەر پێڵاوەکانمو تاهێزم تیابوو تێمهەڵدا. جانتاو قەڵەمو کاغەزەکانم کۆکردەوەو بەرەو لای شۆفێرەکەمو سەیارەکە هاتمە خوارەوە، کەمیمکە تاوسم جێهێشتو خواحافیزیم لێکرد ئەویش بەدەم وەڵامی دامەوە، بەڵام بەچاوەکانیەوە شتی ترم بەدیدەکرد هەستمدەکرد زۆر بێمنەتە بەجێی بێڵمو یەکتۆز چییە چۆڵو هۆڵی تەنیایی ئەم گوندە نایترسێنێ، لەڕێی بریسکە بریسکی چاوەکانیەوە کەهەر دەتگوت دوو گۆمیچکەی ناو خەرابستانێکە پێی دەوتم برۆیتو نەڕۆیت وەك یەك وایە بمنووسیتەوەو نەمنووسیتەوە ژیان ئیقاعی خۆی تێك نادات، بریسکە بریسکی چاوەکانی میمکە تاوس وەك دوو دەستی پۆلاینی پڕ رەشەبا دوو زللەیان لێدامو وریایان کردمەوە، بەوەی ئێمە مەستین بەوەهمێك ناوی ژیانە، هەرکە پشتم کردە میمکە تاوسو بێشکەکەی ئیدی هەستمکرد من تازە کەسێکی ترمو چاوم وازی لەهەموو روانینەکانی تر هێناوە.

– ئەریٚ مامۆستا لەبەیانییەوە سڕبووم، لێرە لەبرسا مردم تۆچیتکرد، خوا رۆژی کردۆتەوە لەگەڵ ئەم پیرەژنەدا قسەدەکەیت، وا خوا خەریکە رۆژ هەڵدەگرێت تۆ هەر تەواو نەبوویت، شۆفێرەکە لەسەر کوچکە بەردێك دانیشتبوو وای پیٚ وتم.

کەبەرەو رووی چووم بەبێئەوەی دەم هەڵبێنمەوە چووم دەرگای سەیارەکەم کردەوەو بەڕوانینێك کەغەزەبی لێئەباری پێموت وەرە سەرکەوەو سەیارەکە بئاژوو، دیاربوو شۆفێرەکەم لەبێتاقەتیو تورەییم حاڵی بووبوو، بۆیە بەبێ متەق سەرکەوت، سولفی لێداو لەچاوی کوێری گوندەکەو لەچاوی پڕ چاوەڕوانی میمکە تاوسو بێشکەکەی ونبووین.

لـەدوای ئـەم دێـڕەوە ئیـدی نووسـراوی نـاو یادداشـتەکانی دۆزەخ بەشـێوازێکی تـرو بەجۆرە پێنوسێکی تر نووسرابوون، دێڕەکان ماندوویی‌و بێتاقەتی زیاتری پێوە دیـاربوو. دوایئەوەی دوا چۆڕی قاپە ویسکییەکەم هەڵچۆڕاندە ناو پەرداخەکەوە کاتژمێر بووبوو بـە ٢،٤٦ دەقـەی شـەوێکی تـابلێی تاریـك‌و بێلـەزەت، دوا جگەرەشـم داگیرسـاند دوکـەڵی جگەرەو دوکەڵی نائومێدیی‌و یەئس لەلوت‌و دەممەوە دەهاتنەدەر وەك دەڵێن شەشدەری هات‌و نەهاتم لێگیرابـوو، بەدرێـژایی ئـەو شـەوە هـەر دەمخـواردەوە لەئوتێلەکـەدا، بـەڵام نەمەست بووم‌و نەسەرخۆش، یەکسەر خەیاڵم بۆلای ئەو قسەیەی میمکە تـاوس چـوو کـە لەوەڵامی ئەو قـسەیەی منـدا کـە وتم میمکـە گیـان ئەگـەر بـەگوێگرتنیش بێـت دەمـەوێت تۆزێك لەو کۆڵـە گرانـەت لێبگـرم، کـەوتی کـوڕی شـیرینم تـەواوی تەمـەنت بـەربادو فـەنا دەبێت‌و ناتوانی بەردێك بخەیتـە سـەربەردێك، تـازە کـێ دەتـوانێ دڵـی سـووتاو بکاتـەوە بەدڵی پێش سووتاو، دەفتەرەکەم تونـد گوشـی بەسـنگمەوەو بـەخاوەنی ئوتێلەکـەم وت زۆر گەرمامە بەهەوای سپلێت فێنکم نابێتـەوە، دەچـمە سـەربان تۆزێـك هـەوای دەرەوە هەڵدەمژم، لەسەربانەکەوە سەیری ئەو چراخان‌و جادەو سەیارە رەنگاو رەنگانەم دەکردو دوا دێڕم نووسـی کەئەمـە بـوو ئـەم هـەموو بێدەنگی‌و بـێ موبـالاتی‌و بێدەسـەڵاتییەمان بەجۆرێك لـەجۆرەکان بەشـداریکردنە لـەو هـەموو بێشـەرەفییەی دەرهـەق میمکـە تـاوس دەکرێت، بۆیە من لەمە زیاتر درێژە بەم بێشەرەفییە نادەم کەپێی دەڵێن ژیان.

— دەفتـەری یادداشـتەکانی دۆزەخـم داخـست و گیـانم وەك بـی نـاو ئـاو دەلـەرزی، نەمدەزانی چی بکـەم ئـەوا ئـەو لەسـەربانی ئوتێلەکـەوە خـۆی هەڵدایـە خـوارەوەو خـۆی نـەجات دا، هەرچـۆنێك بێـت لەسـەر قەرەوێڵەکـەم هاتمـە خـوارەوەو سوچـێکی پـەردەی پەنجەرەکـەم لاداو تۆزێـك لـەو دونیایـەم روانـی کەرێگایـەکی تیانـەمابوو بـۆ ژیـان‌و پیاسەکردن، منیش تاکی پەنجەرەکەم کردەوەو هەتا هێزم تیابوو یـەك هۆقـە تفـم کـردە ژیان.

بیرێکی چیرۆك ئامێز

# دەستەو نەزەر لەناو پەرستگەی عەشقێکی ئەبەدیدا

ئەحمەد قادر سەعید

دێتەوە بیرت ئەو رۆژەی کە هاتیە لام و پێتوتم:

-بۆ وائەکەی؟

-بۆچی خەریکە لەناو دەریای عەشقتدا

ونم ئەکەی؟

ئەی دێتەوە بیرت کە منیش وتم:

-گوڵە جوانە نازدارەکەم

بۆچ نازانی چەندین ساڵە، ئەوینی تۆ

هۆشی منی تێکداوە

ناو دەروونی پڕحەسرەتم

وەکو تۆڕی ئاڵۆزکاوە

ئەی نازانی لەناو دووتوێی دەفتەری رۆحمدا

لەناو ئازارەکانی، شەونخوونی، شەوانی درەنگ وەختمدا

چ داستانێک دەنووسمەوە

یان پرچی چ شۆڕە شیعرێک دەهۆنمەوە

ئەوە دەمی هەگبەی یادگارەکان ناکەیتەوە؟!

تابزانی چەندین یادی شیرینی لەناو گیانیدا

**حەشار دراوە**

**ناگوڵەکەم، ئەوە من نیم تۆ تێک بدەم**

**یان خەندەی سەرلێوت لەبارببەم**

**جوانی روخسارت بشێوێنم**

**یان کۆرپەی حەزم لەباوەشتدا**

**بتۆرێنم**

**ئەو هەستانەی کە تۆ دەیانبینی**

**یان وەک ئاوازێکی هێمن دەیاندوێنی**

**هەر هەموویان رێتمی هەناسەکانی منن**

**بیری تۆ دەبزوێنن**

**ئەوانە شالاّوی گڕی عەشقی تۆن**

**جەستەی لاوازم دەسووتێنن**

**دەی گوڵەکەم**

**گەر دەتەوێ لەدەریای ئەویندتدا**

**ون نەبم**

**گەر دەتەوێ بارانی خۆشەویستیت**

**دابارێتە سەر گیان و رۆحم**

**وەرە و مەلۆیەکی تر لەبەرامەی سینەت**

**بخەرە سەرشارای خەرمانی عەشقم**

**با هۆشی سڕبووی هزرم ببوژێتەوەو**

**ئارامی بۆ بگەڕێتەوە..**

**دەی وەرەو ئاوڕ لەڕابردووی پڕ لەحەسرەتم بدەرەوە**

**دەی وەرەو دەزانی ئەگەر هاتی**

**لەماناکانی خۆسووتان دەگەی**

**لەهەستە تاساوەکانی بوونم پەند وەردەگری**

**دە ئەگەر هاتی**

**بەئەسپایی لاپەڕەیەک لەچیرۆکی عەشقم هەڵدەوە**

**وشەو دێڕو واژەکانی بخوێنەوەو**

**لەمەبەستەکانی وردبەوە..**

**ئەگەر هاتی و لەبەردەم پەیکەری گیانمدا وەستای**

**ئەو ساکە تێدەگەی**

**وشەو دێڕو واژەکان چۆن نووسراون**

**چۆن وەک دانەی مرواری ڕێکخراون**

**یان بەچ تەرزێ بوون بەملوانکەی شیعرو**

**بەگەردنی کێلتدا هەڵواسراون**

**ئەگەر زانیت، ئەو کاتە چاوەکانت داخە**

**تا لێت روون بێ**

**ئاونگی سەر نیگاکانی روانینم**

**زادەی هەوری ئاسمانی بێداریمە**

**بەرامەی باغچەی عەشقی تۆ**

**هەڵاڵەی چاوی ئەستێرەی بەیانیمە**

**دەی گوڵەجوانەکەی سەردەمی خەزانی تەمەنم**

**وەرە لەم ژوانی عەشقی ئەبەدیەتدا**

**چاوە جوانەکانت بۆ تەنها جارێ هەڵبێنە**

ئارام، ئارام لەڕۆحی ماندو و جەستەی شەکەتم

رابمێنە

چۆن بۆتە پەیکەر و

لەناو پەرستگای عەشقتدا دانراوە

هەمیشە هەر چاوەڕوانی تۆیە

بۆیە وا دەستەو نەزەر وەستاوە

بۆ (فێنك) هاوڕازی غەمەکانم، دیارییە





# پیاوێک بەفرتر لەسپی

گوڵاڵە عوسمان

بەدەر لەسرتەسرتی بارینی پۆخە بەفرەکان، هیچ دەنگێکی تر لەناو کۆڵان‌و سەرجادەو شەقامەکان بەرگوێ نەدەکەوت، زیاتر لەچەند کاتژمێرێك دەبوو بەفر دا دەباری، دنیا لەژێر رەحمەتی سپیبوونەوەی بەفرا بوو، سەر لقی درەختەکان و لێواری دیوارەکان، سەر محەجەرەی دەوری باخچەکان، تەنانەت سەر وایەری عەمودی کارەباکانیش سپی سپی بوو بوون لەبەفرا.

منیش لەناو ژوورەکەمدا بووم کەمێك ئارەزووم بەنزیك کەوتنەوە لەزۆپاکە دەکرد، چونکە هەستم بەسەرمایەکی کەم دەکرد لە لەشمدا، هەربۆیە چومە پێشەوە لەزۆپاکەو گەرمییەکەیم زیاد کرد، جارجاریش دەچوومە بەردەم پەنجەرە تەمگرتووی ژوورەکەم و بەدەستی راستم هەڵمی پەنجەرەکەم دەسڕی‌و سەیرێکی دەرەوەم دەکرد، کە ئەمە یەکەمین ساتی دەسپێکی چاوەڕوانیم بوو لەهاتنیدا.

رەشی سەرباڵی ریشۆڵەکانیش کە بەسەر لقی درەختەکانی باخچە بچوکەکەی نێو حەوشەکەمانەوە نیشتبوون وایانلێدەکردم کە زۆرینەی سەرنجەکانم لەواندا کۆبکەمەوە، دواتر گەڕامەوە بۆلای زۆپاکەو کەمێك لەبەردەمیدا دادەنیشتم، بەردەوام هێندە چاوەکانیشم لەئولفەتی چاوەڕوانیدا بوون جارجارێك وردئەبوومەوە لەو تابلۆیەی کەبەلای راستی دیواری پەنجەرەکەوە هەڵواسرابوو، چاوەکانم بەر زۆر شتی تری ناو ژورەکە دەکەوتن، بەڵام هێند چاوەڕوانییەکەم خۆمی لێسەندبووم، نەمدەتوانی دیقەتیان لەسەر رابگرم، مۆبایلەکەم نەبێت کە لەهەموو ساتەکانی تر خۆشەویستر بووبوو لەلام، ئیدی

ورده ورده هەستم بەنزیکبوونەوە لەساتی هاتنەکەی دەکرد، کە زۆر لەمێژبوو شەیداو ئاشنای جیهانەکەی ئەو بوو بووم، زیاتر لەشەش مانگ دەبوو ئەو تەنها لەتەلەفۆنەکەدا (ئەوم) بوو، زۆربەی شەوەکان لەشیرینی خەودا بووم بەزەنگی تەلەفۆنەکە بەئاگای دەهێنام، جاری واش هەبوو هێند خەوەکەم قوولْ بوو بەزەنگی تەلەفۆنەکەم رایدەچڵەکاندم، بەڵام من باکم نەبوو، چونکە ئەو دەنگە ئارامییەکی یەکجار زۆری دەبەخشییە رۆحم، لەهەموو ساتەکاندا هاورێو هاودەنگو هاودۆستم بوو، دیار بوو ئەویش لەمن زیاتر ئارەزووی ئەوەی دەکرد پەیوەست بێت بەرۆحمەوە، چونکە ئەوەی بۆ ئارامی خۆی لێی دەگەڕاو عەودالّی بوو لەمندا بەدی کردبوو.

هەر ئەوەش وای لەوکردبوو درێژە بەم پەیوەندییە بداو رۆژ بەرۆژ زیاتر هۆگری من بێت، منیش چەند لەخۆم ورد دەبوومەوەو خۆم دەپشکنی، نەمدەزانی چۆن توانیومە بەدرێژیی کات پاندبم بەوپەیوەندییەوە کە تەنها لەرێگەی دەنگیەوە بوو.

هەرچەندە من کچێك بووم تەمەنم لەنێوان حەڤدە بۆ هەژدە ساڵاندا بوو، بەڵام تا رادەیەك بیری خۆمم بەکاڵو کرچ نەدەزانی، گومانم لەزۆربەی هەڵسوکەوتەکانی خۆم نەبوو، چونکە تا ئەو دەمەش هیچ شتێك هێند بەقولّی لەخشتەی نەبردبووم، چەندە سەرەنجم لەدەنگی دەداو بیرم لێدەکردەوە بایی ئەوەندە گومانم لیێی نەبوو کەگرنگی پێبدەم، هەر ئەوە نەبێت دەموت ئەمە کەسێکی هاوتەمەنی خۆمەو یان پێدەچیٚ تەنها چەند ساڵێك لەمن گەورەتر بوایە، دڵنیا بوونم لەوە وای کردبوو گەر رۆژێك پەیوەندی نەکردایە نیگەرانییەکی زۆر دایدەگرتم، دەموت تۆ بڵێی ئەمرۆ ناساغ بێت یان شتێك روویدابێت، کاریگەری لەسەر باری ئاسایی ئەو رۆژەی هێند جێهێشتبیٚ کەنەتوانیٚ پەیوەندی بەمنەوە بکات.

ئا بەم چەشنە بۆ ماوەی شەش مانگ بوو لەبەر خۆشەویستیم بۆی مۆبایلەکە بوو بووە یەکێك لەپەنجەکانمو لەدەستم دانەدەکەوت بێئەوەی تەنها جارێك بیر لەوەبکەمەوە گەر زۆرئازاریشم بدات مۆبایلەکەی لیٚ دابخەم یان نەبینینی ببێتە هۆیەك بۆ بێزار بوونم لیێ، یان هەر لەخۆی پرسیارێك لەسیمای بکەم ئاخۆ ئەو کەسێکی چۆنە. من تەنها لەزەینی خۆمدا وێنای ئەوم لەبەر رۆشنایی بەدەنگیا بەجوانترین پیاوی دنیا کێشا بوو، ئیدی گرنگ نەبوو بەلامەوە ئەو چییەو چۆنە، لەو بڕوایەدا نەبووم لەشێوەی ئەودا هەرچی

هەبوایە پەیوەندی بەبچوککردنەوەی روحییەوە هەبوایە، چونکە ئەوەی لەڕۆحیا هەستم پێدەکرد فریشتەئاسا زەینمی خنی بوو.

سەیر لەوەدابوو ئەو هیچ جارێك پێی لەسەر بینینی من دانەدەگرت گەر جارێکیش باسی بینینم بکردایە هەستم بەگرژبوونی دەکرد. بۆیە منیش پاشگەز دەبوومەوە لەقسەکانم کە سەبارەت بەیەکەمین دیدارمان دەمانکرد، بەلاّم من دوای تێپەڕبوونی ئەو هەموو پێکەوەییمان کەتەنها لە تەلەفۆنەکەدا هەبوو چیتر نەمدەتوانی نکوڵیی لەوەبکەم کەناتوانم لەمە زیاتر درێژە بەم پەیوەندییە بدەم گەر بەدیداری ئاشنانەبم.

هەر بۆیە دواجار پێم لەسەر بینینی داگرت، ئەویش بەدڵ ساردییەکی زۆرەوە ئامادەیی خۆی پیشان دا. دوائەوەی شوێنو کاتی یەکەمین دیدارمان دیاریکرد، کە دەمەو عەسرانێك لەماڵی خۆمان بوو، ئیدی بەدەم هەناسەیەکی ساردو قوڵەوە کە هەستم پێکرد تەلەفۆنەکەی خامۆش کرد. کە زۆر گرنگیم نەدایە.

چونکە من چیدی بەرگەی چاوەڕوانیم نەدەگرت، ئالێرەدا مرۆڤ هەست بەسەختیی چاوەڕوانی دەکاتو دەزانیت چاوەڕوانی بەهەرشتێکەوە بێت سەختە. ئاخر سەختە شتێك لەخۆتدا بێتو چنگت نەیگاتێ.

ئیدی بەقەد بارینی دەنکە بەفرەکان چاوەڕوانی لەمندا زیادیدەکرد ،هەر دەهاتمو دەچووم لەبەردەم پەنجەرەکەمەوە بۆ لای زۆپاکە کە لەوسەری ژوورەکە بوو، چەند خولەکێك بەسەر کاتی دیاریکراوماندا تێپەڕی و ئەو قۆرییە چایەی لەیەکەمین ساتی چاوەڕوانییەوە بۆ ئەو خستبووە سەر زۆپاکە خەریك بوو دەکولاّ، جارجارەش کە لەپەنجەرەکەوە دیقەتی سپێتی بەفرەکەم دەدا هیوایەکی زیاتری پێدەبەخشیم، چونکە من هەر لەمێژ بوو رەنگی سپیم خۆشدەویست، زۆربەی جلەکانم سپی بوون، لەیادمە جارێکیان زۆر گەڕام بۆ جانتای سپی، ئەفسوس بەرێکەوت دەستم نەکەوت.

ئینجا سەیرێکی کاتژمێرەکەم کردوو بینیم کات لەهاتنییەوە نزیکە، گەرچی چەند خولەکێك تیپەڕیبوو، بەلاّم زۆر گوێم پێنەدا، ئەمەش زیاتر لەبەر ئەوەبوو دەمزانی هەردێت.

دیسان چوومەوە بەردەم پەنجەرەکەو بینیم زۆریی بارینی بەفرەکە لقی درەختەکانی شۆڕکردبووەوە، بارستایی دیوارەکانی هێند بەرزکردبووەوە بەئاستەم خەڵکت

لـەدەرەوەی حەوشـــەکە دەبـینی، تـــەمی پەنجەرەکــەش زیــادیکرد، چــونکە هەواکــە ساردتردەبوو. لـەپڕ دەنگی لیدانی دەرگاکـە رایگـرتم، گەرچـی تـەپیی بەرفرەکـە دەنگی دەرگاکەی کەمێك نـزم کردبـووەوە، بـەڵام مـن گومـانم نـەبوو کـە ئـەوە هەرچـەند لەگـەڵ بیستنی دەنگی کپیی دەرگاکـە هەسـتم بەڕاچـەنینی نـاخم دەکـرد، تاسـاتێکی قـووڵ کـە بەهەموو لەشمدا هات.

لەڕاستیدا حەزمدەکرد لەدەرگای ژوورەکەمی بدایە، بۆ ئـەوەی خێـرا بمکردایەتـەوەو بمبینیایە، دوائیەوە خۆشم نەمزانی چۆن لەژوورەکەمەوە گەیشتمە هەیوانەکەو نەعلـەکانم لەپێ کردو بەرەو دەرگای حەوشەکە کەمێك لەهەیوانەکەوە دوور بوو، ڕۆیشتم کـە بـەفری حەوشەکە بەرقاچم دەکەوت هەستم بەسـاردییەکی زۆری بەفرەکـە دەکـرد تـا ئـەو چـەند هەنگاوە دوورەم بڕی سەرم کەمێك بـەفر گرتـی، لەگـەڵ ئـەوەی دەسـتێك جلـی ماڵـەوەم لەبـەردابوو گـەرمیی ژورەکـە وای لەجەسـتەم کردبـوو هەسـت بەسـەرما نەکـەم، ئـیتر تـا دەستم گەیشت بەکردنەوەی دەرگاکە هەستم بەگەورەیی ئەو ساتە دەکـرد کەچاوەڕوانی شەش مانگی من بەرەو کۆتایی دەبرد، نەم دەزانی ئەوە چ قەدەریکـە، کاتێـك دەرگاکـەم کردەوە ئەوەی چاوەڕوانم نەدەکرد یان لەزەینی مندا وێنام بۆ نەکێشابوو یـان بەدرێـژایی ئەو هەموو کاتە بەبیرمدا نەهاتبوو ئەوەم بینی.

بینیم پیاوێکی باڵابەرزی بەتەمەن ریشی کەمێك رەشی تێدا مابوو چاکەتێکی درێـژ تـا خوار ئەژنۆی هاتبوو، بەڵام هەموو قۆپچەکانی هەڵپێکابوو.

بۆیـە نـەمزانی چـیتری لەبەردایـە ملپێـچێکی مەیلـەو ئەرخـەوانی لـەملی ئاڵانـدبوو، شـەپقەیەکی رەشـی گـەورەی لەسـەردابوو، زۆریـی بـارینی بەفرەکـە وای لـەو کردبـوو تـا گەیـشتبووە مـاڵی ئێمـە بەتـەواوی سـەر شـانەکانیو سـەر شـەپقەکەی سـپی کردبـوو، دەسـتەکانی خـستبووە گیرفانـەکانی کـەمێك لـەدووری دەرگاکـەوە وەسـتابوو، بەهـەڵمی هەناسەکانیا کەبەخێرایی لەدەم و لوتییەوە دەهاتە دەر دیاربوو تاگەیشتبووە ماڵی ئێمـە ماندو بووبوو، هەرچەند وردی دەبوومەوە چەند ساڵێك لەباوکم گەورەتر بوو، ئـەوەی مـن لەسیمای ئەودا بەدیمدەکرد دەقـاو دەق پێـچەوانەی ئـەو دەنگـە بـوو کـە هـەموو جارێـك لەتەلەفۆنەکـەدا هەسـتم پێنـەکرد بـوو، هـەر ئـەوەش وای لـەو کردبـوو، خـۆ لـەو باسـە بدزێتەوە، من چەند لەناو دەرگاکەدا وەستاوم ئەویش لەودیو دەرگاکەوە بوو، پڕ بەچاوی

خۆمان نیگاو تێڕوانین و حوزن و راستییمان بۆناو یەکتری رەوانە دەکرد، بەڵام ئەو ترسی ئەوەی بوو دەیزانی دوای بینینمان من لەهەموو شتێکی ئەو هەڵدێم، ئەم بۆچوونەش لەچاوەکانی مندا بەئاسانی بەدی دەکرد، هەربۆیەش ئامادە نەبوو تەنها وشەیەکیش بڵێ.

منیش کە بەتەواوی بەفرەکە سەرو سەرشانی سپی کردم ورد ورد سەرماکە بەگیانمدا بڵاو دەبوویەوە، بەڵام هێندەی بەتەزینی رۆحم ئازار درام نیو هێندە بەتەزینی جەستەم ئازارم نەچەشت، زیاتر لەسێ خولەك لەژێر بارینی بەفرەکەدا ماینەوە لەبری ئەوەی پەنجەکانی قاچم کەسیرە بکەون رۆحم کەسیرە کەوت، ئیدی من عاجز عاجز لەو و ئەو عاجز لەخۆی، من تۆراو تۆراو گەڕامەوە ناو خۆمو ئەویش هیچی پێنەکرا، جگە لەگەڕانەوەی بەجێپێکانی خۆیدا کە بەفرەکە پڕی کردبوونەوە، هەرچەندە هێندەی سپێتی بەفرەکە هەستم بەگەورەیی و پاکی و رۆحی ئەو پیاوە دەکرد، بەڵام لەڕاستیدا تائەو دەمەش نەمزانی پیری لەودا هاژەی دێت و زستانە لەسەرو ریشی ئەودا. بەهەرجۆرێ بوو پڕ بەچاوەکانم دیقەتی چاوە هەنگوینی و پڕ حوزنەکانیم دا، خەریك بوو نەتوانم درێژە بەوەستانەکەم بدەم لەبەرامبەریدا، بەڵام لەوە زیاترم بۆنەکرا کە تەسلیم بەخۆی بکەمەوە، ئیدی فێربووم کە تەنیایی بەزۆر لەگەڵ کەسدا بەش ناکرێت، نە بەدەنگ و نەبەڕەنگیش، بگرە زۆرجار بەناخیش.



دیدار لەگەڵ مەریوان وریا قانیع

دیدار لەگەڵ زەینەب یوسفی



# دیدار

حه مه  کاکه ڕه ش

چنور محەمەد



**مەریوان وریا قانیع:**

# ئەوەی توندوتیژیی بەعس لەئەنفالدا لەتوندوتیژییەکانی دەرەوەی ئەنفال جیادەکاتەوە، خەسڵەتی جینۆسایدیی ئەو تاوانەیە

**روونکردنەوە:**

پار، کتێبیکم بەناوی (گفتوگۆ لەسەر خوانی خوێنین) بڵاوکردەوە کە کۆمەڵێك دیدار بوو لەبارەی کارەساتی ئەنفالەوە، ئەمساڵیش بەمەبەستی ئامادەکردنی کتێبی دووەمی هەمان پرۆژە کە بەناوی (بێدەنگیی‌و کۆکوژیی)یەوە دەبێت‌و لەئایندەیەکی نزیکدا چاپ دەبێت، پەیوەندیم بەچەند نوسەرو روناکبیرێکەوە کرد، خۆشحاڵانە بەدەنگمەوە هاتن. یەکێك لەو ئازیزانە مەریوان وریا قانیع بوو. کاتێك من پرسیارەکانم بۆ نارد ئەو وتارێکی لەسەر کارەساتی ئەنفال ئامادەبوو، لەبری وەڵامدانەوەی پرسیارەکان، وتارەکەی بۆ ناردم.

دوای ئەوەی وتارەکەم خوێندەوە هەستمکرد وەڵامی بڕێك لەپرسیارەکانی منی تێدایە، بۆیە بەخۆشحاڵییەکی زۆرەوە کردم بەبەشێك لەکتێبەکەم. دواتر پێم باش بوو،

بـەر لەچـاپکردنی کتێبەکـە، یـەك دوو بابـەتیان لـەگۆڤاری هـەناردا بـڵاو بکەمـەوە. لەوتارەکـەی مـەریوان وریـا قانیعـەوە دەسـتمپێکردو رایـم وەرگـرتو پێـی خـۆش بـوو لەگۆڤاری هەناردا بڵاو بکرێتەوە.

منیش سوپاسمکردو ئێستا بەخۆشحاڵییەوە لێرەدا بڵاودەبێتەوە.

**حەمە کاکەڕەش**

**پرسیارەکان:**

● ئـەگـەر بهاتایـە ئـەنفـال لـەوڵاتێکـی ئیـسلامیدا روویـنـەدایـەو هـەروەهـا مانایـەکـی ئیسلامیشی پێنەدرایە، پێتانوایە ئەنفال بتوانرایە نوقمی بێدەنگییەکی وابکرێت، لـەلایـەن وڵاتانی دراوسێوە تا دەگاتە هەموو وڵاتە ئیسلامییەکانی دونیا، ئەوسا وڵاتانی ئەوروپی.

****

● ئـەو هۆکارانـە چـین کـە ئـەنفـال لـەهۆشـیارییەکـی سیاسـی سـادەوە کـە تـەنها لەیادکردنـەوەی سـەرپێیانـەی سـاڵانەدا قـەتیـسبووە، دەگوازێتـەوە بـۆ هۆشـیارییەکـی کەلتووری، لەو بێدەنگییەی کـە خـاوەنـی قسە نییـە، دەگوازێتـەوە بـۆ بیرکردنـەوەیـەك بەدەنگی بەرز. هەروەها ئەم بێدەنگییە چەند پەیوەنـدی بـەکـورد خۆیـەوە هـەیـە، هـەم لەئاستی بەرپرسیارییەتی کۆمەڵگای کوردی بۆ ئەنفال و هەم لەئاستی دەسـتەڵاتی کوردی خۆیدا.

****

● ئەو پێشنیارە تایبەتیانەی ئێوە چین. بۆ ئەوەی ئەنفال وەك کارەساتێکی سیاسی مێژوویی لەیادوەری ئینسانی کورددا بەچەشنێك بمێنێتەوە کە هەمیشە جێی ئاوڕدانـەوەو قسەکردن بێت لەسەری لەلایەن ئەو نەوانەی کە لەدواڕۆژی کۆمەڵگای ئێمەدان؟

****

● ئایا ئەدەبی کوردی بەپێناسە جیاوازەکانی ئێـوە بـۆ ئـەدەب چـەنـد بـەرپرسـیارە لەبەردەم بیرنەکردنەوەدا لەئەنفال

****

● ئایا ئاستی ئەو ترسە شاراوەیەی لای ئینسانی کورد هەیە بەرامبەر کوردبوونی خۆی، ترسێکە خاوەنی هێزێکی رۆشنبیری وایە کە بتوانێت لەبری تۆڵە خۆبکات بەهێزێك کە هەڵگری لێبووردن بێت. ئایا ئەم هێزە چەند دەسەڵاتی کوردی لێی بەرپرسیارەو چەندیش کۆمەڵگەی کوردی و رۆشنبیرەکانی بەرپرسیارن لەپیشاندانی؟

****

## (١)سەرەتایەکی گشتی:

بەداخەوە تا ئەمڕۆش زۆرجار کە باس لەکارەساتەکانی ئەنفال دەکرێت باس لەگشتێتی ئەو چەوساندنەوە نەتەوەیی و سیاسی و فەرهەنگییە دەکرێت کە میللەتی ئێمە بەدرێژایی ساڵەکانی دەسەڵاتدارێتی بەعس، ئەگەر نەڵێم بەردێژایی ساڵەکانی دروستبوونی دەوڵەتی عێراقی، رووبەڕوویبۆتەوە. باس لەمێژووی پەیوەندییە توندتیژییەکانی نێوان بەعس و کورد دەکرێت، باس لەو ناهەمواریيە گشتییە دەکرێت کە بەعس بەسەر کوردستانیدا هێناوە. واتە ئەمڕۆ کە باس لەئەنفال دەکرێت باس لەگشتێتی مێژوویەکی بریندارو پڕخوێن و پڕ فرمێسك دەکرێت، لەکاتێکدا ئەنفال یەکسان نییە بەمێژووی چەوساندنەوەی بەعس بۆ کوردو یەکسان نییە بەمێژووی بەکارهێنانی توندتیژیی بەعس دژ بەکوردو یەکسان نییە بەسەرجەمی ئەو سیاسەتە تایبەتانەی بەعس بەرامبەر بەکورد بەکارهێناوە. تاوانەکانی بەعس بەرامبەر بەکورد زۆرو فرەشێوەن، ئەنفال لەناویاندا تاوانێکی هێجگار تایبەتە. ئەنفال تەعبیر لەساتەوەختێکی تایبەت و دیاریکراوی هێرشهێنانی بەعس بۆسەر کۆمەڵگای کوردیی دەکات، باس لەشێوازێکی تایبەتی پەلاماردان و شێوازێکی تایبەتی وێرانکاری و شێوازێکی تایبەتی بەکارهێنانی توندتیژیی دەکات، کە بەسەریەکەوە ئەنفال لەتاوانێکی ئاساییەوە دەکەن بەکارێکی جینۆسیادی. ئەوەی ئەنفال لەتاوانەکانی تری بەعس بەرامبەر بەکۆمەڵگای کوردی جیادەکاتەوە کاراکتەری جینۆسایدییانەی پەلامارەکانی ئەنفالە.

گومانی تیانییە بەعس هێزێکی توندوتیژو وێرانکەربووە، هێزێك بووە توندوتیژ بەرامبەر هەریەکێك لەو هێزە سیاسی و دینی و فەرهەنگیيانەی ناکۆك بوون بەخەیاڵی سیاسی ئەو و لەگەڵ دیدو بۆچوون و چاوەڕوانییەکانی ئەودا یەکیان نەگرتۆتەوە، بەڵام

وێرانکاری و توندوتیژی بەعس بەرامبەر بەوانەی ئەو بەناحەزو نەیارو نادۆستی داناوان تەنها لەپەلامارەکانی ئەنفالدا دەگاتە پلەی جینۆساید[١].

تێکەڵکردنی کاراکتەری تایبەتی سیاسەتی بەعس بەرامبەر بەکورد لەئەنفالدا بەسیاسەتە گشتییەکانی بەعس لەقۆناغەکانی بەر لەئەنفالدا نەك تەنها هەڵەیەکی فیکرییە، بەڵکو هەڵەیەکی سیاسی و ئینسانیشە. سەرەتا ئەم تێکەڵکردنە هەڵەیەکی فیکرییە چونکە ناتوانێت تایبەتمەندییەکانی ئەنفال بخوێنێتەوەو شێوازی ئەو وێرانکاری و توندوتیژییەی لەئەنفالدا هەیە لەشێوازەکانی دیکەی وێرانکاری و توندوتیژی بەعس جیابکاتەوە. واتە ناتوانێت تایبەتمەندییەکانی ئەنفال وەك کارێکی جینۆسایدیانە دەستنیشانبکات. ئەم تێکەڵکردنە هەڵەیەکی سیاسیشە چونکە بەکارهێنانی چەمکی ئەنفال بۆ وەسفکردنی سەرجەم ئەخلاقیاتی توندوتیژانەی بەعس بەرامبەر بەکورد سیفەتی جینۆسایدیانەی پەلامارەکانی ئەنفال لاوازدەکات و تایبەتمەندێتییەکانی ئەم پەلامارانە تێکەڵدەکات بەو شێوازە باڵادەستەی چەوساندنەوەی نەتەوەیی کە مەرجنییە هەموو جارێك بگاتە ئاستی جینۆساید. سەندنەوەی کاراکتەری جینۆساید لەئەنفال وەکچۆن بەعس لەکۆمەڵێك بەرپرسیاریەتی سیاسی رزگاردەکات، ئاوا کوردیش لەکۆمەڵێك داواکاری سیاسی بێبەش دەکات و برو رادەو قووڵایی ئەو هەرەشانەی لەسەریبووە لاوازو کەمبایەخدەکات. هەروەها ئەم تێکەڵکردنە هەڵەیەکی ئینسانیشە، چونکە بەجینۆسایدکردنی ئەنفال مانای ئەوەی ئەوانەی لەئەنفال رزگاریانبووە، ئەوانەی ئەنفال راستەوخۆ بەناو ژیانی تاکەکەسی و دەستەجەمعییاندا تێپەریوە، پێویستیان بەمامەڵەیەکی تایبەت هەیە، جیاواز لەمامەڵەی ئەوانەی کەشێوازی ناجینۆسایدییانەی توندوتیژیان ئەزموونکردوە. کەدەڵێم پێویستیان بەماڵەیەکی جیاواز هەیە مەبەستم ئەوە نییە بڵێم دەبێت بەئەمان گرنگی زیاتر بدرێت، یان فەزلیان بدرێت بەسەر ئەوانەدا کە شێوازی تری توندوتیژیی بەعسیان ئەزموونکردوە. ئەوەی دەمەوێت بیڵێم ئەوەیە کە رزگاربووان لەدەستی جینۆساید، کێشەی تایبەتی خۆیان هەیەو چارەسەرکردنی ئەو کێشانەش پێویستی بەمامەڵەی تایبەت هەیە. بۆئەوەی جینۆساید یان ئەو توندتیژییانەی کە لەجینۆسایدەوە دێن دووبارەنەبنەوە، کارکردن لەزیاد لەئاستێکدا پێویستە، ئەم کارکردنەش مەحاڵە بەبێئەوەی لەخاسیەتەکانی جینۆسایدو ئەو برینانەی جینۆساید

دروستیاندەکات تێنەگەین و تێکەڵیاننەکەین بەشێوازەکانی تری بەکارهێنانی توندوتیـژیی بەرامبەر بەئینسان[٢].

ئەم سەرەتا گشتییە ناچارماندەکات بگەڕێینەوە بۆ دەستنیشانکردنی چییەتی ئەنفال و جیاکردنەوەی لەتاوانەکانی تری بەعس.

## (٢)ئەنفال چییە؟

ئەنفال بریتییە لەو هەشت پەلامارە سەربازییە پلان بۆ رێـژراوەی کـە لـەنێوان مـانگی شوبات و مانگی ئەیلولی ساڵی ١٩٨٨دا کرایە سەر ئەو بەشە تایبەتـەی کۆمەڵگـەی ئێمـە کە دەکرێت پێیبڵێن کەرتی لادێ یان گوندەکانی کوردسـتان. واتـە پـەلامارەکانی ئـەنفال ئەو کۆمەڵە پەلامارەن کە لەمێژوویەکی تایبەتدا دەسـتپێدەکەن و لەمێژوویـەکی تایبەتـدا کۆتاییانپێـدێت و رووبـەڕووی بەشـێکی تایبــەتی کۆمــەڵگای ئێمــە دەکرێتــەوە. ئــەم دەستنیشاکردنە تایبەتە وادەکات ئەنفال وەك رووداوێکی تایبەت تێکەڵنەکرێت بەڕووداوە خوێناوییـەکانی تـری مێـژووی هاوچـەرخی ئێمـەو شوناسـێکی تایبـەتی پێببەخـشێت. وەکچۆن لەهەمانکاتدا مانایەکی تایبەت و قورساییەکی تایبەتیشی پێدەبەخشێت[٣].

بێگومان پەلاماری وێرانکەرانە بۆسەر کوردسـتان سیاسـەتێکی دێرینی بـەعس بـووەو بەشـێکبووە لـەو رەوشـتە سیاسـییە باڵادەسـتەی ئـەم هێـزە مامەڵـەی کێـشەی کـوردی لەعێراقـدا پێکـردوە. بــەعس هێزێکبــوو مەســەلەی کــوردی وەك کێــشەیەکی ئــەمنی وێناکردوەو وەك کێشەیەکی ئەمنیش مامەڵەی لەگەڵدا کردوە. لای بەعس مەسەلەی کورد مەسەلەی میللەتێك نـەبووە خـاوەنی کۆمـەڵێك مـاف و داخـوازی سیاسـیی و کولتـوریی و جوگرافی و ئـابوریی نەتـەوەیی، بـەڵکو مەسـەلەیەکی ئـەمنی بـووە کەبـەردەوام مەترسـی بۆسەر دەوڵەتی عێراقی و هێزە حوکمڕانەکانی دروستکردوە. دیدی بـەعس بـۆ مەسـەلەی کورد دیدێکی سیاسی نەبووە، بەڵکو دیدێکی ئەمنی بووە. بەم کارەشی بەعس مەسەلەی کوردی لەکایەی سیاسەتەوە گواستوەتەوە بۆ کایـەی ئاسـایش. واتـە مەسـەلەی کـوردی لەمەسەلەیەکی سیاسییەوە گۆڕیوە بۆ مەسەلەیەکی ئەمنی، لەهەڵگری کۆمەڵێك داخوازی سیاسیی و کولتورییەوە کردویەتی بەهەڵگری کۆمەڵێك هەڕەشەی ئەمنی لەسەر دەوڵـەتی عێراقی. بۆیە چارەسەری ئەم مەسەلەیەی وەك چارەسـەرێکی سیاسـی مامەڵەنـە کردوە،

بەڵکو وەك چارەسەرێکی ئەمنی دیویەتی کە پابەستبووە بەبەکارهێنانێکی بەرفراوان و بەردەوامی توندوتیژیی. بێگومان بەعس تاقە هێزێك نەبووە لەعێراقدا کە پەیڕەوی ئەم سیاسەتە تایبەتەی بەرامبەر بەمەسەلەی کورد کردبێت و بەعس داهێنەری ئەم شێوازی مامەڵەیە لەگەڵ مەسەلەی کوردا نەبووە، حکومەتەکانی تری دەوڵەتی عێراقی بەر لەبەعسیش هەمان مامەڵەیان لەگەڵ مەسەلەی کوردا کردوە. واتە بەعس داهێنەری ئەم کولتورە تایبەتەی بەئەمنیکردنی مەسەلەی کورد نییە، بەر لەبەعسییش حکومەتە جیاوازەکانی تری عێراق کاراکتەری سیاسیان لەمەسەلەی کورد سەندۆتەوە، بەڵام هیچ یەکێکیان بەئەندازەی بەعس مەسەلەی کوردیان لەکاراکتەرە سیاسییەکەی دانەبڕیوەو وەك مەسەلەیەکی ئەمنی رووت مامەڵەیاننەکردوە. بەعس چارەسەری مەسەلەی کوردیان راستەوخۆ دایە دەست لەشکرو هێزەکانی ئەمن و موخابەرات و دەزگا توندوتیژە کانی تری دەوڵەتی عێراقی. یەکێك لەهۆکارە سەرەکییەکانی ئەنفال بەچڵەپۆپەگەیشتنی ئەم دیدە ئەمنییە بوو بۆ مەسەلەی کورد لەلایەن بەعسەوە.

کە دیدی ئەمنی دەبێتە تاقە دیدێك بۆ مامەڵەکردنی کێشەیەکی سیاسیی، ئەوکات توندوتیژیی دەبێتە ئەو ئامرازە سەرەکییەی بۆ مامەڵەکردنی ئەو کێشەیە پەنایبۆدەبرێت. توندوتیژی و ترساندن و سزادان و لەناوبردن دەبنە زمانی قسەکردنی دەوڵەت لەگەڵ ئەو کێشەیەدا. بەڵام ئەم زمانی توندوتیژیی و ترساندن و سزادانە مەرجنییە هەمیشەو هەردەم و بەشێویەکی حەتمی بگات بە جینۆساید. توندوتیژی دەکرێت تەنها ستراتیژێکبێت بۆ سزادانێکی سنووردار بەمەبەستی بەرهەمهێنانی ترسێکی گەورە کە وابکات رێگە لەبەرزکردنەوەی داخوازی سیاسی و ئابوریی و فەرهەنگی بگرێت. بەڵام توندوتیژی کاتێك کاراکتەری جیۆنسایدییانە وەردەگرێت مانای وایە رووی لەگروپ یان پێکهاتێکی کۆمەڵایەتی دیاریکراوە بەنیازی لەناوبردنی یەکجاریان، نەك بەنیازی سزادان یان ترساندن یان بێدەنگکردنیان. توندوتیژیی جینۆسایدییانە سزادان لە کاری ترساندن و مامالەیەکی توندتیژیی جوزئییەوە دەکاتە سزادانی گروپێك یان هێزێك بەمەبەستی لەناوبردنی سەرتاسەریی ئەو گروپە. ئەوەی توندوتیژی بەعس لەئەنفالدا لەتوندوتیژییەکانی دەرەوەی ئەنفال جیادەکاتەوە ئەم خەسڵەتە جینۆسایدییەیە.

لەڕۆژگاری هاتنە سەر حوکمیانەوە بەکارهێنانی توندوتیژیی بەرامبەر بەمەسەلەی کوردو بەستنەوەی چارەسەرکردنی ئەم مەسەلەیە بەئەگەری بەکارهێنانی توندوتیژیی دەوڵەتەوە بەشێکی دانەبڕاوبووە لەشێوازی مامەڵەکردنی بەعس لەگەڵ کوردا، بەڵام لەقۆناغێکدا هێرشە توندوتیژەکانی بەعس بۆسەر کوردستان سیفەتی هێرشی "ئاسایی" لەدەستدەدەن و دەبنە هێرشی راستەوخۆو بەردەوام بەمەبەستی لەناوبردنی گشتیی و کۆتاییهێنانێکی یەکجارەکی بەمەسەلەی کورد. ئەم شێوازە لەپەلاماری سەربازیی هەمەلایەن و بەردەوامی بەعس بۆسەر کورد لەمانگی سێی ساڵی ١٩٨٧ دەستپێدەکات و تا ساڵی ١٩٨٩ دەخایەنێت. لەم دوو ساڵەدا رادەی پەلاماری بەعس بۆسەر کۆمەڵگای کوردی بەشێوەیەکی بەرچاو بەرزدەبێتەوەو سنووری چالاکی رەمزی و ترساندن و سزای جوزئی تێدەپەڕێنێت و دەپەڕێتەوە بۆسەرزەمینی وێرانکردنی بەرفراوان و فرەلایەن و سەرتاسەریی. لەم دوو ساڵەدا مەسەلەی کورد دەبێتە یەکێك لەمەسەلە ئەمنییە هەرە گرنگەکانی بەعس و هێزە سیاسییەکانی کورد وەك کۆمەڵێك هێزی جەردەو ناپاك و ترسناك مامەڵەدەکرێن. لەناو ئەم نەخشە فراوان و هەمەلایەنەی پەلاماردانی کوردستاندا، ئەنفال بریتییە لەو پەلامارانەی کە لەنێوان ٢٣ شوبات و شەشی ئەیلولی ساڵی ١٩٨٨دا روودەدەن. واتە مێژووی دەستپێکردنی پەلامارەکانی ئەنفال بەئەنفالی یەك دەستپێدەکات لەڕۆژی ٢٣ شوباتداو مێژووی کۆتاییهاتنیشی بەئەنفالی هەشت کۆتاییدێت لەڕۆژی شەشی ئەیلولی ساڵی ١٩٨٨دا. هەموو پەلامارەکانی ئەنفال شەش مانگ و یازدە رۆژی پێدەچێت. ئەنفال بریتییە لەکۆی ئەو وێرانکاری و کوشتن و لەناوبردنەی بەعس لەماوەی ئەو شەش مانگ و یازدە رۆژەدا ئەنجامیدەدات. پەلامارەکانی بەر لەو مێژووەو پەلامارەکانی دوای ئەو مێژووە بەشێك نین لەپەلامارەکانی ئەنفال.

هەریەکێك لەو پەلامارانەش رووی لەناوچەیەکی جوگرافی پێشوەخت دەستنیشانکراو بووە. ئەنفالی یەك رووی لەناوچەی سەرگەڵو و بەرگەڵو بوو کە سەرکردایەتی یەکێتی تێدابوو، لەکاتێکدا ئەنفالی هەشت رووی لەناوچەی بادینان بوو کە هەندێك لەهێزەکانی پارتی تێدابووە. حەوت پەلامارەکانی تری ئەنفال بۆسەر ئەو ناوچانە بووە کە کەم تازۆر لەژێر دەسەڵاتی هێزەکانی یەکێتیدابوون. ئەنفالی یەکەم، سێ هەفتەی دەخایەنێت و ئەوانی تریان ماوەکانیان کەمتر بووە. ئەنفالی یەك تا ئەنفالی حەوت لەکاتی جەنگی

ئێران و عێراقدا ئەنجامدارون، بەڵام ئـەنفالی هەشت لەناوچـەی بادینانـدا دوای وەسـتانی جەنگی ئێران و عێراق دەستپێدەکات و سەرجەمی رووداوەکانی دەکەوێتە دوای وەستانی ئەو جەنگەوە. ئەمەش نیشانیدەدات کە پەلامارەکانی ئـەنفال بەشـێك نـەبوون لەجـەنگی ئێران و عێراق و ستراتیژە سەربازییەکانیان بەشێك نەبووە لەستراتیژیەتی جەنگی ئێران و عێراق.[٤]

ئەوەی گرنگە ئاگاداری بین ئەم سنووردارییە زەمەنییـەو ئـەو شـوێنە پێناسـکراوانەیە کـە پـەلامارەکانی ئـەنفالیان تیـادا پیـادەکراوە. ئەمـەش مانـای تێکەڵنـەکردنی زەمـان و زەمینی پەلامارەکانی ئەنفالە بەزەمان و زەمـینی پـەلامارو ناشـیرینییەکانی تـری بـەعس بەرامبەر بەکورد. ئەنفال کۆمەڵێك پەلاماری تایبەتە کە لەمێژوویـەکی دیـاریکراودا دەسـت پێدەکات و رووشی لەبەشێکی دیاریکراو و پێشوەخت پێناسـکراوی کۆمـەڵگای کوردییـە. ئامـانجێکی پێـشوەخت دەستنیـشانکراو بـەڕێوەیبردوە، کـە بریتییـە لـەوێرانکردنی گوندەکانی کوردستان و کوشتن و لەناوبردن و راگوێزانی دانیشتوانی ئەو گوندانە. ئـەنفال پرۆژەی لەناوبردنی لادێکانی کوردستانە، نەك پرۆژەی لەناوبردنی کورد هەمووی. ئەمەش مانای ئەوەی پەلامارەکانی ئەنفال روویان لەهەموو کۆمەڵگای کوردی نەبووە، رووبەڕووی هـەموو کـوردیش نەکراونەتـەوە، بـەڵکو روویـان تـەنها لەگونـدەکانی کوردسـتان بـووەو ویستویانە لادێکـانی کوردسـتان و گوندنیـشەکانی ئـەم کۆمەڵگایـە لەناوببـەن، ئەگەرچـی وێرانکردنی گوندەکان و کوشتن و گرتن و راگواستنی گوندنشینەکان کاریگەریی گـەوەرەو خراپ و هەمەلایەن لەسەر سەرجەمی کۆمەڵگای کوردیی بەجێدەهێڵێت.

بەو مانایەی سەرەوە کیمیابـارانکردنی شـارێکی وەك هەڵەبجـەو رووخانـدنی شـارێکی وەك قەڵادزێ بەشێك نین لەپەلامارەکانی ئەنفال. هێرش بۆسەر ئەم دوو شـوێنە لەوانەیـە لۆژیکی شەڕی ئێران و عێراقی لەپشتەوەبووبێت، یـاخود بیرۆکـەی تۆڵەکردنـەوە یـان رق یـان هەرشـتێکی دیکـەی لـەم بابەتـە ئاراسـتەی کردبێـت. هەرچـییەك بووبێـت لۆژیـك و مەبەسـتی پـەلاماردانی ئـەو شـارانە جیـاوازن لـەلۆژیکی جینۆسـایدییانەی پـەلامارەکانی ئەنفال بۆ سەر گوندەکانی کوردستان. تاوانی ئەنفال پەیوەنـدی نییـە بـەتوڕەبوونی ئـەم یـان ئـەو سـەرکردەی سـەربازیی، بەملـهوڕی و نابەرپرسـیارێتی ئـەم یـان ئـەو ئەفـسەرو جەنەراڵ و گوردانی سوپاوە، ئـەنفال هێرشـێکی پلانبۆداڕێـژراو و پێـشوەخت بیرلێکـراوە

بوو کە ئامانجی وێرانکردنی هەموو توانایەکی ژیان بوو لەگوندەکانی کوردستانداو ستراتیژیەتی لەناوبردنی گوندو گوندنشینەکانی لەپشتەوەبوو.

ئەم جیاکارییەی سەرەوە جیاکارییەکی گرنگە، چونکە تەنها لەڕێگای ئەم جیاکارییەوەیە دەکرێت سیفەت و مانای جینۆسایدیانەی پەلامارەکانی ئەنفال دەربکەوێت.

## (٣)تایبەتمەندییەکانی ئەنفال:

هەموو جینۆسایدێك حیکایەتی کوشتن و لەناوبردنێکی دەستەجەمعی دەگێڕێتەوە کە تیایدا بەهەزاران ئینسان لەسەربوون یان نەبوونی سیفەتێکی تایبەت یان لەسەر شێوازێکی تایبەتی ئینسانبوون دەکوژرێن. بەڵام هەموو جینۆسایدێکیش کۆمەڵێك تایبەتمەندی خۆی هەیە، هەلومەرجێکی مێژوویی دیاریکراو و کۆمەڵێك هۆکاری سیاسیی و کۆمەڵایەتیی و کولتوریی تایبەت دەیخولقێنن. بەشێوەیەکی گشتی لەپشتی جینۆسایدەوە وەك تاوان کۆمەڵێك هۆکار هەیە، بۆ نموونە ئامادەگی دەوڵەتێك کە کێشەی سیاسیی و ئەتنی و دینی و کولتوریی هەبێت لەگەڵ برێك لەدانیشتوانی ئەو وڵاتەدا. دەوڵەتێك گەر دەوڵەتێکی تۆتالیتاریش نەبێت، ئەوا زۆر رەگەزو کاراکتەرو مەیلی تۆتالیتارییانەی بەهێزی تێدابێت. ئەم دەوڵەتە دەبێت کاراکتەرێکی مۆدێرنیشی هەبێت، واتە لەشکری مۆدێرن، دەزگای بیرۆکراتی مۆدێرن، تەکنۆلۆژیای پەیوەندی مۆدێرن، شتی دیکەی لەم بابەتەی هەبێت کە بەهۆیانەوە بتوانێت هەم جینۆساید رێکبخات و هێزی بۆکۆبکاتەوە هەم بشتوانێت ئەنجامیبدات. زۆربەی جینۆسایدەکان لەئامادەگی حزبێکی سیاسیدا ئەنجامدارون، حزبێك کە خەڵك رێکبخات و هانیانبدات و هاریکاریانبکات بۆ پیادەکردنی جینۆساید. بوونی ئایدیۆلۆژیایەکی سیاسیش بۆ ئەنجامدانی جینۆساید یەکێکە لەپێداویستییە گرنگەکان، ئایدیۆلۆژیایەك ئەوانەی جینۆسایدیان بەرامبەر دەکرێت وەك کەسانی ناپاك و تاوانبارو تەنانەت نائینسان وێنابکات و بناسێنێت. بوونی دەزگای بیرۆکراتی تایبەت و تەرجەمەکردنی بڕیاری جینۆساید بەدەیان و سەدان و هەزاران بڕیاری بیرۆکراتی بچووك کە هەر یەکێکیان کەسێك و لایەنێك و دەزگایەکی تایبەتی پێیهەڵبستێت، بەجۆرێك گەر بمانەوێت وێنەیەکی گشتی کارە جینۆسایدیەکەمان

دەستبکەوێت ناچاربین ئەو هەموو بڕیارو دەزگاو لایەنە بچووك و لۆکاڵییانە پێکەوە لەناو وێنەیەکی گەورەدا کۆبکەینەوە. واتە جینۆساید کارێکە بەتەنها بەم یان بەو کەس یان بەم یان ئەو دەزگا ئەنجامنادرێت، بەڵکو تاوانێکە دابەشدەکرێت بەسەر چەندان دەزگاو لایەن و بڕیاری بچووك و لۆکاڵیدا.(٥)

دەڵێم سەرەڕای ئەم خاڵە گشتییانە ئەنفال لەعێراقدا هەڵگری کۆمەڵێك تایبەتمەندییە کە من هەوڵدەدەم لێرەدا لەسەر چوار گرنگترین تایبەتمەندیان ڕابوەستم.

**یەکەم: بەشداربوونی دەوڵەت وەک گشتێک لەتاوانەکانی ئەنفالدا**

خاڵێکی گرنگ کە ئەنفال لەتاوانەکانی دیکەی بەر لەئەنفال و دوای ئەنفال جیادەکاتەوەو لەهەمانکاتیشدا تایبەتمەندییەکی تایبەتی پێدەبەخشێت ئەوەیە ئەوەی کە ئەنفال ئەنجامدەدات خودی دەوڵەتی عێراقییە وەك دەوڵەت. ئەنفال بەتەنها دەزگاکانی حزبی بەعس، یان دەزگا نیمچە میلیتارییەکان یان ئەم یان ئەو هێزو ئەم سەرکردەو ئەو گوردانی سەربازیی لێیبەرپرسیار نییە، بەڵکو دەوڵەتی عێراقی وەك دەوڵەت، وەك گشتێکی ئۆرگانی، لەسەرەتای ئەنفالەوە تا کۆتایی ئەنفال بەشدارە لەپلان بۆدانان و ڕێکخستنی تاوانی ئەنفال و کۆکردنەوەو دابینکردنی ئامرازو پێداویستییە تایبەتییەکانی ئەنجامدانی ئەم تاوانە. ئەم بەشدارییە چالاك و هەمەلایەنەی دەوڵەتە سیفەتی سەرەکی تاوانەکانی ئەنفال دەستنیشاندەکات. هەر ئەم بەشدارییە ئۆرگانییەی دەوڵەتە، بۆ نموونە، تاوانەکانی ئەنفال لەتاوانی جینۆسایدێکی گەورەی وەك ئەوەی ڕواندا جیادەکاتەوە. بەشداری سەرتاسەری دەوڵەتی عێراقی وەك دەوڵەت لەئەنفالدا بەڕادەیەك گشتگیرە زەحمەتە بتوانین لەدەرەوەی دەوڵەتدا تاوانباری دیکە بۆ ئەنفال لەناو عێراقدا بدۆزینەوە، لەکاتێکدا لەڕواندادا خەڵکی سادەو ساکاری دەرەوەی دەزگاکانی دەوڵەت بەشداریان لەکوشتنی قوربانییەکاندا کردوە، لەڕواندا دراوسێ دراوسێ و ناسراو ناسراو هەندێکجار هاوڕێ هاوڕێی بەچەقۆو قەمەو تەورو داس کوشتووە.

ئەو دەزگایانەی حکومەتی عێراقیش کە لەتاوانی ئەنفالدا بەشدارن ئەو دەزگایانەن کە پێکهاتەی سەرەکی ئەم دەوڵەتە پێکدەهێنن و شوناسی دەوڵەتی عێراقی وەك دەوڵەت دەستنیشاندەکەن. ئەو دەزگایانەش هەندێکیان سەربازیین، هەندێکیان حزبی و

مــەدەنین، هەنــدێكیان بەرپرســی كاروبــاری ئــەمنین، هەنـدێكیان دەزگـای نیمـچە سـەربازین. گـرنگترینی ئـەو دەزگایەنەی لەپـەلامارەكانی ئەنفالـدا بەشـداربوون بـریتین لەمانەی خوارەوە.

١- لەشكری عێراق: فەیلەقی یەك و فەیلەقی پێنج.

٢- دەزگای ئەمنی: مدیریەتی ئەمنی عامە.

٣- حزبـی بـەعس. برێكـی زۆر لـەدەزگاكانی حزبـی بەعس.

٤- هێزە رەسمییە كورییەكان. فەوجەكانی خەفیفە.

هەریەكێكیش لەم دەزگایانە لەچەندان دەزگای بچووك و گەورە پێكهاتوە كە ئەرك و كـاری جیـاواز رادەپـەڕێنن. ئەمانـە هەنـدێكیان چـەك بەدەسـتن، هەنـدێكیان دەزگـای هــەوالگرو كۆكــەرەوەی زانیــارین، هەنــدێكیان شــۆفلْ و بلـدۆزەر و ئامێرەكــانی تــری روخانــدن ئامادەدەكــەن، هەندێكیان ئەركیان تەنها گواستنەوەیە هتد...

> لەم دیدەدا ئەنفال یان جینۆساید شتێك نییە نمایشبكرێت و تاقە لایەنێك كە بۆی هەیە باس لەئەنفال بكات ئەوانەن كە وەك قوربانی بەناو جەهەنەمی رووداوەكانیدا تێپەڕیون

**دووهەم: كوشتنی بەكۆمەڵ بەڵام تایبەت**

شێوازی كوشـتن لەتاوانـەكانی ئەنفالـدا شـێوازێكی زۆر تایبەتەو جیاوازە لەو شێوازانەی تـری كوشـتن كـە بـەعس لەعێراقـدا پیادەیـدەكرد. كـە ئەمـە دەڵـێم دەزانم رەنگـە كەسـانێك هــەبن بڵــێن مــردن هــەر مردنــە، گــرنگ نییــە ئینـسانەكان بـەچ شـێوازێك دەكـوژرێن، گـرنگ ئەوەیـە ئینــسانەكان دەكــوژرێن. هەنــدێك لــەم رووەوە زیــاتر پێـدادەگرن و بـاس لـەوە دەكـەن كـە نابێـت ئازارەكـانی ئەنفال نمایشبكرێن، ناڕاستە كەسێك كە خۆی ئازارەكانـی ئـەنفالی نـەدیبێت لـەدەرەوەڕا بـاس لـەو ئازارانـەبكات، ئـەوەی تـەنها مـاف قسەكردن و گێڕانـەوەی ئازارەكـانی هەیـە قوربانییـەكان خۆیـانن. لـەم دیـدەدا باسـكردنی ئـەنفال و

هەوڵدان بـۆکردنی بەبابـەتی تێڕامـان و خوێندنـەوە، ناهەقیکردنـە بەرامبـەر بەوانـەی کـە ئەنفالیان بەرامبەر کراوەو ئەنفالیان بەشێوەیەکی شەخسی ئـەزموونکردوە. لـەم دیـدەدا ئەنفال یان جینۆساید شتێك نییە نمایشبکرێت و تاقە لایەنێك کە بۆی هەیە باس لەئەنفال بکات ئەوانـەن کـە وەك قوربـانی بـەناو جەهەنـەمی رووداوەکانیـدا تێپـەڕیون. بۆیـە، لـەم دیدەدا، ئینسان هەر لە ئەساسەوە بۆینییە باس لەئەنفال بکـات و نابێت بیکاتـە بابـەتی تێڕامان و خوێندنەوەی فیکری، چ جای ئەوەی هەوڵبدەیت شێوازەکانی کوشتن لەئەنفالدا پۆلینبکەیت و لەشێوازە "ئاسـاییەکانی" کوشـتن جیایانبکەیتـەوە. بەبۆچـوونی مـن ئـەم دیدە لەزیاد لەڕوویەکەوە نووقسان و هەڵەیە. یەکەم بۆ ڕێگرتن لەدووبارەبوونەوەی تاوانە ترسناکەکان لەمێژووی مرۆڤدا پێویستە هەموو هەوڵێك بدرێت بۆ تێگەیشتن لـەو تاوانانـەو مۆتیڤەکانی ئەنجامدانیان، لۆژیکـە ناوەکییەکـەیان دەستنیـشان و ئاشـکرابکرێت، لەسـەر ئەو بنەمایانەش هەوڵبدرێت دونیاو پەیوەندییـەکان و مەبەسـتەکان وا ڕێکبخرێنـەوە هـیچ مەودایەك بۆ سەرلەنوێ ئەنجامدانەوەی تاوانی لـەو بابەتـە نەمێنێتـەوە. دووەم بۆئـەوەی قووڵی تاوانەکان تێبگەین و پاڵنەرەکانی ئەنجامدانیان بناسین ناچـارین دەسـت بۆهـەموو ئەو ئامرازانـە ببـەین کـە زانـستە ئینـسانی و کۆمەڵایەتییـەکان دەیانخەنـە بەردەسـتمان. ئەمـەش نـەك وەك حـەز یـان تەحەدایـەکی ئـەکادیمی، بـەڵکو وەك کـارێکی ئـەخلاقی کـە بکرێـت لەڕێگایـەوە قـووڵی برینـە تاکەکەسـییەکان و قـووڵی برینـە مێژوویيـە دەستەجەمعییەکان بخوێنینەوە. لەم دیدەوە قسەکردن لەسەر شێوازی کوشتن لەئەنفالدا دەبێتە یەکێك لەڕەهەندە گرنگەکانی قسەکردن لەسەر ئەم بابەتە.

بـەعس لەئەنفالـدا بەشـێوەیەکی تایبـەت ئینـسانەکان دەکوژێـت تـەواو جیـاوازە لـەو شێوازی کوشـتنە باڵادەسـتەی بـەعس ڕۆژانـە بەکاریـدەهێنا بـۆ لـەناوبردنی ئەوانـەی بـە ناحەزو نەیارو نادۆستی دادەنان. سەرەتا کوشتن لەئەنفالـدا کوشـتنێکی پێـشتر پـلان بـۆ دانراوە، وابەستەی تووڕەبوونی ئـەم یـان ئـەو سـەرکردە، دڵڕەقـی ئـەم گـوردان یـان ئـەو گـوردانی لەشـکری عێراقـی نییـە. کوشـتنێك نییـە خۆبـەخۆو لـەپڕ ڕوویـدابێت، بـەڵکو کوشتنێکی بەبەرنامەیەو بەسەر چەندان هێز و قۆناغ و شوێنی جیاوازدا دابەشکراوە. بـەر لەهەموو شتێك ئەوانەی پـەلاماری گونـدەکانیان داوەو مـاڵ و قوتابخانـەو مزگەوتـەکانیان ڕوخانـدوە، کـانی و کارێزەکانیـان دەمڕێـژو تەقاندۆتـەوە، خەڵکـەکانیان کۆکردۆتـەوەو

گرتوەو گواستۆتەوە، ئەوانە نەبوون كە خەڵكەكانیان كوشتووە. هەریەكێك لەم كارانە هێزو لایەن و گروپی تایبەت پێیهەڵساون. ئەگەرچی لەكاتی ئیشكردنی هەریەكێك لەم گروپانەدا هەر قوربانییەك بەو شێوەیە نەجوڵابێتەوە كە ئەمری پێكراوە، یان هەركەسێك هەوڵی دەربازبوون یان بەگرییكردنی دابێت، كوژراوە. بەڵام سەرەڕای ئەم راستییە شێوازی سەرەكی كوشتن لەئەنفالدا كوشتنی راستەوخۆو دەستبەجێ نەبووە. دەوڵەت یەكەمجار خەڵكەكانی گرتوە، دواتر بۆ ناو جەمەلۆن و ئۆردوگای تایبەت گواستونیەتەوە، نێری لەمێ جیاكردۆتەوە، دواتر لەوێوە دەستە بەدەستە بۆ شوێنی كوشتن گواستراونەتەوەو تیمی تایبەتی كوشتن تەقەی لێیانكردوەو كوشتونی. كوشتن لەئەنفالدا كوشتنێكی درێژخایەن بووەو دەستبەجێ و خۆبەخۆ ئەنجامنەدراوە. هەموو ئەوانەشی لەئەنفالدا بەشداربوون كاری كوشتنیان ئەنجامنەداوە، بەڵكو هەر یەكەیەك و وەزیفەیەكی تایبەتی هەبووە، دەوڵەت تیمی تایبەت و شوێنی تایبەتی بۆ كوشتن و لەناوبردن دروستكردوە. واتە دەوڵەت خەڵكانێكی دروستكردوە كە كاری ئەوان تەنها كوشتنی ئەنفالكراوەكان بووە دوای گرتن و راگواستن و كۆكردنەوەیان لەلایەن هێزو تاقم و لایەنی جیاوازەوە.

دووەم كاراكتەری ئەم كوشتنە لەوەدایە كە كوشتنێكی دەستەجەمعییەو قوربانییەكان خراونەتە گۆڕی بەكۆمەڵەوە. بەمەش ئەم شێوازی كوشتنە هەموو سیفەتێكی كوشتنی تاكەكەسی و تایبەتی لەدەستداوە. ئەم كوشتنە دەستەجەمعییە كوشتنێكە پەیوەندی نییە بەوەوە داخۆ ئەوانەی دەكوژرێن ئەم یان ئەو تاوانی شەخسیان ئەنجامداوە یان نا، ئەم كوشتنە كوشتنێكە رووی لەقوربانییەكانە وەك گروهێكی پێشوەخت پێناس و دەستنیشانكراو، وەك جۆرێكی تایبەت لەئینسان، وەك ناونیشانێكی گشتی. ئەم شێوازە لەكوشتن كوشتنێكی كاتاگۆریانەیە، نەك كوشتنێكی تایبەت و تاكەكەسیی. هەر ئەمە شێوازی كوشتنەشە تاوانەكانی ئەنفال دەكاتە تاوانێكی جینۆسایدییانە. باسنەكردنی ئەم تایبەتمەندیانەو تێكەڵكردنی ئەنفال بەتاوانەكانی دیكەی بەعس بەرامبەر بەكورد وادەكات ئەوەی ئەنفال دەكاتە جینۆساید، بزربێت.

## سێیەم: ئامارکاریی و بەهۆمۆساکەرکردنی قوربانییەکان

بەعس لەمانگی دەیساڵی ١٩٨٧دا، واتە لەگەرمەی شەڕی ئێران و عێراقدا ئامارێکی گەورەی دانیشتوان ئەنجامدەدات. ئەم ئامارە هەر مەبەستێکی سیاسی یان مەدەنی یان ئابوریی لەپشتەوەبوبێت، لەوە کەمناکاتەوە کە ڕۆڵێکی هێجگار گرنگ دەبینێت لەپرۆسەی ئەنجامدانی جینۆسایدی ئەنفالدا. ئەم ئامارە هێڵێکی ڕاستەوخۆ دەکێشێت لەنێوان ئەوانەی بەعس بەهاوڵاتیان دادەنێت لەبەرامبەر ئەوانەدا کە بەعس نەک تەنها هەموو مافێکی هاوڵاتیبوونیان لێدەسێنێتەوە، بەڵکو وەك ناپاك و نادۆست و دوژمنیش پێناسیاندەکات. ئەوانەی لەم ئامارەدا بەشدارنابن نەك دەکرێنە کەسانی بێماف، بەڵکو مامەڵەی خائینیان لەگەڵدا دەکرێت و سزای مردنیان بۆدە ردەکرێت. بەپێی بڕیارێکی مەجلیسی قیادەی سەورە کە لەمانگی ئابی هەمانساڵدا دەرچووبوو. ئەو ناوچانەی کە لەژێردەسەڵاتی حکومەتدا نەبوون، واتە ئەوانەی کە سەرژمێریی دانیشتوان نەیدەگرتنەوە، داوایانلێکرابوو بگەڕێنەوە ریزی نیشتیمانی و ژێر دەسەڵاتی بەعس. بەعس تەنها ئەوانەی بە هاوڵاتی دەزانی کە دەیتوانی کۆنترۆڵ و چاودێری و دیسپلینیان بکات. لەنێوان ئەو بڕیارە لەمانگی ئابداو لەنێوان ئامارەکەدا دوو مانگ هەیە، بەعس ماوەی ئەو دوو مانگەی دانابوو بۆئەوەی هەموو ئەوانەی ناکەونە ژێر دەسەڵاتی بەعسەوە بە ناعێراقی و ناهاوڵاتی و تەنانەت نائینسان ناوبنێت و ماف بەخۆیبدات بەناوی سەروەری نەتەوەیی و پاراستنی ئاسایشی عێراق و پاراستنی وڵاتەوە بیانکوژێت.

ئەو ناوچانەی کە حکومەت نەیتوانی بیانخاتە ژێردەسەڵاتی خۆیەوە بە "ناوچە قەدەغەکراوەکان" ناونران و ئەوانەشی لەوێدا دەژیان لەدیدی بەعسدا هیچ پەیوەندییەکیان بەعێراقەوە نەمابوو و هەموو مافێکی ئینسانبوونیان لەدەستدابوو. واتە ئەوانە بووبوونە کەسانێك دەوڵەت کەی بیویستایەو چۆن بیویستایە دەیتوانی بیانکوژێت. ئەگەر بکرێت چەمکێك لەفەیلەسوف ئیتالی ئاگامبنەوە بخوازین دەکرێت بڵێین بەعس هەموو ئەوانەی کە دەکەوتنە ناو ناوچە قەدەغەکراوەکانەوە دەکردە "هۆمۆساکەر". ئاگامبن باس لەوەدەکات کە هۆمۆساکەر بریتیبوون لەکۆمەڵێك کەسی تایبەت کە لەڕۆمای کۆندا ژیاون، بەڵام هیچ مافێکیان نەبووە، هەرکەسێك حەزی لێبوایە یان بیویستایە دەیتوانی بیانکوژێت بەبێئەوەی هیچ لێپرسینەوەیەکی لەگەڵدابکرێت. ئەرکی سەرەکی

ئەو ئامارەی بەعس لەو ڕۆژگارەدا دروستیکرد بریتیبوو لەدروستکردنی ئەو ئینسانانەی کە وەك هۆمۆساکەر پرۆژەی کوشتن و لەناوبردنێکی بێلێپرسینەوەبن.(٦)

ئەو سەرژمێرە "ناوچە قەدەغەکراوەکان"ی نەگرتەوە کە زۆرینەی دێهاتەکانی کوردستانی دەگرتەوەو ئەو دێهاتانەش دواتر بوونە ئەو ناوچانەی بەر پەلامارەکانی ئەنفال کەوتن. لەم پەلامارانەدا هەموو ئەو نێرانەی تەمەنیان لەنێوان ١٥ بۆ ٧٠ساڵدا بوو، بڕیاری لەسێداردەن یان کوشتنیان بۆدەرچوو. پەلامارەکانی ئەنفال چوار مانگ دوای ئەنجامدانی ئەم ئامارە دەستپێکرد، ئەم ئامارە ئەو هێڵەبوو کە بەعس لەنێوان ئەوانەی ماف ژیانیان هەیەو ئەوانەی ماف ژیانیان نییە، کێشای. لەدوای ئەم ئامارەوە دەوڵەتی عێراقی نەك تەنها ماف هاوڵاتیبوونی لەژمارەیەکی گەورەی خەڵکی کوردستان سەندەوە، بەڵکو ماف ئینسانبوونیشی لێسەندنەوە. لەئەنفالدا گوندنشینە کوردەکان وەك ئەو هۆمۆساکەرانەی ڕۆمای کۆنیان لێهات و هەموو مافێکی ژیانیان لەدەستدا.

## چوارەم: بوونی مۆدێلێکی پێشین بۆ تاوانی جینۆساید لەعێراقدا

یەکێك لەتایبەتمەندییەکانی ئەنفال لەوەدایە کە لەپەیوەندییەکی ڕاستەوخۆدایە بەیەکێك لە تاوانە گەورەکانی بەعسەوە لەسەرەتای ساڵانی هەشتادا، تاوانی کۆکردنەوەو گرتن و کوشتنی بارزانییەکان. لەساڵی ١٩٨٣ دا بەعس نزیکەی ٨٠٠٠ پیاوی بارزانی دەگرێت و دواتر دەیانکوژێت. شێوازی کۆکردنەوەو دابەشکردن و کوشتنی بارزانییەکان ڕێك ئەو شێوازەیە کە دواتر ئەنفالی لەسەر بینا دەکرێت. دەکرێت تاوانی کوشتنی بارزانییەکان وەك پەراوەیەکی پێشین بۆ ئەنفال یان وەك مۆدێلێك بۆ ئەنجامدانی تاوانەکانی ئەنفال ببینین. توندوتیژی بەعس لەتاوانی لەناوبردنی بارزانییەکاندا ڕووی لەخێڵێکی دیاریکراوبوو، واتە کوشتن لێرەدا دیسانەوە کوشتنێکی تاکەکەسی و تایبەت نەبوو، بەڵکو کوشتنێکی کاتاگۆریانەبوو. ئەوەشی پێناسی ئەو کوشتنەی دەستنیشاندەکرد بارزانیبوون بوو. بەعس لەئەنفالدا سنوورەکانی ئەم کوشتنە

فراوانتردەکاتەوە تا هەموو لادێکانی کوردستان دەگرێتەوە. بەهەمان شێوازی ئەنفال، لەتاوانی کوشتنی بارزانییەکاندا، هەموو ئەو نێرینانەی تەمەنیان لە ١٢ ساڵ بۆ

سەرەوەبوو کوژران و دایك و خوشك و برابچووك و خێزانەکانیشیان لەئۆردوگایەك لەنزیك قووشتەپە کۆکرانەوە. ئەم مۆدێلە لەکوشتن ئەو دەروازەیەیە کە بەعس لێیەوە دەچێتە ناو تاوانەکانی ئەنفالەوە.

## (٤)ئەنفال و تێکەڵوبنی سێ مێژوو بەناویەکدا

لەپشتی تاوانی ئەنفالەوە سێ مێژووی تێکەڵ بەیەك و بەناویەکداچوو ئامادەیە. یەکەمیان مێژووی عێراقە وەك دروستکراوێکی کۆلۆنیالی. دووەمیان مێژووی بەعسە وەك هێزێکی ناسیۆنالیستی پەرگیر. سێیەمیان مێژووی سەدام حوسەینە وەك دیکتاتۆرێکی نارسیستی نەخۆش. بەبێ تێکەڵبوونی ئەم سێ مێژووە بەیەکدی لەکۆتایی هەشتاکانی سەدەی رابردوودا ئەنجامدانی تاوانەکانی ئەنفال کارێکی هێجگار زەحمەت دەبوو.

لەپشتی تاوانی ئەنفالەوە سێ مێژووی تێکەڵ بەیەك و بەناویەکداچوو ئامادەیە. یەکەمیان مێژووی عێراقە وەك دروستکراوێکی کۆلۆنیالی. دووەمیان مێژووی بەعسە وەك هێزێکی ناسیۆنالیستی پەرگیر. سێیەمیان مێژووی سەدام حوسەینە وەك دیکتاتۆرێکی نارسیستی نەخۆش

خاڵی هەرە ترسناك لەمێژووی عێراقدا بوونی کوردە بەکەمینەیەکی نەتەوەیی لەناو دەوڵەتێکی نادیموکرات و دەسەڵاتگەردا، دەوڵەتێك کە دروستبوون و مانەوەی بەپلەی یەکەم پرۆژەیەکی کۆلۆنیالی بوو و پەیوەندی بەقازانجە ستراتیژییەکانی بەریتانیای دوای جەنگی جیهانی یەکەمەوە هەیە. مێژووی عێراق لەسەرەتاوە تا ساتەوەختی ئەنفال و تا ئەمڕۆش مێژووی دەوڵەتێکە کە نەیتوانیوە نەتەوەیەك بەناوی نەتەوەی عێراقەوە دروستبکات. عێراق دەوڵەتێکە بێنەتەوە. دەوڵەتێکە لەسەر کۆمەڵگایەکی پارچەپارچە دروستبووەو چوارچێوەیەکی گشتی بۆ کۆبوونەوەی هێزە جیاوازەکانی ناو وڵاتەکە پێنییە. لەسەردەمی بەعسدا ئەم دەوڵەتە لەباتی بەخشینی شوناسی هاوبەش بەگروپە جیاوازەکانی ئەو کۆمەڵگایە، ترسی هاوبەشی پێبەخشیون. ئەوەی وڵاتەکەی

بەیەکەوەگرێدراوە بەپلەی یەکەم توندوتیژیی و هێزی لەشکر و ترساندن و هەڕەشەی کوشتن و لەناوبردن بووە. لەنیوەی دووەمی سەدەی بیستەمدا عێراق دەبێتە یەکێك لەدەوڵەتە نەوتییە گەورەو گرنگەکانی دونیاو لەگەڵ دەوڵەمەندبوونی ئابووریدا رادەی دیسپلینکردن و ترساندن و بەکارهێنانی توندوتیژیی لەوڵاتەکەدا روو لەزیادبوون دەکات.(٧)

چەند توانا ئابوورییەکانی وڵاتەکە گەورەتربووبێت، ئاواش توانا سەربازییەکانی گەورەترو دەزگاکانی کۆنترۆڵکردن و دیسپلینکردن و بێدەنگکردنی خەڵکیش تێدا گەورەتربووە. عێراق لەکۆتایی شەستەکانەوە هەنگاو دەبێتە دەوڵەتێکی مۆدێرن، دەوڵەتێك توانای دروستکردن و گەورەکردنی هەموو دەزگا تازەکانی سەرکوتکردن و لێپرسینەوەو کوشتنی تێدا دروستدەبێت، بەڵام رێگەنادات لانی هەرەکەمی ئەو فەلسەفە سیاسییە ئینسانی و دیموکراسییەی تێدا دروستببێت کە بەشێکی دانەبڕاوی دونیای مۆدێرنە. تازەبوونەوەی عێراق تازەبوونەوەی دەزگاکانی دەوڵەتی عێراقییە، بەبێ تازەبوونەوەی ئەو فەلسەفە سیاسییەی کە دەشێت مەترسییەکانی ئەو دەزگا تازانە سنووردار بکات و بیانکاتە دەزگای کۆنترۆڵکراو و چاودێریکراو. بەپێچەوانەوە تەکنۆلۆژیای هاوچەرخ و شێوازەکانی رێکخستنی بیرۆکراتی مۆدێرن عێراقیان تا دەهات بەرەو تۆتالیتاریزم دەبرد. لەساتێك لەساتەکاندا دەوڵەتی عێراقی دەبێتە دەوڵەتێکی تەواو تۆتالیتاری. بەعس دەبێتە هێزێك لەهەموو گەڕەك و شارۆچکەو شارە گەورەکانی عێراقدا ئامادەدەبێت. دەچێتە ناو ئاهەنگ و ئەدەب و تەنانەت زمانەوە. هەزاران هەزار بنکەی حزبی و دەزگای ئەمن و دەزگاکانی تری کۆکردنەوەی زانیاری و دیسپلینکردنی خەڵك دروستدەبن و ئینسانی عێراقی دەبێتە بوونەوەرێك لەهەرشوێنێك بێت و چۆن بژی، ناتوانێت لەچاوانی دەوڵەت بزربێت. مەگەر لادێکانی کوردستان توانیبێتیان خۆیان لەم توانا تۆتالیتارییانەی دەوڵەتی عێراقی بەدوورگرتبێت و وەك شوێنێکی نا دیسپلینکراو و ئازاد مابووبنەوە. لەڕاستیدا یەکێك لەئامانجەکانی ئەنفال نەهێشتنی ئەم دونیا ئازادە بچووکەیە لەبەردەم تەماحە تۆتالیتارییەکانی دەوڵەتی عێراقیدا. لادێکانی کوردستان ئەو بەشەی کۆمەڵگای کوردیی و کۆمەڵگای عێراقیبوون کە لەدەرەوەی تەماحە تۆتالیتارییەکانی دەوڵەتدا دەژیان، توانایەکی گەورەی خۆژیان و خۆپارستنیان لەدەوڵەت

هــەبوو. ئــەنفال کۆتاییهێنــانبوو بــەم توانــای خــۆژێنی و ســەربەخۆییەی ئــەو بەشــەی کۆمەڵگای ئێمە کە تەماحە تۆتالیتارییەکانی بەعس بۆی کۆنترۆڵ نەدەکرا.

لەسەرێکی دیکەوە دەوڵەتی عێراقی لەهەفتاکان و هەشتاکاندا چەند تازەتردەبێتەوە، ئەوەندە رەهەندە میلیتاریی و توندوتیژییەکانی گەورەتردەبێت. جــەنگی ئێــران و عێــراق نەك تەنها ئابووری عێراقی کردە ئابووریی جەنگ، بەڵکو هەموو کۆمــەڵگای عێراقــی کــردە کۆمەڵگایەکەی میلیتــاریی. خــەونی بــەعس لــەو ســاڵانەدا دەبێتــە خــەونی بونیادنانــەوەی عێراق لەسەر مــۆدێلی ســەربازگە. ملیۆنــان ســەربازو چەکداری تــر لەوڵاتــەکەدا هــەبوون، لەشــکری منــاڵان و ژنــان و میللــی و پیــشەیی بەشــێکی زۆری خــەڵکی وڵاتەکــەی کردبــوو بەسەرباز. رێکخراوەکانی قوتابیان و ئافرەتــان و منــاڵان و گــەنجان دەســەڵاتی بەعــسیان راکێشابووە ناو برێکی هەرە گەورەی ژیانی تایبەت و ژیانی گشتی کۆمەڵگای عێراقییەوە. ئــەم بەســەربازگەکردنەی کۆمــەڵگای عێراقــی ئــەو هەســتەی لەبەعــسدا دروســتکردبوو کــە هەموو کۆمەڵگای عێراقــی لەگەڵدایــەو ئەوەشــی لەگــەڵ بەعــسدا نییــە بــریتین لەکۆمــەڵێك لەرێلادەرو ناپاك کە پێویستە لەناوببرێن.

ئــەنفال وەك جینۆســاید لەپەیوەندییــەکی راســتەوخۆدایە بەمێــژووی هاوچــەرخی عێراقەوە وەك دەوڵەتێك کــە توندوتیــژی و میلیتــاریزم و ترســناندن و دیــسپلینکردن ئــەو چوارچــێوانەیە کــە وڵاتەکــەی بەیــەکگرتوویی هێــشتۆتەوەو راگرتــوە. لەگــەڵ تەقانــدنی یەکــەمین فیــشەکی شۆرشــی کوردیــشدا لەســەرەتای ســاڵانی شەســتدا، ئیــدی رەهەنــدە ئەمنییەکەی مەسەلەی کــورد لەلایــەن حکومەتــە یەکبــەدوای یەکــەکانی عێراقــەوە هــەموو رەهەندەکانی دیکەی ئەم مەسەلەیە دادەپۆشێت. کورد لەدیــدی حکومەتــەکانی عێراقــدا، بەتایبەتی لەدیدی بەعسداو بەتایبەتیتر لەدیدی سەدام حوســەین و خێزانەکەیــدا، دەبێتــە ئەو بوونەوەرە تێکدەر، موخەریبەی، کە دەوڵەت وەك هەرەشەیەکی بــەردەوام تەماشــای دەکــات. دەبێتــە گــەورەترین رێگــر لەبــەردەم خــەونی بەســەربازگەکردنێکی تــەواوەتی کۆمەڵگای عێراقیدا.

ئەو خاڵانەی سەرەوە بەرەو قسەکردن لەســەر بەعــسمان دەبــات، بەتایبــەتی لەســەر ئایــدیۆلۆژیای بــەعس وەك ئایدیۆلۆژیایــەکی ناسیۆنایــستی پــەرگیر. ئایــدیۆلۆژیای بــەعس لەچاپە ئەفلەقییەکەیدا ئایدیۆلۆژیایەکە پڕە لەرەگەزی فاشییانە. تێکەڵێکە لــەداروینیزمی کۆمەڵایــەتی و رۆمانــسیەت. داروینیزمــی کۆمەڵایــەتی نرخێکی هێجگــار گــرنگ بــۆ هێــزو دەســــەڵات دادەنێــــت و رۆمانــــسیەتیش هەســــتی بێوێنــــەیی و دەگمــــەنی و نارســــیزم

گەورەدەکات. بەعس ئەو بزوتنەوە ناسیۆنالیستییە کە لەسەر تێکەڵکردنی ئەم دوو شێوازی بیرکردنەوەیە کاردەکات، تێکەڵکردنی داروینیزمی کۆمەڵایەتی بەڕۆمانسیەت، هێزپەرستی بەنارسیزم.

لەپەیوەندیدا بەهێزپەرسیتییەوە ئایدیۆلۆژیای بەعس هێزپەرستیەکەی نەك تەنها تەرجەمەکردوە بۆ دەوڵەتپەرستی، بەڵکو بۆ سەرکردەپەرستیش. لەسەردەمی سەدام حوسەیندا ئەم هێزپەرستییە بەپلەی یەکەم گۆڕاوە بەسەرکردەپەرستی. لەم ئایدیۆلۆژیایەدا خەڵك گشتێکی وێکچووی بێکاراکتەرە کە سەرکردەیەکی مێژوویی دەستیاندەگرێت و بەناو مێژوودا بەرەو هێزو دەسەلاّت و مەزنی دەیانبات. ئەم وێنەیە بۆ سەرکردە رادەی نارسیزم و خودئەڤینی سەرکردەکان بەپلەیەکی تۆقێنەر گەورەو ترسناك دەکات. مۆدێلی بسمارکییانەی یەکگرتنەوەی ئەڵمانیا دەبێتە ئەو مۆدێلەی کە سەرکردە بەعسییەکان، بەتایبەتی سەدام حوسەین، خەونی بەردەوامی پێوەدەبینێت. بەعس دیموکراسیەت، کە وڵاتێکی فرە دین و فرە نەتەوەو فرە کولتوریی وەك عێراق لەهەمووشتێکی تر زیاتر پێویستی پێیەتی، وەك داهێنراوێکی رۆژئاوایی و ئیمپریالی مامەڵەدەکات. هەر هێزێکیش باسی لەدیموکراسیەتکردبێت بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیکی بۆتە دوژمنی بەعس، یان بەعس وەك دوژمن مامەڵەیکردوە. لەڕاستیدا دیموکراسیەت لەدیدی بەعسدا دژ بەو مەیلی هێزپەرستی و سەرکردەپەرستییەیە کە کۆڵەکە گەورەکانی ئایدیۆلۆژیای بەعس پێکدەهێنن.

لەهەمانکاتدا خەونی پان عەرەبیزمی بەعس وادەکات ئایدیۆلۆژیای بەعس هەموو گروپە ئەتنی و دینی و کولتورییە ناعەرەبەکانی دونیای عەرەب وەك عەرەب ببینێت و مامەڵەبکات.[٨] واتە پرۆژەی تواندنەوەی ئەم گروپانە لەناو قالّبی عەرەبیزمدا ئەو دیدە ئایدیۆلۆژییەیە کە بەعس بۆ گروپە ناعەرەبەکانی هەیە. لەناو عێراق و لەسەر ئەرزی واقیع ئەم ئایدیۆلۆژیایە خۆی لەداهێنانی سیاسەتی بەعەرەبکردنی ناوچە کوردییەکاندا بینییەوە. بەعەرە بکردنیش سیاسەتی سەندنەوەی خاك و شوناسە لەهەموو ئەوانەی عەرەب نین، هێرشێکی راستەوخۆیە بۆسەر شوناسی ئەتنی و نەتەوەیی ئەوانەی بەعس بەعەرەبیان نازانێت و مانەوەشیان وەك ناعەرەب وەك مەترسیی و کێشەیەکی ئەمنی تەماشادەکات. ئاشکرایە برێك لەڕەگوڕیشە ئایدیۆلۆژییەکانی جینۆسایدی لەناو ئەم پێکهاتە ئایدۆلۆژییەی بەعس خۆیدایە.

ئـەوەی یارمـەتی بـەعس دەدات شـێلگیربێت لەپێـداگرتن لەسـەر ئـەم ئایدیۆلۆژیایـە لەپەیوەندیـدا بـەکوردەوە برێـك لـەکوردەکان خۆیـانن. کەلـەپوری بەجاشـبوونی کـورد یەکێکــە لـــەو هۆکارانـــەی کــە بەبـــەعس ئـــەو هەلـــە ببەخـــشێت دووجـــۆر کـــورد لەیەکدیجیابکاتەوە. یەکەمیان کوردی باشە، واتە ئەوانەی کە لەگەڵ بەعسدا کاردەکەن و دڵسۆزی سیاسـەتەکانین. بەرامبـەر بەوانـەی کـە لادەرو خـائین و ناپـاکن، واتـە کـوردی خراپ. بوونی جاشی کورد رۆڵێکی گرنگی گێڕاوە لەبەخائینکردن و بەناپاککردنی هەرچـی زیـاتری بـەرگریی و شۆرشـەکانی کـوردا. لەگـەڵ بـەهێزبوونی بەعـسدا تـا دەهـات رۆڵـی جاشەکان زیـاتر دەبـوو. نـەك تـەنها لـەڕووی سـەربازییەوە، بـەڵکو لـەڕووی چەسـپاندنی زیاتری ئەو وێنەدا کە بەعس لەسەر کوردی نابەعسی هەیبوو.

بەعس پێیوابوو هـەموو کۆمـەڵگای عێراقـی لەگەڵدایـەو هـەموو خـەڵك دڵسۆزن بـۆی، بەجاشەکوردەکانەوە، لەهەمانکاتـدا ئـەو هەستەشـی هـەبوو کـە جـەنگی ئێـران و عێـراق نیشانیداوە خەڵك ئامادەن گیانی خۆیان لەپێناوی بەعس و عێراقـدا ببەخـشن. بەهـەزاران هەزار سەربازی عێراقی لەعەرەب و کوردو گروپە ئەتنی و دینییەکانی تر لەجـەنگی ئێـران و عێراقدا کوژران. بەعس ئەو کوژراوانەی وەك هاوڵاتییە راستەقینەو دڵسۆزو بـەوەفاکانی عێراق تەماشادەکرد. جا ئەگەر کوڕە باش و بەوەفاکانی عێراق بمرن، ئەی بـۆ ئـەو کەمـە خائین و لەڕێلادەر و نادڵسۆزو بێوەفایەنەش نەمرن کە کێشە بۆ دەوڵەت دروسـتدەکەن و دەدەنە پاڵ دوژمن. جەنگی ئێران و عێراق وێنەی کوردی وەك لادەرو نادڵـسۆزو بێوەفـاو خائین بەڕادەیەکی ترسناك لەدیدی بەعسدا قـووڵکردەوە. بەبۆچـوونی مـن پـەلامارەکانی ئـەنفال لەپەیوەندییـەکی راسـتەوخۆدان بـەم وێنەیـەی کـوردەوە کـە رەگـەکانی لـەناو ئایدیۆلۆژیای بەعسدایە، بەڵام جـەنگی ئێـران و عێـراق مەودایـەکی فـراوانترو توندتیـژتری خوڵقاند بۆ قووڵبوونەوەی ئەم وێنەیە لەخەیاڵی سیاسی بەعسدا.

تاوانی ئـەنفال ناکرێت لەکەسـی سـەدام حوسـەین خـۆی وەك نارسیـستێکی گـەورەو دیکاتۆرێکی خوێناوی و بێبەزەیی جیابکرێتەوە. هەندێك لەوانەی شیکردنەوەی دەرونیـان بۆ سەدام حوسەین کردوە وەك کەسایەتییەکی مەرگدۆست دەیناسـێنن. بـۆ نموونـە کـە عێـراق کـوێتی داگیرکـردو هـەموو دونیـا داوایـان لێکـرد بگەرێتـەوە دواوە بۆئـەوەی رووبەڕووی لەشکری هەموو ناوچەکەو ئەمریکاو دونیا نەبێتەوە، واتە بۆ ئـەوەی نەچێتە شەڕێکەوە کە ئەگەری دۆڕاندن و بەرگەنەگرتن تیایـدا سـەد دەر سـەد بـووە. لـەو کاتـەدا سـەرۆکی رێکخـراوی نەتـەوە یـەکگرتوەکان جێڤـری پێرێـز دی کیولـەر وتـی:"نـاتوانم

باوەڕبکەم یەکێك جەنگی دەوێت تەنها بۆئەوەی چێژ لەکوشتنی خەڵکەکەی خۆی ببینێت". ئارەزووی سەدام بۆ وێرانکردن ئارەزوویەکە زۆربەی ئەوانەی لەسەر کەسایەتی ئەویان نووسیوە باسیانکردوە.

لۆژیکی سەدام ئەوەبوو یان ئەوەتە دەبێت بۆ عێراق بمریت، واتە لەشەڕەکانی بەعسدا بمریت، یان ئەوەتا بەعس دەتکوژێت. کەسە دڵسۆزو قارەمانەکانی بەعس لەشەڕەکانی سەدامدا دەمرن و خۆیان دەدەن بەکوشت، کەسە ناپاك و نادڵسۆزو درێوەکانیش بەعس خۆی دەیانکوژێت. ئەم لۆژیکە سایکۆلۆژییە تەسکە کە دونیا بۆ دۆست و دوژمن دابەشدەکات و هەردووکیشیان لەدوو شێوە مەرگەوە گرێدەدات، ئەو لۆژیکەیە کە تاوانەکانی ئەنفال ئاراستەدەکات.

بەکورتی تێکەڵبوونی ئەم سێ هۆکارە بەیەکدی، مەبەستم تێکەڵبوونی مێژووی عێراق و مێژووی بەعس و مێژووی سەدامە بەیەکدی، وایانکرد کۆمەڵگای ئێمە ئەو کارەساتە گەورەیەی لەکۆتایی هەشتاکاندا بەسەردابێت. بەستنەوەی ئەنفال بەم سێ هۆکارە سەرەکییەوە یەکێکە لەو دەروازە گرنگانەی کە دەشێت بەرەو خوێندنەوەی راستەقینەی ئەنفالمان ببات.

## (٥)ئەنفال وەک برینێکی سایکۆلۆژی

لەکۆتایی ئەم نووسیەندا دەمەوێت چەند سەرنجێك لەسەر ئەنفال دەربڕم وەك برین یان پرۆژەی برینێکی نەتەوەیی. ئەوەی گومانی لەسەر نییە ئەوەیە ئەنفال برینێکی سایکۆلۆژی گەورەیە لانیکەم لای ئەوانەی بەناو جەهەنەمی رووداوەکانیدا تێپەڕین و نەمردن. هەروەها ئەنفال برینێکی سایکۆلۆژی گەورەو کراوەیە لای زۆربەی ئەوانەی بەجۆرێك لەجۆرەکان پەیوەندیان بەقوربانییەکانی ئەنفال و وێرانکارییەکانییەوە هەیە. لەڕاستیدا کۆمەڵگای کوردی دوای ئەنفال کۆمەڵگایەکی پڕ برینە.[٩]

برین سەرەکیترین سیفەتی ئەو دونیایەیە کە ئەنفال لەدوای خۆیەوە بەجێهێشتوە. لەناو ئەم مێرگە گەورەیەی بریندا من هەوڵئەدەم دووجۆر برین لەیەکدی جیابکەمەوە، دوو جۆر پەیوەندیی ئینسانی ئێمە لەئەنفالدا بەشێوەیەکی قووڵ و فرەلایەن برینداربوو. یەکەمیان پەیوەندی کوردە بەعێراقەوە وەك گشتێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئەخلاقی. دووەمیان پەیوەندی کوردە بەخۆیەوە، وەك نەتەوەیەکی پارچەپارچەو دابەش و پڕ ناکۆکی. یەکەمیان پابەستی ئەو هێزو جەبرە جینۆسایدییەیە کە دەوڵەتی عێراقی

لەوێرانکردنـــەکانی ئەنفالـــدا خـــستییەکار، دووەمیـــان وابەســـتەی ئـــەو راســـتییەیە کـــە بەشداربوونی کورد خۆی لەپەلامارو وێرانکارییەکانی ئەنفالدا بەشداربوونێکی بەرچاوە.

ساڕێژکردنی ئەم دوو برینە پێویستی بەسـەرلەنوێ دارشـتنەوەی دەوڵـەتی عێراقـی و سـەرلەنوێ دارشـتنەوەی ئـەو پەیوەندییانـەوە هەیـە کـە کۆمـەڵگای ئێمـە بەدەوڵـەتی عێراقییـەوە گرێـدەدات. هـەروەها پێویـستی بەپێداچـوونەوەیەکی هەمەلایـەنی ماناکـانی کوردبوون و ئەو وێنانەوە هەیە کە کورد لەسەر خۆی وەك نەتـەوە هەیـەتی. ئەنجامـدانی ئـەم دوو ئەرکـەش پێویـستە جەوهـەری کـاری سیاسـیی کوردسـتانی دەستنیـشانبکات و ببێتـە کۆڵەکـەی هەرەسـەرەکی دروسـتکردنی کوردسـتان و عێراقـی دوای ئـەنفال. بـەبێ ئەنجامـدانی ئـەم کارانـە زەحمەتـە ئـەنفال لـەبرینێکی سـایکۆلۆژیی تایبەتـەوە بکرێـت بەبرینێکی نەتەوەیی گشتی. کردنی ئـەنفال بـەبرینێکی نەتـەوەیی بـەناو ئاشـتکردنەوەی ئینسانی ئێمە لەگەڵ خۆی و لەگەڵ دونیـای دەوروبەرییـدا تێدەپـەڕێت. ئـەو هەسـتکردنە گەورەیەی بەترس لای ئینسانی ئێمە دروستبووە، ترس لەخۆی و ترس لەهاوڕەگەزەکانی و ترس لەدراوسێکانی و ترس لەوانەی لەناوچەکەدا لەگەڵیاندا دەژی، نەك تەنها پێویستی بەعەقڵانیکردن هەیە، بەڵکو پێویستی بەڕەوانـەوە هەیـە. ئـەم ئەرکـە هاوشـانە بەئـەرکی گەڕاندنەوەی هەستکردن بەئەمن و ئاسایشی سیاسی و کۆمەڵایـەتی لای کۆمـەڵگای ئێمـە بەگـشتی و لای قوربانیـانی ئـەنفال بەتایبـەتی. کۆمـەڵگای دوای ئـەنفال کۆمەڵگایەکـە پێویستییەکی گەورەی بەئاسایشی کۆمەڵایەتی هەیـە. ئـەم ئاسایـشە نـەك تـەنها هـێمنی لەژیانی خەڵکدا دروستدەکات، بەڵکو خاڵێکی هێجگار گرنگیشە بۆ گەڕانەوەی بـاوەڕ بـەو دونیایەی ئینسانی ئێمە تێیدا دەژی. بۆ تێپەڕاندنی برینەکانی ئەنفال و بـۆ دروسـتکردنی کۆمەڵگای دوای ئـەنفال ئینـسانی ئێمـە پێویـستی بەوەیـە هەسـتبکات کـە بوونـەوەرێکی خاوەن رێز و قورسایی و حورمەتە، لـەپێش هەمووانیـشەوە بوونـەوەرێکی خـاوەن مافـەو کەس ناتوانێت ئەو مافانـەی لێبـسێنێتەوە. کۆمـەڵگای دوای ئـەنفال کۆمەڵگایەکـە خـاڵی لەهـەموو ئـەو رەگەزانـەی ئـەنفالیان دروسـتکرد، کۆمەڵگایەکـە مـژدەی راسـتەقینەی بـۆ جوانترکردن و باشترکردن و ئینسانیترکردنی دونیا پێیە.

پەراوێزەکان:

١-بۆ تێگەیشتن لەماناو دەلالەتەکانی چەمکی جینۆساید بڕوانە:

William D. Rubinstein (٢٠٠٤). Genocide: a history. Harlow [etc.] : Pearson

٢- بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ قوربانیانی جینۆسایدو چۆنیەتی دەسپێکردنی پرۆسەی گەردنئازادی و ئاشتبوونەوەو چۆنیەتی سارێژکردنی ئەو برینە سایکۆلۆژیانەی کە جینۆساید دروستیاندەکات و چۆنیەتی ڕێکخستنەوەی دەزگاکانی دەوڵەت و دەزگا کۆمەڵایەتییەکی تر بڕوانە:

Ervin Staub (٢٠٠٦). Reconciliation after Genocide, Mass Killing, or Intractable Conflict: Understanding the Roots of Violence, Psychological Recovery, and Steps toward a General Theory. Political Psychology. Volume ٢٧ Issue ٦ Page ٨٦٧–٨٩٤, December ٢٠٠٦

٣- بۆ پێناس و ناساندن و دەستنیشانکردنی قۆناغ و سەرزەمینی جوگراف پەلامارەکانی ئەنفال بڕوانە:

Iraq's crime of genocide : the Anfal campaign against the Kurds / Human Rights Watch/Middle East. New Haven [etc.] .: Yale University Press. ١٩٩٥

تا ئەمڕۆکە ئەم کتێبە باشترین کتێبێکە کە لەسەر تاوانەکانی ئەنفال نووسرابێت. هەموو کارێکیش لەئایندەدا لەسەر ئەنفال بکرێت ناتوانێت باز بەسەر زانیارییە گرنگەکانی ئەم کتێبەدا بدات. بەڵام ئەم کتێبەش وەك هەر کتێبێکی دیکە بێ کەموکوڕی نییە. رەنگە سەرەکیترین کەموکوڕی ئەم کتێبە لەوەدابێت کە نەیتوانیوە پێمانبڵێت بەعس لەسەر چ ئەساسێك ئەو کۆمەڵە ناوچە تایبەتەی لەکوردستان هەڵبژارد بۆ ئەنفالکردنیان. کتێبەکە ئەنجامدانی ئاماری ساڵی ١٩٨٧ دەکاتە بناغەی ئەم هەڵبژاردنە. واتە ئەو ناوچانەی ئامارناکرێن دەبنە ئەو ناوچانەی کە ئەنفالدەکرێن و ئەو ناوچانەش کە ئاماردەکرێن ئەنفال ناکرێن. بەڵام ئەم دەستنیشانکردنە لەگەڵ واقیعی ڕووداوەکانی ئەنفالدا یەکناگرێتەوە، چونکە شوێن هەبووە ئامارکراون و ئەنفالیشکراون.

٤- پەلامارەکانی ئەنفال بەشێك نین لەپەلامارەکانی شەڕی ئێران و عێراق ئەگەرچی ئامادەگی ئەو شەڕە یارمەتی بەعسیدا بتوانێت پەلامارەکانی ئەنفال ئەنجامبدات. تێکەڵکردنی ئەم دووانە هەڵەیەکی گەورەیە. بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی ئەم خاڵە بڕوانە:

مەریوان وریا قانیع (١٩٨٨) ئەنفال و مۆدێرنە، ڕووداوێك لەدوامانەوە یان ئەگەرێك لەپێشمانەوە. گۆڤاری ڕەهەند. ژمارە ٧ ناوەندی ڕەهەند بۆ لێکۆڵینەوەی کوردی.

٥- بۆ تێگەیشتنی زیاتر دەربارەی ئەو خاڵانەی سەرەوە بڕوانە:

١- Irving Louis Horowitz (١٩٩٧). Taking lives, genocide and state .power. New Brunswick

٢-Zygmunt Bauman (١٩٩٨). De moderne tijd en de holocaust. Amsterdam : Boom

٦- دەربارەی چەمکی هۆمۆساکەر لای ئاگامبن بڕوانە:

Giorgio Agamben (٢٠٠٢). Homo sacer : de soevereine macht en het naakte leven
.Boom ،Amsterdam

هەروەها بڕوانە: بەختیار عەلی (٢٠٠٥). گوتاری مانەوە. سەردەمی ڕەخنە ژمارە ٣ بەهاری ٢٠٠٦. ل ٨٧-١٢٢.

٧- بۆ زانیاری زیاتر لەسەر گەشەی عێراق وەك دەوڵەت بڕوانە:

Charles Tripp (٢٠٠٠) A history of Iraq. Cambridge. Cambridge .University Press

هەروەها بڕوانە:

Kanan Makiya (١٩٩٠). Republic of fear : Saddam's Iraq. London. .Hutchinson Radius

٨- دەربارەی بەعس بڕوانە:

John F. Devlin (١٩٦٦). The Ba'th Party : a history from its origins to ١٩٦٦.Stanford, Calif. Hoover Institution Press.

٩- ئەم ئامادەگییە بەرفراوانەی برین لەکۆمەڵگای ئێمەدا ئەو چاوەڕوانییە لەسیاسەت لەکوردستاندا دروستدەکات کە ببێتە چالاکی سارێژکردنی برینەکانی ئەو کۆمەڵگایە. چۆنیەتی مامەڵەکردنی برینە سایکۆلۆژییە دەستەجەمعییەکان، یان چۆنیەتی

مامەڵـەکردنی کۆمەڵگایـەکی پـڕ بـرین، ئـەو هونـەرە گرنگەیـە کـە دەبێـت سیاسـەتکردن لەکوردستاندا فێرببێت.

سەرچاوەکان:


١-Charles Tripp (٢٠٠٠) A history of Iraq. Cambridge. Cambridge University Press.

٢-Giorgio Agamben (٢٠٠٢). Homo sacer : de soevereine macht en het naakte leven. Amsterdam, Boom.

٣-Ervin Staub (٢٠٠٦). Reconciliation after Genocide, Mass Killing, or Intractable Conflict: Understanding the Roots of Violence, Psychological Recovery, and Steps toward a General Theory. Political Psychology. Volume ٢٧ Issue ٦ Page ٨٦٧–٨٩٤, December ٢٠٠٦

٤-Iraq's crime of genocide : the Anfal campaign against the Kurds / Human Rights Watch/Middle East. New Haven [etc.], Yale University Press. ١٩.

٥-Irving Louis Horowitz (١٩٩٧). Taking lives, genocide and state power. New Brunswick.

٦-John F. Devlin (١٩٦٦). The Ba'th Party : a history from its origins to ١٩٦٦.Stanford, Calif. Hoover Institution Press

٧-Kanan Makiya (١٩٩٠). Republic of fear : Saddam's Iraq. London. Hutchinson Radius.

٨-Zygmunt Bauman (١٩٩٨). De moderne tijd en de holocaust. Amsterdam : Boom

٩- بـەختیار عـەلی (٢٠٠٥). گوتـاری مانـەوە. سـەردەمی رەخنـە، ژمـارە٣، بـەهاری ٢٠٠٦. ل ٨٧-١٢٢.

١٠ -مەریوان وریا قانیع (١٩٨٨) ئەنفال و مۆدێرنە، روداوێك لەدوامانەوە یان ئەگـەرێك لەپێشمانەوە. گۆڤاری رەهەند ژمارە ٧ ناوەندی رەهەند بۆ لێکۆڵینەوەی کوردی

زەینەب یوسفی:

# نووسەر تا نەگاتە تاکییەتیی خۆی ناتوانێت رۆمان بنووسێت

**دیداری: چنور محەمەد**



زەینەب یوسفی یەکێکە لەنووسەرەکانی خۆرهەڵاتی کوردستان (شاری سنە)، هەروەك خۆی دەڵێت: هەر لەسەرەتای تەمەنیەوە خەریکی خوێندنەوەی کتێب بووە، چونکە ئەوکاتە باوکی زۆر گرنگیی بەپەروەردەکردنی منداڵەکانی لەسەر خوێندنەوەی کتێبداوە، هەر لەبەرئەوە هەموو رۆژێك هەموو منداڵەکانی کۆکردووەتەوە لەژوورێکدا، دووسەعات فێری خوێندنەوەی کردوون، زەینەب دەڵێت: لەتەمەنی (١٢)ساڵیدا کۆمەڵێك شتم نووسی، وەك شیعر، شانۆ، یەکەمین کتێبیش کە خوێندمەوە (ماسیە رەشە بچووکەکە)ی سەمەدی بهرەنگی بوو.

زەیبنەی یوسفی چەند شیعرێکی هەیە، بەڵام هەرگیز خۆی بەشاعیر نەزانیوە، زیاتر ئەو خۆی بەچیرۆکنووس دەزانێت، لەبەرهەمەکانی چیرۆکی (خەونە پەشێوەکانی کانی با)کە لەتەمەنی (١٩) ساڵیدا نووسی بووی، پێشتر بەزمانی فارسی نووسیبووی بەناوی (چیا)وە، دواتر کاتێك دەکرێت بەکوردی ناوەکی دەگۆڕێت، نۆڤلێتی (تامەزۆری لەیلێ)، کۆمەڵە چیرۆکی (ئەیرۆ، ئەزڤین، ئەژدەهاك) ئەم کۆمەڵە چیرۆکە لەگەڵ رۆمانێکدا بڵاوبووەتەوە بەناوی (شەدەی سەرگەردان)، (چرای ترافیك) کەچیرۆکێکی سیناریۆییە، رۆمانی (سێبەرەکانی میرا)، کۆمەڵە چیرۆکی (بازنە تەقەدوس)، نووسینی سیناریۆیەك بەناوی (کایە) واتە یاری وەك فیلمێك بۆ منداڵان خراوەتە سەرشاشەی تەلەفزیۆن کە

ماوەی (٢٠) دەقەیە، نووسینی سیناریۆیەك بۆ زنجیرە فیلمێك بەناوی (خوێندكارانی بەختەوەر) ئەویش بە (١٣) زنجیرە تەلەفزیۆنیی نمایشكرا.

**تۆ وەک هەموو نووسەرانی دیکە، سەرەتا بەشیعر دەستتپێکرد، پاشان بەرەو کورتەچیرۆک و نۆڤلێت و رۆمان هەنگاوت نا، ئایا ئەمە زۆربوونی ئاواتەکانتە کە نەتوانرێت تەنیا لەچوار چێوەی شیعردا دەرببرێت؟.**

هەموو ئەو نووسەرانەی دەبنە رۆماننووس، پێشتر لەبوارە جیاجیاكانی ئەدەبدا زۆر كاریانكردووە، من پێموایە هەموویان بەشیعر دەستیان پێكردووە، ئەو رۆماننووسانەی من بینیومن هەموویان سەرەتا بەپەخشان و دواتر بەشیعرو شانۆ، نەك هەر ئەوەندە، بگرە هەندێكیان سەرقاڵی وێنەكێشانن، ئینجا بەرەو چیرۆكنووسی و رۆماننووسین هەنگاویاننناوە، بەتێڕوانینی من دوای نووسینی رۆمانیش سیناریۆیە بۆ فیلم، زۆرەبەی ئەو رۆماننووسانە دەگەنە شوێنێك دەستدەكەن بەكاری بەرهەمهێنانی فیلم.

**پێتوایە ئێستا سەردەمی مەرگی رۆمانی درێژو قەبارە زۆرە؟**

من لەگەڵ ئەو رۆماننوسانەدا نیم كە زۆر درێژە بەنووسین دەدەن، دونیای ئێستا دونیایەكە خوێنەران داوای نووسینی كورت و چڕو پوختدەكەن بەو مانایەی كە ئێستا سەردەمی (كورتە شاكار)ە، ئیتر لەهەر بوارێكدابێت، شیعر یا چیرۆك یان رۆمان، من خۆم لەدوا كۆمەڵە چیرۆكەكانم هەوڵمداوە بەشێوازێكی تر بنووسم، كاتێك ئەمڕۆ دێڕێك لەچیرۆكەكەم دەنووسم، بۆماوەی چەند رۆژێك هیچ نانووسم و بەجێی دەهێڵم دواتر دەگەڕێمەوە بۆ لای، یا بڵێین بەشی یەكەمی ئەو چیرۆكە دێڕێكە، واتە ئەو دێڕە لەگەڵ دێڕێكی تردا تێكەڵناكەم، ناوەڕۆكی چیرۆكەكەش تەنیا سووڕانەوەیە بەدەوری بازنەیەكدا، دەمەوێت ئەوە بڵێم گۆڕانكاریی لەكاتی نووسیندا لەگەڵیدا هەستی نووسەرەكەش دەگۆڕێت، من خۆم ئەم ئەزموونەم كردووە، ئەمەش خیانەت نەكردنە لەدەق ئەو كاتە نیشانبدەم كە تێدا نووسیومە، هەوڵمداوە لەچیرۆكەكانمدا زۆر درێژە بەنووسین نەدەم، هوونەری نووسینیش لەكورتترین بەشدایە كە گەورەترین مەبەست بپێكێت لەكۆمەڵە چیرۆكی (بازنەی تەقەدوس) وامكردووە، ئیتر نازانم تا چ رادەیەك توانیومە سەركەوتووبم.

**چ جیاوازییەک لەنێوان نووسینی چیرۆک و نووسینی رۆماندا هەیە، لەچ کاتێکدا دەتوانرێت رۆمان بنووسرێت؟**

جیاوازییەکی زۆر هەیە لەنێوان ئەو دوو دنیایەدا، ڕۆمان دەستکەوتی شارستانییەتێك و پێکهاتەی شارە، لەڕۆماندا دەنگەکان زۆر و جیاوازن و کەسایەتیی و ڕووداوەکانیش یەکجارزۆرن، لەڕۆماندا نووسەر دەتوانێت خاوەنی چەند دەنگێك بێت، بەڵام بۆ چیرۆك هەرگیز ئەمە دەستنادات، لەهەموو کات و شوێن و سەردەمێکدا دەتوانێت چیرۆك بنووسی، بەکورتییەکەی تەنیا نووسەر لەیەك ڕێگەوە دەتوانێت بگات بەنووسینی ڕۆمان ئەویش گەیشتنە بەتاکیەتی خۆی، بەدەر لەمە بەڕای من زۆر زەحمەتە نووسەر بتوانێت ڕۆمانێك بنووسێت.

**بەو مانایە نووسینی ڕۆمان سەخت و زەحمەتترە لەچاو چیرۆک؟**

بەدڵنیاییەوە، لەبەرئەوەی نووسینی ڕۆمان پێویستی بەچەند تایبەتمەندییەکی نووسەر خۆی هەیە وەکو وتم نووسەر نەگاتە تاکیەتی خۆی ناتوانێت ڕۆمان بنووسێت.

**ڕەنگە زەحمەتییەکەی لەوەدابێت کۆکردنەوەی کۆمەڵە دەنگێکی جیاواز هەروا ئاسان نەبێت، بەپێچەوانەی چیرۆکنوسینەوە کە نووسەر زۆر بەئاسانی دەتوانێت ببێتە خاوەنی تاکە دەنگێک؟**

بەڵێ وایە، هەر لەبەرئەو حاڵەتەشە ئێمە ڕۆماننووسمان کەمە، لەکوردستاندا تازە خەریکە شار دروست دەبێت، لەگەڵ ئەم گۆڕانەشدا نووسەری نوێ لەدایکدەبێت، واتە لەگەڵ دروستبوونی هەر سیستمێکی تازە پێویستی بەمرۆڤی تازەش دەبێت.

ناتوانرێت ڕۆمان لەنێو پەیوەندی و کۆمەڵگەیەکی عەشایەریدا بنووسرێت، ڕۆمان دەستکەوتی شارو پاشماوەکانی مۆدێرنەیە.

**نۆرمان میللەر دەڵێت: ڕۆماننووسین وەک عاشق بوون وایە، دەتوانیت بڵێیت هەفتەیەکی دیکە عاشق دەبم؟**

من دەڵێم ئەو عەشقەی بەردەوام لەدڵی نووسەردایە ئەوەیە کە ئەو بەتەنیا نووسەرەو هیچی تر، واتە ئەو جگە لەنووسین هیچ کارێکی دیکە نازانێت، ئەمەیە نووسەر سەردەخات و لەنووسین ماندوو نابێت، من باوەڕم بەوەنییە تۆ دوکاندارێك بیت کاتێك دەگەڕێیتەوەماڵەوە دێڕێك یان لاپەڕەیەك دەنووسی و دەڵێت ئەمە چیرۆکە، نووسین زەحمەتە، چونکە پێویستی بەتەرخانکردنی کات و مومارەسەو هەتا پێویستی بەتەرخانکردنی ژیانیشە، بەڵام ئەو عەشقە لەدڵی نووسەردا هەیە واهەستدەکەم ئەو عەشقە لەهیچ دڵێکی تردا نەیدۆزینەوە، کاتێك من دەنووسم عەشق دەکەم، چێژ لەو ساتانە وەردەگرم لەکاتێکدا نووسینەکەم جوان و باش دێتەبەرهەم، ناوەرۆکی چیرۆکی

هەبووە (١٦)جار نووسیومەتەوە، ئەگەر عەشقانە نەبێت چۆن دەتوانرێت ئەوەندە جار بنووسرێتەوە، هەر ئەو عەشقەشە بەنووسین نووسەر والێدەکات نەڕواتە میوانداری و ئاهەنگەکان.

**باسی چێژت کرد، نووسین لای تۆ تەنیا چێژە یان شتێکی دیکەشە؟**

نەخێر تەنیا چێژ نییە، من وابیردەکەمەوە ئەو رۆماننووسانەی کاری پڕبەهادەکەن بۆ کۆمەڵگاکەیان قسەیەکیان هەیە بۆ وتن، تا نووسەر خاوەن فکرو ئەندێشەیەکی تایبەتی نەبێت، بێگومان ئەو شتەی دەینووسێت بۆ کەسانی دیکە هیچ سوودێکی نابێت، هەموو نووسەرێکیش فکری تایبەتی خۆی هەیە جیاواز لەنووسەرانی دیکە، هەر لەبەرئەوە دەتوانن چیرۆکەکانی خۆیان لەڕۆمانێکدا بۆ کەسانی دی بگێڕنەوە.

**کەواتە تۆ چیت هەیە بەوانی دیکەی بڵێیت؟**

من دەمەوێت گەلێ شت بڵێم، گرنگ ئەوەیە ئەوانی دیکە چی لەو شتانە وەردەگرن، من لەڕۆمانی (سێبەرەکانی میرا)دا باسی ناسیونالیزم دەکەم، کەچۆن کۆمەڵگە دووچاری نەخۆشی دەکاتەوە کە چۆن کەسایەتییەکانی ناو کۆمەڵگە لەخۆیان دادەبڕێت و تاکییەتیان لێدەسێنێتەوەو چۆن دەیانکاتە ئامێرو هۆکارێك بەدەست سیاسییەکانەوە، زۆرتر کارەکانی من لەو بازنەیەدا دەسوڕێتەوە.

**زیاتر بەچ ئەدیبێک کاریگەریت؟**

پاش خوێندنەوەی ئەدەبی ئەمریکای لاتین (بەڕاستی کوژراوی ئەو جۆرە ئەدەبیاتەم) کەوتمە ژێر کاریگەریی ئەو جۆررە ئەدەبەوە بەتایبەتی مارکیز، ئەگەرچی ئەوان بەرهەم و هەڵقوڵاوی بارودۆخی کۆمەڵگەکەی خۆیانن هەر لەوێشەوە سەرچاوەیان گرتووە، من زۆر سەرسامم بەو شێوازە نووسینە، چوومەتە ژێر کاریگەریی ئەوانەوە.

**ئەم کاریگەرییە پەیوەندیی بەوەوە هەیە کە تۆ ساڵێک لەئەمریکا بوویت؟**

نەخێر، ئەو ساڵەی لەئەمریکا بووم، جگە لەنووسینی یەك دوو لاپەڕەی شیعری نەهیچم خوێندووەتەوەو نەهیچیشم نووسیوە، چونکە ئێمە بەرهەمی بارودۆخی کۆمەڵگەی خۆمانین نەك کۆمەڵگەیەکی دیکە، ئێمە تەنیا لەکۆمەڵگەی خۆماندا نووسەرین، ناڵێم من هەستێکی ناسیۆنالیستم هەیە، نەخێر من باس لەوە ناکەم و هەرگیز لەگەڵ ئەوەشدا نیم، لەئەمریکا هەستمدەکرد من کەسێکی جیاواز و نەچەسپیوم، ئەمەش لەگەڵ رۆحی مندا نەدەگونجا، چونکە من هیچ پەیوەندییەکم بەو شوێنەوە نەبوو کە لێی دەژیام ئەمەش وایلێدەکردم هەست بکەم لەکەسایەتی خۆم دوورکەوتوومەتەوە،

گۆڤارێکی ئێرانی لەوێ دەرچوو پێیانوتم ببە بەدەستەی نووسەرانی ئەو گۆڤارە جگە لەنووسینی یەك دوو بابەت نەمتوانی هیچیتر بکەم.

**بۆچی نووسەران هەمیشە تێڕوانینێکی فراوانتریان هەیە دەتوانن قبوولی زۆر شتبکەن؟**

مەسەلەکە ئەوەیە کاتێك تۆ دەچیتە شوێنێکی دیکەی وەك ئەمریکا رووبەڕووی دنیایەکی دیکە دەبیتەوە، فەرهەنگ و کلتوورو کەسانێکی جیاواز کە زۆر نامۆن بۆ تۆ، من (٣٢) ساڵان بووم چووم بۆ ئەمریکا، لەئەوجی نووسیندا بووم کە گەیشتمە ئەوێ لاڵبووم و لەنووسینکەوتم، نەك هەر نەمتوانی بنووسم، بەڵکو نەمدەتوانی بیربکەمەوە، هیچم پێنەدەکرا ئەوەندە ئەو فەرهەنگە بۆمن غەریب بوو، کۆمەڵگەو شارستانییەتەکانی، شێوازی ژیانیان زۆر سەیر بوو بەلامەوە، لەناو ئەو هەموو شتە غەریبەدا خەریکبوو لەناو دەچووم، خەریکبوو ئەو فەرهەنگە دەیخواردم و کەسایەتی خۆمی لێدەسەندمەوە، لەوێ لەقوتابخانەیەك بووم ئەوانی لەدەرەوە دەهاتن لەوێ فێری زماندەبوون هەموویان خەڵکی دەوروبەری ئەمریکاو ئیسپانیا بوون یەك کەسی تێدا نەبوو لەئاسیاوە هاتبێت تەنیا من نەبێت کە لەئێرانەوە چووبووم، دووکچی ژاپۆنی هاتن ئەوانیش دوو هەفتە مانەوە ئیدی ئەوانیش رایانکرد و رۆشتن، من ئەوەندە غەمگینبووم هەموو رۆژێك مامۆستاکەم پێیدەوتم، تۆ بۆ وایت بۆ ئەوەندە عەمگینیت و بەحەپەساویی سەیری هەموو شتێکدەکەیت، دەموت من دەمەوێت بڕۆمەوە بۆ وڵاتی خۆم.

ئەوەش بزانە باش ئەوەی گەڕامەوە، ئەو هەستە غەریبەی لەوێ هەمبوو بووە هاندەرێکی باش و بەهێز بۆ ئەوەی خۆم فێری کوردی بکەم و بەکوردی بنووسم، هەڵبەتە من کەسایەتیی خۆم دۆزییەوە، ئەو هەموو فشارەی لەئەمریکا لەسەرمبوو لەئێران بوونە چەند بەرهەمێك ئەمەش کاریگەرییەکی ئیجابی بوو بۆ من، وای لێکردم زیاتر خزمەتبکەم و باشتر کاربکەم بەرلەوە هەموو نووسینەکانم بەزمانی فارسی لەگۆڤارەکانی ئێراندا بڵاودەکردەوە، یەکەم چیرۆکیشم بەکوردی بڵاوبووەوە، ئەژی گۆران بەبێ ئەوەی بزانم لەگۆڤاری گەلاوێژدا بڵاویکردبووەوە، بەفارسییەکەی (دختران سودا زدی زلمت) بوو ئەوکردبووی بە (سەوداسەری تاریکی) کورتە چیرۆکێکی فەنتازیا بوو، کاتێك لەفێستیفاڵی گەلاوێژدا چوارەم بووم و پێشوازییەکی باشم لێکرا، ئەوەش بووە هاندەرێکی زیاتر تا بەکوردی بنووسم، کاتێك چیرۆکە کوردییەکەم بینی زۆر سەیربوو بەلامەوە، چونکە هەرگیز بەخەیاڵمدا نەدەهات رۆژێك بێت بەکوردی شت بنووسم، زۆر کەس لەفێربوونی

زمانی کوردیدا هاوکاریان کردم رۆژی هەشت سەعات وانەی کوردیم دەخوێند، چونکە شێوەزاری ئێمە لەسنە شێوەزاری ئەردەڵانییەو زۆر جیاوازە لەو شێوە زارەی لێرە هەیە.

**کەواتە دەبێت نووسەر زۆر شوێنی دونیا ببینێت تا دواتر بتوانێت لەبەرهەمەکانیدا بیانووسێتەوە؟**

نەك هەر ئەوەندە، بەڵکو دەبێت نووسەر زۆر شت بزانێت لەبوارەکانی مێژوو، ئەفسانە، جوگرافیا، فەلسەفە، ماتماتیك، کۆمەڵناسی، ئابووری، سیاسیەت، نووسەر دەبێت ژمارەیەکی بێسنووری کتێبی خوێندبێتەوە یان بیانخوێنێتەوە، چونکە هەر ئەوانەن لەنووسینەکاندا فریای نووسەر دەکەون، کاتێك نووسەر لەڕووبەڕووبوونەوەی فەرهەنگێکی دیکەدا تووشی غوربەت دەبێت و ئەو هەستانەی گرێیەك لەڕۆحی نووسەردا دروست دەکەن، دواتر کاتێك ئەو گرێیانە دەکەیتەوە لەنووسینەکاندا یارمەتیت دەدات لەوانەیە هەر گرێیەك لەو گرێیانە بۆ خۆیان ببنە چیرۆکێك یان هەر بەرهەمێکی دیکەی ئەدەبی و هونەری.

**تەنیابوون چەن یارمەتیی نووسەر دەدات؟**

زۆر زۆر، من ساڵێك بەتەنیا ژیام لەو ساڵەدا توانیم تەواو خۆم ئامادەبکەم بۆ نووسینی کوردی، من دەمەوێت بەتەواوی تەنیابم یەك کەس هەنگاو بنێتە ناو دونیامەوە هەموو شتەکانم لێدەشێوێت، ئیتر هەندێکجار بیرم دەچوو نان بخۆم بەهەفتەی جارێك نەدەچوومە حەمام، هێڵی تەلەفۆنەکەم لێدەکردەوەو تەنیا دەگریام و دەمنووسی، رۆمانی (شەوەی سەرگەردان)م بەو شێوەیە نووسی و رۆمانێکە باسی ئەنفال دەکات، من بەو شێوەیە زۆر بەتەنیاو لەدنیای خۆمدا دەنووسم کاتێك نووسەر دەگاتە تاکیەتی خۆی لەتەنیایدا ئەو کاتە دەتوانێت بەرهەمێك بەناو رۆمانەوە بنووسێت.



لەباخچەی بەردەکاندا
و. لەسویدییەوە: هەندرێن



شانۆگەرییە سیاسییەکانی جان پۆل سارتەر
و.سامان عەلی



دیدارێک لەگەڵ دۆریس لیسنگ
پێموابێت هەموومان هەنگاوێک لەشێتییەوە دوورین
و: عەبدوڵڵا مەحمود زەنگنە

کورەکەم پیاوکوژە
و.لەئینگلیزییەوە: فاروق هۆمەر

# وەرگێڕان

# لەباخچەی بەردەکاندا

شیعری: ئیلۆنۆرا برو

و. لەسویدییەوە: هەندرێن



٢. Le Secret

لەباخچەی کتێبەوە گەڵا دەچنێتەوە،
لاپەڕە دوای لاپەڕەی پەیڤەبۆندارەکان
بەنێو رستەکانەوە
خۆی دەخوێنێتەوە.

لەنێوان دوو شوێندا
پێست لەبان پێست بەنێو هەر جەستەیەکدا بەدەم رێگای باخچەوە
بەردەکان دەچنێتەوە،
ئەو رەقترین رووبەرە
وەستاوییە.

ئەز خۆم، بایەکم، کە بەنێو هەر دیدارێکی بەرزەوە
بێسازش بەرەو دەروازەی دۆزەخ رێدەکەم. (١)


١. La Danaide

گاڤەکانم بێ ئاراستە دەبن،
جەستە بەردییەکان بەجووڵەکانییەوە
رێگاکە بۆ نێو خانووەکە نیشاندەدەن
کە لەوێدا دەستپێکردنیان لەدایک دەبن،

جارێکی تر لەچاڤە راماوەکانی مندا، جارێکی تر
لەدایک دەبنەوە.

من دەستی تۆ، ئەو دەستە شازادە سپیترینەی تۆم گرت
بوو بەنەرمترین پێست

کە هەناسەی دەدا.

هەندێک جار بەرانبەر رووخسارت دەوەستم،
پڕ لەپەرێشانییەکی ئەبەدی
بەچاوێکی رۆندکییەوە،
پەرێشانییەکی بێ بن و
لەبن بەدەر.

**سەرتاپای تۆ سەلماندنە!**

**من لەدەنگەوە بەقوورِگێکی کراوەوە بەرەو ئەو پیرۆزییە واقیعێنراوە،**
**بوونایەتییەک لەڕووخسارێکدا جیادەکەمەوە،**

**لەوێدا لەباخچەکەدا جەستەکان**
**لەهزرە دەست ئاساکانەوە دەفراژێن،**
**کە ئەو دەستە جارێکیان خەیاڵیکی پێکڤە داتاشی**
**بۆ رۆژگارێکیش بوێرتر بوو.**

**ئەو شوێنە ژوورێکی لەئەبەدییتەدا سازاند،**
**خانووەکە لەبێ بناخەییەوە هەڵچنراوە.**

**گەرەکە چاوەکانم بەدیداری**
**بچووکترین بزوانی**

**روح بگەن.**

**هاوڕێیەکەم بۆچی... ئەو بزواوە هەر بچووکە،**
**بەرد،**
**بەنێو راماوێک لەنەبزواوییەوە**
**یەکجار زۆر بزووتنەوە دروستدەکا؟**

**چۆن دەتوانم هەست بەنەرمیی بکەم کە بەنێو پێستێکی رەقهەڵاتووە،**
**ئەو بەردینەوە،**

**سەما بکا؟!**

**هەموو رووخسارە بەردینییە خەون بینەکان گەواهی لەسەر من دەدەن**

**من لەوێدا بەرانبەر ئەوان،**

**ئەو قەدەرە لەمن راماوەدا،**

**دەجووڵێمەوە،**

**جەستەکان**

**پفکراو، رژی لەڕوح:**

**گوڵێک کە لەداستانەکانی مانگەوە گەشە دەسێنێ.**

بەهاری ٢٠٠٤

ستۆکهۆڵم

(١) دەروازەی دۆزەخ، ئاماژەیە بۆ یەکێك لەپەیکەرە بەناوبانگەکانی ئاگۆست رۆدێن، کە ئەو ٣٧ ساڵ (١٨٨٠-١٩١٧)کاری لەگەڵ کرد، کەچی ئەو هەرگیز دەستی لەئیشکردنی ئەو پەیکەرە هەڵنەگرت.

تێبینی! ئەو شیعرە بەیادی بەهاری ٢٠٠٤ی پاریس، شوێنپێیەکانی گەڕان بەناو باخچەی پەیکەرە بەردینەکانی ئەگۆست رۆدێن، نووسراوە.

ئیلۆنۆرا برو، ژنە شاعیرو نووسەر، لەساڵی ١٩٧٩ لەشاری ستۆکهۆڵمی سوید لەدایکبووە. بەکەلۆریای لەفەلسەفە بەناوی "رامانی دۆلوز لەمەڕ بیرۆکەی فیلم و هونەری فیلم لای تارکۆفسکی". وێڕای شیعر نووسین، وتارو رەخنە لەبارەی فیلم، شانۆو ئەدەب بڵاودەکاتەوە. پێشتر ئێلۆنۆرا برو بەکوردی کۆمەڵێك شیعری لەکۆشیعری "نیگای دەست"، ٢٠٠٦، بڵاوکراونەتەوە.

سەرچاوە:

Tidningen Kulturen, Nr ١٩, ٢٠٠٧-٠٧-٣

رۆژنامەیەکی هەفتانەی تایبەت بەکەلتوورە.

# شانۆگەرییە سیاسییەکانی

# جان پۆل سارتەر



## بەشی دووەم و کۆتایی

**و.سامان عەلی**

لەنێو بەشی دووەمدا دەبینین پرۆژە پیرۆزەکەی جۆتز ئاشکرادەبێت. بڕیار دەدات دەستبکاتە بەخشینی زەوی‌و زارەکان بەشۆڕشگێڕان. بەڵام هێندە نابات(ناستی)رابەری جولانەوەی جوتیاران پێیدەڵێت: جاری زەوی‌و زارەکانت مەبەخشە، ناستی دەڵێت: ئەگەر کتوپڕ زەوی‌و زارەکانت ببەخشیت پەلە لەبەرپاکردنی شۆڕشدا دەکەیت، بێئەوەی کات گونجاوبێت بۆ بەرپابوونی شۆڕشێك کە سەرکەوتووبێت. ئەگەر جۆتز دەستوبرد بەمجۆرە رەفتاربکات ئەودەمە جوتیاران بەبێ ئامادەکاریی پێویست یاخی دەبن‌و هێندە نابات خانەدانەکان سەرنگونیان دەکەن. بەڵام جۆتز چاوەڕوانیی رەتدەکاتەوەو دەڵێت: ناتوانم بەجۆرێکی بەش بەش‌و بەچکەچك چاکەو پیاوەتی بکەم. شانبەشانی ئەوەش نەك هەر زەوی و زارەکانی بەجوتیاران دەبەخشێت، بەڵکو کۆمەڵگەیەکی نموونەیی کتومت دامەزراو لەسەر بناغەی برایەتی‌و موڵکایەتیی هاوبەشیش دادەمەزرێنێت.(بەهۆی

ئەویشەوە، پێشئەوەی ساڵ تێپەڕێت، شادیو میهرەبانیو چاکەخوازیی باڵ بەسەر دەهەزار دۆنم لەم زەویوزارانەدا دەکێشێت، من دەمەوێت لەموڵكو ماڵەکەی خۆم شاری خۆر دابمەزرێنم)(٥).

ئەو رووداوانەش کە دوابەدوای ئەمانە روودەدەن دروستیی بۆچوونەکەی ناستیو چەوێڵیی بۆچوونەکەی جۆتز دەردەخەن، چونکە پاشئەوەی جۆتز (گوندە نموونەییەکەی) دادەمەزرێنێت، وەکو ناستی ناوی لێدەنا، دەبوو بەردەوام دژ بەو کارو کردەوانە تێبکۆشێت کە کاهینەکان بۆ نابوودکردنی ئومێدو ئاواتە دونیاییەکانی میللەتەکەی ئەنجامیان دەدا. پاشان ئەو شۆڕشە بەرپا دەبێت کە هێشتا کامڵ نەبووەو کە ناستی سڵی لەبەرپابوونی دەکردەوە. ئیدی ناستی تکا لەجۆتز دەکات فریای ئەو دۆخە بکەوێت کە خوڵقاندویەتی، ئیدی لەو رێگەیەوە کە خۆی ببێتە سەرۆکی جوتیاران کارێکدەکات کە شۆڕشی جوتیاران سەرکەوتوبێت. جۆتزیش بەوە وەڵامی ناستی دەداتەوە کە پێیدەڵێت: ئەگەر جارێکی دی ببێتەوە بەفەرماندە، ئەوا جارێکی دیکە دەستدەکاتەوە بەلەسێدارەدانی خەڵکی لەبەرئەوەی ئەوە نهێنی رژێمەکەیو رازی سەرکەوتنەکەی بووە. هەروەها دەڵێت: ئێستاکە تەنها بۆ میهرەبانیی دەژیم، ناستیش لەجیاتی ئەوەی گوێ رادێرێت بەڵێن بە(هێڵدا)ی مەسیحی پیرۆز دەدات کە خوێن نارێژێت. ئیدی روو لەسەربازگەی جوتیاران دەکات نەك بۆ ئەوەی ببێتە فەرماندەیان، بەڵکو بۆئەوەی هانیان بدات لەسەر شەڕێك بەردەوام بن کە ناتوانن تێیدا سەرکەوتووبنو بۆئەوەی هانیان بدات پەیوەندی بەوەوە بکەن، بۆئەوەی تەنها بۆ خۆشەویستییو میهرەبانیی بژین. بەڵام جوتیارەکان گاڵتە بەجۆتز دەکەن. لەساتێك لەساتەکانی دانبەخۆداگرتنیشدا ئەوەیان پێڕادەگەیەنێت کە ئێوە بەرازن. لەدوای ئەوەش هەست بەپەشیمانی دەکاتو لەخواوەند دەپاڕێتەوە:

(ئەی خواوەندی من واجارێکی دی، وەك جاری جاران کاتێك کە خراپەیەکم دەکرد، رووبەڕوو دەبینەوە. ئاخ! نەدەبوو دەست لەکاروباری خەڵکی وەربدەم، ئەوانە کۆسپو تەگەرەن. ئەوانە ئەو خراپەیەن کە پێویستە مرۆڤ خۆی لێیان بەدووربگرێت تا خۆیان دێن بۆ لای. ئەوا من هاتم ئەی خواوەندی من واهاتم. من لەسای رووناکی تۆدا رێدەکەم، دەستت درێژبکەو دەستگیرۆییم بکە.. بمپارێزە، لەشی پڕوپوچو بێنرخم ببە، بخزێرە نێو

رۆح و دەروونمەوەو تێکمبشکێنە.من وێرانی نەفرەت و یەکێتی ڤین دەخوازم، لەبەرئـەوەی مرۆڤ بۆ لەناوبردنی مرۆڤی نێو نـاخی خـۆی خـولقێنراوە، بـۆ ئـەوە دروسـتکراوە تـاوەکو مێینە خۆی بۆ جەستەی شەوی تاریك و سامناك والأبكات"(٦).

هێنـدەی پێناچـێت جـۆتز ئـەوەی بـۆ دەردەکـەوێت جوتیـارە یاخییـەکان(گونـدە نموونەییەکەی ئەو)یان خاپورکردووە، چونکە پیاوەکانی قایـل نـەبوون چـەکیان لەتەکدا هەڵبگرن، پاشان بـەرەو دارسـتان و جەنگەڵـە چـۆڵ و خەمۆکـەکان بەڕێدەکـەوێت تـاوەکو گوناهەکانی مرۆڤ لـەنێو لەشـی خۆیـدا گـوزەران بکـات. لەڕێگـەی هینریخیـشەوە هـەواڵی ئەوەی دەستگیربووە کە خانەدانەکان بەسەر هێزی جوتیاراندا سـەرکەوتوون بـەوجۆرەی کـە ناسـتی پێـشبینی دەکـرد. ئیـدی جـۆتز هەسـتدەکات کـە دوچـاری شکـست بـووەو هینـریخیش لەوێنـدەرە بۆئـەوەی بـەهۆی شکـستەکەیەوە روبـەروی ببێتــەوە. هینــریخ جــارێکی دی بــەجۆتز دەڵێــت: "ئــەو فەرمانانــەی کــە تــۆ وا خــۆت پیــشاندەدا کــە لەخواوەنــدەوە وەریانــدەگریت تــۆ ئاراســتەی خــودی خۆتیــان دەکــەیت"ئیــدی جــۆتز بیردەکاتەوەو رادەمێنێت و دەسبەجێ دەڵێت لەگەڵ قسەکانی هینریخدام:

"من تەنهام ئەی کەشیشەکە، تۆ راستدەکەیت من تەنهام. پاڕامـەوەو نزامکـرد. داوای زانینم کرد، پەیامگەلم ئاراستەی ئاسمان کردو وەڵامیان نـەبوو. ئاسمـان بەیـەکجار نـاوی منی فەرامۆشکرد. سـات لـەدوای سـات داوای ئـەوەم دەکـرد کـە مـن دەتـوانم لەڕوانگـەی خواوەنددا(چی بم)، ئێستاکە من وەڵامەکەی دەزانم: هیچ. خواوەنـد نامبینێـت، خواوەنـد گـوێی لـێم نییـە، خواوەنـد نامناسـێت. چـاوت لـەو بۆشـاییەیە کـە لـەژور سـەرتە؟ ئـەوە خواوەندە. چاوت لەو کەلێنەیە کە لەدیوارەکاندایە؟ ئەوە خواوەندە. ئەو چاڵە دەبینیـت کە لەسەر زەوییـە؟ ئـەوە خواوەنـدە. لەوێنـەبوون(غیـاب)خواوەنـدە. خواوەنـد تـەنهایی مرۆڤـە. لـەخۆم بـەولاوە کەسـیتری لێنـەبوو، مـن هـەرخۆم بڕیـاری خراپـەکردنم دا، مـن هەرخۆم خواوەندم داهێنا.

(هینــریخ دەیــەوێت لــەجۆتز دووربکەوێتــەوە، بــەڵام ئــەو دەســت دەداتــە پــەلی و پێیدەڵێت: هینریخ، ئێستاکە داستانێکی سەرنجراکێشت بۆ دەگێڕمەوە: خواوەنـد بـوونی نییە. نییە! شادیی، ئەسرینی شادیی. هلیلۆیـا. گـەوجی کـەودەن! لـێم مـەدە! خۆمـانم

ئـازادكرد. ئاسمـان بـوونى نييـه، دۆزەخ بـوونى نييـه، چيتر بـوونى نييـه تـەنها زەوى نەبێت"(٧).

ئەوجا جـۆتز جـارێكى دى دەگەڕێتـەوە بـۆ لاى ناسـتىو پێيـدەڵێت:"دەمـەوێت ببمـە پياوێك لەنێو پياواندا، پياوێكى پياوانـە). مەبەسـتى خۆيشى لـەم قسەيە شيدەكاتەوەو دەڵێت: پێويستە لەسەرم بەتاوان دەستپێبكەم.

"ئەمرۆكە خەڵكى بەتاوانبارى لەدايكبوون، پێويستە لەسەر منيش داواى بەشـى خـۆم لەتاوانـەكانيان بكـەم، ئەگـەر بمـەوێت بەشـى خـۆمم لـەميهرەبانىو چـاكەكەيان دەستگيربێت. من خۆشەويستييم لەوپەڕى بێگەردييەكەيدا ويست. ئەمـەش بێمانـاترين شتە. ئەوەى كە مرۆڤێكت خۆشبوێت ئەوەيە كە قينت لەهەمان دوژمن بێت، هەربۆيە مـن دەستلەملانێى قينەكەت دەبم. ويستم چاكەو پيـاوەتى بكـەم: قسەى قـۆڕ. لەسـەر ئـەم زەمينـەو لـەم سـاتەوەختەدا چاكەوخراپە لەيەكدى جوێ نابنـەوە. مـن بەبەشـى خـۆم لەخراپە قايلدەبم بۆئەوەى بەشى خۆمم لەچاكە بەميرات بۆ بمێنێتەوە"(٨).

ئيدى ناستى جارێكى دى پێشنيارى ئەوە دەخاتە بەردەسـتى جـۆتز كـە فەرمانـدەيى لەشكرى جوتياران بگرێتەدەست، ئەويش دودڵيـەك دەردەبڕێت، بـەڵام ناسـتى فـەرمانى پێـدەدات كـە قايلبێـت، جـۆتزيش جلوبـەرگى سـەربازيى لەبـەردەكاتو دەسـبەجێ فەرماندەدات كە هەموو هەڵهاتووەكان لەسێدارە بدرێن:

"سـەرەتايەكى جـوانو سەرنجراكێـشە. ناسـتى، پێمـوتى كـە دەبمـە جـەللادو قەساب..هيچ ترست نەبێت لەبەرئەوەى پەشيمان نابمەوە. وايانلێدەكەم قينيان لێمبێـت، چونكە هـيچ رێگەيـەكى ديكـە بـۆ خۆشويـستنيان شـك نابـەم. فەرمانـدەدەم بەسـەرياندا لەبەرئـەوەى هـيچ رێگەيـەكى دى بـۆ گوێڕايـەڵبوونيان شـك نابـەم. لەتـەك ئـەم ئاسمانـە پوچەى ژور سەرمدا بەتەنها دەمێنمەوە، چونكە هيچ رێيەكى تـر نييـە تـاوەكو بەهۆيـەوە لەنێو خەڵكيدابم. لەم شەڕە بەولاوە هيچى ديكە لەگۆڕێدا نييە، دەبا بيگێـڕين، مـن خـۆم دەيگێڕم"(٩).

بـەمجۆرە شـانۆگەريى(شـەيتانو رەحمـان)كۆتـايى دێـتو منـيش بـڕوام وايـە ئـەم شانۆگەرييە شاكارێكى هونەرييە لەجوانترين شاكارەكان، لەبەرئەوەى گرفتێكى تايبـەتى لەمەڕ سياسەت دەگۆڕێـتو سـەبارەت بـەمرۆڤ دەيكاتـە يـەكێك لەگرفتـە ئەخلاقييـەكان.

درامایەکـە لەئاسـتی درامـای(ئـانتیگۆن)ی سۆفۆکلیـسدا.سـارتەر بـۆڕی خـۆی دایـەوە. لەشـانۆگەریی(دەسـتە چـەپەڵەکان)و لەسـیناریۆی(گێـژاو)دا کـە هەردووکیـشیان پێـشتر کـەوتن و پلانیـان بـۆ شـانۆگەریی(شـەیتان و رەحمـان)دانـا، بـەراورد لـەنێوان ویـژدانێکی سۆشیالیستیی سەرسەخت و ویـژدانێکی(بـۆرژوا)ی ناسـك کـە شـتێکی سـادەیە، دەکـات. بەڵام لەشانۆگەریی(شەیتان و رەحمان)دا هەردوو لایەنی کێشمەکێشەکە هاوتاو هاوسـەنگ دەکـرێن. شـێوازی ناتوندوتیـژیی و میهرەبـانی و وەرچـەرخانی ئاشـتییانە تـەواوی هێـزی ئەخلاقیی خۆی دۆزییەوە، چیتر گوزارشتی(بۆرژوا)کە پێشان پێوەی لکابوو لێی بووەوە. بەمجۆرە لێرەدا ئەلتەرناتیڤێکی جوان و سەرنجراکێش هەیـە دژ بـەو شـتەی کـە پێویـستە ئەخلاقی سۆشـیالیزم(ریـالیزم)بەرجەسـتەی بکـات و بیهێنێتـەدی، ململانێیـەکی سـەخت و ونجڕونجڕمان لـەنێوان ئـەم دووانـەدا بـەدیکرد: شـەکەتیی و کـوێرەوەریی نـاخ و نـاوەوەی مرۆڤێك کە بەرەو تراژیدیا وەرچەرخاوە.

ئەوەشی کە گومانی تیادا نییە ئەوەیە مرۆڤ دەتوانێت لەنێو شـانۆگەرییەکەدا تێبـینی سیماکانی پەرەسەندنی سیاسییانەی سارتەر بکات، بەڵام مرۆڤ نابێت لەسەر ئەو بنەڕەتە لەبایەخی ئەم شـانۆگەرییە کـەم بکاتـەوە کـە تـەنها پاکانەیەکـە بـۆ هەڵوێـستی نووسـەر بەرامبـەر بـەکۆمۆنیزم. بەهـەرحاڵ دەکرێـت داکـۆکی لـەدڵڕەقیی سیاسـی بـەوجۆرە بخوێندرێتـەوە کـە داکۆکییـە لـەدڵڕەقیی سیاسـی لای کۆمۆنیـستەکان، بـەڵام ئامـانجی نووسـەر، لەچوارچـێوەیەکدا کـە رووداوەکـانی لەسـەدەی شـانزەدا دەگـوزەرێن، پێشچاوخستنی تەڵزگەی تایبەتی سۆشیالیزم نییە لەسەدەی بیستدا، بابەتەکـەی شـتێکە پەیوەنـدی بەسـەرلەبەری مێـژووەوە هەیـە. رەنگـە مـرۆڤ بابەتەکـەی بەسیاسـەتی مرۆڤدۆسـتیی(هیومـانیزم) ناودێربکـات، پـەیامی دڵنیـای شـانۆگەرییەکەش ئەوەیـە کـە سیاسەتی مرۆڤدۆستیی پێویستە دژ بەو ئەخلاقی ناتوندوتیژییە یاخیبێت کـە پەیوەنـدی بەسیاسەتی ئایین و رامان و ئاشتەواییەوە هەیە، سیاسەتی جیهـانی داهـاتووە. سیاسـەتی مرۆڤدۆستیی سیاسەتی ئـەم جیهانەیـە، لەبەرئـەوەی کـە ئـەم جیهانـەش زۆر لەنزیکـەوە بەرکـەوتن لەگـەڵ خراپـەدا دەکـات(ئەمـەش بـەبڕوای سـارتەر لەئـەنجامی کـەمی و دەگمەنییەوەیە)هەربۆیە ئـەو مرۆڤـەی کـە بیـەوێت ببێتـە سـەردارو سـەرگەورەی جیهـان پێویستە دڵڕەق بێت و بـەزەیی نـەزانێت، پێویـستە لەسـەر مـرۆڤ خـۆی بـەهۆی تاوانـەوە

چەپەڵ بكات[١٠] (سارتەر لەوجۆرە خەڵكانە نییە ئەو وشانەی كە بەكاریاندەهێنن نەرمو ناسك بكەن).

(من لەم بۆچوونەدا هاوڕای نیم، بەڵام مرۆڤ، بەبڕوای من، دەكرێتو دەشێت لێكچوونێكی بەرچاو لەنێوان ئەو و ئەم بۆچوونەی ماكیاڤیللیدا بدۆزێتەوە، هەڵبەت نەك ماكیاڤیللی نائەخلاقیی نێو كەلەپووری میللی بەڵكو ئەو ماكیاڤیللییە مێژووییەی كە بایەخێكی سۆزداریی بەلەدایكبوونی ئیتاڵیا دەداو خەونی بەزیندوكردنەوەی نموونەكانی لەمەڕ چاكەخوازیو ئازایەتیو سەروەرییو دلاوەریی كۆماری رۆمانی دێرینەوە دەبینی بۆئەوەی شوێنی نموونە هەڵكشاوە كەهەنوتییەكانی لەهەمبەر خاكێتیو خۆنەویستیو بەرەنگاری نەكردنو دانبەخۆداگرتنو نوێژ بگرێتەوە كە ئامۆژگاریو رێنماییە مەسیحییەكان فێری خەڵكییان دەكردن، ماكیاڤیللی بۆئەوەی ئەو ئامانجە بهێنێتەدی كە بڕوای وابوو بەرجەستەی سەروەریی راستەقینەی مرۆڤایەتی دەكەن ئەوەی راگەیاند كە جاروبار پێویستە درۆ لەتەك خۆیدا بكاتو تەڵەكەبازی بكاتو بكوژێت. ئامۆژگارییەكەشی لەنێو زمانی باوی گرەوی سیاسییدا پەردەپۆش نەكردو كوشتنیشی بە(لەسێدارەدان) یاخود (دیپلۆماسییەت)ێكی فریودەر ناودێر نەكرد. بەمجۆرە سارتەریش هەر لەهەمان چەشنو جۆرە. لەتەك ماكیاڤیللیدا رووەو چاكەخوازیو لایەنە باشەكانی كۆماری رۆمای دێرینی دەڕوانی، نموونەی ئەو كۆمەڵگەی بێچینایەتی لای سارتەرە، بەڵام ئەو لەوەدا لەماكیاڤیللی دەچێت كە سۆراخی ئازادكردنی مرۆڤدۆستیی لەو ناوەرۆكە ئەخلاقییانە دەكات كە لەبەهاكانی دیكەوە دەرهێنراون).

لەگەڵ ئەوەشدا سارتەر بەمانایەك لەماناكان لەماكیاڤیللی ناچێت. ماكیاڤیللی خاوەنی هیومانیزمێكە تەواو كاملو راستگۆیانەیە، كەمترین شوێنەوارو كاریگەریی ئایینی لەلا بەدی ناكرێت. بەڵام لای سارتەر ئەو شوێنەوارو كاریگەرییەی ئایین دەبینرێت. لەڕاستیدا هەر ئەمەیشە ئەو دەكاتە نووسەرێكی شانۆنووسی خاوەن كاریگەریی، لەبەرئەوەی ئەو ئەقڵێكی هیومانیستیو هەستەوەرییەكی ئاینیی هەیە، ئەگەرچی هەمیشە هەر كیركەگۆرێكی دیكەش بمێنێتەوە وەكو چۆن هەر بەهیگڵێكی دیش مایەوە.

بەبڕوای سارتەر، ئەوە هەستەوەریی ئاینییە كە لەجیهانی دەرەوە دادەماڵێتو بەوجۆرەش دركی ئەم جیهانە دەكات كە جیهانێكی لینج، شیرین، شلەژاو و مایەی

هێڵنجه. هەستەوەریی مرۆیی لەنێو سروشتدا ئاسودە دەبێت، بەڵام سارتەر شتگەلە سروشتییەکان بەمجۆرە دەبینێت:"دڕدۆنگ"،"نەرم"،"شل"، "چەور"،"چڕ"،"سارد"،"گێل"،"حەتمی"،"چەپەڵ"ن. دەکرێت لەڕێگەی ژنان یاخود ئافرەتانیشەوە لەدژی یاخی بین. لەنێو هەموو کەسایەتییە ژنەکانی نێو شانۆگەریو چیرۆکەکانی سارتەردا لایەنێکی نەخۆشو ناتەندروست هەیە. ژنان تیایاندا خراپو مایەی خراپەکاریین، سارتەر لەنێو لینجێتی جیهانی سروشتیی نیمچە شلو نیمچە بەستوودا ئەو لایەنە ئاشکرا دەکات کە نێگەتیڤو خۆبەدەستەوەدەرو"مێینەیی"ە. جوتبونی سێکسییش بەوجۆرەی کە ئەو لەهەمەچەشنییەکدا وێنای دەکات پرۆسەیەکە هیچ جوانییەکی تیادا نییە. ئەگەر برێك لەنەرمی لەپەیوەندی سێکسیی ئەویدیدا لەنێو هەموو نووسینەکانی سارتەردا هەبێت(برێك کە بکرێتو بشێت بەراورد بەپەیوەندی هاوڕەگەزبازیی نێوان برۆنیو فیکاریۆس بکرێت)ئەوە لەنێوان ئەم دووانەدایە:چارلسی کەفتکار کە سواری ئۆتۆمبیلەکەی بووەو دەستی(کاترین)ی هاوڕێی نەخۆشیی لەنێو شەمەندەفەرەکەدا گرتووە، لەگەڵ(کاترین)ی کەساس ئەگەرچی(خاوێن)ەو خاوەنی ئەو بێگەردییەیە کە کەسانی دی لەبارەیەوە هەژارن. هەرچی پاشماوەی ژنانی دیکەی لای سارتەرە ئەوانە وتەکانی(قەدیس بێرنارد)یان بەسەردا دەچەسپێت کە دەڵێت سەرلەبەریان:"جانتاگەلی پیسایین".

ئەو سیستەمە تەواوکاملەی زانستی گەردونناسی کە بۆ کانتو نیوتن باسی خواوەندی کرد سیستمێکە دڵو دەروونی سارتەر تینویەتی. ئەوەی کە دڵی ئەو دەیگرێتو ئارەزوی دەکات هەموو شتێکی پێچەوانەی لینجییە لەنموونەی: رەق، توند، کانزایی، ماتماتیکی، کە دەکرێت پێشبینی بکرێن، چەسپاو، ناسۆزدار، توندوتیژ، نێرینەیی. بیرۆکەی (رزگاربوون لەڕێگەی هونەرەوە)کە ئەوی زۆر سەرسامکردووە بیرۆکەی زاڵبوونە بەسەر جیهانی دیاردە لینجو هەڵوەشاو و ناکاو و بێزارکەردا لەڕێگەی(دروستکردنی)جیهانێك لەسیستمی وێناکراو و کەمالو پێداویستییو هاوسەنگو هاوتاییو پتەوییەوە. بەهەمان جۆریش ئەوە بیرکردنەوەیە لەهونەر وەکو هۆکارێك بۆ رزگاربوون کە هونەری کردووەتە جۆرێك لەئایین. ئەوەشی کە گومانی تیادا نییە ئەوەیە سارتەر کاتێك کە لەبیرۆکەی رزگاربوون لەڕێگەی هونەرەوە بەرەو بیرۆکەی رزگاربوون لەڕێگەی سۆشیالیزمەوە

دەیگوێزایـەوە لەڕاسـتیدا لەشـێوەیەك لەشـێوەكانی ئایینـەوە بـەرەو شـێوەیەكی دیكـە دەبزوا.



سارتەر جارێكیان وتی: ئێستاكە هەموو مرۆڤێك بێباوەڕو مولحیدە:"خواوەند تەنانەت سەبارەت بەمرۆڤی ئیمانداریش مردووە"پێچەوانەی ئەمەش هیچ لەڕاستییەوە دوور نییـە، ئـەو بێبـاوەڕەی كـە لەچەشـنی سـارتەرە خواوەنـد زینـدوو دەكـات.(پـۆڵ تیلیـتچ)كـە لاهوتییەكی پرۆتستانتیی ئەمەریكییە * دەستەواژەی (خواوەندێك لەسـەرو خـوداوە)ی بـۆ هێماكردن بۆ ئەو خواوەندە داهێنا كە لەڕێگەی جۆرگەلێك لەگومانەوە دەچەسپێت.

"ئەو خواوەندەی كە وەكو بابەتێك بۆ ئیمان نائامادە دەبێت بەوچەشنە ئامادەیە كـە سەرچاوەی ئەو نیگەرانییەیە كـە پرسـیارە گەورەكـە دەكـات، پرسـیاری مانـای بـوون". هەروەها تیلیتچ لەسەر وتەكانی بەردەوام دەبێتو دەڵێت:

"خواوەنـدی نائامـادە، سەرچـاوەی پـرسو گومـانی نێـو نـاخی دەروونـی ئـەو، نـە خواوەنـدی ئیمـانو نـە خواوەنـدی یـەكێتی بوونـە، نـە خواوەنـدی مەسـیحییەكانو نـە خواوەندی هندۆكییەكانە، نە خواوەندی سروشتگەرایانو نە خواوەندی ئایدیالیـستەكانە، هەموو ئەم شێوانەی وێنەی خوداوەندیی لەلایەن شەپۆلە توندەكانی گومانـەوە رامـاڵران. ئـەوەش كـە دەمێنێتـەوە چـیتر نییـە جگـە لـەزەرورەتی نـاوەكی مرۆڤێـك كـە پرسـیارە گەورەكە بەجۆرێكی تەواو شێلگیرانە دەكات.رەنگە ئەو خودی خۆیـشی سەرچـاوەی ئـەم پێداویستییە ناوەكییەی بۆ نەگەڕێنرێتەوە. لەوانەیە نەیەوێت، بەڵام ئەوانەی كە خـاوەنی تروسكاییەك لەكاری ئامـادەگیی خوداوەنـدیین دركـی ئـەوە دەكـەن كـە كەسـی ورەبـەرز دەكرێتو دەشێت بێ ئەم ئامادەگییە ئەم پرسیارە گەورەیە بكـات، تەنانـەت ئەگـەر بـەو چەشنە هەست بەم ئامادەگییە خوداوەندییەش بكات:"نائامادەیی خواوەندە. خواوەندێك لەسـەروو خـوداوە ناولێنـانی ئـەو خواوەندەیـە كـە لەپـەرگیرییو شـێلگیریی پرسـیارە گەورەكەدا دەردەكەوێت تەنانەت ئەگەر بێ وەڵامیش بێت(١١)".

رەنگە سارتەر وەکی وێنەکێشێکی لێهاتووی بابەتەکەی پرۆفیسۆر تیلیتچ بشێتو بگونجێت، لەوانەشە ئەو خوێنەرانەی کە هاوڕای سارتەرن لەچێژوەرگرتنی سارتەر لەڕەخنەی ئەدەبی دامەزراو لەسەر دەروونشیکاریی سۆراخی پەیوەندییەك لەنێوان(خواوەندێك لەسەر خودا)و باوکێکی ئەو باوکە بکەن کە لەمنداڵیی سارتەردا باڵادەستو باو بووە. هەستەوەرییە ئاینییەکەی ئەو هێندە زۆرە تەنانەت سەروەختێك کە لەبیرۆکەی رزگاربوون لەڕێگەی هونەرەوە دوور دەکەوێتەوە تایبەتمەندییە ئیستاتیکییەکانی نووسینەکانی روویان لەکەمبوونەوە کردووە. بەڵام ئەو هونەرمەندەی کە تیایدا هەیە بەهیچ کلۆجێك لەلایەن رۆشنبیرەکەیەوە هەڵنەلوشراوەو بەهۆی شانۆگەریی(شەیتانو رەحمان)ەوە لەساڵی١٩٤٧دا لایەنی کەم شانۆگەرییەکی جوانو سەرنجراکێشی بەوێنەی جوانیی شاکارەکانی سەرەتاو یەکەمجاری پێشکەشکرد. شانبەشانی ئەمەش لایەنی گرنگ لەنێو سارتەردا تەنها لەوەدا نییە کە خاوەنی ئەم هەستەوەرییە ئاینییەیە، بەڵکو هەستەوەرییەکەی دژێکی بەرامبەری لەنێو ئاقارە ئەقڵییەکەیدا هەیە. ئەگەر ئێمە بەرەنگاریی ئەو بیرۆکەیەی سارتەریش بکەین کە دەڵێت هەموو پەیوەندییەکانی نێوان خەڵکی لەسەر بناغەی کێشمەکێش دامەزراون، ئەوا هاوکات پێویستە دانبنێین بەوەشدا کە ململانێ کەرەستەی درامایەو ململانێیەك لەجۆرێکی دیکە، بەمانای دیالەکتیك، بەشێکی گەورەیە لەفەلسەفە.

پەراوێزەکان:

(١)سارتەر:"دەستە چەپەڵەکان"، ل٢١٠.

(٢)کینس تینان کە لەرۆژنامەی"ئۆبزێرڤەر"دا گفتوگۆیەکی رۆژنامەنووسی لەتەك سارتەردا سازکردووە(لە٢٥ی مانگی یۆنیۆی حوزەیرانی ساڵی١٩٦١دا) باسی ئەوەی کردووە کە لەمۆسکۆ چاوی بەچاپێکی کورتکراوەی شانۆگەریی(لەشفرۆشە بەرێزەکە)کەوتووە، ئیدی پرسیار لەنووسەرەکەی دەکات کە ئایا بەو گۆڕانکارییانە قایلە کە تیایدا کراوە؟ سارتەر لەوەڵامدا دەڵێت:"من نمایشەکەم نەبینیوە بەڵام بەوێنەی ئەو فیلمەی کە لەفەرەنسا بەرهەم هێنرا بەکۆتاییە خۆشبینەکەی قایلم. زۆرێك لەکەسانی

سەر بەچینی کارگەر ئاشنام لەوانەی کە شانۆگەرییەکەیان بینیوە توشی نائومێدیی بوون چونکە شانۆگەرییەکە بەپەژارە کۆتایی هات. لەو کەسانەشم کۆڵیوەتەوە کە دروست پەرۆشی کۆتایینو ئەوانەی کە ئومێدێکی زۆریان بەژیانەوە گرێداوە چونکە پێویستە لەسەریان بەوجۆرە بکەن، پێویستییان بەهیوایە" لەراستیدا ئەم وشانە ناچارمان دەکەن ئەم دەستەواژەیەی سارتەر کە دەڵێت:"ژیان لەبەرەکەی دیکەی نائومێدییەوە دەستپێدەکات"بەو چەشنە بخوێنینەوە کە تەنها ئاراستەی چینە دەوڵەمەندەکان دەکرێت.

(٣)ئەم کتێبە لەساڵی١٩٥٨دا دەستاودەستپێکردنی قەدەغەکراو هاوکات جانسۆنی هاورێو رەخنەگرەکەی سارتەرو داکۆکیکارێکی نیشتیمانپەروەرە جەزائیرییەکان لەوڵات هەڵهات، دواتر دادگا بەغیابی حوکمی بەسەدا داو تۆمەتی خیانەتی بەسەردا سەپاند.خودی سارتەریش خۆی لەرێگای هاوکاریکردن لەدەرکردنی(ئەو بەیاننامەیەدا کە١٢١رۆشنبیر ئیمزایان لەسەرکرد)بۆ پشتیوانیکردن لەجەزائیرییەکان، هێرشی کردە سەر دەسەڵاتدارانی فەرەنسا ئەگەرچی لەپای ئەوە سزایەکی سوکیش درا.

(٤)سارتەر:"گێژاو"، ل١٨٧.

(٥)سارتەر:"شەیتانو رەحمان"، ل١٣٩.

(٦)سارتەر:"شەیتانو رەحمان"، ل٢٣٥.

(٧)سارتەر:"شەیتانو رەحمان"، ل٢٦٧ـ٢٦٨.

(٨)سارتەر:"شەیتانو رەحمان"، ل٢٧٥.

(٩)سارتەر:"شەیتانو رەحمان"، ل٢٨٢.

(١٠)لەمانگی یەنایەر کانونی دووەمی ساڵی ١٩٦٢دا سارتەر لەتەك ل.شوارتزو ج.ب.فیجێ پارتێکی چەپی دژ بەفاشیزمیان پێکهێنا خاوەنی پرۆگرامێکی دورودرێژ نەبوو بەڵام ئامانجی (گرێدانی تێکۆشان لەدژی رێکخراوی تیرۆریستی فەرەنسی بوو بەخەباتکردن لەدژی حکومەتو حوکمی تاکەکەسی)(فرانس ئۆبزێرفاتیر:١ی مانگی فێبرایەر شوباتی ساڵی١٩٦٢، ل٨). سارتەر لەنێو بەیاننامەیەکدا کە تیایدا ئامانجەکانی پارتەکە رۆشندەکاتەوە دەڵێت:" سەبارەت بەمن(گرفتی سەرەکی)رەتکردنەوەی ئەم

تیۆریایەیە کە چەپڕەوەکان نابێت وەڵامی بدەنـەوە:"وەڵامدانـەوەی زەبـروزەنگ بـەهۆی زەبروزەنگەوە"(سەرچاوەی پێشوو، ل٧).

*لەڕاســتیدا بەبنەچــە ئەڵمانییــەو بــەناوبانگترین کتێبیــشی ئەمەیــە:"ئازایــەتی بوون"(و.ع).

(١١)لیستەر: ژمارە٢ مانگی ئابی ساڵی١٩٦١، ل١٦٩.

سەچاوە:


موریس کرانستون

سارتر بین الفلسفە والادب

ترجمە: مجاهد عبدالمنعم مجاهد

منشورات دارمکتبە الحیاە ـ بیروت

دیدارێك لەگەڵ دۆریس لیسنگ

# پێموابێت هەموومان هەنگاوێک لەشێتییەوە دوورین

سازدانی: جنێڤر بایرن

و: عەبدوڵڵا مەحمود زەنگنە



لەسەرەتای شەستەکانی سەدەی رابردوو، لەساتەوەختی نووسینی کتێبە بەناوبانگەکەیەوە (بیرۆکەیەکی زێڕین)، دۆریس لیسنگ بەسەرەکیترین دامەزرێنەرانی فێمینیزم ناوبراوە، لیسنگ ئێستا لەتەمەنی (٨١) ساڵیدایەو بەردەوامە لەنووسین و بەردەکانی دەهاوێتە ئاوەمەنگ و وەستاوەکانەوە، دواکتێبیشی (جوانترین خەون)، تیشك دەخاتەسەر ئاسەواری جەنگەکان لەسەر خێزان و بنەماڵەو پەیوەندییەکانی دۆستایەتی، لەو بارەیەوە جنێڤر بایرن لەشاری لەندەن ئەم دیدارەی لەگەڵدا سازکردو بەو پرسیارە دەستپێکرد کە ئاخۆ لەو باوەڕەدایە خەڵك لەمانای راستەقینەی جەنگ تێگەیشتبن؟

لیسنگ: نەخێر، پێموانییە تێگەیشتبن، ئێستا وەچەیەکی نوێ هەیە کە لەتەلەفزیۆن و فیلمە سینەماییەکاندا نەبێت جەنگیان نەبینیوە، بەڵام نازانم بۆچی جەنگ بەلایانەوە شتێکی ئەفسووناوی و سەرنجڕاکێشە، بەڵام ئەوان، هیچ نازانن لەبارەی ئەوەوە کە قسەی لێدەکەن، ئەوە کۆمەڵە سیناریۆیەکی باشن بۆ ڕەواییدان بەمومارەسەکردنی تیرۆر لەچوارچێوەیەکی ئاکاریی و برەودان بەو دروشمانەی وادەکەن خوێن لەشادەمارەکاندا بکوڵێن، من بۆیە وادەڵێم، چونکە خۆم چەند جارێك لەو ئەزموونەدا ژیاوم، ئەمەش کاریگەریی هەیە، وادەکات خەڵکی بەپەرۆش و بەحەماسەت بن، ئەوکات خەڵکی لەبیرکردنەوە دەکەون و دەکەونە گۆرانی وتن بەو دروشمانەو ئەمەش تۆقێنەرترین شتە کە پەیوەستە بەخودی دروشمەکانەوە.

**بایرن: خانمەکەم، بەگاڵتەجارییەوە دەربارەی هەژموونی هەموو ئەو پەیڕەوانە نووسیوتە کە بە(یزم، گەری) کۆتاییان دێت، ئیدی کۆمۆنیزم، فێمینیزم، ئایدیالیزم و تەنانەت ئەگەر ڕۆژنامەگەری و لامەرکەزیش بێت، ئایا پێتوایە ئەم پاشکۆیە جێی گومانە؟**

لیسنگ: بەڵێ، بەجۆرێك لەجۆرەکان، پێموایە ئێمە بەردەوام پەنا دەبەین بۆ دابەشکردن و بەپێی ئەو دابەشکردنەش خەڵك و شتەکان پۆلێن دەکەین و دەیانخەینە جێیەك کە هی خۆیان نین، بۆ ئایدیالیزم، وەك دەزانین، هیتلەر باوەڕی پێ هەبوو، شتێکت بیستووە لەبارەی پلانەکانییەوە بۆ دامەزراندنی (رایخ)ێك بۆ دوو هەزار ساڵی داهاتوویش بەردەوام بێت؟. مۆسۆلۆنیش، هیچ گومانم لەوە نییە کە هاوڕێی (ستالین)ی خۆش نوودیش لەچەند ساتەوەختێکدا ئارەزوومەندی ئەوە بوو ئایدیالیستی بێت، ئەگەرچی ئەو ساتەوەختانە زۆر نەبوو، بەڵام (لینین) ئەو بکوژە شارەزایە، بێگومان ئایدیالیستی بوو.

**بایرن: کەواتە بۆچی تا ئەم ڕادەیە پێویستمان پێیانە؟ ئەگەر تۆ باوەڕت بەوەبێت کە پێویستمان پێیانە.**

لیسنگ: بڕوانە، بۆ بەدبەختیش، ئێمە خەڵکانی خاوەن دەسەڵات و هەژمووندارمان خۆشدەوێت، بەڵێ خۆشماندەوێن، ئێمە پیاوانی خاوەن دەسەڵات و بەهێزمان خۆشدەوێت، یان لایکەمی زۆرینەی خەڵکی خۆشیاندەوێن، بەتایبەتی ئەوانەی لەنزیکەوە نەیانناسیون.

**بـــايرن: ئايـــا نائوميّـــديت بـــەكۆمۆنيزم متمانـــەتی بەهـــەموو پـــەيڕەو و ئايديۆلۆژياكان لەقكردووە؟**

ليسنگ: بێگومان ئەو نائومێدييە هاندەر بووە لەوەدا، لـەكۆتايی دەيـەی پەنجاكانـدا، كۆمۆنيزم بەرەو هەڵدێر چوو و وەك هەردوو تاوەرەكـەی نيويـۆرك لەبەرچـاومان داڕوخـا. ئەوەش حاڵەتێكی زۆر نائاسايی بوو كە بەو جۆرە ببينرێت و خۆی لەبەردا رابگیرێت.

بايرن: پێموابێت، لەكتێبەكەتدا كەسێتی كۆمۆنيستی زياتر جێی لێسڵەمينەوەو بگـرە بێزلێهاتنەوەيـە، واتــە ئــەو هــاوڕێ وشــك و زۆر پابەنــدەی كــە لەگەوهــەردا پەراوێزێكـە لەشێوەی مرۆڤدا؟

ليسنگ: باشە، ئەوان وەك دەزانين زۆر زۆر بوون لەدەورووبەرمان.

**بايرن: هەندێكيانت ناسی يان زۆريان؟**

ليـــسينگ: بێگومـــان بۆماوەيـــەك خێزانـــی يـــەكێكيان بـــووم. كۆمۆنيـــستەكان، دەسـەڵاتپێدراوانی گـچكە بـۆ بڵاوكردنـەوەی بيروباوەڕەكـانی حزبـی شـيوعی، لەهـەموو جێيەكدا هەبوون. هەمووشيان وەكيەك، دۆگما، بەجۆرێك كەباوەڕناكرێت.

**بايرن: لەودەمەدا ئەوەت بۆ دەركەوت، يان ئەوەی دەيڵێيت زياتر لەديـدێك دەچێت كە ئێستا بەرەودوا دەيكەيت؟**

ليسنگ: ئـۆۆو ، بـەڵێ، ئەوكاتـە بـۆم دەركـەوت. دەبـوو هەوڵبـدەم بۆئـەوەی رێگـەی دەربازبوون پەی پێبەرم. تۆ سەيربكە ئەگەر تاڕادەی ١٥٪ خێـزان و هاوسـەری كەسـێكی كۆمۆنيست بيت.. بەڕاستی ئەوە حاڵەتێكە لەبيرناكرێت.

**بايرن: ئايا ئێـستا تـەعبيركردنت بـەلاوە گـران بـووە، يـان پێتوايـە پرسـەكە ئاسانترە؟**

ليسنگ: ئاسانە، لەم رۆژانـەدا، كـەس بـەهۆی دەربـڕينی راوبۆچـونەكانييەوە زينـدانی ناكرێت، يان سزا بـدرێت خۆشـبەختانەش موسـڵمان نـيم، ئـەم قەومـە ئێـستا رووبـەڕووی هەلومەرجێكی ناهەموار بوونەتەوە.

**بـايرن: لەگـەڵ ئەوەشـدا ئەوكاتـە بەهەڵوێـستی فێمينيزمانـە تـەعبيرت لێكردووە، ئەو بانگەوازە سەدادارەی كـە ئێـستا دەنگدەدانـەوە دەكاتـە ژنێكـی ئەهريمەنی بوويت دۆريس خان.**

لیسنگ: بەڵێ دەزانم بەڵام بیوەی ئەوەی کە دەڵێن لەو سەردەمەدا وتوتە، بەڕاستی نەموتوون، بەڵام خەڵکی حەزیان لەوەیە کە لەچوارچێوەیەکی ئاکاریدا هەلی دەربڕینی تووڕەییەکانیان بۆ برەخسێت. منیش ئەوەم پێداون.

**بایرن: ئەی کەواتە چیت پێوتووە؟**

لیسنگ: ئەوەی بەڕاستی وتوومە، ئەوەیە کەدەمویست پێیبگەم، واتە ئێمە لەژیانێکدا دەژین کە بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیکی پیاو پەراوێز خراوە، منیش رقم لەوە دەبێتەوە، هەروەك بەشێك لەکەلتورو زمانەکەمان و ریکلام و بەرنامەکانی رادیۆکانمان وەك بارێکی سروشتی چەوساندنەوەی پیاوان قبوڵبکات، ئەوەی وتوومە ئەوەیە کەکاتی ئەوە هاتووە کۆتاییەك بۆ ئەو حاڵەتە دابنێین، بەڵام پێموانییە ئەوە هۆکاری وروژاندنی خەڵکی بێت لەو دەمەدا.

**بایرن: بەڵام من پێتدەڵێم ئەوەی تۆ وتووتە مانشێتی بەرگی گۆڤارەکان بوون لەئوستورالیادا؟**

لیسینگ: بەڕاستی؟

**بایرن: بەڵێ ئەوە بەو هۆیەوەبوو کەوتوومە گەمژەترین و ناڕۆشنبیرترین ژن دەتوانن باشترین و ژیرترین و خۆشنودترین پیاو پەراوێز بکەن و کەسیش نییە ناڕەزایی دەرببڕێت.**

لیسنگ: بەڵێ: ئەوەم وتووە؟

**بایرن: وات وت؟**

لیسنگ: بێگومان منیش لایەنگریی ئەوەم، دەزانیت کاتێك منداڵ بووم، یان کاتێك لاوێکی بەپەرۆش بووم، هەمیشە بەگژ پیاوێکدا دەچوومەوەو دەمووت: (بۆچی بەچاوێکی جیاواز مامەڵەم لەتەکدا دەکەن، من ژنێکی گچکەی گەمژە نیم)، ئەوان نەیاندەزانی مەبەستی من چییە، ئەوە بەشێك نییە لەشارستانێتی، هەندێك لەژنان هێشتا سوورن لەسەر ئەوەی خراپ بن، بێئەوەی بشزانن ئەو کارە دەکەن، بەلایەنی خۆمەوە پرسەکە بەدروست و راستگۆیی دەزانم، سەردانی قوتابخانەیەکم کرد، ناماۆستایەکی وانەی مێژووی خوێندکارانی تەمەن (١٩-٢٠) ساڵم بینی، ئەو مامۆستایە فێمینیزمە بەو خوێندکارانەی دەوت کە جەنگەکان بەدرێژایی مێژوو، دەرئەنجامی توندوتیژییەکانی سروشتی پیاوان بووە.

تۆ ئەو دیمەنە بهێنەرە پێش چاوی خۆت، ئەو کوڕە خوێندکارانە کە دڵیان بەخۆیان خۆشەو لەخۆشیان رازین چۆن بەخۆیاندا دەکەون و شەرمەزار دەبن، پێموایە لەهەموو قوتابخانەو خوێندنگەکاندا هەمان حاڵەت روو دەدات، ئیتر سەیر نییە کە ئەدای خوێندکاران زۆر خراپ بێت، کە هەموو ژنانی دەورووبەریان بەردەوام ستەمیان لێدەکەن و دەیانچەوسێننەوە.

**بایرن: بەبڕوای تۆ بۆچی، یان پاڵنەر چییە بۆ ئەوەی ژنان پیاوان بچەوسێننەوە، یان بۆچی ژنان بەمجۆرە دڵڕەقی و بەکەمزانییە دەڕواننە پیاوان؟**

لیسنگ: ژنان تاماوەیەکی زۆر چەوسێنەربوون و ئێستاش کاتی دانەوەی قەرزەکان هاتووە، ئەوەش تۆڵەسەندنەوەیەکی ئاسانە، کەهی زۆرتری لەدوایە، پێموایە ژنان نازانن بەم کارەیان دەبنە ئافەریدەکراوێکی بێزراو، بزاڤەکانی ژنان چەندە ژنی دڵڕەقیان دروستکرد، بەڕاستی پرسەکە جێی مەترسییە، بەڵام ئەوەی من لە (ئێدنبرگ)دا وتوومە ئەوەیە کە زۆربەی بزاڤەکانی ژنان لەشەستەکاندا شۆڕشی زایەندی بوون، رەنگە ئەوەش هەلومەرجی ژنانی زۆر باش کردبێت، لەگەڵ زۆرێك لەشتی بێهودەدا، خوا دەزانێت، ئەو دەمەی لاو بووم، ژنێکی (سەرکردە) هەبوو کە ئەو کات ئەم زاراوەیە لای ئەو نەناسراو بوو، ئەو پێیدەوتین (کچان خۆتان بسەلمێنن، دەرچنە دەرەوەو کرێیەکی دادپەروەرانەو کارێکی باش و هەلی یەکسان بەپیاوان و سەرپەرشتیی تەندروستیی دەستەبەربکەن، ئەوکات بەپیاوان یەکسان دەبن)، ئێستاش دوای گوزەرکردنی ساڵانێکی زۆر بەسەر دەرکەوتنی بزاڤەکانی ژناندا، لەو دەمەدا هیچ کام لەژنان بیریان لەپرسەکانی گۆڕینی یاساکان، یان خەباتکردن، خەباتکردنی دێرین و تاڵ بکەنەوە، بۆیە خۆیان بەدەستەوەدا، بەڵێ، ئێستا ئەوکارە ناکەین ئێستا لەو باوەڕەداین کەشتێکی جوانە کچێك ژیانێکی سێکسی وروژێنەری هەبێت و بەختیارە ئەگەر ئەو ژیانەی دەستکەوێت، بەڵام خۆ ئەمە هیچ لەپرسەکان ناگۆڕێت.

**بایرن: دەبێت ئەوەش بڵێین کە لەم کتێبەدا چەند ساتێکی جوان و لەبەردڵان هەیە، کاتێک قسەدەکرێت لەبارەی ژنە سەرنووسەری گۆڤارێک کەتووڕە دەبێت کاتێک پێیدەڵێن مێینە نەخۆشی لەرزوتا (مەلاریا) دەگوێزێتەوەو ئەویش پێیاندەڵێت: بۆگەنینە، فاشیزمەکان!.**

لیسنگ: هەڵمنەبەستووە.

**بایرن: یانی راستە؟**

لیسینگ: بێگومان.

**بایرن: ئەی ئەو سەرنووسەرە ژنە لەچ باوەڕێکدا بووە، ئایا پێیوابوو ئەو قسەیە بوختانە بۆ مێینەکراوە؟**

لیسنگ: تەواو وایە؟

**بایرن: باشە، کەواتە تۆ دەڵێیت ژنان رەنگە جەنگی رەگەزەکان ببەنەوە، یان بردوویانەتەوە؟**

لیسنگ: نازانم ئەگەر ئەوە بردنەوە بێت یان نا، بەڵام من خەمی منداڵە نێرینەکانمە، کە ئەوان بەبارودۆخێکی دژواردا گوزەدەکەن، خۆت دەزانیت پیاوانیش هەر بەو بارودۆخەدا تێپەڕبوون، بەڵام ئەوان دەتوانن بەرگریی لەخۆیان بکەن، هەرچی منداڵەکانە ئەو کارەیان پێناکرێت، پێموایە ژنان رەنگە ئەو غەریزەی مێینەیەی خۆیان بێتەوە یاد کە لێرەو لەوێ لەیاد کراوە، ئەوکات سەرپەرشتی منداڵەکان دەکەن.

**بایرن، ئەگەر کوڕت نەبوایە، خۆت لەناخەوە هەستت بەبوونی ئەو غەریزەیە دەکرد؟**

لیسنگ: ئەو هەستەم لەلایە کە دەمکرد، وەك خۆت دەزانیت، پێموایە، بەڵێ.

**بایرن: بەڕای تۆ، بۆچی ژنانی نێو بزاڤەکان بەرۆش بوون بۆ ئەوەی ببیتە یەیک لەتەعبیرکاران لەبارودۆخیان ئایا ئەوە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی..**

لیسنگ: دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی (بیرۆکەی زێڕین)[1] ئەمە هۆکارەکەیە، کتێبەکە بۆ یەکەمجار وەك ناميلكەيەكی ريكلامكار بۆ بزاڤی ژنان دەردەکەوت کە خوێندمەوە.

**بایرن: ئەی وانەبوو؟**

لیسنگ: پێموانەبوو، چونکە من بەدیکۆمێنتێکی مێژوویی دەزانم.

**بایرن: ئێستا کە لەتەمەنی (٨٠) ساڵیدایت، پابەندنیت بەهیچ ئایدیۆلۆژییایەکەوە؟**

لیسنگ: تاکە بیروباوەڕێك کە لەئێستادا هەڵگریم، ئەوەیە کە دەبێت خەڵکی بیربکەنەوە بەرلەوەی دروشم بەرزبکەنەوە.

**بایرن: ئەو دروشمانە هەر چییەک بن؟**

لیسنگ: مەبەستم لەوەیە، رەنگە وابزانیت دروشمێك لەدروشمەکان بۆ شتێکی سادە بەرزکرابێتەوە، بەڵام پرسەکە وانییە، دەکرێت تێبینی بکەیت، چەندە ئاسانە خەڵکی هوتاف بکێشن و ئەو دروشمانە بەرزبکەنەوە.

**بایرن: کەئێستا چوویتە تەمەنەوە، مرۆڤ وادەبینێت بەحیکمەتتر بوویت.**

لیسنگ: ئۆو، وای دامەنێ.

**بایرن: بۆ وانییە.**

لیسنگ: نەخێر، نەخێر.

**بایرن: کارەکە لەوەدایە کە مرۆڤ بەلایەوە زەحمەتە لەئاستی گەمژەیەتی و هەرزەیی لاواندا لێبووردەبێت؟**

لیسنگ: نەخێر، گرانترو زەحمەتتر نییە، بەڵام تێگەیشتنت بۆی زۆر باشتربووە، مادامەکێ هەمووی هەر خۆت کردووتن، جێی داخە کە لاوان هەڵەکانی ئێمە دووبارە بکەنەوە، بەڵام وەك دیارە رەوتی ژیان بەو جۆرەیە، خوادەزانێت بۆچی کەس لەهەڵەی پێشینانی پەندی وەرنەگرت، بەڵام کەسێك نییە ئەو کارە بکات.

**بایرن: بەڵام ئاخۆ ئەوە بەشێک لەلاوێتی و گەنجێتی مرۆڤ خۆی نییە، مەبەستم لەوەیە کە گوێ بەمێژوو نادەن؟**

لیسنگ: باشە، بەڵام خۆ نابێت ئەوەمان پێ باش بێت، وانییە.

**بایرن: باس لەوە دەکەن کە تۆ وتووتە: (دەبێت بنووسم) ئێستاش کە لەتەمەنی (٨١)ساڵیدایت هەر لەسەر ئەو هەڵوێستەیت؟**

لیسنگ: من چیرۆك دەگێڕمەوە، دەبێت بنووسم، کە نەنووسم شادمان نابم، پێویستم بەوە هەیە بنووسم، پێموابێت نووسین جۆرێکە لەمیکانیزمی هاوسەنگکردنی دەروونی، ئەمەش هەر تەنیا بۆ نووسەران لۆژیکی نابێت، بەڵکو بۆ هەموو کاتێك، پێموایە هەموومان هەنگاوێك لەشێتییەوە دوورین و پێویستمان بەشتێکە هاوسەنگیمان بپارێزێت.

**بایرن: ئەمەیە نهێنی سەلامەتیی ئاوەزو عەقڵت؟**

لیسنگ: بەتەواوی.

**بایرن: ئایا بەردەوامدەبیت لەپارێزگاریکردنی؟ مەبەستم لەعەقڵ و هاوکات نووسین؟**

لیسنگ: تا بتوانم بەردەوام دەبم.

**بایرن: پێشنیازی، یاخود پۆستێکی بەرزی ژنانەت خرایە بەردەست، بۆچی رەتتکردەوە؟**

لیسنگ: پۆستێك لەكۆلۆنیالیستی بەریتانییەوە: من بۆخۆم بەپێی پەروەردەم كۆلۆنیالییەكی زۆر باشم، رقم لەهەموو ئەوانەیش بۆتەوە، هەروەك بەشی زۆری گەنجێتیم لەهەوڵدان بۆ هەڵوەشاندنەوەی كۆلۆنیالیزمی بەریتانیدا گوزەراندووە، هەروەها چەندین دیمەنم دەبینی كە هاندەرم نەبووە، هەندێك لەوانەی پێشتر دەمناسین ئەو دەستانەیان دەلستەوە كە پێشتر گازیان لێدەگرت، بۆیە وتم نا، نا، نا، ئەوانیش وتیان داوات لێدەكەین ببێتە هاورێ، هاورێی شەرەف، منیش لەسەرئەوە رازی بووم، چونكە ئەوكات نازناوێكم نادەنێ كە پەیوەندییم پێیەوە نەبێت.

**پەراوێز**

(١)لەدەقە عەرەبییەكەدا ناوی كتێبەكەی دۆریس لیسنگ جارێك بە (الفكرة الذهبية)و جارێك بە(المفكرة الذهبية) هاتووە، جانازانم كامیان هەڵەی چاپە، بەڵام پێموابێت (الفكرة الذهبية) واتە بیرۆكە زێرینەكە راستتر بێت، چونكە گونجاو نییە نووسەر خۆی بەبیرمەندی زێرین ناوبەرێت (وەرگێر).

**سەرچاوە:**

ژمارە (١-٢)ی ساڵی (٢٨)هەمی گۆڤاری (الپقافه الاجنبیه) (٢٠٠٧).

# کوڕەکەم پیاوکوژە

**بیرنارد مێلماد**

**و.لەئینگلیزییەوە: فاروق هۆمەر**

بەو هەستەوە بەئاگاهات کەباوکی لەڕاڕەوەکەدا خۆی لێگرتووە. خۆی لەچی دەگرێت؟

خۆی لەم دەگرێت کەدەنوێت و خەو دەبینێت. لەم کە هەڵدەسێت و بەدوای جلوبەرگەکانیدا دەگەڕێت. لەم کە ناچێت بۆ ناندێنەکە بۆ نانخواردن. تەماشاکردنی ئاوێنە بەچاوی نوقاوەوە. کاتژمێرێك مانەوە لەئاودەستەکە. هەڵدانەوەی لاپەڕەکانی کتێبێك کە ناتوانێت بیخوێنێتەوە، لەتوڕەبوونی، لەئازاری، لەتەنیایی، باوکەکە لەڕاڕاوەکەدا وەستاوە.. کوڕەکە گوێی لێیە خۆی لێگرتووە.

کوڕەکەم نامۆیە، هیچم پێنالێت.

من دەرگاکە دەکەمەوەو دەبینم باوکم لەڕاڕاوەکەدایە. بۆچی لەوێدا چەقەویت؟ بۆچی ناچیت بۆ ئیش؟.

من پشوەکەم لەزستاندا وەرگرت لەجیاتی هاوین، هەروەك چۆن هەمیشە وامکردوە.

ماڵکاوڵ ئەمە چ پشوویەکە تۆ لەڕاڕاوێکی بۆگەنی تاریکدا دەیبەیتە سەر بەتەماشاکردنی هەموو جووڵەیەکی منەوە. بەدوای چیدا دەگەڕێیت. بۆچی چاودێریم دەکەیت؟

باوکم چۆوە بۆ ژورەکەی خۆی و پاش ماوەیەك هاتەوە ڕاڕاوەکە بۆ خۆمەڵاسدان.

من هەندێکجار گوێم لێیە لەژورەکەیەتی، بەڵام لەگەڵ مندا قسە ناکات و هیچ شتێکیش تێناگەم. ئەوە هەستێکی ترسناکە بۆ باوك. لەوانەیە ڕۆژێك لەڕۆژان نامەیەکی جوانم بۆ بنوسێت، باوکی ئەزیزم...

کوڕە ئەزیزەکەم هێری، دەرگاکەت بکەرەوە. کوڕەکەم زیندانییە.

ژنەکەم لەبەیانییەوە دەرچووە لەماڵ تا لەگەڵ کچە بەشووەکەم بێت کە چوارەمین منداڵی لەدایکدەبێت. دایکەکە خواردن لێدەنێت و ماڵەکەی بۆ خاوێن دەکاتەوەو چاویشی

لەمنداڵەکانی دەبێت. کچەکەم منداڵبوونێکی پڕژانی هەیەو فشاری خوێنی بەرزەو زۆربەی کاتەکانیشی لەناو پێخەفدا دەمێنێتەوە.

ژنەکەم لەبەیانییەوە دەرچووە، ئەو دەزانێت لەوکاتەوە کە هێری خوێندنی زانکۆی تەواوکردوە، رێك لەپار هاوینەوە، هاری لەسەر خۆی نییە، تورەو تەنیا لەگەڵ بیرکردنەوەکانی خۆی دەژی. نیو ئەوەندەی هاواردەکات، قسەت لەگەڵ بکردایە. ئەو لەژورەکەی دەمێنێتەوە، رۆژنامە دەخوێنێتەوە، جگەرە دەکێشێت، زۆر بەکەمی نەبێت ناچێتە دەرەوە بۆ پیاسەیەك.

پیاسەکەت چۆن بوو هێری؟ پیاسە.

ژنەکەم پێیگووت بچێت بەدوای کارێکدا بگەڕێت، چەند جارێك چوو، بەڵام هەرکاتێك کە جۆرە پێشنیارێکی خرابێتە بەردەم ئەوا ئیشەکەی وەرنەگرتووە.

مەسەلەکە ئەوە نییە کە من نامەوێت ئیش بکەم. مەسەلەکە ئەوەیە کە من تەواونیم.

بۆچی تەواو نیت؟

تەواوم، تەواو نیم، ئەوە پەیوەندی بەخۆمەوە هەیە.

ئەوە تەندروستی خۆتە رۆڵە، لەوانەیە پێویست بکات بچیت بۆ لای دکتۆر.

بەو ناوەوە بانگم مەکە، تەندروستی خۆمە، خۆم نییە، هەرچییەکە من نامەوێت بەهیچ جۆرێك باسی لێوە بکەم. ئەو ئیشەش لەو ئیشانە نییە کە من حەزم لێیەتی.

هەر هیچ نەبێت بۆ حاڵی حازر ئیشێکی کاتیی بدۆزەرەوە. ژنەکەم پێیگووت.

دەستی کرد بەهاوارکردن. هەموو شتێك کاتییە. بۆچی هەوڵ لەگەڵ شتێك بدەم کە خۆی کاتیی بێت؟ جەرگ و هەناوم کاتییە. ئەم دنیایە کاتییە. سەرباری ئەوانە من ئیشێکی کاتیم ناوێت. من شتێکم دەوێت پێچەوانەی کاتیی بێت.

بەڵام لەکوێ بەدوایدا دەگەڕێیت؟. لەکوێ دەیدۆزیتەوە؟

باوکم بەشێوەیەکی کاتی لەناندینەکە گوێی گرتووە.

کوڕە کاتییەکەم.

ژنەکەم وتی من هەست بەئاسودەیی دەکەم ئەگەر ئیش بکەم.

من تەواو پێچەوانەی ئەوەم، من لەکانونی یەکەمەوە تەمەنم بیست و دوو ساڵە، دەرچووی زانکۆم.

دەزانیت دەبێت ئەوە بەکوێوەوە هەڵبواسیت.

لە شەودا تەماشای دەنگوباسم کرد.. رۆژانە چاودێری جەنگەکەم دەکرد. جەنگێکی گەورە بوو لەسەر شاشەیەکی بچکۆلە. هەندێکجار دەنوشتێمەوەو لەپی دەستم دەخشێنم لەجەنگەکەوە، چاوەڕێی دەستم دەکەم بمرێت، کوڕەکەم بەدەستێکی مردووەوە، چاوەڕێی ئەوە دەکەم هەر رۆژێك بێت بمنێرن بۆ سەربازی بەڵام چیتر ئەوە بێزارم ناکات.

نامەوێت بچم، دەچم بۆ کەنەدا یان هەر شوێنیکی تر، لەگەڵ ئەوەشدا ئەو پێشنیارە بارێکی قورسە بۆ من، ئەو بەو شێوازە ژنەکەم دەترسێنێت بۆیە ئەو حەز دەکات لەماڵەکە دورکەوێتەوەو بچێتە ماڵی کچەکەم تا ئاگای لەسێ منالەکەی بێت. من بەتەنیا بەجێماوم و ئەویش قسەم لەگەڵ ناکات.

تۆ دەبێت هێری بانگ بکەیت و قسەی بۆ بکەیت، ژنەکەم ئەوەی بەکچەکەم وت.

هەندێکجار قسەی بۆ دەکەم، بەڵام بیرت نەچێت من نۆ ساڵ لەو گەورەترم، پێموایە ئەو من وەك دایکێك سەیر دەکات، یەك دایکیش بەسە.

من ئەوم خۆشدەوێت، بەڵام قورسە مامەڵە لەگەڵ کەسێك بکەیت هەمان هەست و سۆزی بۆت نەبێت. ئەو تووشی فشاری خوێن بوو، پێموایە ئەو بترسێت لەبانگکردن. دوو هەفتە پشووم لەئیش وەرگرتووە. من فەرمانبەری پۆستەخانەم لەبەشی پوولفرۆشی، بەسەرپەرشتیاری ئیشەکەم وت هەستدەکەم زۆر تەواونیم، هیچ درۆی تیا نییە، ئەویش وتی دەکرێت مۆڵەتی نەخۆشی وەرگریت، بەڵام پێموت بەو رادەیە نەخۆشنیم.

بە (مۆو بێرکی) هاوڕێم وت من نایەمە ئیش چونکە هێری تووشی خەموو نیگەرانی کردووم.

لێت تێدەگەم ( لیۆ) منیش هەمان خەمو نیگەرانیم هەیە بۆ منداڵەکانم.

ئەگەر دوو کچت هەبێت لەدەمی گەورە بووندابن ئەوا دەکەویتە ژێر باری قەرزەوە، لەگەڵ ئەوەشدا دەبێت بژیت. شەوی هەینی دێیت بۆ یاری پۆکەر؟ کارێکی ئەوتۆ مەکە خۆت لەهەموو خۆشییەك بێبەش بکەیت.

ئێستا ناتوانم هیچ گفتێکت بدەمێ، تەماشا دەکەم بزانم حاڵم چۆن دەبێت.

هەوڵبدە بێیت. هەموو ئەو شتانە توڕدە، ئەگەر حاڵت باشبوو، وەرە.

ئەگەر حاڵیشت باشنەبوو، هەر هەوڵبدە بێیت چونکە لەوانەیە کەمێك لەو ڕاڕایی و نیگەرانییەی تووشی بوویت کەمبکاتەوە، لەو تەمەنەی تۆدا باشنییە ئەو هەموو نیگەرانییە بگریتە دڵ.

ئەوە خراپترین جۆری نیگەرانییە. ئەگەر من نیگەرانی خۆمبم، دەزانم نیگەرانی مانای چی، مەبەستم ئەوەیە ئەمە هیچ مەتەڵێکی تیانییە.

لیۆ دەتوانم بەخۆم بڵێم تۆ زۆر بیٚ مێشکیت، لەسەر هیچ خۆت تووشی نیگەرانی مەکە، بەخاتری چی بەخاتری چەند دۆلارێك؟

لەسەر تەندروستی خۆم کە هەمیشە وەك گوێز وابووە سەرەڕای ئەوەی هەڵبەزو دابەزم زۆربووە؟ لەسەروو هەموو شتێکەوە من ئێستا خەریکە پێدەنێمە شەستەوەو ئیدی لەوە گەنجتر نابمەوە؟ هەموو کەسێك لەتەمەنی پەنجاو نۆ ساڵیدا نەمرێت ئەوا دەچێتە شەستەوە.

تۆ ناتوانیت کات تێکبشکێنیت لەکاتێکدا ئەو هەمیشە بەشوێنتەوە بێت، بەڵام ئەگەر نیگەرانییەکەت بۆ کەسێکی تر بێت، ئەوە خراپترین جۆری نیگەرانییە، ئەوە نیگەرانییەکی تەواوە، ئەو ئەگەر نەیەوێت هیچت پێبڵێت، ئەوا تۆ بۆت ناکرێت شۆڕبیتەوە ناو کەسێکی ترو هیچ هۆکارێکیشت بۆ نادۆزرێتەوە، تۆ نازانیت سویچی گوژاندنەوە لەکوێدا خۆی حەشارداوە، هەموو ئەوەی بۆت دەکرێت ئەوەیە کە زیاتر نیگەران بیت.

ئەوە من لەڕاڕەوەکەدا چاوەڕیٚ دەکەم.

هێری نیگەرانی جەنگ مەبە.

پێممەڵیٚ نیگەرانی چیبم.

هێری باوکت خۆشی دەوێیت. تۆ کاتێك کە منداڵێکی بچکۆلە بویت، هەموو شەوێك کەدەهاتمەوە ماڵیٚ بەرەو لای من ڕاتدەکرد. من باوەشم دەکردیت و هەڵمدەدایت بۆ بنمیچەکە. تۆ حەزتدەکرد بەدەستە پچکۆلەکانت دەست بدەیت لەبنمیچەکەوە، من نامەوێت چیدی گوێبیستی ئەوە بم، ئەوە ئەو شتەیە کە من نامەوێت گوێبیستی بم، من نامەوێت گوێبیستی هیچ شتێك بم کە پەیوەندی بەمنداڵیمەوە هەیە.

هێری ئێمه وەك دوو بێگانه دەژین. هەموو ئەوەی کە من دەیڵێم ئەوەیە کە رۆژە خۆشەکان بەیاد دەهێنمەوە. ئەوە بەیاد دەهێنمەوە کاتێك ئێمه نەدەترساین لەوەی کە خۆشەویستی خۆمان لەیەکتر بشارینەوە. ئەو هیچی نەوت.

رێگەم بدە هێلکەیەکت بۆ بکەمە رۆنەوە.

هێلکەم ناوێت. ئەوە دواین شتێکە لەدونیادا کە من بمەوێت.

ئەی باشە چیت دەوێت؟

پاڵتۆکەی کردە بەرو کڵاوەکەی لەسەر مێزی جلەکان هەڵگرتوو لەژێرزەمینەکەوە چووە خوارەوە بەرەو کۆڵان. هێری بەقاپووتە درێژەکەی و کڵاوە قاوەییە چرچو لۆچەکەیەوە بەرێگای ئۆقیانوسەکەدا دەڕۆی. دەیزانی باوکی شوێنی کەوتووەو ئەوەش تەواو تورەی کردبوو، بەهیچ جورێك ئاوڕی نەدایەوە، زۆر بەخێرایی بەسەر شەقامە پانوپۆڕەکەدا دەڕۆی، لەرۆژگاری خۆیدا لەتەنیشت شوستەکەوە کە ئێستا شوێنی لێخورینی پاسکیله، جێگا کرابوو بۆ ئاژووتنی ئەسپ. لەچاو جاراندا کەچڵوپۆپی درەختەکان بەری خۆریان تەنیبوو، ئێستا دارو درەختی لێنییە. لەسەر گۆشەی شەقامی ئێکس، تەواوێك لەو شوێنەدا کە بۆنی دورگەی کەروێشك دێت، بەوێدا تێپەڕی و بەرەو ماڵەوە گەڕایەوە. خۆی وا نیشاندا کە ئاگای لەباوکی نییە دەپەڕێتەوە، سەرەڕای ئەوەش کە هەر تورە دیار بوو.

باوکی پەڕییەوەو شوێن کوڕەکەی کەوت بۆ ماڵەوە، کاتێ گەیشتەوە ماڵێ بۆی دەرکەوت هێری وا لەنهۆمی سەرەوە، ئەو لەژورەکەی خۆیەتی و دەرگاکەش داخراوە. ئەو لەژورەکەی خۆی چیدەکرد هەر خەریکی ئەوەیە.

لیۆ کلیلەکەی لەگیرفانی دەرهێناو سندوقی پۆستەکەی کردەوە. سێ نامەی تیابوو.

تەماشای کرد بەڵکو بەرێکەوت نامەیەکیان لەکوڕەکەیەوە بۆ هاتبێت.

باوکی ئازیزم، رێگەم بدە خۆمت بۆ رۆشن بکەمەوە. هۆکاری ئەوەی کە من ئەو رەفتارانە دەنوێنم ئەوەیە کە......، بەڵام هیچ نامەیەکی لەو جۆرەی تیا نەبوو. یەکێك لەنامەکان لەکۆمەڵەی چاکسازیی فەرمانبەرانی پۆستەخانەوە بوو، ئەوەیانی خستە گیرفانی پاڵتۆکەیەوە.

سەرکەوتە سەرەوە بۆ ژوری کورەکەی و لەدەرگایداو لەوێدا کەوتە چاوەڕوانی، قەدەرێك چاوەڕێی کرد. بەدوای بۆڵەیەکی کوڕەکەیدا گوتی، نامەی چوونە سەربازیت بۆ هاتووە. دەسکی دەرگاکەی باداو چووە ژورەوە، هێری بەچاوی نوقاوەوە لەسەر پێخەفەکەی راکشابوو.

دەتوانیت لەسەر مێزەکە داینێیت.

بۆچی نامەکە هەڵناپچریت؟ دەتەوێت من بۆت هەڵپچرم؟

نەخێر نامەوێت تۆ هەڵیپچریت، لەسەر مێزەکە بۆمی بەجێبهێڵە، دەزانم چی تیایە.

چی تیایە؟

ئەوە پەیوەندی بەخۆمەوە هەیە.

باوکی نامەکەی لەسەر مێزەکە دانا.

نامەیەکی تریش کە بۆ کوڕەکەی هاتبوو بردی بۆ ناندینەکە، دەرگاکەی داخست و هەندێك ئاوی لەکترییەکدا کوڵاند، پێیوابوو پێیدەکرێت بەخێرایی نامەکە بخوێنێتەوە. دواجار بەو پەڕی وریاییەوە بەکەتیرەیەك یان بەهەر شتێکی دی دایدەخاتەوە بەبێئەوەی هیچ ئاسەوارێکی کردنەوە بەقەراخی نامەکەوە دیار بێت و بچێتەوە نهۆمی خوارەوەو بیکاتەوە ناو سندوقی نامەکان. ئەو کاتەی ژنەکەی لەماڵی کچەکەیەوە دێتەوە بەکلیلەکەی خۆی نامەکە دەردەهێنێت و دەیباتە سەرەوە بۆ هێری.

باوکی نامەکەی خوێندەوە. نامەیەکی کورتبوو لەکچێکەوە، کچەکە دەڵێت هێری بۆ ماوەی شەش مانگ پترە دوو کتێبی لەو خواستوە، ئەویش ئەو دوو کتێبەی زۆر بەلاوە گرنگە، بۆیە داوا دەکات بۆی بگەڕێنێتەوە. ئایا دەتوانێت ئەوەی بەزووترین کات بۆ ئەنجام بدات بەبێئەوەی ناچاربێت جارێکیتر نامەی بۆ بنوسێت؟

لەو کاتەدا کە لیۆ نامەی کچەکەی دەخوێندەوە هێری هات بۆ ناندینەکە، کە نیگای تاوان و سەرسوڕماوی لەسەر روخساری باوکی بینی، نامەکەی لەدەستی راپسکاند.

دەبێت لەسەر ئەو سیخوڕییەی بەسەر منەوە دەیکەیت بتکوژم.

لیۆ روی وەرچەرخاند، لەپەنجەرە بچکۆلەکەی ناندینەکەوە دەیڕوانییە دەرەوە، لەباخچە تاریکەکەی خانوەکەیاندا روخساری سوور هەڵگەڕابوو، چاوەکانی ماندوو

دەياننواند، هەستی بەوە دەكرد لەسەر خۆی نییە. هێری نامەكەی سەرپێيانە خوێندەوەو دڕاندی، زەرفی نامەكەش كە لەسەری نوسرابوو تايبەتی دڕاندی.

ئەگەر جارێكيتر ئەوە دووبارە بكەيتەوە پێت سەير نەبێت بتكوژم، ئەو سيخورييەی كە بەسەر منەوە دەيكەيت توشی نەخۆشی كردوم. هێری ماڵەكەی بەجێهێشت.

ليۆ چووە ژورەكەی و چاوی بەهەموو شتێكدا گێڕا. روانييە دۆلابی جلەكانی، هيچ شتێكی نائاسايی نەهاتە بەرچاو، لەسەر مێزی نزيك پەنجەرەكە نامەيەك هەبوو هێری نوسيبووی.

دەيوت: خانمی ئازيز، بۆچی ناچيت خۆت بگێيت؟. ئەگەر جارێكيتر نامەيەكی لەو جۆرەم بۆ بنوسيت ئەوا دەتكوژم. باوكی كڵاوەكەی هەڵگرتوو پاڵتۆكەی كردە بەرو چووە دەرەوە. قەيرێك رايدەكردو ئەمجا تاوێك دەرۆيشت و رايدەكرد، هەتاكو هێری لەوبەری شەقامەكەوە بينی. دووراودوور شوێن پێی هەڵگرت، بەو رێگايەدا شوێن هاری كەوت كە دەچووە سەر دورگەی كەروێشك، لەو كاتەدا بينی كە سواری پاسە كارەباييەكە دەبێت بۆ دورگەكە، ليۆ دەبوو چاوەڕوانی پاسی داهاتوو بكات. بيری لەوە كردەوە تەكسيەك بگرێت و دوای پاسەكە بكەوێت، بەڵام تەكسيەك لەو ناوە نەبوو، كە پاسی داهاتوو گەيشتەجێ چوار يەكی كاتژمێرێك تێپەريبوو، سواری پاسەكە بوو بەرەو دورگەكە. مانگی شوبات بوو دورگەی كەروێشك ساردو چۆڵبوو، چەند ماشێنێك بەرێگەكەوە دەبينران و لێرەو لەوێش چەند رێبوارێك، هەوای بەفربوو.

ليۆ بەسەر رێگا دارينەكەدا تێپەری، بەناو كلوە بەفرەكاندا كە بەرەشەباوە دەبارين، بەدوای كورەكەيدا دەگەڕا. كەنارە تاريك و خۆڵەمێشييەكان چۆڵوهۆڵبوون. كۆشكی هاتدۆك فرۆشييەكەو هۆڵەكانی رەميكردن و ئاودەستەكان دەرگاكانيان داخرابوون. ئۆقيانووسە كانزاييەكە كە هاژوهوژی دەهاتوو دەخزی لەوە دەچوو بەستبێتی. رەشەباكە ئاوەكەی دەهێنا، بەدەم رێگاوە بەر جلوبەرگەكانی دەكەوت و تەزووی سەرمای دەخستە گيانييەوە. رەشەباكە شەپۆلە هێواش و خۆڵەمێشيەكانی دەهێناو لەسەر كەنارە چۆڵوهۆڵەكان بەدەم شريخاندنێكی هێواشەوە دەشكانەوە. بەدوای كوڕەكەيدا بەرەو دەرگای روبارەكە چووە خواری و گەڕايەوە دواوە. بەدەم رێگاوە بەرەو برايتۆن پياوێكی بينی لەسەر كەنارەكە لەناو شەپۆلەكاندا راوەستابوو. ليۆ بەقاڵدرمە

دارینەکەدا هاتە خوارەوە بۆ سەر لمی قەراخ ئاوەکە، ئەو پیاوەی لەوێدا راوەستابوو، هێری بوو تانزیك ئەژنۆکانی لەناو ئاوەکەدا بوو. لیۆ بەرەو رووی کورەکەی کەوتەراکردن.

هێری ئەوە هەڵەی من بوو، بمبەخشە، داوای لێبووردنت لێدەکەم کە نامەکەتم کردەوە.

هێری ئاوڕی نەدایەوە. لەناو ئاوەکەدا مایەوە. نیگاکانی لەسەر شەپۆلە هێمنەکان بوو.

هێری من دەترسێم. پێمبڵێ چیبووە. کورەکەم دڵت پڕ بێت لەبەخشین. ئەمە ئەو دونیایە نییە کە من دەمەوێت، هێری بیر بکەرەوە. پڕی کردووم لەتۆقین.

ئەو هیچی نەوت.

رەشەباکە لەپڕێکدا کڵاوەکەی لەسەری باوکی فڕاندو بەرەو کەنارەکە بردی. لەوە دەچوو بیخاتە ناو شەپۆلەکانی ئاوەکەوە، بەڵام رەشەباکە جارێکیتر کڵاوەکەی هەڵگرتو بەرەو رێگا دارینەکەی بردو شێوەی خولخلۆکەیەك بەدرێژایی رێگاکە دەیخولاندەوە.

لیۆ کەوتە شوێن کڵاوەکەی. لەپێشدا بەیەك ئاڕاستە دوایکەوت. دواجار رەشەباکە ئاڕاستەکەی پێگۆڕی و بەرەو ئاوەکە پێچی پێکردەوە. رەشەباکە کڵاوەکەی هێنا بەرەو لای قاچی و خێرا گرتیەوە. کڵاوە شەختاوییەکەی خستە سەری و رایکێشایە خوارێ و تا گوێچکەکانی پێداپۆشی. تا ئەو کاتە بەدەم هەناسە بڕکێوە چاوەکانی پڕ بوبون لەئاو، چاوەکانی بەپەنچە تەزیوەکانی سڕی و بەرەو قەراخی ئاوەکە گەڕایەوە بۆ لای کوڕەکەی.

ئەو پیاوێکی گۆشەگیرە، ئەو جۆرێك لەو کەسایەتیانەی هەیە. پێیوابوو هەمیشە بەگۆشەگیریی دەمێنێتەوە. کوڕەکەم بۆتە پیاوێکی گۆشەگیر.

هێری دەتوانم چیت پێبڵێم؟. هەموو ئەوەی کە دەتوانم پێتیبڵێم ئەوەیە کە گوتوویانە ژیان ئاسانە. ئەمە هەتا کەی؟. ئەمە بۆ من وا نەبووە، بۆ تۆش وا نەبووە. ئەوە ژیانە، لەوە زیاتر دەتوانم چیکەت پێبڵێم؟. بەڵام ئەگەر کەسێك نەیەوێت بژی دەتوانێت چیتر بکات ئەگەر ئەو مرد بێت؟. ئەگەر ئەو نەیەوێت بژی لەوانەیە هەقی خۆی بێت بمرێت. وەرەوە ماڵێ هێری. ئێرە ساردە. قاچەکانت خستۆتە ناو ئاوەکەوە توشی نەخۆشی دەبیت.

هێری بێجوڵە لەشوێنی خۆی وەستابوو، پاش کەمێك باوکی ڕۆیشت.

لەکاتی ڕۆیشتندا ڕەشەبا کڵاوەکەی هەڵگرتوو لەسەر لمەکە دەیهێناو دەیبرد.

باوکم لەدالانەکەدا راوەستاوە. من لەو کاتەدا ئەومگرت کە نامەکەی منی دەخوێندەوە، بەدرێژایی شەقامەکە شوێن پێی هەڵگرتبووم. ئێمە لەکەناری ئاوەکە یەکترمان بینی. ئەو بەشوێن کڵاوەکەیدا رایدەکرد. کوڕەکەم راوەستاوەو قاچەکانی خستۆتە ناو ئوقیانوسەکەوە.

لەم سەرچاوەیەوە وەرگێردراوە:

(My son the Murderer by Bernard Malamud)

P: ١١٣ - ١١٩

Penguin books / Penguin modern stories ١



دیدار لەگەڵ عەبدولی حەمەجوان
سازدانی: ڕێبواری ئازادی



سەرەتای شانۆی قارەمانێتی تازە
تەحسین فایەق



دیدار لەگەڵ هاوڕێ بەهجەت،
ئا: ڕێبوار مەحمود

# هونەر

# دیدار لەگەڵ

# عەبدولی حەمەجوان

**سازدانی: ڕێبواری ئازادی**




هونەرمەندی ئەکتەر (عەبدول کەریم محەمەد تۆفیق) کە پێویست ناکات زۆر لەسەری بدوێین لای هەمووان ناسراوە، لەساڵی (١٩٦٨)ەوە لەشانۆیی (بڕیارو ئەنجام) هاتەناو دنیای هونەرەوە، لەگەڵ کۆمەڵەی هونەرەجوانەکانی کورد بەشداری (٤٤) کاری هونەریی کردووە، لەدەرەوەی کۆمەڵیش لەگەڵ تیپ و دەزگا هونەرییەکان بەشداریی (٢٨) کاری هونەریی کردووە،دیارترین شانۆیی کە هونەرمەند (عەبدولی حەمەجوان) ڕۆڵی پاڵەوانی شانۆییەکەی بینی، شانۆیی (جەنابی موفەتیش) بوو، ئێستا بەڕێزی سەرۆکی کۆمەڵەی هونەرە جوانەکانی کوردە، لەم هەڤپەیڤینەدا لەسەر چەند بابەتێکی هونەریی نواندن هێنامانە ئاخافتن.

**ڕایەک هەیە کە شانۆ لەکوردستاندا لەچاو ساڵانی ڕابردوو بوونی نییە، تۆ لەسەر ئەم ڕایە دەڵێیت چی؟**

من نالێم بوونی نییە، بوونی هەیە، بەڵام ئەگەر بەراوردی بکەیت بەساڵانی حەفتاو هەشتاکان، شانۆ نەیتوانیوە ئەمڕۆ بوونی خۆی وەك پێویست ببینێت، ئەویش هەڵبەتە کۆمەڵێك گرفت هەیە کە زیاتر لای شانۆکار خۆی دەبینێتەوە وایکردووە کە شانۆ بکەوێتە قەیرانێکی مەترسیدارەوە، جا ئەگەر ئامادەبوونی کاری شانۆیی تووشی قەیرانی نەبوونی بینەری شانۆ، کە گرفتێکی سەرەکیی ئەمڕۆیە، دەکرێت کە هۆکەی جگە لەخودی شانۆکار ئامادەبوونی تەکنەلۆژیا لەسەتەلایت و ئینتەرنێت و جۆرەها ئامێری تەکنیکی پیشاندانی فیلم هۆیەك بێت لەو هۆیانە، بەڵام دەتوانم بڵێم ئێمەی شانۆکار نەمانتوانیوە پارێزگاری لەبوونی ئەو رەهاییە بکەین کە ساڵانی پێشوو ئامادەبوونێکی زۆریان هەبووە لەهۆڵەکانی شانۆ، ئەمە دەبێت قسەی لەسەر بکرێت و کۆنفرانس و سیمیناری بۆ بگیرێت، هەندێك لەشانۆکارانی نەوەی نوێ دەڵێن ئەوکاتە پێش راپەڕین شانۆ پەیامی نەتەوایەتی پێبووەو تەنیا دروشم بووە لەجیاتی میتۆدی شانۆیی. من لێرەوە پێیاندەڵێم راستە شانۆ دەنگی سەردەمی خۆی بووە، ئەو زەمەنە لەبەرەنگاریکردنەوەی دوژمنی بوونی نەتەوەکەمان تا دەگاتە مێژوو و کەلتورماندا بووین. ئەوەیان بیرنەچێت چەندەها شانۆیی جیهانیی پێشکەشکراوە کەهیچ پەیوەندییەکی بەپەیامی نەتەوەییەوە نەبووە، دەرهێنەرو ئەکتەرو تەکنیککارانی ئەو کاتە زانستی شانۆیان خوێندووە، بڕوانامەی شانۆییان هەبووە، ئەوانەی دەرچووی پەیمانگەو ئەکادیمیاش نەبوون لەڕووی مەعریفیی شانۆییەوە کەمتر نەبوون لەخاوەن بڕوانامەکان، کارەکانی ئەو سەردەمە راستییەکان دەسەلمێنن.

**گرنگیی کاری نواندن بەتایبەت و هونەر بەگشتی لەکۆمەڵگەدا چییە، وەك کەسێکی خاوەن ئەزموون لەمبارەیەوە پەیامت چییە؟**

ئێمە دەتوانین لەبەراوردێکدا سەبارەت بەگرنگیی ئەکتەر لەکاری هونەریی چ سینەماو چ شانۆو دراما لەگەڵ توانای ئامادەیی دەنگ و جەستەو ئیحساس ئەکتەر بەراورد پێبکەین، لەگەڵ تەکنیکی هونەری، کە هەرچەندە لەخزمەت تواناکانی ئەکتەردایە، بەڵام بەبێ بوونی ئەو خاڵانەی کە لەپێشەوە ئاماژەمان پێیکرد لەخودی ئەکتەردا، تەکنیك هەرگیز ناتوانێت ئامادەیی ئەکتەر بەرجەستە بکات، ئەگەر ئەکتەر خۆی خاوەنی وزەو ئەزموونی خۆی نەبێت لەو بەرهەمە کەبەشداریی تێدا دەکات و لێرەوە دەبێت ئەکتەر لەهەڵبژاردنی کارێکی هونەریدا رەچاوی ئەو کارە بکات کە تێیدا بەشدارییدەکات، وەك

بەرجەستەکردنی ئەو کارەی ئەکتەرەکە لەگەڵیدا دەگونجێت، ئەمە جگە لەڕەچاوکردنی ئەو دەرهێنەرەو دەق و سیناریۆو ستافە تەکنیکییەی کاری لەگەڵدا دەکەن، ئەو کات کارەکەی کارێکی سەرکەوتوو دەبێت.

**ئێستا دەرهێنەران و ئەکتەران، بەگشتیی، روویان لەزنجیرە درامای تەلەفزیۆنی کردووە، ئەمە تا چەند بەهۆکارێک دەزانیت بۆ دوورخستنەوەی شانۆ لەجەماوەر؟**

ئێستا ئەکتەرو دەرهێنەرە کوردەکان وەك مودیلێکی سەردەم کە لەهەموو کەناڵە تەلەفزیۆنییەکانی دنیا ئامادەبوونێکی زۆری هەیە، روویانکردووەتە درامای تەلەفزیۆنی نەك وەك ئاسانیی کارە هونەرییەکان، بەڵکو وەك پێداویسییەکی ئەمڕۆی بینەری کورد کە بەزۆری روویان لەکەناڵە تەلەفزیۆنەکانە، بۆ بینینی دراماو زنجیرە تەلەفزیۆنی کوردی و لەسەردەمی خۆشیدا سالآنی حەفتاکان و هەشتاکانیش ئەم جۆرە بەرهەمانە لەتیڤییەکانەوە بینەری خۆی هەبووە، کەواتە لەنگی نییە لەوەی دەرهێنەرو ئەکتەری کوردی روویان لەو بوارە کردووە، بەلآم بەلای منەوە ئەوانەی شانۆکارن و خەونیان شانۆیە، هەرگیز دراما نەبووەتە لەمپەرێك بۆ کارکردن لەشانۆ، گرفتەکە نەبوونی بینەری شانۆیە، نەبوونی ئەو بەرهەمانەیە کە بەرهەمی جدین و لەئاست خواستی بینەردانین، بەڵکو ئەو جۆرە ستایڵە زەمەنێکی زۆر پێش بینەر کەوتووەو لەخواست و کێشەو گرفتەکانی ئەمڕۆی سەردەم دوورکەوتووەتەوە، ئەوە گرفتە سەرەکییەکەیە، ئەگینا لەهەموو دنیادا تەکنیك و دراماو سینەما زۆرەو کەچی بەرهەم و بینەری شانۆیش هەر زۆرە.

**بۆچی ئەو کارانەی کە لەسالآنی حەفتاو هەشتاکاندا لەشانۆو دراما تەلەفزیۆنیەکانەوە پیشاندراون، تا ئەم سەردەمی جیهانگیریی و پێشکەوتن و هاتنەئارای سەتەلایت و ئینتەرنێت و دی ڤی دی، بەلآم هێشتا بینەری هەموو نەوەکانی کورد بەئێستاشەوە لەچێژیان تێرنابن، هۆکاری ئەمە چییە؟**

تائێستاش لەسەر شەقام و لەدوکانەکان، لەهۆڵەکان، لەماڵەکان لەلایەن هەموو چین و توێژەکانەوە تەنانەت لەلایەن نەوەکانی ئەمڕۆشەوە دەڵێن ئەو کارانەی پێشووتان نەمرە لەهەموو رووییەکەوە، منیش دەڵێم وایە لەبەرئەوەی بابەتەکان بابەتی نەمرن، تا ئەمڕۆش بیرۆکەی ئەو بابەتانە وەك خۆی ماوەتەوە چ لەڕووی کێشە کۆمەڵایەتییەکان چ لەڕووی

گەندەڵیی دامودەزگاکـان و هـەموو ئـەو شـتانەی ئـەو سـەردەمانە ئـەو کـارە هونەرییانـە خـستویانەتە بـەردەم بینـەری کـورد تائێـشتاش وەك بـاسمکردن وەك خـۆی ماونەتـەوەو زیاتریش، کەواتە بووەتە هۆی نەمری بیرو هزری بابەتەکان جگە لەوەی کاری دەرهێنان و نواندن زۆر ئاسایی و بێ فرۆفێڵ و سروشتیی بووە، لەڕووی نواندنەوە بەبێ پەنابردنە بەر هیچ تەکنیکێکی هونـەریی، ئیحساسی ئەکتـەرەکان لەبەرجەسـتەکردنی کارەکتەرەکانـدا بوونەتـە بەشـێك لەبینەرەکـە، ئـەو بەرهەمانـە ئاوێتـە دەبێـت لەگـەڵ بینـەردا، بۆیـە وا بەنەمری ماوەتەوە کەواتە راستی و دروسـتی کـاری هونـەری و کـاری نوانـدن لەگـەڵ ئـەو دەقانەدا خۆی لەخۆیدا نیشانەی سەرکەوتنی ئەوساو ئێستایەتی و نایشارمەوە بوونەتـە کەلتووری ئەم میللەتە لەگەڵ رێزم بۆ ئەو کارانەی کە ئێستا خـودی خۆشـم وەك ئەکتـەر بەشداریی تێدا دەکەم، ناڵێم باش نین، چاکن، بەڵام ئەو شەفافییەتەی کارەکانی پێشووی تێیدا ئامادەنەبووەو ئامادەنابێت ئەمە هۆکەیەتی.

**ڤێـستیفاڵەکانی سـینەماو کورتـەفیلم لەئاسـتی لاوازدا دەبینـرێن و لـەڕووی ئامادەکـاریی و هەڵبـژاردنی فـیلم و لیژنـەی دادوەران و بـەڕێوەبردن، تـۆ وەک سـەرۆکی کۆمەڵەیـەک کـە دوو ڤێـستیفاڵی کورتـەفیلمتان بەئەنجامگەیانـدوە، هۆکارەکـانی بۆچـی دەگەڕێنیتـەوە یـاخود بـەڕێزت رای پێـچەوانەی ئـەم پرسیارەت هەیە؟**

من پرسیار لەتۆ دەکەم کۆمەڵەی هونەرە جوانەکانی کورد لەسلێمانی دوو ڤێستیفاڵی کورتـەفیلمی سـلێمانی ئەنجامـداوە، بـەدەر لەفیلمـەکان لـەڕووی ئیـدارەی ڤێـستیفاڵ، تـەکنیکی ڤێـستیفاڵ، راگەیانـدنی ڤێـستیفاڵ، ئامـادەیی کـارە هونەرییـەکانی پەیوەسـت بەڤێستیفاڵ، تادەگاتە خەڵاتەکان، بڕیاری داوەراکان، کە تۆ خۆت بینـەرێك بوویـت چـۆن هەڵدەسەنگێنیت؟ دووەم لەباشووری کوردستان چ دەزگاکانی وەزارەتـی رۆشـنبیری و چ سەنتەرو رێکخراو و کەناڵی راگەیاندن، ڤێستیفاڵیان ئەنجامداوە جگە لەوەش خودی خـۆم ئامادەییم هەبوو لەڤێستیفاڵێکی نێودەوڵەتی فیلمی کورت لەتاران، ئەگـەر بـەراوردی ئـەو ڤێستیفاڵانە بکەم، ڤێستیفاڵەکانی لای خۆمان لەگەڵ کـەم شـارەزایی، کـەم ئـەزموونیمان دەربـارەی فـیلم و ڤێـستیفاڵی فـیلم هەوڵـەکان کـەم تـا زۆر هـەوڵی بـاش بـوون، نـاڵێم کـەموکوڕی نـەبووە کـە دەیگەڕێنمـەوە بـۆ کەمئـەزموونی و ئـەم هەنگاوانـە دەشـێت لەدواڕۆژدا ببێتە پرۆژەیەکی گـەورەی فیلمسازی و سـازدانی جۆرەهـا ڤێـستیفاڵی فیلمـی

درێــژو کــورت، ئێــستا ئێمــه لــەقۆناغی هەوڵــدان دایــن، مــن کاتێــك وتم ڤێــستیفاڵی بیستودووەمی نێودەوڵەتی فیلمی کورتم بینیـوە لـەڕووی ئامـادەیی و هەڵبـژاردنی فـیلم و شێوازی ڤێستیفال، ناڵێم باشین لەگەڵ ئەو هەموو بـێ ئەزموونییـەو نـەبوونی ئیمکانیـاتی هونەری و دارایی هەستناکەم زۆر لەدواوە بین، بەڵکو هەوڵەکانمان زۆر دروست و جـوان و خەونئامێزە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا چاوەڕوانی دوارۆژێکی سـەرکەوتوو دەکـەم، بـۆ ئـەو هەولانە کە دراون و دەدرێن، بانموونەیەکی بچووك بهێنمەوە، ئێمە وەك کۆمەڵەی هونـەرە جوانەکان ڤێستیفاڵمان بەئەنجامگەیاندووە کە لەناو هەرێم و دەرەوی هەرێم، لەڕۆژهـەلات چەند فیلمێك بەشداری تێداکردووە، ئەم فیلمانە بەفلتەردا رۆیشتوون تەنانەت فیلمـەکانی لای خۆشمان، بەڵام ئەو فیلمانەی ناو هـەرێم لەبەرکـەم ئـەزموونی بـواری فیلمـسازی لای فیلمسازانی خۆمان رەچاوی بەشـداریی شـارو شارۆچـکەو دەزگـاو کەسـایەتیمان کـردووە کـەمتر گوشـارمان لەسـەر ئـەو بەرهەمانـە هـەبووە، لەبـەر ئـەو هۆیـەی باسمکرد، گـەرنا ئەوکات کەمترین رێژەی فیلم لای خۆمان بەشداریی ڤێستیفاڵی دەکرد، کە ئەمە خواست و پەیامی ئێمە نییە بۆ پرۆژەی فیلمسازیی. دەکرێت لەداهاتوودا جۆرێکی تر مامەڵە لەگـەڵ ئەو فیلمانەدا بکرێت کە بەشداریی ڤێستیفاڵ دەکـەن حەزدەکـەم خوێنـەرانی ئـازیز ئـەوە بـزانن تــەنها لای ئێمــە وانییــە مــن لەگــەورەترین ڤێــستیفاڵی کورتەفیلمـدا لەسـینەمای فەلەستین لەتاران زیاتر چوومە هۆڵی پیشاندانی فیلمە ئەوروپی و ئەمریکییەکان، بڕواتان هــەبێت فیلمــی وای تێـدا بـووە گــەر لێـرە نمایـشبکرایە دە کــەس لەهۆڵەکـە نـەدەما، هونەرمەند بەکر رەشید کە لەگەڵمدا بوو شاهیدی ئەم قسەیەمە، کە هۆڵەکەی بەجێهێشت ئەوەندە بێزاربوو، لەگەڵ رێزمدا بۆی.



# سەرەتای شانۆی قارەمانێتی تازە

تەحسین فایەق

لەجیهانی دراما، هەر وەکو هی رۆمان، دەبێت یەکەمین دەرکەوتنی قارەمانی پرۆلیتاری بچێتەوە سەر مەکسیم گۆرگی، هەرچەندە دوو شانۆگەرییەکەی ئەوەمان زۆر بەباشی پیشاندەدەن، نە لەڕووی رامیارییەوەو نە لەڕووی هونەرییەوە ئەو هێزو کارتێکردنی رۆمانی (دایك)یان نەبوو، شانۆگەریی (بۆرژوا بچووکەکان)ی ساڵی ١٩٠٢ و شانۆگەریی (دوژمنان)ی ساڵی ١٩٠٦، کە لەهەمان سەردەمدا نووسرابوون، ئەگەر هاتوو لەگەڵ سەرکەوتنە زۆر فراوانترەکەی ئەو رۆمانە گرنگ و بەرزەدا بەراوردمان کردن، هەر دەبێت وەکو بەرهەمی سەرەتایی سەیربکرێن.

لەکاتێکدا کە رۆمانی (دایك) دەستنیشانی ئەو پێشکەوتنانەی کردبوو کە لەڕۆمانەکانی دوای شۆڕشدا دەرکەوتن و لەهەندێك رووەوە، بەڵکو لەپێشیشیانەوە بوو، سەرکەوتنی گۆرگی لەمەیدانی درامادا بەو رادەیەی ئەرز لەرزێنەر نەبوو، دیارە پێشکەشکردنێکی درامی فراوانی قارەمانێتی پرۆلیتاری لەئەدەبی سۆشیالیستیدا دەبوایە چاوەڕێی رووداوەکانی شۆڕشی ١٩١٧و شەڕی ناوخۆیی بکات بۆ ئەوەی لەدایك ببێت.

بەڵام ئاشکرایە کەوا گۆرگی هەوڵی ئەدا بۆ دەربڕینی هەمان وێنەی هونەری لەهەردوو مەیداندا، هەرچەندە لەیەکێکیان ئەوەندە سەرکەوتوو نەبوو هنێدەی ئەوی دیکەیان، بۆ

نموونە نامە بەناوبانگەکەی بۆ چیخۆف کە لەوێدا باسی پێویستی قارەمانییەتی دەکات لەئەدەبدا هەر زوو لەساڵی ١٩٠٠دا نووسراوە، چەند ساڵێك دوایئەوەی گۆرگی بەدرێژیی باسی پێشکەشکردنی قارەمانییەتی لەشانۆدا کردووە لەکاتێکدا کە شانۆی سۆڤیەتی کە پشتبووە بیرکردنەوەیەکی بنەڕەتی لەیاسا هونەرییەکانی خۆی، لەوتارێکدا کە لەساڵی ١٩١٩دا نووسراوە، گۆرگی دەڵێت: سەردەمی ئێستامان پێویستی بەشانۆیەکی قارەمانێتی هەیە، شانۆیەك ئامانجەکەی بەرزکردنەوەی شەخسیەتی مرۆڤ بێت، ڕۆنمانسیەت دووبارە بژێنێتەوەو وێنەیەکی هونەری شاعیرانەی مرۆڤ دروستبکات، لەسەر شانۆی هاوچەرخمان دەبێت قارەمانێکمان هەبێت، قارەمانێك پڕ بەواتای راستەقینەی ئەو وشەیە، دەبێت نموونەی گیاندارێکی بەرز بەخەڵکی پێشان بدەین، ئەو نموونەیەی ئەو هەموو ساڵە هەموو جیهان تائێستا چاوەڕێی دەرکرد.

هەرچەندە خۆی لەتوانایدا نەبوو شانگەریی وا دروستبکات کە لەسەر بناغەی ئەو بیرانە دامەزرابن، بەڵام گومان لەوەدا نییە، ئەگەر هاتوو کارتێکردنی هەرەگەورەی گۆرگیمان بەسەر ئەدەبی سۆڤیەتی ئەو ساڵانەدا لەبیر بێت، کە وا ئەو هەڵوێستەی گۆرگی گرتبووی ڕۆڵێکی کەمی نەبوو لەپەیدابوونی ئەو جۆرە شانۆگەرییانەدا، بەڵام هێشتا شانۆگەرییەکانی گۆرگی کارێکی چاکی زیندووکەرەوەیان لەسەر شانۆی رووسی لەدە ساڵی یەکەمی ئەو سەدەیەیان هەبوو و یارمەتی رزگاربوونیاندا لەناتۆرالیزم (الطبیعة)و دیکادنس (انحطاط)ەی تێیکەوتبوو.

(بۆرژوا بچووکەکان) ، کە بەرهەمی یەکەمی گۆرگی بوو بۆ شانۆ، ئەوەندەلەشانۆگەریی ناچێت، تێیدا نە کەسانێکی سەرەکی و نە دژایەتی و چینێکی درامی هەیەو لەیەکەم خوێندنەوەدا، وەکو بەرهەمەکانی چیخۆڤ، لەوە دەچێت تەنیا وێنەیەکی دڵتەنگیی ژیانی شاری بچکۆلە بێت و هیچی دیکە، بەڵام ئەوەی لەشانۆگەرییەکی ئاسایی و بەڵکو تۆزێك خاویش دەچێت، لەکاتی خۆیدا، لەلایەن دامودەزگای قەیسەری رووسەوە، زۆر بەکار ژمێردرا، یەکەمجار رەقابە قەدەغەی کردو تەنیا پاش هەوڵدانێکی زۆرو هەندێك گۆڕان لەتێکستەکەدا ڕێگا درا پێشکەشبکرێت، هەرچەندە ئەو پێشکەشکردنەش بەمەرجی ئەوە بوو تەنیا بۆ ژمارەیەکی کەم لەخەڵکی بێت و پۆلیسیش خۆیان کردبووە تکتبڕ بۆ ئەوەی ڕێگەی خەڵکی دیکە نەدەن بێنە

ژوورەوە، ئاشكرایە كـەوا چینی دەسـەڵاتدار ترسـی هـەبوو لـەو شـانۆگەرییەی كـە پـاش وردبوونەوەیەك دەردەكەوێت كەوا زۆر بەزیرەكانە بناغەی رژێمی پاشـایەتی دەهـەژێنێت، بەشێوەیەك وێنەی لەشانۆی رووسیدا پاش (جەنابی موفەتیش)ەكەی گۆگۆڵ نەبووە.

چیرۆكی شـانۆگەرییەكە لـەماڵێكی گـەورەی تـەرخانكراو بـۆ كرێگرتـەدا روودەدات و خاوەنەكەی ڤاسیلی بێسێمێنۆڤ، بۆیەچییەو حاڵی باشە جگە لەخاوەن ماڵ و ژنەكەی كـە نوێنــەری نــەوە كۆنەكــەو بیروبــاوەڕە بــۆرژوا بــچووكەكەن، كــە ســانی ســەرەكیی شـانۆگەرییەكە بـریتین لەپیۆتـەری كوریـان و تاتیانـای كـچیان و نیـل و پۆلیـاو یـەلینای كرێگرتـەكانی ماڵەكـە، هەمووشـیان لەتەمـەنی دەوروبـەری بیـست ساڵدان، جگـە لەمانـە كۆمــەڵێك كەســانی دیكــە هــەن، بــەڵام رۆڵــی ســەرەكیی نــابینن و زۆر لەكەســانی شانۆگەرییەكانی چیخۆڤ، دەچن.

باســی ســەرەكی شــانۆگەرییەكە دژایــەتی و ناكۆكییــە لــەنێوان كۆنەپەرســتێتیی بێــسێمێنۆڤەكان و وردە یاخیبوونەكــەی منداڵــەكانیان، پیۆتــەرو تاتیانــا، لەلایــەك و بیركردنەوە شۆڕشگێڕەكەی نیل-ی كرێكارو پۆلیای دەزگیرانی كە نوێنەری بـیری تـازەن لەشـانۆگەرییەكەو لەكۆتاییـدا بەئاشـكرا دژی پیرەكـان دەوەسـتن و لێیـان جیادەبنـەوە، لەلایەكی دیكـەوە زۆربـەی كەسـانی شـانۆگەرییەكە بـەهێز وێنـەیان كێـشراوەو بەئاسـانی بەبیرناچنەوە، هەرچەندە بەهرەو توانـای گـۆرگی لەومەیدانـەدا لەگـەڵ زاڵبـوونی بەسـەر گـرنگترین بەشـی درامـا، كەچـنین و بەسـتنەوەی رووداوەكانـە بەیەكـەوە ناگونجێـت، لەبەرئەوەی هیچ جۆرە كردنەوەیەكی درامی رووداوەكانی تێدا نییە، شانۆگەرییەكە تـەنیا لەسەر بناغەی دژایەتییەك دامەزراوە كە لەنێوان چەند جۆری جیاوازی بیركردنەوە دایە.

كەسـانی شـانۆگەرییەكە كـە هەرچـەند دەسـتكردنی زینـدووی بەهرەیـەكی ئـەدەبی مەزنن، لەبنەڕەتـەوە هـەر وەكـو دەنگدانـەوەی كۆمـەڵێك هەڵوێـستی فەلـسەفیی جیـاواز دەمێننــەوە، ناچـار بەشـێكی زۆری شـانۆگەرییەكە لەوتارخوێندنـەوە دەچـێت و زۆرجـار كەسانی شانۆگەرییەكە دەستدەكەن بەبیركردنـەوەو بـەدەنگ دەربـارەی واتـاو ئـەنجامی ژیان دەدوێن.

ئەگـەر لیـستێکی نموونـەیی ئـەو هەڵوێـستە جیاوازانەبکـەین، دەبیـنین دەکـرێن بەدووبەشـەوە: رەشـبینینی و تاکـە کەسـیی و کۆنەپەرسـتی لەلایـەك و رۆمانـسییەت و فەلسەفەی کارو چێژوەرگرتن لەژیان لەلایەکی دیکەوە.

دژایەتی لەنێوان ئەو دوو جۆرە هەڵوێستە ناکۆکەدا بەردی بناغـەی شـانۆگەرییەکەیە، ئەو دژایەتییەش دیسان کراوە بەدوو بەشەوە: لەلایەك سـەرنەکەوتنی وردە هـەنگاوەکانی پیۆتەری ترسنۆك و تاتینای رەشبین بۆ ئەوەی رزگاریان بێت لەدەست باوك و دایکیـان و لەلایەکی دیکەشەوە یاخیبوونە سەرکەوتووەکەی نیـل و پۆلیـا، جگـە لـەوەی زوو بۆمـان دەردەکـەوێت کـەوا نیـل و هاورێکـانی تـەنیا کۆمـەڵێکی سـاکاری لاوی یـاخیبوون، بـەڵام چـالاکی رامیاریـشییان هەیـەوناملکـەو کتێـب لـەنێوان کرێکارەکانـدا بڵاودەکەنـەوەو شـانۆگەرییان پێـشکەشدەکەن، هـەروەها زۆر لەوتـەکانیان ئـەو لایەنـە کۆمەڵایەتییـەی بیرکردنەوەیان پێشاندەدات، بەتایبەتی لەیەکێك لەدواقسەکانی نیل کە تێیدا دەڵێت:

مەسەلەی ژیان نابێت بەسووکی وەربگرێت و ژیـان زۆر چـەوتی تێـدا هەیـە، بەهـەموو هێزو توانای خۆم هەوڵی ئەوە دەدەم ئـەو چـەوتییە راسـتبکەمەوە، دەزانم مـن قارەمـان نیم، من تەنیا کابرایەکی راست و بەهێزم، بەڵام هەر سەردەکەوین.

هەستکردن بەگرنگیی ژیان و بـەتوانای گـۆڕینی ژیـان و دەستنیـشانکردنی کـار وەکـو هێزی پاڵپێوەنەری ئەو گۆڕینە، ئەمانە هەموو بەشی سەرەکین لەهوڵوێست و بیروباوەڕی گۆرگی مرۆڤ و گۆرگی نووسەر، لەرێگەی ئەوەوە کارلێکی زۆر هەبوو لەسەر پەرەسـەندنی ئەدەبی سۆشیالیستی و تیۆریی قارەمانییەتی پرۆلیتاری و ریالیزیمی سۆشیالیستی، هـەر لـەو کاتـەدا ئەمانـە هـەموو وێنەیـەکی راسـتەقینەی هەڵوێـست و بـیری ئـەو بزووتنـەوە پرۆلیتارییە تازەیە بوو کەوەکو پەنگر لـەژێرەوە دەسـووتاو ئامـادەبوو لەهـەموو کاتێکدا بتەقێتەوەو رووی هەموو کۆمەڵی رووسی بەتێکرا بگۆڕێت.

(بۆرژوا بچووکەکان) وەکو بەرهەمێکی پێشڕەو و هەر لەیەکەم رۆژەوە بەمەترسییەکی گەورە بۆ رژێمی پاشایەتیی رووس ژمێررابـوو نـەك لەبەرئـەوەی لەوێدا وێنـەی قارەمـانی پرۆلیتاری درامی دروستکرابوو، کە ئەمە شتێکبوو گۆرگی هەر لەم شانۆگەرییەی یەکەمدا نا، بەڵکو لەهیچ شانۆگەرییەکی دیکەدا لەتوانایدا نەبوو، بەڵام لەبەرئـەوەی بـۆ یەکـەمجار لەشانۆگەرییەکدا، بەڵکو لەهەموو بەرهەمی ئەدەبدا، هەڵوێـست و بـیری پرۆلیتـاری تێیـدا

گوزارشت کرابوو، ئەمـە ئـەو گرنگییـە مـەزن و پێـشڕەوەی (بـۆرژوا بـچووکەکان)ەو هـەر ئـەوەش جێگەیـەکی بـەرزی تایبـەتی دەداتـێ بـۆ هـەر کەسـێك بیـەوێت لەپەرەسـەندنی قارەمانیـەتی پرۆلیتـاری لـەدرامادا بکۆڵێتـەوە، هـەروەها ئـەوەشمان بـۆ رووندەکاتـەوە لەبەرچی ئەو رەخنەگرانەی لەم هێڵی پەرەسەندنە تێنەگەیشتوون هەر لەسـەرەتاوە دژی ئەو شانۆگەرییە بوون و زۆر کەم بایەخیان پێداوە.

شانۆگەرییەکەی دیکەی گۆرگی، (دوژمنان)ە، بەرهەمێکی زۆر جیاوازە، بەشێوەیەکی تایبـەتی خـۆی لەوانەیـە هێنـدەی (بـۆرژوا بـچووکەکان) رۆڵێکـی پێـشڕەوی هـەبێت، لەبەرئەوەی بۆ یەکەمجار بەرهەمێکمان بەدەستەوەیە لێرەدا کە تەنیا دەربارەی خـەباتی چینی کرێکاری پیشەسازی تازە بێت، وەکو رۆمانی (دایك) ئەمە بەرهـەمێکی پرۆلیتارییـە هەر لەبەربابەتەکەی وەکو رووداوێکی ئەدەبی بەتونـدی بـەو سـەردەمە مەزنـەی مێـژووی چینی کرێکاری رووسی (شۆڕشی ١٩٠٥) بەستراوە.

چیرۆکی شانۆگەرییەکە لەکارگەیەکدا روودەدات کە خاوەنەکانی دوو شەریکن، بـادرین و سکرۆباتۆڤ، کێشە درامییەکـەی لەدەوروبـەری مـانگرتنێکی کرێکارەکـان دەخولێتـەوە، لەبەرئەوەی زاخار باردین نـەختێ (نـەرم)تـرە لەگـەڵیان، کرێکارەکـان وادەزانـن دەتـوانن داوای لابردنی سەرکارێکی خراپ بکەن، بـەڵام میکایـل سـکرۆباتۆڤ توندو دڵڕەق هـەموو رێگەیەکیان لێ دەگیرێت و تەنیا رێگەی مـانگرتن دەمێنێـت، چـونکە مـانگرتن لەوکاتـەدا قەدەغـەبوو، ئاشـکرایە کـەوا ئـەو کردەوەیـەی کرێکارەکـان دەبێـت بەسـەرکردایەتیی تـاقمێکی هۆشـیارو بەجـەرگ بێـت، لەسـەرەتادا تـەنیا سـکرۆباتۆڤ، بێئاگـابوو لـەو مەترسییانەی کەلەلایـەن مـانگران دەکرێتـە سـەر بەرژەوەنـدیی چینایەتی خۆیـان، بۆیـە هەست بـەوە دەکـات (ئەمـە پرۆلیتاریایـە)، لەجێگەیەکدا دەڵێـت: "جـاران دەپاڕایـەوە، ئێستا بەتوندی داوا دەکات" ئەمە هەمووی بێگومان بۆنی سۆشیالیزمی لێدێت.

پێشئەوەی مانگرتنەکە دەستپێدبکات بڕیاردەدات رێگای لێبگرێت و کارگـە دادەخـات و پیلانەکەی ئەوەیە کرێکارەکان لەبەر بێدەرامەتیی ناچار بکـات بگەڕێنـەوە سـەر کـاری خۆیان، بەڵام لەکاتێکدا کەئەندامـەکانی دوو خێزانـە خـاوەن کارگەکـە بەترسـەوە باسـی رووداوەکان دەکەن و چاوەڕێی شتی تازەن، هەواڵ دێت کە سـکرۆباتۆڤ تەقـەی لێکـراوەو

که دەیهێننە ژوورەوە هەر ئەوەندە پێی دەکرێت (وەسفی) ئـەوەی کوشـتوویەتی بکـات پێشئەوەی بمرێت.

لەپەردەی دووەمدا زاخار کارگەکە دەگرێتـە دەسـت خـۆی و دووبـارە رێگـەی هـەموو داواکانی کرێکارەکان دەدات بەمەرجێك ئەوەی سکرباتۆڤی کوشـتووە بدرێتـەوە دەسـت. کرێکارەکان وابڕیار دەدەن کرێکارێکی لاو بەناوی ریابتسۆڤ دەستنیشان بکەن لەجێگـەی ئـەکیمۆڤی، بکـوژی راسـتەقینە، چـونکە بزووتنەوەکـەیان زیـاتر پێویـستی بەکیمۆڤـە ریابتسۆڤ خۆی بـۆ ئـەم رۆڵـە پێشکەشدەکات و وەکـو کرێکـارێکی بەجـەرگی شۆڕشـگێڕ ئامادەیە بۆ هەموو شتێك.

لەپـــەردەی ســـێهەم و کۆتـــایی شـــانۆگەرییەکەدا چـــەندرمە خانووەکـــەی بـــاردین داگیردەکەن و نیمچە دادگایەك لەماڵەکەیدا دادەمـەزرێنن و سـەرۆکی دادگاکـە هـەر بـرای سـکۆباتۆڤی کــوژراوە، هــەموو ئــەو کرێکارانــەی گومانیــان لێــدەکرێت پەیوەنــدییان بەکوشـــتنەوەکەوە هـــەبێت کـــە ژمارەیـــان دەگاتـــە حەڤـــدە، دەگیرێـــن، لـــەکۆتایی شانۆگەرییەکەدا ئـەکیمۆڤ دێتـەپێش دادگاکـەو لـەنێوان چـەپڵەلێدان و (هوتـاف)کێشانی هاوڕێکانی ئاشکرای دەکات کە خۆی سکرۆتۆڤی کوشتووە.

هەرچـــەندە، وەکـــو شـــانۆگەریی، (دوژمنـــان) زۆر رێکـــوپێکتر دارێـــژراوە لـــە(بـــۆرژوا بچووکەکان)، بەڵام هێشتا زیـاد لەپێویـست دەربـڕینی هەڵوێـستی فەلـسەفی تێیـدا هەیـە، کەسەکان هەرچەندە باشتر بەستراون بەیەکـەوە لـەناو چـیرۆکە شـانۆگەرییەکەدا، هێـشتا هەر بەپێی هەڵوێست و بیروباوەڕیان جیاوازن، بۆ نموونە: زاخـار بـاردین نوێنـەری جـۆرە کایەیـەکی دەرەبەگییـە، میکایـل سـکرۆباتۆڤ سـەرمایەدارێکی دڵڕەقـی بێویژدانـەو یـاکۆڤ باردین لیبرالییەکی بەڕەڵڵایە، هەروەها لـەنێوان ئافرەتەکانـەوە، پولینـا کۆنەپەرسـتێکی ترسنۆکە، تاتیانا ئەکتەرێکی دڵتەنگی (ئیدیالیست)ەو نادیا مرۆڤ پـەروەرێکی بەڕەحمـەو بەزەیی بەوانەی (ژێردەستن) دێت، کرێکارەکـانیش بەهـەمان شـێوە جیاکراونەتـەوە، بـۆ نموونــە، لێڤــشین (یۆبۆپییــە) سۆشیالیــستێکی تۆلــستۆیانەیە، سینتــسۆڤ خــاوەن تاقیکردنەوەیەکی زۆری خەباتی نهێنییەو گریکۆڤ هانـدەرێکی سیاسـیی بەتوانایـە، بـەڵام (دوژمنـــان) وەکـــو بەرهـــەمێکی هونـــەریی پێـــشکەوتووترە لەشـــانۆگەرییەکەی دیکـــە، لەبەرئەوەی ئەوهەڵوێستە ناکۆکانە لێرەدا زیاتر واتایـەکی سیاسـیان وەرگرتـووەو باشـتر

چنراون لەناو یەکریزە رووداو بینای درامی کە زۆر کەم لە(بۆرژوا بچووکەکان)دا بەدی دەکرا.

دووبارە وەکو شانۆگەرییەکەی پێشووتر چەند کارەکتەرێك قارەمانییەتی کۆمەڵی نابینن لەرۆڵە سەرەکییەکاندا جیا لەشانۆگەریی (دوژمنان)دا، کە لەجێگەی ئەوە دوو کۆمەڵی ناکۆك هەن. جیاوازیی گرنگ ئەوەیە ئێستا ناکۆکییەکە هی لاو و پیر نییە، بەڵام هی دوو چینە، کرێکارەکان وەکو بەرەیەك نوێنەری لایەکن و کارگێڕی کارگەکەو کەسوکارەکانیان هی لایەکەی دیکەن، هەرچەندە هەندێك جیاوازیی ئاشکرا لەهەڵوێستی ئەو کەسانەی هاتوچۆی ماڵەکەی باردین دەکەن هەیە، لەکۆتاییدا هەر بەئەندام دەمێننەوە لەهەمان چیندا کە دیسان وەکو بەرەیەك رێك بەرامبەر کرێکارەکان دەوەستێت، بگرە بەڵکو نادیاو تاتیاناش، کە هەندێك هەستیان دەبزووێت بەلای کرێکارەکانەوەو بێزارن لەڕەوشی چینەکەی خۆیان، لەتواناییاندا نییە لەبەرە چینایەتییەکەی خۆیان بێنەدەرەوە.

لەناو کرێکارەکانیشدا هیچ کەسێك نییە جێگەی هەرە سەرەکی هەبێت، لیڤشین و سینتۆسۆڤ و گریکۆڤ هەروەکو یەك بایەخیان پێدراوە، هەرچەندە هەموو ئەندامی چینی پرۆلیتارین و لەخەباتی توندوتیژدان دژی چەوسێنەرەوەکانیان، هیچ یەکیان پێیناوترێت قارەمانی پرۆلیتاری، یاخود باشتر وایە بڵێین قارەمانییەتەکەیان هی کۆمەڵێکە بەتێکڕاو هیچ تاکەکەسێك نییە، ئەو جۆرە (موازەنە)یەی گۆرگی لەتوانایدا هەبوو دروستی بکات لەنێوان ئەو دوو جۆرە قارەمانییەتییە لەڕۆمانی (دایك)دا، لێرەدا نەیتوانیوە دووبارەی بکاتەوە، لەوێدا قارەمانییەتی کرێکارە لاوە سۆشیالیستەکان وەکو کۆمەڵ بەڕێگەی بەرزکردنەوەی رۆڵی دوو قارەمانە سەرەکییەکانی پاڤل پلاسۆڤ–ی کوڕەکەو پیلاجیا نیلۆڤنای دایکەکە توندترو بەهێزتر کرابوو.

بەڵام هێشتا هەرچەندە هیچ قارەمانێکی سەرەکی لەم شانۆگەرییەدا نییە، نابێت بەهیچ جۆرێك لەباسەکەماندا جێگەی بۆ نەکرێتەوە، جگە لەو قارەمانییەتییە کۆمەڵاوییەی تێیدا هەیە، (دوژمنان) بەیەکێك لەشانۆگەرییە پێشڕەوەکانی خەباتی پرۆلیتاری دەژمێردرێت، لەکاتێکدا کە (بۆرژوا بچووکەکان) بەهەڕەشە بۆ رژێمی پاشایەتی دانرابوو پاش زۆر کۆسپ و تەگەرە رێگەی درا پێشکەشبکرێت، (دوژمنان) هەر

لەسەرەتاوە بەمەترسییەکی گەورە دانرابوو بەیەکجاری قەدەغەکرابوو و هیچ ڕێگەی نەدرا پێشکەشبکرێت لەڕووسیادا تا دوای شۆڕش، هەر بەهەڵبژاردنی بابەتەکەی دەتوانرێت بوترێت کەوا ئەو شانۆگەرییە قۆناغێکی تازەی درامای سۆشیالیستیی پرۆلیتاریی دەستی پێکرد، هەرچەندە ئەو چینی کرێکارەی لێرەدا پیشاندراوە هێشتا دوورە لەسەرکەوتن و هێشتا ژێردەستەو دەگیرێت و لێدەدرێت و دەردەکرێت، بەڵام شانۆگەرییەکە بەتێکڕا وێنەگرتنێکی ڕاست و شۆڕشگێڕانەی ئەو قۆناغەی خەباتی چینایەتی ئەو سەردەمەیە.

دیدار لەگەڵ هاوڕێ بەهجەت:

# کارەکانم لەژێر کاریگەریی فیلمی فەڕەنسی و بیانییە



هونەرمەند (هاوڕێ بەهجەت) لەلای زۆربەی جەماوەری هونەر وەك ئەکتەر ناسراوە، هەرچەندە هاوڕێ شێوەکارێکی ئەکادیمیشە، هۆکاری ناسینەکەشی بۆئەوە دەگەڕێتەوە کە زیاتر کاری نواندن و دەرهێنان دەکات وەك نەخشاندنی تابلۆ، هاوڕێ بڕوانامەی پەیمانگەی هونەرە جوانەکانی لەبەشی شێوەکاریدا لەساڵی ٢٠٠٢دا بەدەستهێناوە، لەساڵی ١٩٩٩وە کاری نواندنی کردووە، لەساڵی ٢٠٠٣دا هەوڵیداوە لەبواری دەرهێناندا خزمەتی کاری هونەری کوردی بکات، (هاواری ڤان) یەکەمین کاری دەرهێنانی هاوڕێیە کە کورتە فیلمێکی (٥) خولەکییە، کاری دەرهێنانی (٩) کلیپی ئەنجامداوە، بەڵام هاوڕێ زیاتر لەزنجیرە درامای (گەڕان بەدوای سێبەرەکاندا) لای بینەر ناسرا، لەم دیدارەدا لەسەر چەند هەنگاوێکی هاوڕێ دەدوێین.

**ئا: ڕێبوار مەحمود**

**فۆتۆ: ڕێبواری ئازادی**

**تۆ پەیمانگا بەشی شێوکاریت تەواوکردووە، بەڵام ئێستا بەکاری نواندن و دەرهێنان ناسراویت چی لەم هەنگاوەدا هاندەرت بوو؟**

سەرەتا کە چوومە پەیمانگە هەر حەزم لەسینەما بوو، بەڵام لەپەیمانگا بەشی سینەمای لێنیە، ئارەزووی کارکردنم لەشانۆدا نییە تەنیا حەز بەبینینی کارە شانۆییەکان دەکەم، ئەوەش بۆ ئەوە دەگەڕێنمەوە کە بەکاری نواندن لەکلیپدا هاتمەوە نێوەندی هونەری و حەزمکرد تیا بمێنمەوە، هیچ دابڕانێك لەنێوانیاندا نییە چونکە شێوەکاری وێنەیەکی ستیلە، سینەماش وێنەیە بەجوڵەوە، زۆرسودم لە بواری شێوەکاری وەرگرتووە بۆ کاری هونەری فلیمسازیی.

**لەکارێکی شێوەکاریدا دەتوانیت بەوئاستەی کارێکی فلیمسازیی خواستەکەت بگەیەنیتە بینەر، چۆن؟**

بەدڵنیاییەوە وایە، بەڵام شێوازی لیپسنی پەیامی تابلۆیەکی شێوەکاری جیاوازە لەفلیمسازیدا، چونکە دەنگ و ڕەنگ بەیەکەوەن بینەر زوو تێدەگەیەنێت لەو پەیامەی کە دەیەوێت بیگەیەنێت، بەڵام لەشێوەکاریدا پێویستە بەسەرنجەوە کار لەتابلۆیەکدا بکەیت، لەبەر ئەوەی وێنەیەکی وەستاوە کە بینەرێك دێتە بەردەم تابلۆکەت، دەبێت وای لێ بکەیت هەست بکات جیهانێکی دەرەوەی پیشان ئەدەی، بەڵام لەدواجاردا هەردوو بوارەکە دوو هونەری گەورەن، پەیامێکی مرۆڤایەتی باکگراوندی ئەو دوو کارەن.

**زیاتر لە کلیپدا کاردەکەیت وەک لەدراما، بۆ چی؟**

ئیشی کلیپسازیی زۆر راقییەو هونەرێکی نوێیە، هیچ جیاوازییەك نابینم لەهونەری کلیپ و کورتەفیلم، چونکە کلیپ کورتە فیلمێکی گۆرانییە، لەبەرئەوەی بواری دەرهێنانیشەو ئەزمونێکە تا بتوانم خۆم ئامادەبکەم بۆ بواری فیلمسازیی هەر لەڕێی ئەزموونی کلیپەکانیشەوە توانیومە لەماوەی ئەمساڵدا دەرهێنانی دوو کورتەفیلم ئەنجامبدەم، بۆ زنجیرە دراما حەزم لەکاری دەرهێنانە وەك لەنواندن لەئێستادا، بۆیە زۆر بەشدار نابم لەزنجیرە درامادا، حاڵەتێکی دیکەش هەیە ئەگەر کەسێتییەك بێتەبەردەستم خەونی من بێت کاری تێدا دەکەم، کە وەك نموونەی گەڕان بەدوای سێبەرەکاندا بێت.

**تا چەند سوودت لەهاوڕێ مستەفا وەرگرتووە بۆ کاری دەرهێنان؟**

هاوڕێ مستەفا بەدەرلەوەی سوودم لێ بینیبێت هاوڕێیەکی خۆشەویستمە، بەڵام بێگومان لەبەرئەوەی سەرەتای کاری هونەریم لەگەڵ ئەو دابووە بەدڵنیاییەوە سوودم

لێوەرگتـووە، نکـوڵی لێناکرێـت یەکێکـە لـەو دەرهێنـەرە گەنجانـەی لەناوەندەکـە ئـیش دەکەن نەك من زۆر کەس سوودی لێوەرگرتووە.

**بۆ کاری کلیپ زیاتر لەڕووی نووسینەوە سوود لەکێ دەبینیت؟**

نووسـینەکان هـی خـۆمن، بـەڵام لـەبواری کلیپـدا زۆر کاریگـەریی شـێوازی ئـەجوائی کلاسیکم بەدڵەو بەوستایلەش ئیش دەکەم کارەکانم لەژێر کاریگەریی فیلمـی فەرەنـسی و بیانییە، دەمەوێت کارەکانم لەو سەردەمەدا بمێننەوە.

**هەستت بەچی کرد لەڤێستیفاڵی دووەمی کورتە فیلمدا خەڵاتی یەکەمت بـۆ دەرهێنان پێبەخشرا؟**

بێگومان زۆر دڵم خۆش بوو، رۆژێکە لەو رۆژانەی مێژوو بـۆ مـن، هەسـتمکرد ئاماژەیـە بۆ ئەوەی کاری باش ئەنجام بدەم تا بتوانم لەئاستێکی جیاوازتر کاربکەم، هەستدەکەم و حەز دەکەم ئـەوە بڵـێم ئـەو خەڵاتـە هـی مـن نییـە بەتـەنیا خـەڵاتی هـەموو کاسـتەکەیە، هیلاکی ئەوان سەرکەوتنی مسۆگەرکرد.

**ئێستا هیچ کارێکی نوێت هەیە ئەنجامی بدەیت؟**

لەخۆ ئاماداکردندام بۆ بەرهەمێنانی کورتەفیلمێکی دیکە کـە بەرهـەمی بەڕێوەبـەرێتی هونەری سینەمایە، لەسیناریۆو دەرهێنانی خۆمە وەکو کاست هەموو ئیشێکی تـەواوبووە تەنیا لەسەر وێنەگرتن وەستاوین، بەڵام پرۆژەی تریشم هەیە حەزناکەم جارێ رایبگەیەنم.

**لەکۆتاییدا هیچی ترت نییە بیلێیت؟**

لەکۆتاییدا هیوادارم سوپاسی من بەو کەسانە بگات کە بەدیارکارەکانمەوە دانیشتوون و هیچ ئیشێك بێ کـەموکوڕی نابێـت و هێـشتا نەهونەرمەنـدم نـە دەرهێنـەرم هەوڵدەدەم لەباری هونەردا کار بکەم.

گۆڤاری هەنار لەم دوو کتێبخانەیە دەستدەکەوێت:

خانەی بڵاوکردنەوەی چاپو بڵاوکردنەوەی سلێمانی

شەقامی مەولەوی تەنیشت بازاڕی دەبۆکە.

کتێبخانەی هاوڵاتی، سەرەتای شەقامی مەولەوی.

دەتوانی گۆڤاری هەنار لەم دوو ماڵپەڕەدا بخوێنیتەوە:

www.dengekan.com

www.chrakan.com